PDF4Kurd

## پێشەکی

بەنیازبوم پێشەکی ئەم کتێبە بەشرۆڤەکردنی دەیان تێزی ناشایستەی کۆمەلأیەتی لاپەڕەکانی ئاوەلأبکەم ، بەلأم بۆنوسینی ئەم پێشەکی یە لەو هۆنراوەیە جوانتر بەخەیاڵمدا نەهات کە بۆڕۆژنامە نوسێکی ئینگلیز نوسیومە ولە دێڕەکانیدا باس لەکەلتورێك دەکات کە لە سەردەمی ئەمڕۆی پێشکەوتن وزانستدا لە ناوزۆرێك لەخێزانەکانی کۆمەڵگای کوردیدا مۆدێلێکی زیندووە

ئەم هۆنراوەیە پێناسە لە کەلتورێك دەکات کە هەر وەکوچەقۆێکی کول وایە و لە سەرملی بەشێك لەڕوحەکانی ئەم نیشتمانە جێگرە وهەر کاتێك ئەو ڕوحانە بلێن ماف ئەوچەقۆ کولەش کاری قێزەونی خۆی دەکات

### بۆڕۆژنامە نوسێکی ئینگلیز

لەوولأتی مندا

خۆرەکان لە کەلەپچەی پۆلیسدان

کەلەپچەکان کەلتورێکن

هەر یزلەناو ناچن

خۆرەکانی وولأتی من

وەکو پەرییەکانی وولأتی تۆو

ڕەنگ پێست سوورەکان نین

لێرە

چەقۆی کول هەیە

بەس بڵێن ماف

سەریان دەبڕن

سەریان دەبڕن

# شەش ساڵ
# زیندانی لە پێناوی ئەویندا

کاتێك سەرکردەیەکی سەربازی دەیەوێت بچێتە جەنگێکەوە لەوانەیە ئاسان بێت نەخشە کێشانی ئەو جەنگە ، ئەگەر چی لەوانەیە ئەوجەنگە جەنگێکی گەورە بێت ، بەلاَم ئەگەر جەنگاوەرێکی ئەویندار لە پێناوی ئەویندا بچێتە ناو زیندان و دنیایەکی وون بووەوە و لەبەردەم ویژدانی کۆمەڵە مرۆڤێکدا هەموو ڕۆشناییەکانی ژیانی لێ شاردرابێتەوە ، بەڵکو جوانی و سروشت و ئاسمان و ئەستێرە و مانگی لێ وون کرابێت ، بێگومان دۆزینەوەی جەنگێکی مەزنە و گەیشتن بەو جەنگاوەرە ونبووەش ڕێگایەکی فرە ئاڵۆزە.

ئەو جەنگاوەرەی کە چیرۆکی ئەم کتێبەمانە ماندو بوونێکی بێ سنووری هێنایە ڕێگای قەڵەمەکەم تاوەکو توانیم بگەمە ڕاستی وونبوونی ئەو مرۆڤەی کە لەپێناوی ئەوینی مرۆڤێکدا ماوەی شەش ساڵ تەنها چوار دیوار جیهانی پان و بەرینی بوو .

خالید ناسراوێکی نزیکمەو دۆستایەتیمان مێژوویەکی دێرینی هەیە ، خالید دانیشتووی گەڕەکێکی میللی شاری سلێمانیە و لەدایك بووی 1954 ، بەلاَم زۆر لە مێژە دانیشتووی ئەو گەڕەکەن ئەو خانوەی ئێستا لەناویدا نیشتەجێیە پاشماوەی میراتی باوکێتی و باوکی سێ کچ و دووکوڕە لە ڕووی کۆمەلاَیەتییەوە پیاوێکی دیار و ناسراوە ئاستی ڕۆشنبیری زۆر باشە و بەردەوام ئارەزووی لەخوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە وگۆڤارەکانە ، هەر ئەمەش هۆکار بوو کە خالید ئاشنا بێت بەنووسینەکانی من، بەتایبەتی ئەو بابەت و ڕووداوە کۆمەلاَیەتییانەی کە بەردەوام شوێن کەوتوویانم کاتژمێر(9)ی سەرلەبەیانی بوو موبایلەکەم زەنگی لێدا کاتێك تەماشام کرد خالید بوو پاش هەواڵ پرسینی یەکتری پێی گوتم کارێکی زۆر زەرورم پێتە، پێم خۆشە لە نزیکەوە دیدارت لەگەڵ بکەم ،منیش بەشادمانییەوە گوتم شادمانم ، بەلاَم ناکرێت بە

تەلـەفۆن ئاشـنام بکـەیت بـەو کـارە ؟ ئـەویش گـوتی نـەخێر، پـێم باشـە لـە نزیکـەوە یەکتری ببینین و گفتوگۆ بکەین گوتم زۆر باشە بەیانی دێمە دیدارت .

کاتـژمێری(9)ی سـەر لەبـەیانی لـە شـاری چەمچـەماڵەوە بەرێکـەوتم بـۆ شـاری سلێمانی و کاتژمێری (10) گەیشتمە ماڵی خالید ، بێگومان خالید لە چاوەڕوانی منـدا بوو لەپاش سلاو و خواردنەوەی پەرداخێك ئاو ، خالید پێی گوتم پشوو مەدە بـابڕۆین لەوەلامی ئەم داخوازیەدا گوتم بۆ کوێ ؟

خالید شوێنەکەی پێ نەوتم ، بەلام گوتی بابڕۆین پاشان دەزانی بۆ کوێ دەچین کاتێك لـە حەوشـەی مـاڵی خالیـد دەرچـووین و سـواری ئۆتۆمبێلەکـەم بـووین لەگـەڵ یەکـەم جوڵەی ئۆتۆمبێلەکەمدا لەبەردەم ماڵی خالیددا پێی گوتم لەسـەرخۆ لێـی بخـوڕە گـوتم بۆ ؟ گوتی ئەو ماڵە دەبینی ؟ گـوتم زۆر ئاسایی بـەلام بـۆ ؟ ئەمـە مـاڵی کێیـە ؟ گـوتی ئەمـە مـاڵی مـام حەمەئەمینـە گـوتم نـای ناسـم مـام حەمەئـەمین کێیـەو بـۆ لـە مـن دەپرسی ؟ پاشان کەوتە گێڕانەوەی گومانی زینـدانی کردنـی کیـژێك کـە نـاوی سـۆزانە لەلایەن باوکییەوە .

لەڕاسـتیدا گێڕانــەوەی چـیرۆکەکە جێگـای گومـان بـوو ، چـونکە ئـەو ڕووداوە جێگای قبووڵ کردنی هیچ ویژدانێك نەبوو، سەرەتا پێم وابوو ئەم هەواڵە گێڕانـەوەی ئەفسانەیە و بەس ، بەلام پاشـان خالیـد بـاوەڕی پـێ هێنـام کەئـەم گومانـە چیرۆکێکی ئەفسانە نییـە ، بـەڵکو چیرۆکێکی پـڕ لـە نهێنییـە و گەیشـتن بـەنهێنی ئـەو چیرۆکە کارێکی قورسە .

پاشان تێگەیشتم کە ڕوحی مرۆڤێك ماوەی (6) ساڵە وا لەبەردەم بێ ویژدانترین مرۆڤـی سـەدەی بیسـت و یەکەمـدا . هـەر بۆیـە بڕیارمـدا لـەپێناوی ئـازادکردنی ئـەو ڕوحەدا هەموو فیداکارییەك پێشکەش بکەم دەستم بەکێشانی نەخشەیەك کرد ، بـەلام

بێ ئاکام بوو سەرکەوتوو نەبووم تێیدا هەستم بەشکست کرد ، بەلاّم بێ هیوا نەبووم ، چونکە لە ڕاستیدا ونبونی مرۆڤێك وزیندانی کردنی بۆماوەی شەش ساڵ، گەیشتن بەکۆتاییەکەی کارێکی قورسە و کاتێکی زۆر و ماندوو بوونێکی دیاری دەوێت، ڕووداوەکە پڕ لە نهێنی بوو تەنها سەرەداوێك لە دەستپێکدا هەبوو لەدوای خاڵی ئەم سەرەداوەوە هەموو شتەکان لە دنیایی نهێنیدا ون ببوون، جگە لەویژدانی پۆلاّینی چەند مرۆڤێك نەبێت.

خالید باسی سەرەداوی ڕووداوەکەی بەم شێوەیە بۆ گێڕامەوە و گوتی ماوەی حەڤدە ساڵە من و مام حەمەئەمین دراوسێی یەکترین ، تەنها دیوارێك شورای نێوانمانە لەڕوانگەی کۆمەلاّیەتییەوە بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو تێکەلاّوی یەکترین .

مام حەمەئەمین باوکی دوو کچ و یەك کوڕە ، بەلاّم جێگای سەرسوڕمانە شەش ساڵ لەمەوپێش ماڵی مام حەمەئەمین سەردانێکی شاری ڕانیەیان کردو لەپاش هەفتەیەك گەڕانەوە ، یەکێك لە کیژەکانی بەناوی سۆزان دیارنەما کاتێك پرسیمان سۆزان لە کوێیە بۆچی دیارنییە ؟ ماڵی مام حەمەئەمین زۆر ئاسایی دەیان گوت کاتێك کەچووینە شاری ڕانیە بۆ ماڵی خاڵۆی سۆزان، هەر لەوێ ماڵی دۆستێکی نزیکمان خوازبێنی سۆزانیان لێکردین و ئێمەش ئەو داخوازییەمان پەسەند کرد، داوای لێبوردنیان لە ئێمەش دەکرد کە لەم داخوازیە ئاگاداریان نەکردووینەتەوە ، چونکە دەیان گوت ئەو کوڕەی سۆزانمان پێیدا ماوەی مانگێکە لە وولاّتی ئەڵمان گەڕاوەتەوە و هەر بۆیە هەموو شتەکانمان هەر لە شاری ڕانیە کۆتایی پێ هێنا و هەر لە دادگای ڕانیە مارەبڕا و لەماڵی خاڵۆشی شیرینی ئەو شوکردنە خورایەوە ، بەلاّم لەبەرئەوەی کوڕەکە سەفەری دەکردەوە بۆ ئەڵمانیا و تەنها دوو ڕۆژ مۆڵەتی مابوو هەر بۆیە سۆزانی لەگەڵ خۆی برد.

گومـانم لـەو کـارە هـەبوو لـە مـام حەمەئـەمینم پرسـی بـەلاَم سـەفەر فیـزە و دەعوەت و ئیقامەی دەوێت؟ مام حەمەئەمین لە وەلاَمی ئەو گومان و پرسیارەی منـدا گوتی ئەو کوڕەی سۆزانم پێیدا کوڕێکی زۆر زانا و ژیربوو، کاتێك کە سەفەری کـردووە و لەو ولاَتەی کە خۆی تێیدا تەسلیم کردووە و ناساندوە ، گوتبووی خێزاندارم و نـاوی کیـژێکی لەگـەڵ نـاوی خـۆی وەکـو هاوسـەر نووسـیبوو .هەربۆیـە قبـوڵی بۆئـەویش وەرگرتبو ئێمەش هەرلە ڕانیە ناسنامەیەکی ساختە مان بۆ سۆزان دروست کـرد ومـاڵ ئاوایمـان لێکـردن، مـام حەمـە ئـەمین زۆربـەجوانی تـوانی سـیناریۆی ونبـونی سـۆزان نەخشە بکێشێت وبڕوا بە ئێمە ودۆستانی بێنێت، ئەگەرهـەرخاڵێکی گومانـاوی لـە نـاو ئەو سیناریۆیەدا بونی هەبوبێت ئەوا ئێمە پەیمان پێ نەبردبوو.

## شەوێکی میوانداری لەماڵی مام حەمە ئەمیندا

هێـدی هێـدی کـات تـێ دەپـەڕی بەسـەر ونبـونی سـۆزان وسـیناریۆیەکەی مـام حەمەئـەمین دا، تاوەکوتەمـەنی ئـەم ونبوونـەی سـۆزان گەیشـتە(6) سـاڵ ولەشەوانێکی هاویندا بووینە میوانی ماڵی مام حە مەئەمین ،لە حەوشە بچکۆلانەکەی ئـەو ماڵـەدا پێکـەوە دانیشـتبووین کەوتینـە گفتوگـۆ وباسـکردنی بەرزبونـەوەی پلـەی گەرما و تاوسەندی گەرمای هاوین، هاوسەرەکانیشمان پێکەوە لە گفتوگۆدا بوون، بـەلاَم لـەپڕدەنگێك بووەمیـوانی گفتوگـۆی ئەوشـەوەمان دەنگێـك کـە لەیـەکێك لـەژوورەکانی نهۆمی سەرەوەی ماڵی مام حەمە ئەمینەوە بیسترا، چونکە ئەوجێگایەی جێگـای ژیـانی ئەوماڵەیـە بریتیـە لەخانویـەکی(دوقـات)یـاخود( دوونهـۆم)،دەنگێـك پڕلـەحوزن وپـڕ لەگریان، دەنگێك لەدەنگی مەزلۆمترین مرۆڤ دەچوو ئەودەنگە لەپڕکەوتـە هـاوارکردن وپڕ بەگەرووی هاواری کرد(دایەگیان ئاو) ، لەگەڵ بیستنی ئـەم دەنگـەدا ماتەمینیـەك ڕووی لەهەموو ڕوخسارەکان کـرد وهاوسـەرەکەی مـام حەمەئـەمین کـە نـاوی(ئامینـە)

ڕوخساری بەرەو ڕووناکی کچی چەرخاندو گوتی: کچم ڕووناك بزانە سۆزان هاواری ئاوی کرد، هەستم کرد دۆخەکە لەماتەمینییەوە بەرەو شڵەژان ڕێگای دەگرت.

مام حەمەئەمین تاریکایی بوو بە میوانی ڕوخساری ، بەلای ئێمەشەوە هاوارێکی سەیر و داوایەکی سەر سوڕهێنەر بوو! ، هەربۆیە مام حەمەئەمین ڕوخساری بەرەو ئامینی خێزانی چەرخاند و گوتی: ئامین میوانمان هەیە، کوا ئاوێك کوا میوەیەك؟ هەردەڵێی ئاگات لەوە نیە کەمیوانمان هەیە؟

مام حەمە ئەمین باس لەسەرباسی دەکردەوە و هەموو بۆشایەکانی بەجۆرەها گفتوگۆوە خستە ژێرکۆنترۆڵی خۆیەوە، تەنها بۆشایەکی نەهێشتەوە بۆ ئەوەی ئێمە لەو هاوارە بپرسین، پاشان ئامینی خێزانی هەستاو بەرەو نهۆمی سەرەوەملی ڕێگای گرت، بەدواشیدا مام حەمەئەمین کەوتە ڕێ لەپاش چەند خولەکێك مام حەمەئەمین گەڕایەوە دیسانەوە کەوتەوە گفتوگۆ و هەوڵی زۆری دا لەهاواری ئەو دەنگە نەپرسم ، بەلاّم هەرچۆنێك بوو توانیم بۆشایەك لەناو گفتوگۆکانمدا کۆنترۆڵ بکەم و لەهاواری ئەودەنگە بپرسم ، گوتم مام حەمەئەمین سۆزان گەڕاوەتەوە؟ بەلاّم ئەوپیاوێکی زۆرزان بوو لەوەلاّمی پرسیارەکەم خۆی قورتار کرد و زۆر بە شپرزەییەوە ڕووی لەڕووناکی کچی کرد و گوتی (ئاڕووناك کچم کوابەرماڵەکەم بۆ بێنە خۆمن هێشتانۆێژی شێوانم نەکردووە) بەم هەڵ هاتنەی مام حەمەئەمین لەوەلاّمی پرسیارەکەم ئەوهەستەم لابەرجەستەبوو کە ڕووداوێکی (نهێنی) لە نهۆمی دووەمی ئەو ماڵەدا نێژراوە!

هەربۆئەوەی ئامینی خێزانی ڕووبەڕووی هەمان پرسیار نەبێتەوە، لەهاوسەرەکەم دوورە پەرێزی گرت، مام حەمەئەمین چووە سەر بەرماڵ وکەوتە گفتوگۆ لەگەڵ خودادا و لەناوەڕاستی نوێژەکە یدابوو، ڕووم لەئامین خانی خێزانی

کرد وگوتم پێدەچێت سۆزان هاتبێتەوە؟ بەلاَم دیسانەوە مام حەمەئەمین ڕێگای نەدا وەلاَمی ئەم پرسیارەم دەست بکەوێت، لەسەربەرمالَ ولەناو نوێژەکەیدا گوێ بیستی پرسیارەکەم بوو هەربۆیە بەدەنگێکی بەرز گوتی(الله أكبر)!....هەر وەکو بلێت(ئامین ئەگەرقسە بکەیت زمانت دەبڕم) ئامینی خێزانی لەم دەنگ بەرزکردنەوەیە ولەفیکەی خۆی تێگەیشت، هەر بۆیە ئامین بۆ ئەو دەنگ بەرزکردنەوەیە گوتی ئا ڕووناك کچم بزانە بۆباوکت دەنگی بەرز دەکاتەوە تەماشایەك بکە بزانە لەسەر بەرماڵەکەی هیچی لێ نیە؟

لەگەلَ ئەم فێڵەی دا خۆشی هەستا و سەرنجێکی لاوەکی سەر بەرماڵە کەی دا، پاشان لەگەلَ ڕووناکی کچیدا چوونە یەکێك لەژوورەکانی خوارەوە، بەم خۆدزینەوەیەی مام حەمەئەمین وئامین خانی خێزانی لە پرسیارەکانم چەندین پرسیاری جۆرا وجۆری پڕ لە گومان لەناوهەستمدا لە زەنگی ئەدا، جوانەی خێزانیشم لەشاردنەوەی ئەو نهێنی یە تێگەیشتبوو هەر بۆیە پێی گوتم(بەردێك لەسەر ئەو مەلۆیەدا بنێ) هاوڕابووم لە گەڵیدا و ئەو باوەڕەم لا دروست بوو دەبێت بێدەنگی هەلَبژێرم، پاشان بە شێوەیەکی دیکە بەدوای وەلاَمدا بگەڕێم.

بەلاَم کارێکی سەیربوو لە بڕی چوار ڕکات نوێژ، مام حەمەئەمین زیاتر لە دوازدە ڕکات نوێژی کرد، پاش تەواوبوونی لەو نوێژە درێژانە، ئێمەش داوای یارمەتیمان کرد و کۆتاییمان بەو شەوەی میوانیمان هێنا و بەرەو ماڵی خۆمان گەڕاینەوە.

لەگەلَ جوانەدا ئەو شەوە تاوەکو کاتژمێر (2) ی شەو نەخەوتین و کەوتینە گفتوگۆ لەگەلَ یەکتریدا ، گفتوگۆ لە پێناو گەڕان بە دوای نهێنییەکدا کە سەدان پرسیاری بێ وەلاَمی خولَقاندبوو.

## ئامینی دایکی سۆزان بوو بەمیوا نمان

(10) ڕۆژێك بەسەر شەوی میوانیمان بۆ ماڵی مام حەمەئەمین تێپەڕیبوو ، بەلاّم سەدان پرسیاری بێ وەلاّم لەناو ناخماندا پەنگی خواردبووەوە و کەسێك نەبوو تەنها وەلاّمی یەك پرسیاریشیانم بداتەوە، بەڕاستی هەستم بەخۆ خواردنەوەیەکی بەرچاو کردبوو ئەو دەنگە ببوو بەدەنگێکی زیندوو چرکە بەچرکە دەمبیستەوە کەسێك نەبوو وەلاّمی ئەو دەنگەم بداتەوە، زۆر کات دەم گوت ئێستا دەچم بۆ ماڵی مام حەمەئەمین و یەکسەر خۆم دەکەم بە نهۆمی دوو وەمی ماڵەکەیاندا و ژوور بە ژوور دەگەڕێم تاوەکو بزانم ئەو مرۆڤە تینووە کێ یە؟ وا بەو شێوەیە هاوار بۆ ئاو دەکات، بەلاّم هەر زوو دەیان گریمان پەشیمانیان دەکردمەوە، تاوەکو لە عەسرانێکدا ئامینی دایکی سۆزان بوو بە میوانمان ، بەلاّم چی میوانێك ؟ میوانێك ماوەی دەشەو ودەرۆژ بەدوایدا وێڵم و بۆی دەگەڕێم، میوانێك هێندە بەڕێز بوو لە ناخمدا، دەیان جار پێم دەگوتەوە یاخوا بەخێربێیت، میوانێك هەر زوو چا ومیوەمان بۆ دانا، هەر وەکو کەسێکی زۆر بە نرخ بێت، یاخودلەشارێکی زۆر دوورەوە هاتبێت ،میوانێك سەدان پرسیاری بۆ ئامادە کرابوو، بەلاّم میوانێکی ترساو و سوێنددراو بوو هەر ئەوەندە سوودم لێی بینی بەڵێ نهێنییەك وا لە ژوورەکانی نهۆمی دووەمی ماڵەکەیاندا خۆی سەوزکردووە، ئەو نهێنیە سەوز کراوەش ناوی سۆزانە و لەو ماڵەدا دەژیێت وهیچ کەسێك ناوێرێت لە ترسی مام حەمەئەمین باسی ڕاستی سەوزبوونی ئەو نهێنیە تراژیدیایە بکات، بۆدەسکەوتنی وەلاّمی سەرجەم ئەو پرسیارانەی کە ڕوو بە ڕووی میوانە ئازیزەکەمانم کردبۆوە ئامین خانی خێزانی مام حەمەئەمین گوتی: ئێمە هەمووان بەقورئان موسڵمانین هەر بۆیە دەبێت لەبەرانبەریدا بەندەیەکی ڕاستگۆ

وبەستراوەبین بەپیرۆزی ئەوکتێبە مەزنە ، هەرگیز بەناڕاستی سوێندی پێ نەخۆین، لەوە زیاتر هیچ وەلأمێکی دیکەم لا نیە بۆ گومانەکانی بەڕێزت.

ئامینی دایکی سۆزان ماڵئاوایی کرد و من وجوانەی خێزانم زۆر بەڕێزەوە خوداحافیزیمان لەو میوانە قەدر گرانە کرد، بەلأم لەومیوانداریەدا ئەو ڕاستیەم لا گەلاڵە بوو کە ئەو چیرۆکەی من باسی دەکەم نە خەیاڵەو نە ئەفسانە بەڵکو لەڕاستیداچیرۆکێکە لەو ماڵەدا بوونی هەیە و سەرجەم کارەکتەرەکانی ناوچیرۆکە کە ڕووبەڕووی سوێندێکی پیرۆز بوونەتەوە کە بەهیچ جۆرێك نهێنیەکانی ناو ئەو دەقە نە درکێنن، لەگەڵ ئەو ڕاستیەدا خەیاڵێکی دیکە لە ناو بیرکردنەوەکانمداخۆی سەوزکرد کەپێم وابوو درکاندنی ئەو نهێنیە ئەگەر بە شێوەیەکی ژیرانە نەبێت ئەم چیرۆکە بەرەو چیرۆکی(خوێن)دەبات.

## سیناریۆی خەوێك

ئەو کورتە نوسینەی سەرەوە گێڕانەوەی ئەو سەرەتایە بوو کە خالید بۆی گێڕامەوە هەر وەکو سەرەتایەك ئاشنای کردم و دەیان گریمان وپرسیاری لەناخمدا سەوز کرد، ئا لێرەوە هەستم بەوە دەکرد دۆزینەوەی ئەو نهێنیە جەنگێکی گەورەیە و پێویستی بە نەخشەیەکی وورد و ژیرانە هەیە، لەگەڵ ئەم ئاشنابونەدا دەیان پرسیار لای من ببونە میوان، هەر هەموو ئەو پرسیارانەم ڕووبەڕووی خالید کردەوە، بەلأم بۆ هەر پرسیاێکیان (نازانم)م لە لایەن خالیدەوە دەست دەکەوت ، لە دوای گفتوگۆیەکی زۆر وچڕئاکام داخوازیم لە خالید کرد مۆڵەتم پێ بدات تاوەکو دەگەمە نەخشەیەکی گونجاو بۆ بەدەست هێنانی وەلأم بۆ سەرجەم گومانەکان، ماڵ ئاواییم لە خالید کرد وگەڕامەوە بۆ ماڵەوە.بەلأم لەگەڵ پشوودانەدا ببوینە دوو شتی دژ بەیەك و کەوتمە بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکان بەلأم هەمووئاڵۆز بوون، هەر بۆیە بۆماوەی یەك

هەفتــە کەوتمــە دووان لەگــەڵ ســەرجەم بیرکردنەوەکانمــدا، پرســیارم لــەخۆم دەکــرد ونەخشە لەدوای نەخشەم دەکێشا، ئاکام گەیشتمە نەخشەی سیناریۆی خەوێك ولـەپاش هەفتەیـەك بیرکردنـەوە گەڕامـەوە بـۆ شـاری سلێمانی وچـوومەوە دیـداری خالیـد،پێم گوت: سیناریۆی خەوێك بـووە بەگـەڕان بـەدوای دەسکەوتنی ئـەو نهێنییـەدا ، ئـەویش گوتی خەو! خەوی چی؟ ئا دەی بۆم باس بکە ، هەر بۆیە منـیش پـێم گـوت وەڵامـەکان ونـــن ڕێگاکـــان ئـــاڵۆزن گرێکـــان کردنـــەوە یـــان پێویســـتی بـــە بیرکردنـــەوە هەیـــە، بیرکردنــەوەکانیش منیــان گەیاندووەتــە ئــەوەی لەکاتێکــدا ئــامین خــانی خێزانــی مام حەمەئەمین ببینە وپێی بڵێ لەم شەوانەدا خەوێکم بینی، زۆر ترسناك هاتە پێش چاوم ، بێگومان ئەو کاتە ئەویش دەڵێت خەوی چی؟ پاشان داوات لێـدەکات خەوەکـەی بـۆ بگێڕێتـەوە، تـۆش پێـی بڵـێ لـەم شـەوانەی ڕابـردوودا لەخەومـدا سـۆزانم بـینی لـە ژوورێکدا زیندانی کرا بوو ، بەڵام کەسێکی گوناھ و کزو و داماو دیـاربوو هەسـتم کـرد زۆر بێزارە لە ژیان هەر بەناو ژوورەکەدا دەهاتوو دەچوو جار بە جار هاواری دەکـرد وئــاخێکی هەڵدەکێشــا، پاشــان پێــی بڵــێ منــیش بەڕێکــەوت بەبــەردەم ئــەو ژوورەدا تێپەڕیم، لە ناکاو سۆزان ئاوڕێکی دایەوەومنی بینی وهاواری لێکردم، توخوا کاك خالید توخوا کاك خالید ئەوە تۆیت ؟ لە کوێوە هاتویت ؟ توخوا بچۆ بۆلای دایکم وپێـی بڵـێ بەخوا بێ تاوانم .

خالید سیناریۆی خەوەکەی زۆرپێ جوان بوو هێندەگەورە هاتە پـێش چاوی بـە سـەرکەوتووترین ڕێگـا پێناسـەی کـرد وگـوتی بێگومـان ئـەم خـەوە دەمـان گەیەنێتـە وەرگرتنی زۆر وەڵام ، منیش بۆ تێست کردنی خەوەکە( 2 )جارم بەخالیـد گێڕایـەوە ، بەڵام دەقاو دەق لە بیری خۆیدا خەزنی کردبـوو هـەر وەکـو ئـەو سـیناریۆی خەوەکـەی داڕشتبێت وابوو، پاش کاتـژمێرێك لـەگفتوگۆ و قسـە کـردن گەڕامـەوە بـۆ چەمچـەماڵ

ونەخشەکەم بۆخالید بە جێهێشت، ناوبەناو بەمۆبایل پەیوەندیم بە خالیدەوە دەکرد لە هەواڵی پلانی خەوەکەم دەپرسی، چونکە بە لامەوە زۆر گرنگ بوو سەرکەوتنی ئەو نەخشەیە هەروەکو خەیاڵێکی هەمیشەیی میوانێکی بەردەوامی ناوکاتەکانی ئەو ڕۆژانەم بوو، تا وەکو ماوەی (3) ڕۆژ بە سەر نەخشەی ئەم خەوەدا تێپەڕی، بۆ ڕۆژی سێیەم وکاتژمێر (4)ی سەر لە ئێوارە خالید بە مۆبایل پەیوەندی پێوە کردم وهەواڵی سەرکەوتنی یەکەم پلانی پێ ڕاگەیاندم، لەڕاستی دا وەکو مژدەیەکی خۆش خوێندنەوەم بۆی دەکرد و زۆر خۆشحاڵی کردم ، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هەواڵی ئەو مژدەیە قوڵتر وەربگرم هەر دوای پەیوەندییەکەی ڕێگای سلێمانیم گرتەوە بەر و لەماوەی کاتژمێرێك و دە دەقیقەدا گەیشتمە ماڵی خالید، چونکە شەقامەکانی شار لەبەر هاتوچۆی ئۆتۆمبێل جۆرە جەنجاڵییەکی پێوە دیاربوو خالید باسی دیدارەکەی خۆی وئامین خانی دایکی سۆزانی بە وردی بۆ کردم وگوتی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە دەوری کاتژمێر (3) دەبوو باجی ئامینی دایکی سۆزان سەردانی کردین ، پاش کەمێك لە دانیشتن منیش پێیم گوت باشبووهاتی من بەنیاز بووم سەردانتان بکەم و شتێك هەیە بۆتی بگێڕمەوە، ئەویش گوتی کاك خالید شتی چی؟ ئادەی وا خۆم هاتووم، ئێستا بۆمی باس بکە منیش گوتم لەم شەوانەدا خەوێکم بینی زۆر ترسناك هاتە ناو خەیاڵم وتوشی گومان وبیرکرنەوەیەکی گەلێك قوڵی کردووم، ئەویش گوتی خەوی چی؟ منیش سەرجەم سیناریۆی خەوەکەم بۆ گێڕایەوە، کاتێك تەماشای ڕوخساری دایکی سۆزانم دەکرد چەند دڵۆپە فرمێسکێك بەدوای یەکتریدا زنجیرەیان دروست کردبوو، هەناسەیەکی هەڵ کێشا و گوتی: کاك خالید ئەو خەوەی تۆ بینیوتە ڕاستیە و تکایە چیتر لەسەر ئەم بابەتە نەفسە و نەپرسیارم ڕوو بە ڕوو مەکەرەوە، با منیش نەیەمە خەوتو و داوای ئازادیت لێبکەم . ویستم زیاتر قوڵبمەوە بۆ ناو وەڵامەکان ،

بـەلاّم تکـای لێکـردم و گـوتی ئێمـە بـەقورئان موسـڵمانین، پێویسـتە ڕێـزی لێبگـرین وئەگـەر زیاترلەسـەرئەم بابەتـە قسـە بکـەین چیترسـەردانی ماڵتـان ناکـەم ، منـیش تکاکـەیم بـە هەنـد وەرگرتـوو بـۆ ئـەوەی زیـاتر ئـازاری نـەدەم چـوومە نـاو بابـەتێکی دیکـەوە و گفتوگۆمـان لەسـەر بـاری گرانـی و قـات و قـڕی بـازاڕ دەسـت پێکـرد ، بـەلاّم هەستم دەکرد ئامین خانی دایکی سۆزان باری ئاسایی خۆی لە دەست داوە و ئـەو قسـە و گفتوگۆیانەی دەمانکرد ئەو تەنها بەجەستەیەکی بێ ئاگا گوێی لێ دەبوو، پاشان مـن هەسـتام ، لەگـەڵ جوانـەی خێزانمـدا بـەجێم هێشـت ، بـەلاّم گەیشـتمە ئـەو ڕاسـتییەی ڕوحێك (6) ساڵە زیندانە لەژوورێکی وندا، پـێم وابـوو و رووژانـدنی ئـەم نهێنییـە بـە شێوەیەکی ژیرانە نەبێت دەبێتە هۆی کارەساتێك ، کـە گـەورەتر و ئاکامەکـەی خـراپتر دێتە بەرهەم هـەر بۆیـە بـە خالیـدم گـوت بـەهیچ شـێوەیەك نـەخۆت نـە جوانـەخانی خێزانت ئەم نهێنییە نەورووژێنن و لە ناخی خۆتاندا هەر وەکو سۆزان زیندانی بکەن، تاوەکو پلانێکی گونجاوتـر بۆ ئـەو جەنگـە دەکێشـم ،خالیـد هـاوڕام بـوو لەگـەڵ خالیـد زیاتر لە (2) کاتژمێر گفتوگۆمان لە سەر ئەو چیرۆکە کـرد و هەریـەك لای خۆمانـەوە بە خەمێکی قوڵدا پرسیار و ئەگەری ڕەنگاو و ڕەنگمان لادروست دەبوو ، بـەلاّم هـەموو بێ ئاکام دەمایەوە، هەر بۆیە لە پـێش خـوانی ئێـوارە گەڕامـەوە بـۆ شـاری چەمچـەماڵ هەرچـەندە خالیـد وجوانـە ی خێزانـی هـەولێکی زۆریانـدا پـاش خـوانی ئێـوارە بگەڕێمەوە، بەلاّم نەمتوانی چونکە کارێکی تایبەتیم هەبوو

## یەك مانگ لەگەڵ بیرکردنەوەدا

بـۆ مـاوەی (1) مـانگ چـوومە نـاو جیهـانی بیرکردنـەوەو شـەو و ڕۆژەکـانی ئـەو مانگەم بە نێو سەدان پرسـیار و نەخشـەدا تێپـەڕان، دەتـوانم بڵـێم ئـەو مانگـە بـۆ مـن نـاوی مـانگی بیرکردنـەوەبوو، بیرکردنـەوە لـە دۆزینـەوەی ڕێگاکـان ، بیرکردنـەوە

لەئالۆزترین نهێنی نێو خێزانێکی داخراوی پڕلە نهێنی، ئەو نەخشە و ڕێگایانەی کە ڕۆژانە تێکەلاوی خەیاڵم دەبوون زۆربوون ، بەلاّم سەرجەم پڕ لەمەترسی وئالۆزبوون ئالۆزییەکان لە دۆزینەوەی سەرکەوتووترین ڕێگا ببوون بەتەونی جاڵجاڵۆکە و خەریك بوو دەیان کردم بەمیوانی تەنیایی و گۆشەگیری ، بەلاّم دەستە وەستان و وەستانیش لە بیرکردنەوە بەلامەوە شێوەی هەڵ هاتنێکی نیشان ئەدا لە بەرانبەر ئەو پەیامەی کە تەمەنێکە لە پێناویدا دەنووسم وکۆششی بۆ دەکەم، زۆر لە ڕۆژەکانی ئەو مانگە زیاتر خالید پەیوەندی پێوە دەکردم و لە دۆزینەوەی ڕێگا ونبووەکان پرسیاری دەکرد، تا وەکو لە ئاکامی بیرکردنەوە لەهەموو ئەو ڕێگایانەی کە لەگەڵ ئەو تەمەنەدا میوان بوون گەیشتمە ئەو پرسیارەی ئەگەر ئەم کیژە ماوەی(6)ساڵ لەژوورێکدا زیندانی کرابێت و لە نێو دنیای خەم و تاریکی ژوورێکدا ژیابێت، بێگومان هەموو ژیانی ئەو تەمەنە تەمەنێکی پڕ لەئازار و نەخۆشی بووە، ئەو ڕاستیەم لا گەلاڵە بوو کە سۆزان و ڕووناکی دوو دۆستی لەیەك قەدەغە کراون، ئەو پرسیارەی کە بەرهەمی یەك مانگ بیرکردنەوەم بوو ئەگەر ڕۆژێك سۆزان نەخۆش بوو بێت چۆن و لە کوێ چارەسەری بۆ کراوە ؟ بڕوای تەواوم هەبوو کە سەردانی پزیشکی تایبەتی پێ نەکراوە وهەرگیز ویژدان مردووەکان نەیان هێشتووە ڕووناکی ببینێت ،بە پێچەوانەشەوە هیچ پزیشکێك سەردانی ماڵەوەی نەکردووە ،سەرئەنجام گەیشتمە ئەو باوەڕەی مام حەمەئەمین بۆ چارەسەری سۆزان پەنای بردووە بۆ ئەو (یاریدەدەرە پزیشکیانەی) کە لە ناو گەڕەك و کوچە و کۆلاّنی ناو گەڕەکەکاندا دەرمانخانەیان داناوە، ئەم پرسە لە لام ببوو بەپرسێکی زیندو بە باشترین ڕێگا وێنام کرد، دووبارە ڕێگای سلێمانیم گرتەوە بەر و بەرەو ماڵی خالید بەڕێکەوتم ، بەلاّم لە پێش دەرچوونم لە شاری چەمچەماڵ، بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە خالیدەوە کرد وپێم گوت: لە ماڵ دەرمەچۆ بەرەو شاری

سلێمانی دێم. خالید زۆر هەوڵیدا تاوەکو بزانێت ئەو نەخشە نوێیە چییە کە لەخەیاڵمدا وێنابووە ، بەلاّم هیچم پێ نەگوت گەیشتمە ماڵی خالید کاتژمێری( 11)ی سەر لە بەیانی بوو، لە پێش هەر گفتوگۆیەکدا خالید سوێندی لێ خواردم دەبێت ئەمجارەیان لە ماڵیان بمێنمەوە داواکەیم پەسەند کرد ، چونکە هەر دەبوایە لەشاری سلێمانی بمامایەتەوە لە بەرئەوەی کارەکەی من لە کاتی ئێوارانـدا جێبەجێ دەبوو، پاشان خالید لێی پرسیمەوە لەو نەخشەیەی دامڕشتووە، منیش ڕووم لە خالید کرد و پێم گوت لەم گەڕەکەی ئێوەدا چەند(عیادە)ی لاکۆلاّن هەیە کە ئافرەت کاری لەسەر بکات؟ کەمێك ڕاما و پاشان گوتی بۆ(عیادەت) بۆ چیە؟ منیش پێم گوت: تۆ پێم بڵێ چەند عیادەی لێیە؟ پاشان منیش وردەکاری نەخشەکەت بۆ باس دەکەم، گوتی تەنها (1) دانە شك دەبەم ئا (1) دانە هەمان پرسیارم لە جوانەی خێزانی کرد ئەویش گوتی تەنها (1) دانەی لێیە، پاشان لە وردەکاری نهێنی ناو نەخشەکە ئاگادارم کردن و لایان پەسەند وجوان بوو ، بەلاّم پییان وابوو ئەم ڕێگایە نامان گەیەنێتە ئاکام ، منیش بە پێچەوانەوەی ئەوانەوە زۆر دڵ خۆش بووم و باوەڕم وابوو بەرهەمی سوود بەخشی دەبێت و لەم ڕێگایە وە دەتوانین ئەو گومانە پشت ڕاست بکەینەوە، هەر بۆیە بە خالیدم گوت با کات بگاتە کاتژمێر (5)ی ئێوارە ئەو کاتە دەزانیت چی دەکەین ، نەخشەی تەواوی ئەو جێگایەی بۆ باسکردم کە جێگای نیشتەجێ بوونی عیادەکەیە ، کات بەرەو نیوەڕۆ دەچوو برسێتی جار بەجار زەنگی خۆی لێ ئەدا وداخوازی خوانی نیوەڕی دەکرد ، خوانی نیوەڕۆمان خوارد و پاش کەمێك لە قسە وگفتوگۆ جوانەی خێزانی جێگای خەوی بۆ ئامادە کردین من وخالید ڕاکشاین، پاش کەمێك لەڕاکشان تەماشام کرد خالید نوستووە، بەلاّم خەو کائنێکی تۆراو بوو لە چاوەکانی مندا ، لەگەڵ خەیاڵدا دەست لە ملانی یەکتری بووین جار بەجار تەماشای کاتژمێرە هەڵواسراوەکەی

ناو ژوورەکەم دەکرد ، بەلاّم لەبەرچاوی مندا زۆر هێواش میلی کاتژمێرەکە دەجولاّ ، کاتـژمێر گەیشـتە (4) و چـیتر نـەم تـوانی هـەرخۆم بیربکەمـەوە خالیـدم لـە خـەو هەستان، هەرچەندە ئەو دەیویست بخـەوێت و هەڵنەسـێت تـاوەکو ئێـوارە، هـەر بۆیـە دەیگوت هێشتا زووە بۆکـاتی دیـاری کـراو زۆری مـاوە ،کەوتمـە قسـەکرن بـۆی وهەسـتم دەکـرد جـار بەجارخـەو دەیباتـەوە ، دواجـار ڕووم تێکـرد وپـێم گـوت (پـیری و هـەزار عەیب) ڕاچـەنیو گـوتی کـە واتـە مـن پـیر بـووم؟ منـیش گـوتم نـا پیرنـەبوویت ، بـەلاّم چـاوەکانت بـەرەو پـیری دەچـن ، چـونکە زۆر ئارەزوویـان لـە خـەوە و خـەوالّوو بـوون، هەستایە سەر پێ و لە ژوورەکە دەرچوو، پاش شتنی دەموچاوی گەڕایەوەو گـوتی باشـە فــەرموو قســەم بــۆ بکــە وەکــو نەتهێشــت بخــەوم بــۆم بــاس بکــە کاتێــك کەدەچینە(عیادەکە)چی دەڵێیت ؟ و لە کوێوە دەست پێ دەکەیت؟ گـوتم تـۆهیچ مـەڵێ خۆم قسە دەکەم ، هەوڵیدا بزانێت دەسپێکی یەکەم قسەم چییە هەر دەیگوت باشـە تـۆ یەکەم حیوارم بۆ باس بکـە کاتێـك کـە دەچـیتە ژورەوە، منـیش پـێم گـوت زۆرت پێـت خۆشە یەکەم حیوارم بزانیت؟ گوتی بێگومان زۆرخۆشحالّم، پـێم گـوت کـە لـەدەرگای عیادەکە چوومە ژوورەوە یەکسەر دەڵێم ئێوارەت باش (دکتۆرە) ،خالید بزەیەك کەوتە سەر لێوی وگوتی بەخوا تا وەکو قسـەیەك بـەپیاو دەبەخشـی هـەزار بێنـە وبـڕۆی پـێ دەکـەیت ،کاتـژمێر گەیشـتە(5)ی ئێـوارە و لەگـەڵ خالیـد بەڕێکـەوتین و گەیشـتینە بەردەم عیادەکە، دیار بوو نەخۆشی لێ بوو ئێمە لە نـاو ئۆتۆمبێلەکـەدا لـە چاوەڕوانی تەواو بوون و دەرچـوونی ئـەو نەخۆشـانەدا وەسـتاین، نەخۆشـەکان ڕۆیشـتن و ئێمـەش بەرەو عیادەکە ، بەلاّم لە پێش چوونمان بۆ ناو عیادەکە دووبـارە ڕووم لـە خالیـد کـرد وپێم گوت تۆ هیچ قسـەیەك مەکـە مۆڕەیـەکی لێکـردم و گـوتی دەباشـە ئـەوا مـن هـەر نایەمە ژوورەوە ، ئەم قسەیەی بۆ پێکەنین گوت .

## د/ناسكه پەردەی لەسەر گومانەکان هەڵماڵی

پاش ئێوارە باشمان لەو خانمەی کە کاری ئەو عیادەیەی بەڕێوە دەبرد فەرمووی لێکردین .

د. ناسکە ئافرەتێکی تەندروست کارە و دانیشتووی یەك لە گەڕەکە نوێیەکانی سلێمانیە ، بەڵام لەو گەڕەکەی ماڵی سۆزانی لێ نیشتەجێیە بە دووری (10) کۆڵان لە ماڵی سۆزانەوە دەرمانخانەیەکی بچکۆلانەی داناوە وکاری پزیشکی تێدا دەکات، لە ڕاستیدا ناسکەخان یاریدەدەری پزیشکە و ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و ڕووخۆشە ، پاش ئێوارە باشمان لە د.ناسکە بەڕوویەکی گەشەوە فەرمووی لێکردین و منیش پێم گوت نەخۆشێکمان هەیە ئافرەتە و تەنانەت ناتوانین بەئۆتۆمبێلیش بیهێنین سوپاست دەکەین ئەگەر ئەرك بکێشیت و بۆ خۆت لەگەڵمان بێیت، د.ناسکە پرسی نەخۆشییەکەی چییە ؟ ئەی ماڵتان لە کوێ یە ؟گوتم جیا لەوەی (جەڵدەی دەماغ) لای ڕاستی توشی وەستان کردووە، ئێستائازارێکی بەهێز تەوژمی بۆ سینگ وناوسکی هێناوە، پرسیاری دووهەمیم پشت گوێ خست ، چونکە زانیم هەمان پرسیارم لێ دەکاتەوە.

لە ڕاستیدا منیش نەخشەم بۆ پرسیاری دووەم کێشا بوو دەمزانی پرسیاری دووهەم دەمگەیەنێتە ئەنجامێك هەر بۆیە بە ڕوویەکی خۆشەوە لێی پرسیم پێت نەگوتم ماڵتان لە کوێیە؟ گوتم دراوسێی ماڵی مام حەمەئەمینم هەر ئەوانیش ناونیشانی تۆیان پێدام و گوتیان بچۆ بۆ لای د.ناسکە پزیشکێکی زیرەك و ئافرەتێکی دڵسۆزە، د.ناسکە گوتی: مام حەمەئەمین باوکی سۆزان؟ منیش گوتم بەڵێ باوکی سۆزان، بەدەرفەتم زانی ئەو پرسیارەیم لە کۆنترۆڵ دەرباز نەبێت تاوەکو قسەیەکی دیکە سەوزنەبێت ولە باسەکە دوورم بخاتەوە، گوتم بەڵێ دکتۆرە وابزانم هەر بەڕێزت

هەموو کات بۆ چارەسەری سۆزان دەچیت؟ ئەویش گوتی بەڵێ زیاتر لە (10) جار چوومە بۆ چارەسەری ، بەڵام هەرجارێك کە دەچم دەیان پرسیار لام دروست دەبێت، پێی گوتین ئێوە هیچ لەسەر ژیانی ئەو کچە نازانن ؟ منیش زۆر ڕاشکاوانە چوومە ناو دەقی باسەکەوە وهەموو ئەوکارانەی لە گەڵ خالید گرتبوومانە بەر بۆم باسکرد، لە پاش جوانەی هاوسەری خالید یەکەم کەس بوو کە ئاشنامان کرد بەو چیرۆکە نهێنیە، پاشان د.ناسکە کەوتە گێڕانەوەی سەرجەم ئەو سەردانانەی کە هەر وەکو پزیشکێك بۆ چارەسەری سۆزان چووە و گوتی ماوەی (8) ساڵە من لەم دوکانەدا کاری پزیشکی دەکەم، ئاشنایەتی تەواوم هەیە لەگەڵ زۆرێك لە خێزانەکانی ناو ئەم گەڕەکەدا ئەتوانم بڵێم کەم ماڵی ئەم گەڕەکە هەیە ئافرەتەکانی سەردانی منیان نەکردبێت، هەموویان ناوی من دەزانن و منیش ئاشنام بەناوی زۆربەیان، لەڕاستیدا ئەم گەڕەکە هەر چەندە گەڕەکێکی میللییە ، بەلام دانیشتوانەکەی پێکهاتەی کۆمەڵ گەلێکی زۆر باشن و باوەڕی تەواوم بەپاکی ناخی هەموو ئەوانە هەیە کە دێنە لام ودەیان ناسم ، هەرچیم پێ کرابێت بۆ چارەسەری نەخۆشەکانیان کردوومە و خۆم وەکو ئەندامانی ناو خێزانەکانیان زانیوە (100) جاریش بۆ چارەسەری هەر نەخۆشێك ئەگەر نەیتوانی بووبێت بێتە لام بۆ ئێرە زۆر ئاسایی و بە خۆشحاڵییەوە من سەردانم کردووە و لە بەرانبەریشدا تەنها پارەی دەواکانم وەرگرتووە ، هەر بۆیە من لە ئێوەم پرسی ماڵتان لە کوێیە تاوەکو دڵنیابم ئەگەر خەڵکی ئەم گەڕەکەن لەگەڵتان بهاتمایە ، یادگارییەکانی ناو ئەم گەڕەکە لەگەڵ نەخۆشەکانیان زۆرن هەر بۆیە ئەتوانم بڵێم نیشتمانی دووەمی من ئەم گەڕەکەیە ، یەکەم جار لەیادمە (5) ساڵ لەمەوپێش ئێوارانێك لەنزیکی کاتژمێر (6)دا دەبوو مام حەمەئەمین وئامین خانی خێزانی هاتنە لام بۆ ئێرە ئەو کاتە من ئەوانم نەدەناسی نەمدەزانی کێن و ناویان چییە ، بەلام

پاشان ئاشنا بووم بەماڵیان و بەناویان ، کاتێك هاتن بۆ ئێرە جگە لەخۆم هیچ کەسێکی دیکەم لا نەبوو، مام حەمەئەمین پێی گوتم دکتۆرە گیان ئەمە خێزانمە وناوی ئامینە ، منیش ناوم حەمەئەمینە و ناسراوم بەمام حەمەئەمین دانیشتووی ئەم گەڕەکەین (10) کۆلانێك ماڵمان لە تۆوە دوورە کەواتە ئێمە لەگەڵ تۆدا دراوسێین، لە ڕاستیدا ئەم قسانە بەلامەوە سەیربوو! نەمدەزانی نیازی چییە وابەم پێشەکییە قسە دەکات ، بەلام کات بەرەو درەنگی شەو دەچوو هەر بۆیە گوتم خۆشحاڵم بەناسینتان، بەلام کامتان نەخۆشە تاچارەسەری پێویستی بۆ بکەم ؟ پاشان مام حەمەئەمین قسەکانی درێژ کردەوە و گوتی ئێمە نەخۆش نین ، بەلام نەخۆشێکمان هەیە وا لە ماڵەوەیە کچی خۆمە و ناوی سۆزانە، بەداخەوە هەر لە منداڵییەوە توشی نەخۆشی لەخۆ چوون و پەرکەم بووە بە شێوەیەك زۆر جار دەست دەوەشێنێت، بۆلای زۆر پزیشك و شێخ و مەلام بردووە ، بەلام بێ سوود بوو تاوەکو بەر لە ساڵێك خەریك بوو توشی بەلایەکی گەورەمان بکات لە ناو کۆلانەکەی خۆماندا، دەستی نابووە بیناقاقای (2) منداڵ خوا بەوە یارمەتی دابووین کە ژنانی گەڕەك چاویان لێ ببوو، ئەم کارەی چەندین جار دووبارە کردووەتەوە ، دیارە خوای گەورە ئێمەی خۆش ویستووە و ئاکامی نەپێکاوە هەر بۆیە بڕیارمدا ژوورێکی ماڵەکەمانی بۆ تایبەت بکەم، تا وەکو لە کاری لەو شێوەیە بیپارێزم ،ڕێگای دەرەوەم لێگرتووەو بە تەنها لە ژوورێکدا هەر وەکو زیندانییەك نیشتەجێم کردووە، ئێستا نایەڵم لە ژوورەکەش دەربچێت ، چونکە بە چەقۆ و شتی خراپ هەوڵی کوشتنی خوشکەکەی و دایکی دابوو لە ماڵەوە، ڕۆژێکیان چەند لیترێك نەوتی کردبوو بەخۆیدا بەنیاز بوو خۆی بسوتێنێت دایکی پێی زانیبوو ئەگەر ئەو کارەی بکردایە ئەو کاتە ئابڕوومان دەچوو دەیان گوت داخۆ بزانن بۆ خۆی سووتاندووە ، هەر بۆیە بە پەسەندم زانی لەو

ژوورەدا بەتەنها بیهێڵمەوە کە بۆم باسکردی ، ئێستا نەخۆشە وپێویستی بەچارەسەر هەیە هاتووین بەدوای بەرێزتدا تاوەکو هاوکاریمان بکەیت و لەگەڵمان بێیت، هەر بۆیە خۆیم نەهێناوە ئەگەر بەپێ بمانهێنایە لە ناو گەڕەکا دەمانی کرد بەپەن ئەوا بە ئۆتۆمبێلیش تۆبە ، چونکە ڕۆژێکیان بردم بۆ لای پزیشك وئۆتۆمبێلێکی تاکسیم بۆ گرت زۆر سەر شێتانە قودی کلێنسی ناو ئۆتۆمبێلەکەی هەڵگرتوو دای بەسەری شۆفێری داماودا و سەری خەڵتانی خوێن کرد ، بەلأم لە دکتۆر زۆر ئەترسێت سبحان ألله کە چاوی بە هەر دکتۆرێك کەوتبێت هەر وەکو ژیرترین کیژ خۆی نیشان دەداو هەر وەکو نەخۆش نەبووبێت وایە ، مام حەمەئەمین زۆری گوت سەرنجمی بۆ لای قسەکانی خۆی ڕاکێشابوو ئامین خانی خێزانی لەگەڵ هەر قسەیەکی مام حەمەئەمین دا ئەیگوت دایکت بمرێ دەوات لە کۆیە ؟... ئەوەی ئەو گێڕایەوە هەروەکو چیرۆکی کەسێکی مەزلۆم وابوو سۆزم بۆی جولاً و پێیانم گوت ئێستا نەخۆشییەکەی چییە ؟ دایکی سۆزان هاتە وەلأم وگوتی( 2 )ڕۆژە هیچ ناخوات و زۆر بێ تاقەتە نازانم زەختی دابەزیوە ، منیش ئەوەی بە پێویستم زانی لەگەڵ خۆم بردم و مام حەمەئەمین تاکسییەکی بۆ گرتم و لەگەڵیاندا چووم بۆ چارەسەرکردنی، فەرموویان لێکردم و زۆر بەگەرم و گوڕی پێشوازی کرام ، بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم ، چونکە خانووەکەیان دوونهۆم بوو ، سۆزان لە ژوورێکی سەرەوەی ئەو ماڵە دا دەژیا دەرگای ژوورەکەی لێکردمەوە، ژورێك پەنجەرەکانی بەشوشەی ڕەنگاو ڕەنگ داپۆشرابوون خۆری ئێواران تیشکی خۆی دەهاویشتە ناو ژوورەکەوە، لە ناو ژوورەکەدا هەندێ کەل و پەلی ئاسایی و قەرەوێڵەیەك هەبوو ، کیژێك لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشابوولە ڕووخساردا زۆر سپی کە پێم وابوو هەرگیز پێستی ئەو کیژە هەتاوی نەبینیبێت، کاتێك چاوی پێم کەوت لەسەر قەرەوێڵەکە هەستاو زۆر بەگەرمی فەرمووی لێکردم ، شێوە بزەیەکم لە

ڕووخساریدا دەبینی پێی گوتم فەرموو دکتۆرەگیان دانیشە، پاش هەواڵ پرسین کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵیدا ، باوکی ڕێگای هەموو قسەکانی لێ دەگرتم ، بۆ وەڵامی یەکەم دەربڕینی سۆزان باوکی گوتی دکتۆرە پێم نەگوتی ئەم کیژەی من کە دکتۆر دەبینێ زۆر ئاسایی قسە دەکات، پاشان لەسۆزانم پرسی چیتە ؟ گوتی نازانم توشی سەرسوڕمان هاتم کاتێك گوێ بیستی ئەو وەڵامە بووم، لێم پرسی کوێت ئازاری هەیە ؟ گوتی نازانم ، هێندەی دیکە سەرنجی ڕاکێشام و سەرم لەم وەڵامانە سوڕدەما! گوتم دیارە مام حەمەئەمین ڕاست دەکات کە دەڵێت کچەکەم لە ڕووی دەروونی و ئەقڵییەوە تەواو نییە، باوکی کەوتەوە قسەکردن و گوتی دکتۆرەگیان خواردن ناخوات و بێ هێزی پێوەدیارە لەوانەیە زەختی دابەزیبێت ، لەگەڵ کردنەوەی ئامێری فەحسی زەخت کردنەکەمدا لێم پرسییەوە بۆخواردن ناخۆیت ؟ دیسانەوە گوتی نازانم ،پێم گوت خۆ هیچ گرفتێکت نییە؟ باوکی کەوتەوە قسەو گوتی دکتۆرە گرفتی چی تەنها ئەوەیە کە پێم گوتی ، بەشێوەیەکی بەرچاو زەختی ڕووی لە دابەزین کردبوو بێ هێزی سەرتاپا لاشەی داپۆشیبو نەمدەزانی چی چارەسەرییەکی بۆ بنووسم ، هیچ ئازارێکم لە لاشەیدا هەست پێ نەدەکرد ، بەباوکیم گوت پێویستە ئەم کیژە پزیشکێ کی دەروونی ببینێت، ناونیشانی پزیشکێکی دەروونیشم پێ دان ، بەڵام لەگەڵ خۆمدا هەندێ حەبی ڤیتامینەکانم برد بوو هەر وەکو چارەسەریەکی لاوەکی پێم دا لەوە زیاتر هیچ چارەسەرێکی دیکە بەخەیاڵمدا نەدەهات، ماڵ ئاوایم لێکرد و لەگەڵ دەرچوونمان لە ژوورەکە چاوم لێ بو باوکی دەرگای ژوورەکەی کلیل داو لەگەڵ مندا کەوتنە ڕێ بە مەبەستی بەڕێ کردنم، پاشان بە باوکیم گوت بە ڕاستی مرۆڤێکی مەزلۆمە توخوا خەمی لێ بخۆ ، چونکە تاوانە جوانێکی وا بەو شێوەیە بژیێت، باوکی گوتی بەسەر چاو هەرچی دەڵێیت بەقسەت دەکەم هەرچەندە درێغیشم بۆی نەکردووە، بەڵام توخوا

دکتۆرە لای هیچ کەسێك باسی ئەوە مەکە کە لە ژوورێکدا بە تەنها دەژییێت با نەبێتە قسەیەك بۆمان، ئەو قسەیە ی باوکیم زۆر بەلاوە ناخۆش بوو گوتم ئەوە گرفتی من نییە پاراستنی نهێنیش یەکە لە سیفەتەکانی خەڵکی پزیشك کار، ویستی دەست بکات بە گیرفانیدا و پارەم پێ بدات پێم گوت (1) دینارت لێ وەرناگرم هەولێ زۆریدا بەلاّم هیچ پارەیەکم لێ وەرنەگرت، تاکسییەکیان بۆ گرتم وکرێی تەکسییەکە مام حەمەئەمین واسڵی کرد، دیداری ئەو کیژە هێندە سەرسامی کردبووم لە کۆلاّنێکی دوورتر لە ماڵی خۆمان داوای دابەزینم لە شۆفێری تەکسییەکە کرد پاشان زانیم کە هەڵەم کردووە .

## پاش ساڵ و نیوێك چوومەوە بۆ چارەسەری سۆزان

ساڵ و نیوێك بەسەر یەکەم چوونمدا بۆ چارەسەری سۆزان تێپەڕی و لە ئێوارانێکی سارد و باراناویدا مام حەمەئەمین و ئامینی خێزانی خۆیان کردەوە بەعیادەکەمدا و پاش سلاّو و بەخێرهێنانیان فەرمووم لێکردن ، لەو جێگایەی ئێوەدا دانیشتن، لەڕاستیدا زۆر خۆشحاڵ بووم بەهاتنیان ، چونکە وێنەی سۆزان لە ڕوخسارمدا بەشێوەیەکی زیندو مابووەوە نەمدە زانی چۆن لە هەواڵی بپرسم تاوەکو هەواڵێکی بزانم، هەر بۆیە لەپێش هەردەربڕینێکی ئەواندا کەوتمە هەواڵ پرسینی سۆزان و لێم پرسین توخوا سۆزان چۆنە ؟ باوکی وەلاّمی دامەوە و گوتی دکتۆرە چیت پێ بڵێم بەخوا چۆنت بینیوە هەر وایە، پێشانی پزیشکی دەروونیشمان داوە بەلاّم هیچ سوودێکی نەبوو ، بەڵکو خراپتریش بووە، بەر لە ماوەیەك لە ژوورەکە ی دەرمان هێنا خەریك بوو گەورەترین کێشەمان بۆ دروست بکات بەلاّم باشبوو خۆبەخۆ بوو، سەرنجمی بۆگێڕانەوی ئەم قسەیەی ڕاکێشا و گوتم چۆن؟ گوتی ماڵی خاڵوانی لە ڕانیەوە بۆ میوانی هاتبوون لەسەر داوای خاڵۆی لە ژوورەکەی دەرمان هێنا ، بەلاّم لە

پاش کاتژمێرێك لـەدەرهێنانی لەژورەکـە دا خـەریك بـوو یـەك لـە منداڵـەکانی خـاڵۆی بخنکێنێت، باشبوو دایکی منداڵەکە چاوی لێیبـوو بەهـەزار حـاڵ لـە ژێـر دەسـتی دەری هێنابوو . گوتم ئێستا چییەتی؟ باوکی گوتی ئازارێکی قورس ڕووی لەسـەرجەم لاشـەی کردووە و هاوار لە ناوسکی دەکات، هـەروەکو جاری پێشوو تەکسییەکیان بـۆ گـرتم و چـووم بـۆ چارەسـەرکردنی ، ئـەوەی هەسـتم کـرد کـە لـەو ژوورەدا گـۆڕانی بەسـەردا هاتبێت تەلەفزیۆنێکی ڕەش و سپی بۆ دانرابوو، سۆزان لەسەر قەرەوێڵەکـەی ڕاکشابوو هاواری لەناوسکی دەکرد لێ ی نزیـك بومـەوە و لـێم پرسـی سـۆزان گیـان کوێـت ئـازاری هەیە؟ دیسانەوە گوتی نازانم ، بەلاَم دەستە ناسکەکانی لەسـەر سـکی دانـابوو دیـار بـوو ئازارێکی بەهێز ڕووی لە سکی کردبوو هەرچەندە پێویسـتی بەپشـکنین دەکـرد تـاوەکو بـزانم هـۆی ئازارەکـەی چـییە ، بـەلاَم هـەر وەکـو چارەسـەرێکی سـەرەتایی دەرزییـەکی جـۆری ( ئەمۆکسـیلین) م بـۆکرد و هەنـدێك دەوای دیکەشـم بەپێویسـت زانـی، پـاش گەڕانەوەم بۆ ئێرە باوکی لەگەڵمدا هات و دەواکانم پێدا و پێم گـوت ئەگـەر ئازارەکـەی بەردەوام بوو بیبەنە یەك لە نەخۆشخانەکانی شار تـاوەکو لـە ژێـر چـاودێری پزیشـکدا بێت ، باوکی گوتی بەسەرچاو، پاش ئەوەی پارەی دەواکانی پێـدام گـوتم توخـوا بـەیانی لە هەواڵی تەندروستی ئاگادارم بکەرەوە باوکی بەڵێنی دا، ئـەو شـەوە ڕۆیشـتوو بـەیانی باوکی گەڕایەوە بۆ لام و گـوتی دکتـۆرە دەسـتەکانت خۆشـبێت بەڕاسـتی ئـەو دەرزیـەی کـەلێت دا بـۆی بـوو بەشـفا ، ئـەو ئـازارە بـەهێزەی کـە هـەیبوو نەیهێشـت و ئـەو دەوایانەشی پێت دام هەر وەکو ئەوەی کە گوتت پێی ئـەدەین، لەوەلاَمـدا گـوتم سـوپاس بۆخوا هەرچی کاتێك چی پێویست بوو من ئامادەم ، مام حەمەئەمین ماڵ ئـاوایی کـرد و ڕۆیشت ...

کات هێدی هێدی ماڵ ئاوایی لەو رۆژە دەکرد و خۆر گزنگی خۆی بەشێوەی زەردەی خۆرنیشان ئەدا د.ناسکە زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ باسی هەموو ئەو کاتانەی بۆمان کرد کە چووە بۆ چارەسەری سۆزان ی زیندانی کراو، زۆر کات لەناو گێڕانەوەی قسەکانیدا من و خالید ڕووبەڕووی پرسیارمان دەکردەوە ، ئەویش زۆر بەهێمنی و بەشێوەیەکی گونجاو وەڵامی ئەدایەوە ،تاوەکو گەیشتە دواجار کە چووە بۆ چارەسەری سۆزان .

بۆ ئەوەی بزانێت دوا کات کە چووە بۆ چارەسەرکردنی جاری چەندە هەمین بووە، هەستایە سەر پێ و داوای یارمەتی لێکردین بۆئەوەی دواکاتمان بۆبسەلمێنێت، لەناو سوچێکی عیادەکەیدا دۆلابێك هەبوو پڕلە کتێب و پەڕاو وکاغەز چاوم لێبوو زیاتر لە پێنج تاوەکو شەش پەڕاوی گەورەی $(200)$ لاپەڕەیی دەرهێناو لەسەریەك داینا پاشان هەموویانی بەباوش هەڵگرتوو هێنایانی بۆ لای ئێمە ،منیش گوتم ئەم پەڕاوانە چییە؟ د.ناسکە گوتی هەر نەخۆشێك سەردانی منی کردبێت یاخود من چووبێتم بۆ چارەسەری سەرجەم لەم پەڕاوانەدا نووسراوە ، بەلاَم لەناو هەموویاندا پەڕاوێکی هەڵبژاردو بەخەتێکی جوان لەسەری نووسرابوو کۆی ناوی ئەو نەخۆشانەی کە سەردانیم کردوون لەماڵەوە ... لەڕاستیدا ناسکەخانی یاریدەدەر کەسێکی ورد و یاریدەدەرێکی هۆشیار دیاربوو، ناسکەخان کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی پەڕاوەکە و پاش$(10)$ خولەك تێڕوانینی لە یەکە یەکەی لاپەڕەکانی گوتی تاوەکو ئێستا $(11)$ جار چوومە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کیژە، دواجاریش مانگێك بەر لە ئێستا ئامین خانی دایکی سۆزان هات بەشوێنمدا و لەگەڵیدا چووم بۆ چارەسەری ، بەلاَم ئەمجارەیان زۆر جیاواز تر بوو لە جارەکانی دیکە ، چونکە ئەمجارەیان تەنها دایکی لەگەڵمدا هاتە ژوورەکەوە کاتێك کە چووم مام حەمەئەمین ی باوکی لەماڵدا بوو ، لە

حەوشەی ماڵەکەیاندا بەخێرهاتنی کردم و ئاگام لێ بوو دایکی سۆزان پێی گوت کوا کلیلەکە؟ ئەویش دەستی کرد بەگیرفانی بەرباخڵیدا و کلیلی ژوورەکەی بەهاوسەرەکەی دا ، پرسیارێك لەلام دروست بوو هەر بۆیە لە پێش کردنەوەی دەرگا داخراوەکەی ژوورەکە لە دایکی سۆزانم پرسی دەڵێی کلیلی ئەوژورە تەنها لای مام حەمەئەمینە؟ دایکی سۆزان گوتی بەڵێ ، بۆ ئەم وەڵامە گومانێك خۆی کرد بە میوانم هەربۆیە پرسیم لەبەرچی؟

دایکی گوتی باوکی زۆردڵ ڕەقە وگومانی لە ئێمە هەیە، دەڵێت ئافرەت لە ڕووی سۆزەوە خاوەنی عاتیفەیە دوور نییە کلیلەکە بەجێبهێڵم دەرگاکەی لێ نەکەنەوە، گوتم گرفت چییە بادەرگاکەی لێ بکرێتەوە ؟ دایکی بۆئەم پرسیارەش وەڵامی هەبو هەر بۆیە گوتی منیش ئەم پرسیارەم لە حەمەئەمین کردووە بەلاّم ئەو دەڵێت ئافرەت لە ڕووی هۆشیاریی ئەقڵی وە بیرکردنەوەی هەر وەکو پیاو نییە وبیر لە هیچ ناکەنەوە ودەربەستی شتەکان نایەن ، هەموو کات دەڵێت ئەگەر دەرگاکەتان کردەوەو کارەساتێکی خوڵقاند پاشان چی بە ئێوە بڵێم؟ دایکی سۆزان دەرگاکەی کردەوە وسلاّوم لە سۆزانی پەپولە کرد، ئەویش هەوڵیدا و بەقاچە بێ هێزەکانی لەسەر قەرەوێڵەکە هەستاو زۆر بە گەرمی بەخێرهاتن و فەرمووی لێکردم ، کەوتە قسەکردن لەگەڵمدا، قسەکانی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، هەموو ئەو ئاخەوتنە جوانانەی کە لەلێوەکانی دەهاتنە دەرەوە سەرنجمی بۆلای خۆی پەلکێش دەکرد و هێدی هێدی لەگەڵ ڕووحیدا تێکەلاّ و دەبوم ، پاشان کەوتە پرسیارکردن لێم و گوتی تۆ تاچەند ئاسوودەی ؟ تۆ باوەڕت وایە توانیوتە بەم پیشەیە ئاسوودەیی لە ناخی خۆتدا دروست بکەیت؟دایکی ویستی قسەکانی پێ ببڕێت ، بەلاّم من تکام لە دایکی کرد کە ڕێگای پێ بدات تا بەردەوام بێت لەسەر قسە وپرسیارەکانی، دوا پرسیاری ئەوەبوو گوتی مرۆڤ کاغەزێکی نووسراوە

بەلأم ئەونوسینەی مرۆڤی پێ نوسراوە بەخەتێکی شاشە، دەبوایە هەرمرۆڤێك زۆر بە ئاسانی بیتوانیایە مرۆڤەکانی بەرانبەری بخوێنێتەوە ولێی تێ بگات ، بەلأم نازانم بۆ تا وەکو ئێستا هیچ مرۆڤێك نەی توانیوە لە پیتە نهێنییەکانی من بگات ؟ دایکی قیژاندی بەسەریدا وگوتی شێتە ئەوە وڕێنەی چی دەکەیت؟ بەخوا باوکت بۆ بانگ دەکەم و دەڵێم قسە بەدکتۆرەکە دەڵێت ڕووم لە باجی ئامینی دایکی کردەوەو گوتم توخوا وازی لێ بێنە تاوانە بەم کیژە دەڵێیت شێت، ئەو قسەیەی ئەو دەیکات قسەی کەسێکی شێت نییە بەڵکو قسەی مرۆڤێکی زانایە، قۆڵە سپییەکانی هەڵکردو زەختێکم گرت  زەختی مام ناوەندی بوو ویستم وەلأمی ئەو هەستە جوانەی بدەمەوە ، بەلأم کەوتەوە قسەکردن و گوتی کێشەی من ئەوەیە مرۆڤەکانی ئەمڕۆ لەزاناکان تێ ناگەن بەڵکو بەشێت وبێ کەڵك وێنایان دەکەن، لەوە زیاترخۆم پێ نەگیراو نەمدەزانی چی وەلأمێکی بدەمەوە لەبەرجوانی ووتە شیرینەکانی باوشم پیاکردو (2) ماچی ڕوومەتە سپییەکانیم کرد، ئەویش دەستی کرد بەگریان، لەم گفتوگۆیانەدا بوین باوکی خۆی کرد بەژوورەکەدا و گوتی ئەوەچییە ئەوگریانە ؟چی بووە؟ ڕووم لە باوکی کردوپێم گوت بۆ بەدبەختی خۆی دەگرییێت، تەماشای ڕووخساری دایکیم کرد چەند دڵۆپە فرمێسکێکم لەچاوەکانی ئەویشدا بینی، دیاربوو دڵی پڕبوو هەر بۆیە هەستاوچووە دەرەوە، ویستم لەگەڵ باوکیدا بکەومە گفتوگۆ وپێناسەی هۆشیاری کچەکەی بۆبکەم ، بەلأم باوکی ڕێگەی پێ نەدامو گوتی من کچی خۆمە دەزانم ئەقڵی چۆنە بۆیە تکایە هیچ بەرگرییەکی لێ مەکە، لەڕاستیدا مام حەمەئەمین ڕێگاکانی چوونە ناوەوەی قسەکانی لێ دەگرتم و هەر وەکو ئەوە وابوو پێم بڵێ کچ کچی خۆمە وتۆ چی مافێکت هەیە بە سەریەوە ، ماڵ ئاوایم لە سۆزان کرد و لەم سەردانەشمدا هیچ پارەیەکم لە باوکی وەرنەگرت لە ڕاستیدا ئەوقسانەی سۆزان بە شێوەیەك کاری تێکردبووم کاتێك

کـە گەڕامـەوە بـۆ ماڵـەوە هەسـتیان بـە تێکچـوونی بـاری دەروونـیم دەکـرد، منـیش سەرجەم چیرۆکەکەم بۆ ئەندامانی خێزانەکەم گێڕایەوە ئەوانیشـم کـرد بـە هاوبەشـی ئەوخەمـە ، بـەلاّم تکـام لێیـان کـرد لـەهیچ جێگایـەك باسـی ئـەم ڕووداوە نەکـەن، لـە ڕاستیدا واماوەی مانگێکە لە بیرکردنـەوەدام بـۆ ئـەوەی بتـوانم لەزینـدانی کردنـی ئـەو کیژە تێبگەم، زۆر کات بەنیاز بومە لای هاوپیشەکانی خـۆم یـان لای چـەند ئـافرەتێکی ئـەم گەڕەکـە باسـی بکـەم، بـەلاّم ترسـاوم لـەوەی تووشـی کارەسـاتێك بـبم، ئێسـتا تێگەیشـتووم کـە مـن مـرۆڤ نـیم وکەسـێکی شـیاوی نـاو ئـەم کۆمەڵگایـە نـیم..پـاش قسەکردنێکی زۆر بەناسکەخانی یاریدەدەرم گوت ئەم نهێنییە لە ناخی خۆیـدا میـوانی بکـات ونـەهێلێ سـەردانی کەسـی دیکـەبکات، هەرچـەندە ئـەو بۆچـوونی پێچـەوانەی هەبوو، دەی گوت من ئاگاداری حکوومەت دەکەم ، لەگەڵ ئـەم بۆچـونەیدا کـۆك نـەبوم ئاکام باوەڕم پێ هێنا کەهاوکاری ئێمـە بێـت ولەگـەڵ ئێمـەدا هاوکـاری تـەواو بکـات بـۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هێمنانە بگەینە کۆتایی چیرۆکەکە، ناسـکە خـانیش بـەڵێنی گشـت هاوکارییـەکی پێـداین ، تـاریکی هێـدی هێـدی بـاڵی بەسـەر ڕۆشـناییەکانی ئـەو ڕۆژەدا دەکێشا منیش فەرمووم لە ناسـکەخان کـرد و لەگـەڵ خالیـد دا بەئۆتۆمبیلەکـەی خـۆم تاوەکو بەردەرگای ماڵەکەیان گەیاندم، هەر لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا ژمارەی مۆبایلـەکانمان ئاڵوگۆڕ کرد، پاش گەیاندنی ناسکەخان بۆماڵی خۆیان من وخالیـد گەڕاینـەوە بـۆ مـاڵی خالید و دڵخۆشییەکی یەکجار مەزن بە ڕووخساری هەردووکمانـەوە دەبینـرا، هەربۆیـە جوانـــەی خێزانـــی خالیـــد پـــێش بەخێرهاتنـــەوەمان گـــوتی هاچـــیتان کـــرد؟ بـــە ڕووخسارتاندا وادەردەکەوێت کە شێر بوون؟خالید وەلاّمی هاوسەرەکەی دایـەوەو گـوتی من دراوسێی مـرۆڤ نـیم ئـەوە .... دڕندەیـە پاشـان خـوانی ئێوارەمـان خواردوکەوتینـە گفتوگۆ بەرەوئازاد کردنی ڕوحی ئەوپەپولەیە .

## کار بۆ ئازادی مرۆڤێك

پاش ئەوەی هەموو گومانەکان بوون بەڕاستی، ڕاستیش هەر وەکو تیشکی ڕۆژ بە دەرکەوت ئیتر کاتی ئەوە هات چۆن و لە کوێوە دەسپێکی خاڵی ئازادبوونی مرۆڤێك دەست نیشان بکەین ، ئازاد بوونی مرۆڤێکی ونبوو کارێکی ئەستەمە، بەلاّم پێم وابوو هەر دەبێت ئەنجام بدرێت و ڕوحی ئەو مرۆڤە لەو زیندانە بێ دادگایەدا ئازاد بکرێت کەماوەی (6) ساڵە بەبێ هیچ بڕیارێکی دادگا و دادوەران زیندانی دەکێشێت، زۆر ڕێگا ببوونە خاڵی ئازادبوونی ئەو مرۆڤە، بەلاّم کات پێویست بوو بۆ ئەوەی زیاتر شرۆڤەی سەرجەم ئەو خالاّنە بکەین خالید پێی گوتم: با دەزگاکانی ئاسایش و حکومەت ئاگادار بکەین، بەلامەوە پێشنیارێکی جوان بوو، بەلاّم پێم وابوو ئەوکاتە چیرۆکەکە قورستردەبێت وسۆزان لەزیندانییەوە دوورنییە بەرەو مەرگ چارەنووسی نەڕوات، هەر بۆیە بە خالیدم گوت تکایە ئارام بگرە، چونکە ئەم خاڵەیان کارێکی قورسە و پێویست بە کات دەکات تاوەکو سەرکەوتوترین نەخشەی ئازادی دابنێین، پێویست دەکات بۆماوەیەك لەبیرکردنەوەدابین، تەنها یەك هەفتە مۆڵەتم پێ ببەخشە وئارام بگرە، من هەوڵ ئەدەم سەرکەوتوترین ڕێگا بکەم بەڕێگای ئازادی بۆ ئازاد بوونی سۆزان،خالید گوتی زۆرباشە هەرچی تۆ بیلێیت بەقسەت دەکەم، چونکە بڕوام بەهەموو بیرکردنەوەکانت هەیە کاتژمێر(9) ی شەو داوای مۆڵەتم لە خالید وجوانەی خێزانی کردو گوتم دەگەڕێمەوە بۆچەمچەماڵ، هەوڵێکی زۆریاندا بمێنمەوە و پاساوی زۆریان هێنایەوە شەوە و دنیا هەزار شتە، بەلاّم نەمتوانی بەقسەیان بکەم هەر بۆیە گەڕامەوە بۆچەمچەماڵ، هەرچەندە لەبەرانبەر بازیاندا (تایەی) دواوەی ئۆتۆمبیلەکەم پەنچەربوو پاش گۆڕینی بەسپێرەکە کاتژمێر9,50 خولەك گەیشتمەوە چەمچەماڵ،

ئەو ڕێگایانەی ڕۆژانە لەگەڵ خەیاڵی مندا دەبوون بەکلیلی ئازادی زۆر بوون ، بەلاَم سەرجەم ترسناك هەر خەیاڵەودەیان گریمان وترسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایە ناو بیرکردنەوەکانمەوە، زۆرجار دەگەڕامەوە بۆلای پێشنیارەکەی خالیدودەم گوت ئاسایش وپۆلیس لەم ڕووداوە ئاگادار دەکەین یاخود ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان بائەوان هەستن بەکۆتایی هێنان بەچیرۆکەکە، بەلاَم پاشان ترسێك پەشیمانی دەکردمەوە، ترسێك لەچارەنووسی ئەو ڕووحە، ترسێك دەیگوت باشە وا پۆلیس و ئاسایشت ئاگادار کردەوە ئەوانیش هەستان بەئازادکردنی ئەومرۆڤە لەو زیندانەدا دەریان هێنا وپاشان مام حەمەئەمین یان برد بۆ بەردەم دادگا وزیندانیان کرد،پاشان خەڵکی چۆن خوێندنەوە بۆ ئەم ڕووداوەدەکەن ؟ دەبێت سەدان قسەو تانەی ناشیرین نەکەنە ملوانکە ونەیکەنە ملی ئەم کیژە؟ باشە خۆمن هێشتا نازانم ئەم کیژە بۆ زیندانی کراوە؟ تۆ بڵێی قسەکانی باوکی ڕاست نەبن کە بەناسکەخانی یاریدەدەری پزیشکی گوتووە تووشی لەخۆچوون وشێتی بووە؟ باشە ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن قسەیان لەسەر ئەم کیژە کرد وڕاستییەکانیان بۆ خەڵکی بەدەرخست ئەی ئەوکاتە کاردانەوەی ئەم خانەوادەیە چی دەبێت؟ لەهەموو ترسەکان گەورەتر ئەوە بوو ئەی پاش ئازاد بوونی مام حەمەئەمین لەزیندان ئەوکاتە کاردانەوەی ئەو چی دەبێت بەرانبەر بە کیژەکەی؟ لە ڕاستیدا سەرجەم ئەم گریمانانە ترسناك بوون هەربۆیە ئەوپێشنیارەی خالیدم لە گۆڕناو کەوتمەوە بیرکردنەوە،ڕۆژ نا ڕۆژێك ناسکەخانی یاریدەدەر بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەدەکردم ودەیگوت چیتان کرد؟ ئەویش پێشنیار وبۆ چوونی هەبوو، بەلاَم بەلامەوە پەسەند نەبوون، بیرم لەوە دەکردەوە بچم سەردانی کەسە نزیکەکانی مام حەمەئەمین بکەم بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی تەلەفۆنیم لەگەڵ خالیددا کرد و گوتی مام حەمەئەمین برای نییە وخۆیان خەڵکی دەوروبەری شاری

دوکانن، هیچ کەس لە خانەوادەکەیان ناناسم تەنها برایەکی ئامینی خێزانی نەبێت ئەویش دانیشتوی شاری ڕانیەیە، لێم پرسی بەلاَم چۆن بیدۆزینەوە؟خالید گوتی من بەهۆی ماڵی مام حەمە ئەمینەوە خاڵۆی دەناسم، بەلاَم بڕوا بکە ئەوەندەی من لێی تێگەیشتووم کابرایەکی زۆر توندڕەوە و بڕواناکەم هاوکاریمان بکات ،گوتم تۆ هەوڵێك بدە بزانە ژمارەی مۆبایلەکەیت دەست ناکەوێت خالید بۆئەم داخوازیەم بەڵێنی دا، لەپاش دوو ڕۆژ خالید بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردمەوە وژمارەی مۆبایلەکەی خاڵۆی سۆزانی پێدام وگوتی چی لەگەڵ دەڵێیت ودەڵێیت من کێم؟ لە وەلاَمدا گوتم جارێ نازانم با بیرێکی لێ بکەمەوە پاش شەو و ڕۆژێك بیرکردنەوە نەمدەزانی چۆن بکەومە قسە لەگەڵیداوچی گفتوگۆیەك بکەمە بابەتێك، زۆرکات ژمارەکەیم دەخستە سەر شاشەی مۆبایلەکەم، بەلاَم ترسێك ڕێگای لێ دەگرتم کە پەنجە بە ok یەکەیدا نەنێم، خالید پەیوەندی پێوەکردمەوە وگوتی چیت کرد؟ گفتوگۆت لەگەڵ خاڵی کرد؟ لەوەلاَمداگوتم نازانم چۆن قسەی لەگەڵ بکەم و چی پێ بڵێم؟ هەربۆیە بەخالیدم گوت دێم بۆ سلێمانی دەمەوێت لەماڵ دەرنەچیت بۆ ئەوەی بتبینم ولە نزیکەوە قسەی لەسەر بکەین،خالید هاوڕام بوو، چووم بۆماڵی خالید وپێم گوت بەیانی دەچین بۆ شاری ڕانیە، گوتی بێ سودە سەردانەکەمان، چونکە ماڵیان نادۆزینەوە, داخوازیم لەخالید کرد سەردانی ئامینی خێزانی مام حەمەئەمین بکات وپێی بڵێت دەچم بۆ ڕانیە کارێکت نییە بۆ ماڵی براکەت، پاشان داوای ناونیشانی ماڵەکەیانی لێ بکە وپێی بڵێ ئەگەر گونجا سەردانییەکی دەکەم، داخوازێکەمی بەپەسەند زانی و گوتی بەخوا زۆرزانی، بەلاَم پاشان من لەو بیرۆکەیە پەشیمان بوومەوە خالید بەلایەوە سەیربوو! گوتم زۆر ئاسایی وەری بگرە وبۆ لای ئامینی خێزانی مام حەمەئەمین مەچۆبەیانی کەچووینە ناوشاری ڕانیە لەوێ تەلەفونێك بۆخاڵۆی سۆزان بکە وپێی بڵێ وا لەڕانیەم

ماڵتان نازانم ئەگینا پێم خۆشبوو سەردانیەکم بکردیتایە، تۆ بڵێی ئەو کاتە ئەویش ناونیشانی ماڵیان یان خۆی نەیەت بەدواماندا خالید سەرێکی باداوگوتی ئەرێ برا ئەم ئەقڵەی تۆ چییە؟ گوتم بۆ شێتم ؟گوتی شێت نیت بەلاّم ئەوە کە یانیت، ئەوشەوە لەسلێمانی مامەوە،بەلاّم لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا سەردانیەکی د.ناسکەم کردو لەپلانی سەردانەکەمان بۆ ڕانیە ئاگادارم کردەوە، زۆری پێ خۆشبوو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستین، بەیانی کاتژمێر (5) لەگەڵ خالید بە ڕێکەوتین بەرەو شاری ڕانیە،کاتژمێر (9) گەیشتینە ئەو شارە، لە ڕێگادا زۆر لەسەرخۆ دەڕۆیشتم هەرچەندە بەیانییەکی زوو بوو، ڕێگا قەرەباڵغ بوو پێشتر ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەو ڕێگایەدا هەبوو هەر بۆ بینینی ئەو شارە جارێکی دیکە چووبووم، کاتێك گەیشتینە ناو شار بەخالیدم گوت مۆبایلەکەت لەگیرفانت دەرکە وپەیوەندی بکە بەخاڵۆیەوە ئەوەی پێم گوتی وا بڵێ ژمارەکەی خاڵۆی سۆزانی خستەسەر شاشەو OK کرد، بەلاّم بەداخەوە بالاّنسەکەی تەنها پێنج سەنت بوو هەر بۆیە کیژەکەی ئاسیا پێی گوت لەپێشدا بالاّنسەکەت زیاد بکە،خالید داوای مۆبایلەکەی منی کرد گوتم بەخوا نایدەم دەبێت بچیت کارتێك بۆ خۆت بکڕی بەئۆتۆمبیلەکەم چووینە بەردەم دوکانێکی مۆبایل وکارتێکی(10) دۆلاری کڕی ، پاشان پەیوەندی بەخاڵۆی سۆزانەوە کرد لەپاش زەنگی دووەم کەوتنە قسەو یەکتر ناسین و خالید گوتی وا لە ناو بازاڕەکەی ڕانیەدام و تۆزێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ شاری سلێمانی ماڵتان نازانم ئەگەرنا پێم خۆشبو سەردانیەکت بکەم ... بەلاّم بەداخەوە ڕیسەکەمان بووبەخوری علی خاڵۆی سۆزان گوتی : ئێستا لە پیرەمەگروونم ئەگینا ئەهاتمە بەشوێنتا، پاش(7)خولەك قسەکردن ماڵئاواییان لەیەکتری کرد وخالید گوتی: توخوا ئەمە بەختە ؟ گوتم زۆر ئاساییە لەوانەیە خێری پێوە بووبێت، پرسیم ئەی خاڵۆی مندالّی نییە؟ تاوەکو بیگوتایە مندالّێکم دەنێرم بەشوێنتانا، گوتی نەوەلاّ

شوکر وجاغی کوێره. پێم گوت گوناحه دوعای وابۆدەکەی، پاش قاوڵتی بەیانیمان لەناو ڕانیەدا گەڕاینەوە بۆ سلێمانی و خالیدم لای ماڵی خۆیان دانا و پاش سارد کردنەوەی خۆم و ئۆتۆمبیلەکەم گەڕامەوە بۆ چەمچەماڵ و ئەو شەوە بڕیارمدا نەخەوم تاوەکو دەگەمە ڕێگایەك بۆ ئازادکردنی ڕوحی سۆزان لەکاتژمێر(8)ی شەودا د.ناسکە پەیوەندی پێوە کردم منیش لەچۆنییەتی بێ ئەنجام بوونی سەردانییەکەمان ئاگادارم کرد، ئەویش زۆری پێ ناخۆشبوو گوتی ئەی چار دەبێت هەروا بمێنێتەوە ؟ گوتم ئەمشەو ناخەوم تا بەیانی هەر ڕێگایەك ئەدۆزمەوە پاش ماڵئاوایمان لەیەکتری هەستام و چایەکم لێناو لەگەڵ دووکەڵی جگەرە و بیرکردنەوەدا (2) چام خواردەوە، پاشان لەخۆم پرسی باشە بۆچی من سەردانییەکی باوکی نەکەم وگفتوگۆی لەگەڵدا نەکەم؟ تا باوەڕی بێ بهێنم هەر هیچ نەبێت لەڕاستییەکان ئاگادارم بکاتەوە، بەلاّم چۆن؟ بۆ وەلاّمی ئەم پرسیارە کەوتمە بیرکردنەوە ئاکام گەیشتمە ئەوەی لەڕێگای خالیدەوە دەعوەتێکی مام حەمەئەمینی باوکی سۆزان بکەم، بەلاّم لە دەرەوەی ماڵ و دوور لەچاوی خێزان بۆ ئەم مەبەستەش دەبوا یە خالیدم ببینیایە تاوەکو پێکەوە گفتوگۆ لەسەر سیناریۆی ئەم دەعوەتە بکەین چونکە هەر دەبوا یادێك یان سیناریۆیەکی هەبێت، نە دەکرا بەبێ بەرنامەی پێش وەخت پێی بڵێیت مام حەمەئەمین تۆبەیانی میوانی منی لەفلاّنەجێگا، توانیم سیناریۆی ئەم دەعوەتە بەجوانی لەخەیاڵی خۆمدا بنەخشێنم و وێنەی بۆبکێشم، ئەو شەوە ئەو سیناریۆیەم لەباوشی خۆمدا خەواندو بەیانی پێکەوە لەگەڵ سیناریۆی دەعوەتەکەدا تەلەفونێکم بۆ خالید کردو پێم گوت پاش چەندکاتژمێرێکی دیکە دەتبینین، خالید خۆشحاڵ بوو زۆر بە پەرۆشەوە بوو بۆ ئەوەی بزانێت نەخشەی نوێم چییە، هەوڵی زۆریدا لەڕووخساری نەخشە کێشراوەکە لێدوانێکی بۆبدەم ،گوتم ئێستا ناتوانم بابێمە دیدارت

ئەو کاتە گفتوگۆ دەکەین و لە نزیکەوە هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم، گەڕامەوە بۆ سلێمانی و لەگەڵ خالید دا گفتوگۆمان کرد،نەخشەی سیناریۆی دەعوەتەکەم بۆ خالید باسکردو پێم گوت باخی رازاوە شارەزایت؟ گوتی دەزانم لە کوێیە گوتم ئەم ئێوارە یە تۆ دەعوەتی منیت لەو جێگایە، کەمێك بێ دەنگ بوو پاشان گوتی بەچی یادێکەوە؟ گوتم بۆ ئەوەی ئەوجێگایە ئاشنابیت تاوەکو بزانیت چی جێگایەکی دڵ ڕفێنە ، کاتژمێر (6)م بۆ خالید دەست نیشان کرد کە لە ماڵەوە بێت و خۆی وجوانەی هاوسەری ئامادەبن تاوەکو لەوکاتەدا بێمەوە شوێنیان، هەندێ کاری تایبەتی ناوشاری سلێمانیم هەبوو تاوەکو نیوەڕۆ هەمووکارەکانم جێبەجێ کردو نیوەڕۆش لەگەڕەکی زەرگەتە و لەماڵی کوڕێکی پورزام بوم بەمیوان، تاوەکو کاتژمێری (5) لەگەڵ ئەندامانی خێزانی ماڵی ئەو کوڕەی پورزامدا گفتوگۆی جیاوازمان دەکرد، پاشان ماڵئاواییم لێیان کردو گەڕامەوە بۆماڵی خالید،کاتێك گەیشتمە ماڵی خالید( 10) خولەکی مابووبۆ کاتژمێر(6) خالیدو جوانەی خێزانی بە شێوەیەکی جوان خۆیان ڕازاندبۆوە ئەوان ئامادەبوون و چاوەڕوانی منیان دەکرد، پاشان بەرێکەوتین سەرەتا سەردانێکمان بۆ ناو پارك سازدا کاتژمێرێك زیاتر لە ناوپارك ماینەوە و بۆ خوانی ئێوارە چووینە باخی ڕازاوە لەوێ بەخالیدم گوت جێگایەکی خۆشە ؟ گوتی بێگومان تا وەکو ئێستا نەمزانیوە سلێمانی شوێنی وا ڕازاوە و دڵ ڕفێنی تێدایە، جوانەی خێزانیشی دڵ خۆشی خۆی بۆ جێگاکە دەربڕی بەهەمان شێوەی هاوسەرەکەی پێناسەی کرد، گوتم زۆر باشە هەوڵ بدە لە نزیکترین وەخت دا مام حەمەئەمین ببینە و باسی ئەم دەعوەتەی بۆبکە پێناسەی ئەم جێگایەی بە شێوەی ڕازاوەی باخەکە بۆ بکە بە بابەتێك وپێی بڵێ من وتۆ هەموو تەمەنمان لەم شارەدا بەفیرۆ داوە، بێگومان ئەو کاتە ئەویش دەڵێت بۆ ؟ تۆش باسی ئەم دەعوەتە و ڕازاوەیی ودڵگیری ئەم

جێگایەی بۆ بکە و پێی بڵێ سبەینێ ئێوارە وەرە من دەعوەتی تۆ دەکەم بزانە بە درێژای ساتەکانی تەمەنت جێگای واخۆش ودڵڕفێنت بینیوە خالید پێشنیارەکەمی پێ جوان بوو پاش خوان گەڕاینەوەو خالیدو جوانەی هاوسەریم گەیاندەوە بۆ ماڵی خۆیان و منیش بەرەو ماڵ و شاری چەمچەماڵ گەڕامەوە، ئەو شەوەم لەگەڵ چەندین خەیاڵی جۆراوجۆردا بەرێ کرد، بۆ بەیانی زۆر بەئاسایی گەڕامەوە سەرکارەکەی خۆم ولەکاتی کاری ئاساییمدابوم مۆبایلەکەم زەنگی لێدا کە تەماشای شاشەکەیم کرد د.ناسکە بوو پاش هەواڵ پرسینی یەکتری زۆر بە پەرۆشەوە پێی گوتم چیت کرد؟ بەخوا ئارامم نەماوە زۆری گوت ومنیش توانیم هێمنی بکەمەوە، پاشان باسی سیناریۆی دەعوەتەکەم کرد ولە دەعوەتەکەی خالیدوخێزانەکەیەوە دەستم پێکرد ئەویش گلەیی خۆی پێ گەیاندم و گوتی خۆمنیش بەقەدکچە وردیلە دەخۆم بەلام کوڕی باش بامنیشت دەعوەت بکردایە .

## باخی ڕازاوەو گفتوگۆ لەکەڵ باوکی سۆزاندا

لە پاش سێ ڕۆژ بەسەر دەعوەتەکەی باخی ڕازاوەو جێ هێشتنی سیناریۆی دەعوەتەکەم بۆ خالید لە ڕۆژی سێهەمدا خالید پەیوەندی پێوە کردم و گوتی: نەخشەی سیناریۆی دەعوەتەکەم جێبەجێ کرد و ئەم ئێوارە یە لە باخی ڕازاوە لەگەڵ مام حەمەئەمیندا دەچینە خزمەتی کەبابە خۆشەکە، لە ڕاستیدا زۆر گەشبین بووم کاتێك خالید بەم هەواڵەی ئاشنا کردم ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەینی بوو سواری ماشێنەکەم بووم و بەرەوشاری سلێمانی و ماڵی خالید بەڕێکەوتم، بەلام بەردەوام لە بیرکردنەوەدا بووم کەچۆن و بەچی شێوەیەك گفتوگۆ لەگەڵ ئەم پیاوە بێ ویژدانە دابکەم، هێندە چووبوومە ناو قولای خەیاڵەوە جاروبار ئۆتۆمبیلەکەم شەقامەکەی بەجێ دەهێشت لەهەمووو سەیرتر ئەو کاتەبوو کاتێك گەیشتمە پرسگەی تاسلۆجە و نەوەستام

هەروەکو ئەوە وابوو بەشەقامێکی چۆڵدا بڕۆم ئەو هەڤاڵەکارمەندەی لەپرسگەکە وەستا بوو هاواری لێکردم و گوتی کاکە بۆکوێ؟بۆچی ناوەستیت؟پێی گوتم بچۆرە قەراغی شەقامەکە ڕاوەستە کاکی کارمەندی ئاسایش هات بۆلام و منیش لە ئۆتۆمبیلەکەم دابەزیم و بەرەو ڕووی یەکتری چووین ، پاش ئەوەی ناسنامەکەم پێشاندا گوتی بۆچی نەوەستایت؟ ببورە خەیاڵێکی قوڵ میوانم بوو بڕوام پی بکە وامدەزانی بەشەقامێکی چۆڵدا تێپەردەبم نەوەك بەپرسگەیەکدا ، کەمێك گفتوگۆمان کردوو ناسنامەکەی پێدامەوە و گوتی بڕۆ ، بەلاّم وریابە ئەمجارەیان خەیاڵ نەتکات بەناو ژووری پرسگەکەدا ، لەوەلاّمدا سوپاسم کرد ، سواری ئۆتۆمبیلەکەم بوومەوە وکاتژمێر (11) گەیشتمە ماڵی خالید و خالید باسی جێبەجێ کردنی پلانەکە و ڕازی بوونی باوکی سۆزانی بۆ کردم کە کاتژمێر (7) لە باخی ڕازاوە دەبێتە میوانمان ، هەندێك گفتوگۆم لەگەڵ خالید کردوو تێم گەیاند کە بەچی شێوەیەك ئێوارە من بەمام حەمە ئەمین بناسێنێت ، چونکە بەخالیدم گوت من هەندێ کاری ناو شارم هەیە و کاتژمێر (7) لە باخی ڕازاوە دەتانبینم خالید هاوڕام بوو منیش سەردانی دوو ماڵی خزمانم کردوو خوانی نیوەڕۆشم لەچێشتخانەی شکارخوارد ، کاتژمێر (7) گەیشتمە باخی ڕازاوە خالیدم بینی وا لەگەڵ پیاوێکدا لەسەر مێزی نان خواردن دانیشتوون پاش سلاّوکردنم لێیان فەرموویان لێکردم و خالید منی بەباوکی سۆزان ناساند و گوتی (عبداللە سەنگاوی) نووسەر و شاعیر باوکی سۆزان گوتی خۆشحاڵم پاشان خالید گوتی ئەمیش مام حەمە ئەمینە (17) ساڵە دراوسێمانە و پیاوێکی زۆر خۆشەویستە لەدڵمدا پاش ئەم یەکترناسینە هێدی هێدی لەڕوخساری مام حەمە ئەمین نزیك بوومەوە و ڕوخساری کەسێکی دڵ ڕەق و درندەم لەچاوەکانما وێناکرد ، هەربۆیە لێم پرسی مام حەمە ئەمین بەڕێزت لەکۆندا خەڵکی کوێن و ئێستا ئیش

وکاری چی دەکەیت ؟ ئەویش گوتی خەڵکی ناوچەی دوکانین وەبەهۆی دامەزراندنەوە لەفەرمانگەیەکی حکوومی ماوەی (17) ساڵە ماڵم هاتووەتە سلێمانی و(17)ساڵە دراوسێی کاك خالیدم گوتم لە کام فەرمانگە کار دەکەیت ؟گوتی(کشتوکاڵ)زۆر پرسیاری دیکەم لە مام حەمە ئەمین کرد ، پاشان ئەویش کەوتە پرسیار کردن لەبەندە و سەرجەم پرسیارەکانیم وەلاًم دایەوە ، جار بە جار خالید خۆی لەناو پرسیارو وەلاًمەکاندا قوت دەکردەوە بەچەند ووشە وگوتەیەك دەبوو بەهاوبەشی گفتوگۆکەمان ، دوای ئەوەی هەریەك لەسەر ئارەزووی خۆمان داوای خواردنمان کردوو خواردنمان بۆ ئامادەکرا پاش خوان ڕووم لەمام حەمە ئەمین کردوو ڕووبەڕووی پرسیارێکم کردەوە وگوتم ئێوەی پیاوە بەتەمەن و دنیا دیدەکان چۆن لەلاوانی ئەمڕۆدەڕوانن و کچ و کوڕی ئەم ڕۆژگارە چۆن تەماشا دەکەن ؟ مام حەمە ئەمین پاش ئەوەی پەرداخێك ئاوی نۆش کرد ڕووی تێکردم و گوتی نەوەی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لەوانی پێشوتر، ئێستاهەمووشتەکان گۆڕاون ئەوەی ئێستاهەیە لەتەمەنی ئێمەدا نەبوو جاران حەیا وحورمەت هەبوو گەورە و بچووك هەبوو ، بەلاًم ئێستا ئازادی هەیە کێ بەقسەی کێ دەکات ؟ گەنجی ئێستا هەموو شتەکان بەئاسانی دەچێتە بەردەستیان جاران ئەگەر کارێکت هەبوایە لەشاردا دەبوا بەسواری وولاًخ یان بەپیادە بڕۆشتیتایە ، بەلاًم ئێستا هەرماڵەو ( 2 ) ئۆتۆمبێلی هەیە وهەرمنداڵەو مۆبایلێك لەگیرفانیدایە پاش ئەوەی قسەکانی تەواو بوو جگەرەیەکم داگیرساند وکەوتمە وەلاًم دانەوە و پرسیارکردن لەم پیاوە ، پێم گوت باشە تۆکە گەنج بوویت حەزت نەدەکرد ئۆتۆمبێلت هەبوایە و جوانترین جۆر پۆشاك و جوانترین پێلاًوت هەبوایە ؟گوتی بێگومان ، بەلاًم هیچیانم نەبوو گوتم باشە کەنەت بوو تاوانی نەوەی ئەمڕۆ چییە؟ ژیان وایە نەوە بە نەوە تەسلیمی یەکتری دەکەن من بڕوام وایە پیاوانی بەتەمەنی

پێش ئێوەش لە ئێوە ڕازی نەبوونە ، ئێوەیان بەخۆشبەخت تەماشا کردووە هەر هیچ نەبێت ئەگەر ڕۆژێك خۆت لەوانت بپرسیایە ئەوانیش بێگومان دەیان گوت لەسەردەمی ئێمەدا بەداس و دەست دروێنەمان دەکرد و بەووڵاخ زەویمان دەکێڵا و بە (4) کەس یەك جووت پێڵاومان هەبوو زۆری تریش ، کەواتە ئەمە ژیانە و ژیانیش لە گۆڕاندایە هەر بۆیە ڕەوانیە ئێوە بەخیلی بەئێمەی گەنج بخوازن و ئەوەی ئێستا هەیە دەبوایە جێگای گەشبینی ئێوەبوایە و بە ڕەواتان ببینیایە ، بەڵکو خۆشحاڵیش بونایە ، درێژەم بەقسەکانم داو گوتم نازانم بێ حەیا و حورمەتی گەنجی ئەمڕۆکامەیە و بەکام گەنج دەوترێت بێ حەیا وحورمەت؟ ئەی مۆبایل بۆ شتێکی ترسناکە کەگەنجێك خاوەنی ئەو ئامێرەجوانەی ژیان بێت؟ نەیهێشت قسەکانم تەواوبکەم و گوتی بێ حەیا وحورمەتی زۆرن ، زۆربەی کیژان و کوڕانی ئەم سەردەمە شەو ڕۆژ بەمۆبایل خەریکی پەیوەندی و دڵداری و قسەکردنن لەگەڵ یەکتریدا باشە ئەمە حەیایە ؟ گوتم زۆر باشە من قسەکانی تۆم قبوڵە ، بەلاَم تکات لێدەکەم (1) پرسیارم هەیە بەدروستی وەلاَمم بدەرەوە گوتی بەسەرچاو گوتم تۆ لە تەمەنی لاویتی خۆتدا خۆشەویستیت نەکردووە ؟ یاخود ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕێکەوت نەبووە ئەویندای کیژێك بیت؟ بێگومانم تۆ لەسەردەمی خۆتدا ئەویندار بوویتە ، چونکە تۆ ڕوخسارت وانیشان ئەدات کە لاوێکی زۆر جوان و هەڵکەوتوو بوویت ، بزەیەکی بۆ کردو ویستی وەلاَمم بداتەوە گوتم جارێ قسەی خۆتت لەیاد بێت ، بامن قسەکانم تەواو بکەم پاشان تۆ ئازادیت گوتی فەرموو منیش گوتم مام حەمە ئەمین من تاوێك بەر لەئێستا گوتم ژیان لە گۆڕاندایە (17) ساڵ بەر لەئێستا سلێمانی کەی هێندەی ئێستا گەورە بوو؟کەی باخی ڕازاوەی تیا بوو ؟ ئەی کوا پارکی هەبوو ؟ بەلاَم ئێستا زۆر شتی لەمانە جوانتر و گەورەتر هەیە ، لەسەردەمی ئێوەدا لە جیاتی نوکەی مۆبایل بە برقی ئاوێنە

ئاگاداری کیـژانتان دەکـردەوە و لـە جیـاتی ئـەوەی بـەمۆبایل و بـە چـەند چـرکەیەك چـەند نامەیـەك یـان پـەیامێك بگەیەنـنـە ئەویـنـدارەکانتان بـاجی حـەلاو و مـەنیج وحەپسـەتان دەکـردە تەتـەر تـا نامەیـەك یـان پـەیامێکتان دەگەیانـد بەیـەکتری دووهەفتـەی پـێ دەچـوو لەسـەردەمی ئێـوەدا لەناوکایـەن وجێگـای بـەخێوکردنی مەڕومالاّت لەگەڵ کیژۆڵـە ئەویـندارەکانتان یـەکتریتان دەبـینی ، بـەلاّم ئێستا کیـژان و کوڕان لەناو پارك و لەهەموو گرنگتر لەڕێگەی کامێراکانی ئەنتەرنێتەوە دیداری یەکتر دەکەن ، کەواتە ئەوەی ئێستا لاوان دەیکـەن بـەمۆبایل ئێـوەش کردوتانـە ، ئـیتر بۆچـی ئێمە وەکو خۆی قسە لەسەر ڕاستییەکان نەکەین و وەکوخۆی خوێندنەوەی بۆنەکـەین ؟ فەرموو ئێستا تۆ قسەبکە و وەلاّمم بدەرەوە گوتی بەخوا من چاری تـۆ ناکـەم ئـەڵێی لەگـەڵ سـەردەمی گـەنجێتی ئێمـەدا ژیاویـت گـوتم کەواتـە ئـەوەی مـن گـوتم ڕاسـتیە و ڕاستیش تاڵە وانییە؟خالیدهاتـە نـاو بازنـەی قسـەکانمانەوە و سـەد لـە سـەد پشـتگیری قسەکانی منی کرد و گوتی ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستیە ، بەلاّم ڕێوی دەمـی بـە بەرسـیلە نەدەگەیشت دەیگوت ترشە ، مام حەمە ئەمین ڕووی لە خالید کرد و گوتی کەواتە مـن ڕێـویم ؟ لـە جیـاتی خالیـد مـن وەلاّمـم دایـەوە وگـوتم نـا تـۆ دەمـت بـە بەرسـیلەکە گەیشتووە ، چونکە تۆ ئێستا جوانی بەڕوخسارتەوە دیارە وەی لە کـاتی لاوێتیـت ، مـام حەمە ئەمین بزەیەکی بۆ کرد و گوتی ئەرە وەلاّ دوو خوشك لەیـەك ماڵـدا لەسـەر مـن شەڕیان بوو گوتم تەماشا بزانـە قسـەکەی مـن دەرچـوو بـەو گفتوگۆیانـەی لەگـەڵ مـام حەمە ئەمینم کرد توانیم ڕێگا بۆ ئەوە خۆش بکەم کە ڕاستەوخۆ بچمە ناومەبەسـتی باسەکەوە و قسە لەسەر ئازادکردنی سۆزان بکـەم ، چـونکە بـەم قسانە تـوانیم کـەمێك لەدوێنێی لاوێتی بۆ ئەم پیاوە بگێڕمەوە و ئەوترس و شەرمەش کەلەلای خۆم دروسـت ببوو تێکی بشکێنم ، هەربۆیە ڕووم لە مام حەمە ئەمین کـرد و پـێم گـوت مـام حەمـە

ئەمین گیان مـن کەسـێکم ڕۆژنامەنووسـم ، بـەلاّم بەهـەواڵێکی نـاخۆش لـەماڵی ئێـوەدا ئاشنا کراوم و پـێم وایـە مـاوەی (6) سـاڵە چـیرۆکێکی نهـێنی والەیـەکێك لـەژوورەکانی ماڵەکەتدایـە بـەلاّم نـازانم پێـت خۆشـە ئـەو چـیرۆکە کۆتـایی پـێ بێنیـت و ویـژدانت ئاسوودە بکەیت؟ مۆڕەیەکی لێکردم و گوتی ئەوەتۆچی دەڵێیـت چیرۆکی چـی ؟ پاشـان ڕووی لە خالید کردو گوتی ئەم کوڕە باسی چی دەکات ؟ پێش ئـەوەی خالیـد پێناسـەی قسەکانی من بکات وخوێندنەوەیان بۆ بکات خۆم کەوتمە وەلاّم بۆ پرسـیارەکەی و پـێم گوت مام حەمـە ئـەمین ئەوچیرۆکەی مـن باسـی دەکـەم تـۆ نووسـەری چیرۆکەکەیت ، بـەلاّم مـن هـاتووم دەمـەوێت سـیناریۆی بۆدابڕێـژم و بیکـەم بـەدراما و لەسەرشاشـەی تەلەفزیۆنەکانـەوە پەخشـی بکـەم تـاوەکو لەبـەردەم سـەرجەم ویـژدانی مرۆڤایەتیـدا ببینـرێـت و قسـەی لەسـەربکرێت ئەوچـیرۆکەی مـن باسـی دەکـەم یەکێکـە لەتاوانـە گەورەکانی سەدەی بیست و یەکەم و پێشکەوتن ، تـۆ شـەش سـاڵە ویـژدانت لەتاریکیـدا نوستووە و نـاوی خۆشـت نـاوەمرۆڤ ، تـۆ بەنـەوەکانی ئـەمرۆ دەڵێیـت خـۆش بـەخت و بەلاّم خۆش بەختی و ژیانت لە مەزلۆمترین مرۆڤ سەندووەتەوە ، تۆ بـەکوڕ و کیـژانی ئەم سەردەمە دەڵێیت بێ حەیا و کەچی ویژدانی خـۆت بەدرنـدەترین شـێوە بەرامبـەر بـەڕووحێکی پـاك کـردووە بـەدادوەر ، بـەدەنگێکی بـەرز نەڕانـدی بەسـەرما و گـوتی ئەوەتۆ چی دەڵێیت ؟ دەڵێی شێت بوویت ؟من سـەرم لـەم قسانەی تـۆ دەرناچـێت پـێم خۆشە بەشێوەیەکی (سادە وعەشایەرانە قسەم بۆ بکەیت) زانیم ڕاست دەکات ، چـونکە پیاوێك ویژدانی لەتاریکیدا نووستبێت چوزانێت سیناریۆ و دراما چییە هەربۆیە ڕوون و ڕەوان پـێم گـوت مـاوەی (6) سـاڵە لەیـەکێك لـەژوورەکانی ماڵەکەتـدا یـەکێك لەکیژەکانت زیندانی کردووە و هەموو ڕۆشناییەکی ژیانت لێ شاردووەتەوە باشـە بـۆ ؟ ئەمـە ویژدانـە ئەمـە پلـەی بەرپرسـیاریەتیتە بەرامبـەر بەمنداڵەکـەت بەرامبـەر بـەو

ڕوحەی کەبۆ تۆی مام حەمە ئەمین جگەرگۆشەیە ئەمەی تۆ کردووتە جێگای قبوولْ کردنی هیچ ویژدانێك نییە نازانم تۆ چۆن پێدەکەنیت ؟ چۆن دەخۆیت ؟ چۆن دەخەویت ؟ لەکاتێکا (6) ساڵە دڵ ڕەقانە ژوورێکت لە مەرگ بۆ مرۆڤێگ دروست کردووە ، خالید جارێکی دیکە ویستی قسەبکات گوتم تکایە تۆ بێدەنگ بەو ئەویش بەقسەی کردم پاش ئەوەی مام حەمە ئەمین کەمێك ماتی گرتی و پاشان هاتە ئاخاوتن و گوتی کێ ئەم قسەیەی بۆ کردووی ؟ ئەی باشە من کیژ کیژی خۆمە تۆ مافت چییە ؟ ئەی تۆ چوزانیت من لەسەر چی ئەم بڕیارەم داوە؟ ڕووی لەخالید کردوگوتی خالید تۆمنت بۆئەم لێکۆڵینەوەیە هێناوە دیارە ئەمە کاری تۆیە و تۆش ئەم زانیاریەت بەم کوڕە گەیاندووە ؟ ڕێگام بە خالید نەدا وەلاّمی بداتەوە ، چونکە ترسام لەگەڵ خالید بکەونە گفتوگۆی گەرم و ڕەق و پاشان لێك ترازاندن ڕووبدات ، هەر بۆیە ڕووم لە مام حەمە ئەمین کردەوە گوتم ویژدان جوانترین پێناسەیە بۆ ئەوەی مرۆڤی پێ جیابکەیتەوە لەگەڵ درندە و بێ ویژدانیدا ، بەلاّم لەکاتێکدا ئەم پێناسەیە لەناو ڕووحی مرۆڤدا نەبوو بێگومان ئەوکاتە درندەیی و دڵ ڕەقی دەبێتە ڕەحم و خۆشەویستی پاشان کارەسات دروست دەبێت من ناڵێم تۆ باوك و وەلی ئەمری ئەومرۆڤە نیت ، بێگومان تۆ باوکیت و تۆش دەزانی بۆ ئەو مرۆڤەت بۆچی و لەسەرچی بەم شێوەیە سزاداوە ، بەلاّم ئەو تاوانەی کەئەو کردوویەتی هەرچییەك بێت پێم وایە ئیتر بەسە و کاتی ئەوەهاتووە کەمێك لەژیان و لە تاریکایی ناوژوورێك بڕوانیت و هەروەکو باوکێك بەرانبەر بەجگەرگۆشەکەت بیربکەیتەوە ، چونکە ئەویش مرۆڤە و تۆش پیاوێکی دنیادیدە و موسڵمان ئەی بەیانی لەبەردەم دادگای یەزدانـدا دەڵێت چی وچۆن وەلاّمی خوای خۆت ئەدەیتەوە ؟ هەر چیم دەگوت ئەوبەقسەی زلی دادەنا و دەی گوت (ئەمانە قسەی نێو ڕۆژنامە و کتێبن)پیاوێك بەم

شێوەیە لەفەرهەنگی ژیان تێگەیشتبێت و قسە و ووشەکانی ناو کتێب و ڕۆژنامەکان بەقسەی بێ واتا و بێ کەڵك وێنا بکات ، دەبێت چیترگفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا چی ئاکامێکی هەبێت زانیم ئەم پیاوە لە قسە تێناگات و پێی وایە کەئەو باوك بوو ئیتر نابێت هیچ کەس قسە لەسەر فەرمانی دڕندانەی باوکایەتیدا بکات ، هەربۆیە بۆ دواجار پێم گوت دیارە تۆ لەسەر بڕیارەکەی خۆت سووریت دەتەوێت درێژە بەچیرۆکەکە بدەیت و دڵ ڕەقایەتی خۆت بەرانبەر بەو ڕووحە کۆتایی پێ نەهێنیت ؟ ئەگەر تۆ هەر سووریت و قسە هەر قسەی خۆتە و قسەکانی ئێمەش بەقسەی زل و قسەی بێ واتا تەماشا دەکەیت ئەوا من هەروەکو ڕۆژنامەنووسێك دواپەیامی خۆمت ئاراستە دەکەم و لەماوەی (10) کاتژمێری داهاتوودا جیا لەدەزگاکانی ئاسایش وپۆلیس سەرجەم چاوی کامێرا و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ئەم کوردستانە دەهێنمە سەرماڵەکەت و ئەوکاتە دڵنیابە تۆباجێکی قورس دەبەخشیت و دوورنییە خەڵکی بەویژدانی شار هەموو بەشێوەی خۆپیشاندان نەیەنە سەرماڵەکەت و پەتی سێدارەت لە ویژدان بۆ دروست نەکەن ، بەلاَم بۆئەوەی ئەم چیرۆکە لەنێوخۆماندا و لەسەر ئەم مێزە کۆتایی پێبێت من دەستەکانت ماچ دەکەم بڕیاری ئازادبوونی ئەومرۆڤە بدە و ویژدانی خۆت ئاسوودەبکە ، ژیانی ئەو ڕووحەش بگەڕێنەوە ناو ژیان و سۆزی باوکایەتی بکە بەویژدان . تەمەنی مرۆڤ چەندە ، بەلاَم تاوان نییە سەرجەم تەمەنی جوانی مرۆڤێك لە ناو ژوورێکی بچووکدا پیر بکەیت ؟ باشە تۆ بەنیازی چیت؟ دەتەوێت تاوەکو کەی ئەو مرۆڤە چواردیوارجیهانی پاکوبەرینی بێت ؟ ئەی دواڕۆژی ئەوکیژە ئەی چارەنووسی ژیانی خێزانیت ؟ ئەی چونت بەرە و پیری ؟ ئەی پاشان مەرگ ؟ مام حەمە ئەمین ماتەمییەکی دیاربالی بەسەر سەرجەم جەستەیدا کێشابوو خالید ڕووی لێکرد و پێی گوت مام حەمە ئەمین

دەستەکانت ماچ دەکەم پێلاوەکانت ماچ دەکەم بەقسەمان بکە و لە کەلی شەیتان وەرەخوارەوە خالید لەم قسانەدا بوو دکتۆرە ناسکە تەلەفۆنی کرد و پاش ئەحواڵ پرسین پرسی چیتان کرد ؟ منیش گوتم دکتۆرە ئێستا وەختی قسەنییە و هێشتا کێشەکە تەواو نەبووە پاشان خۆم تەلەفونت بۆدەکەم مۆبایلەکەم داخست و مام حەمە ئەمین ڕووی تێکردم و گوتی وابزانم ئەو پەیوەندییەت پەیوەندی بەسەر ئەم مێزەوە هەیە ؟ گوتم بڕوابکە لە من و خالید وجوانەی خێزانی خالید زیاترهیچ کەسێکی دیکە بەم چیرۆکە نازانێت ، دەستی برد لەپاکەتەکەی من جگەرەیەکی دەرهێنا و پاش داگیرساندنی گوتی یەك پرسیارتان لێدەکەم ئەگەر ئێوە بەڕاستی وەڵامم بدەنەوە منیش بەقسەتان دەکەم ، من و خالید گوتمان بێگومان وەڵامی ڕاستی هەر پرسیارێکت ئەدەینەوە گوتی توخوا ئەو تەلەفونە د.ناسکەی گەڕەکی خۆمان نەبوو ؟ ماتەمییەك ڕووی تێکردم و گوتم بەڵێنم داوە بەڕاستی وەڵامت بدەمەوە و درۆت لەگەڵ نەکەم بێگومان ئەو بوو ، بەڵام چۆن زانیت ؟ گوتی کەوەڵامت دایەوە و گوتت بەڵێ دکتۆرە یەکڕاست زانیم ئەوە باشە من بەقسەتان دەکەم ، بەڵام چەند مەرجێکم هەیە دەبێت بۆم جێبەجێ بکەن منیش گوتم بەسەرچاو دەستەکانت بێنە هەرچی مەرجێکت هەیە لەماوەی (24) کاتژمێردا بۆت جێبەجێ دەکەین ، دوا قومی لەجگەرەکەی داو گوتی زۆرباشە فەرموون بابڕۆین

گوتم بۆکوێ ؟

گوتی بۆمزگەوتێك

گوتم مزگەوت بۆ؟

گوتی دەبێت دەستم بۆ بدەن بەقورئاندا تۆش وخالید کە بە هیچ شێوەیەك نهێنی ئەم ڕووداوە نەدرکێنن ، پاشان دەبێت هەر ئەمشەو جوانە و ئەو دکتۆرە قورئانم بـۆ بخـۆن کەئەوانیش بەهیچ شێوەیەك باسی لەسەرناکەن .

گوتم بەسەرچاو من ڕازیم ، بەلاّم تۆ تەنها ئەوەندە ڕێگایە بـە مـن ببەخشە هـەروەکو نووسـەرێك کـە بـەردەوام لەسـەر پرسـە کۆمەلاّیەتییـەکان دەنووسـم تـەنها ئەوەنـدە ڕەزامەندی نیشان بدە کەوەکو بابەتێك لەیەك لە گۆڤارەکان بینوسمـەوە ، بەشـێوەیەك دەینووسمەوە هیچ کەس نەزانێت تۆمام (......)ت

لەڕاسـتیدا تـاوەکو ڕازیـم کـرد هـەروەکو دەلـّێن قـیری ڕەش سـپی بـوو ، هەسـتاین وهەرسێکمان سواری ئۆتۆمبیلەکە بووین، مام حەمە ئەمین لـە پێشـەوە دانیشـت گـوتم ئێستا بۆ کوێ بچین ؟ گـوتی چییە دەلّێـی خـۆت گێـل ئەکـەی بـڕۆ بـۆ مزگـەوت گـوتم بۆدەبێـت ئـەم سـوێندخواردنە هـەردەبێت لەمزگەوتێکـدابێت ؟ خـۆ قورئـان هەریـەك قورئانە ئەگەر لەمزگەوتێکدا یان لەماڵێکدا یان لەناوئۆتۆمبیلێکدابێت ، دەچـینە مـاڵی خالید و ئەوپەیمانە جێبەجێ دەکەین گوتی نەخێر هەردەبێت لە ناو مزگەوتێکدابێت ، زۆر پێم سەیربوو نەمدەزانی نهێنی ئەوپێ داگیرییـە چییە کەهـەر دەبێـت مزگـەوت بێت ، نەشمدەویست زیاتر لەسـەر ئـەم بابەتـە قسەی لەگـەڵ بکـەم ، چونکە ئەترسـام بەشێوەیەکی پێچەوانە بەخواستەکانی ئێمەدا بڕیارێك وەربگرێت هەربۆیە دەچووینـە هەرمزگەوتێك دەرگای مزگەوتەکە داخرابوو جار بەجار خۆی سوور دەکردەوەو قسەی بەرزو نزمی دەکرد لەڕاستیدا شەڕی پێ دەفرۆشتین ، بەلاّم ئێمە نەماندەکرد ، دواجار گوتی دەی فەرموو بچۆ بۆ ماڵی خالید چارنییە ناچاری سـەربەماڵی دوژمنـدا دەکـات ، خالید گوتی بەلاّم مام حەمە ئەمین من ئەگەردوژمنیشت بم دوژمنێکـی باشـم دڵنیابـە تاوەکو دوژمنی وەکو منت هەبێت تۆ بە بەختەوەری دەژیت ، گەیشتینە ماڵی خالیـد و

پـاش پشـوویەکی کـەم بەجوانـەی خێزانـی خالیـدی گـوت بچـۆ بـە مـاڵی ئێمـە بڵـێ هاتوونەتەوە و لەماڵی ئێمەن ، جوانـە گـوتی بەسەرچـاو هەسـتا ڕۆیشـت بـۆ مـاڵی مـام حەمە ئەمین پاشان ڕووی لە خالیـد کـرد وگـوتی خالیـد کـوا قورئانتـان هەیـە ؟خالیـد کردی بەگاڵتە و گوتی قورئانی گـەورەیان بچـووك ؟زۆر سـەیر بـوو مـام حەمـە ئـەمین بزەیەکی بۆ کرد و گوتی (قورئانە گەورەکەی گڵە زەردە) خالیـد هەسـتا دەسـت نوێـژی شت و قورئانەکەی هێنا لـەو کاتەشـدا جوانـە خـانی خێزانـی هاتـەوە و گـوتی هاخالیـد ئەم قورئانەت بۆچییە ؟ مام حەمە ئـەمین وەڵامـی دایـەوە و گـوتی تـۆش بچـۆ دەسـت نوێـژێك بشـۆ پاشـان پێـت دەڵـێم بۆچـییەتی ، جوانـە خـان لـەم قسـەیە وهێنـانی ئـەم قورئانـە توشـی سەرسـوڕمان هـاتبوو نەیـدەزانی حەکایەتەکـە چـییە ، لـەجێگای خـۆی حەپەسابوو منیش پێم گوت تۆ دانیشە ئێستا من تێتدەگەیەنم ، باسی ڕووداوەکـەم بـۆ کردوجوانـە خـانیش زۆرمەردانـە گـوتی لـە پێنـاوی ڕووحـی سـۆزاندا نـەوەك سـوێند بەقورئان ئەگەر پیاوبوایەم سێ بەسێ تەڵاقیشـم دەخـوارد کەئـەو نهێنییـە نـادرکێنم ، وەڵامێکی زۆرجوان بوو گوتم لەوانەیە ئێستا مـام حەمـە ئـەمین دڵـی بگۆڕێـت و بڵێـت کـەوابێت پێویست بەسـوێند خـواردنی تۆنـاکـات ، بـەڵام بەداخـەوە لەسـەر بڕیارەکـەی خۆی سوربوو ڕووی کردەجوانە و گوتی بەخوا باشە بەس نییە تەڵاقت بەدەست نییـە ئەگینا خالید زۆرلەمێژبوو بێوەژن کەوتبوو ، هەرسێکمان بـەم قسـەیە زۆرپێکـەنین و جوانە چوودەست نوێژی شت و تاجوانە هاتەوە لەبەردەم دادوەری بێ ویژدان جـەنابی مام حەمە ئەمیندا خالید سوێندی خوارد و پاشان جوانـە و دواجـارمنیش سـوێند درام ، گوتم مـام حەمـە ئـەمین دڵنیابـە ئێمـە ڕێـزی ئەوسـوێندە دەگـرین و هەرچـیە کـیش تۆپێـت خۆشـە ئێمـەوا دەکـەین ، بـەڵام ئـەی تۆکـەی ئـەو ڕوحـە ئـازاد دەکـەیت و بەڵێنەکەی خۆت بەسەردەبەیت ؟ گوتی من تازە بـەڵێنم داوە ، بـەڵام تۆلـە ڕۆژنامـە و

مۆژنامە ناوم نەبەیت ، گوتم دڵنیابە ئەگەر بیکەمە ڕۆمانیش ناوی تۆ نابەم گوتی دەیکەیتە ڕۆمان دەیکەیتە تەمسیل کەیفی خۆتە گرنگ ئەوەیە کەس نەزانێت من کێم ، چونکە من تەنها لەتۆ ئەترسم سەر ڕووت بۆ ئەوەی ناوی من بزڕێنیت ، ئالەم قسانەدابوو گوتی هێشتا یەکێکی دیکەماوە سوێندبخوات تائەویش سوێند نەخوات من ئازادی ناکەم گوتم ئەو یەکە مەبەستت کێیە ؟ گوتی دکتۆرە کە بەخوا ئەوباسی ئەم ڕووداوەی بۆ کردوون گوتم بەسەرچاو هەر ئێستا قسەی لەگەڵ دەکەم مۆبایلەکەم لەگیرفانم دەرهێنا و پەیوەندیم کرد بە د.ناسکە و ئەویش زۆربەگەرمی و بەپەرۆشەوە لە ئەنجامی دەعوەتەکەی پرسی و منیش دوورلەچاوی مام حەمە ئەمین چوومە ناوحەوشەکە وهەموو ڕوداوەکانم بۆی باسکرد ، دکتۆرە ناسکە زۆر مەردانە و بەوپەڕی گیانی هاوکارییەوەگوتی هەرئێستا دێم ، ئەم هەڵوێستەم بردەوە لای مام حەمە ئەمین و پێم گوت ئەوا دکتۆرە ئامادەیە و دەڵێت هەرئێستا دێم مام حەمە ئەمین لەوەلامی ئەم هەڵوێستە جوانەی دکتۆرە ناسکەدا زۆربێ شەرمانە گوتی ئێستا دێت بەیانی دێت کەیفی خۆیەتی ، بەلام تاوەکو ئەونەیەت من بڕیارەکەم جێبەجێ ناکەم ، دکتۆرە هەر لەسەرهێڵ بوو هەربۆیە پێم گوت بەیانی خۆم دێم بەدواتا و دەت هێنم بۆماڵی خالید بۆئەوەی مام حەمە ئەمین ماندوێتی حەزی دڕندانەی بشکێنێت ، دکتۆرە هەر لەسەرئەوە سووربوو کە هەر ئەو شەوە بێت ، باوەڕم پێهێنا کەبەیانی هەڵبژێرێت پاش ئەوەی ماڵئاوایم لەدکتۆرە کرد مام حەمە ئەمین ڕووی لەخالید کردوگوتی من تەنها تا (10) ڕۆژی دیکە دراوسێی تۆم ، دڵنیابە لەبەرئەوەنا کەتۆ پیاوێکی خراپی ، بەڵکو ناتوانم چیتر دانیشتووی ئەم گەڕەکەبم ، چونکە پرسیارەکانی بەیانی لە داواکەی ئەم شەو سەختردەبێت ، لەڕاستیدا قسەکانی ئەم پیاوە پڕبوون لەسیحری جۆرا وجۆرو قسەی بێ واتا ، ئەو پیاوە داواکانی ئەمشەوی بەسەخت وێنا

دەکرد پێی وابوو ئەم بڕیارە وەکو نۆش کردنی پیاڵەیەك ژەهروایە ، خالید هاتە قسە و بەوپەڕی جوانییەوە وێنەی مام حەمە ئەمینی لە ناوقسەکانیدا نەخشاند و لە ناوجوانترین ووشەی گەورەیی دراوسێیەتیداچوارچێوەکەی بۆ دروست کرد و مام حەمە ئەمینی لەگرژی و دەمارگیرییەوە هێنایە ناو دۆخێکی ئاسایی و ئاسوودەیی و بەرچاو ڕوونی بۆکرد بە میوان ، پاش تەواو بوونی خالید لەقسەکانی مام حەمە ئەمین داوای یارمەتی کرد و گەڕایەوە بۆماڵی خۆیان ، بەلاّم دواقسەش لەوشەوەدا ئەوەبوو کەبەیانی دوای سوێند خواردنی دکتۆرە هەمووشتەکان کۆتایی پێدێنێت ئەوڕۆیشت و من و خالید وجوانەخانیش تاوەکو کاتژمێری یەکی شەو لەسەرئەم چیرۆکە قسە و لێدوانمان ئەدا ، بەلاّم جوانترین ڕەنگی ئاسوودەیی خۆی تێکەلاّوی قسەکانمان کردبوو خەندە و ڕووخۆشی خۆشترین یادگارییەکانی ناو ئەو شەوەبوو هەربۆیە خەوێکی ئاسوودە بووە میوانی هەرسێکمان و لەگەڵ ڕۆژێکی بێ خەمدا چاوەکانمان لەخەووتاریکی ماڵ ئاوایی پێ کرد.

تاوەکومۆبایلەکەم زەنگی لێدا ، کەچاوەکانم هەڵهێنا بینیم وارۆژ تیشکی خۆی بەزەوی بەخشیوە و ڕووناکی باڵی بەسەرتاریکیدا کێشاوە ، کەلە شاشەی مۆبایلەکەم ڕوانی دکتۆرە ناسکەی مرۆڤ پەروەر و شەیدای ئازادی ڕوحی سۆزانی زیندانی کراوبوو ، پاش ئەوەی بەیانی باشمان لەیەکتری کردوگوتی من لەناو تەکسیدام بەرەو ماڵی کاك خالید دێم خۆتۆلەوێیت ؟ بێگومان من لەوێم و لەچاوەڕوانی تۆی گەورە و بەنرخدام خالید وجوانەی هاوسەری لەزەنگی مۆبایلەکەی من چاویان بۆ ڕووناکی کردەوە و لەهەواڵی خاوەنی ئەوپەیوەندیەیان پرسی ، پێم گوتن ئەوە د.ناسکە یە و بۆئێرە دێت ، بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە کەوتنە جوانکردنی ماڵەکە و ئەوەیان دەردەخست کەمیوانییێکی مەزن و دلۆڤان ڕوویان تێدەکات دکتۆرە ناسکە گەیشت و پاش گێڕانەوەی ڕووداوەکانی

شەوی ڕابوردوو و باسکردن لە هەموو گفتوگۆکان بەجوانە خانم گوت بچۆ بە مام حەمە ئەمینی دادوەر بڵێ گەورەم تاوانباری سێیەم دەسگیرکراوە و چاوەڕوانی بڕیاری بەڕێزتین ، خالید ڕووی لە جوانەی خێزانی کرد و گوتی کچێ وانەڵێت بەخوا دوایی تۆش دەکاتە ژوورێکەوە ، جوانە ڕۆیشت و لەگەڵ خۆیدا جەنابی بەڕێوەبەری زیندانێکی بێ یاساو بێ بڕیاری میری و بێ دادوەری هێنا ، پاش سلاّو وچاك و چۆنی لەگەڵ د . ناسکەدا ڕووی لە ناسکەخانی یاریدەدەری پزیشك کردوو گوتی نازانم تۆ دکتۆری یان ئاسایش ؟ دکتۆرە ناسکەش زۆر بەجوانی وەلاّمی دایەوەو و گوتی مـن هەردووکیانم ، بەلاّم ئەی ماڵی تۆ زیندانە یان جێگای نیشتەجێ بوونی خێزانێك؟ ئەی تۆ پیاوێکی ئاساییت یان بەڕێوەبەری زیندانییەکی بێ دادگا ؟ بۆ ئەوەی لەیەك تێنەگەیشتن لە نێوان هەردووکیاندا ڕوونەدات ڕووم لە د.ناسکە کردوو و گوتم خانمی بەڕێز واز لەم قسانە بێنە بچۆ دەست نوێژێك بشۆ و بەقورئانە گەورەکەی گڵەزەرد سوێندێکمان بۆ بخۆ کەئاسایشێکی خاوەن پاراستنی نهێنی دەبێت ، د.ناسکە ڕۆیشت بۆ دەست نوێژ شتن و خالیدی دەست بەدەست نوێژ قورئانەکەی هێنا و لەبەردەم جەنابی دادوەردا داینا ، پاشان تاوانبار د.ناسکە سوێندی پاراستنی ئەونهێنییەی خوارد ، پاش کەمێك لەگفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە مام حەمە ئەمینی بەڕێوەبەری زیندانەکەش گوتی من دەچم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەمدا قسە دەکەم پاشان سۆزانیش لە زیندانی دەردەهێنم .

## سۆزان ئازادکرا

بێگومان ئێستا دەیان پرسیار دروست بووە ، دەبێت بەشوێن وەلاّمەکانیاندا بگەڕێین ، ئێستا هەمووان دەپرسین و دەڵێین ئەو تاوانەی (6) ساڵە ڕوحی مرۆڤێکی لە ژوورێکی تاریکدا زیندانی کردووە دەبێت چیبێت؟

تۆ بلێی سۆزان سەرۆکی باندێکی مافیا ، یان سەرکردەی گرووپێکی تیرۆریستی بووبێت؟

یاخود قاتل یان کارێکی شەرەف فرۆشی لە دەست قەومابێت ؟ بێگومان بۆ وەلامی هەریەك لەو پرسیارانە دەلێم نەخێر.

لە پاش دوو ڕۆژ لە ئازاد بوونی سۆزان ، خالید پەیوەندی پێوە کردم و گوتی سۆزان زۆر عەوداڵە بۆ ئەوەی دیدارت لەگەڵ سازبدا و چاوی پێت بکەوێت ، منیش بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە وەلامی ئەو داوایەی سۆزانم قبوڵ کردوو و بەخالیدم گوت ، من بەیانی کاتژمێر(9) دێمە ماڵی ئێوە و لەگەڵیدا گفتوگۆ دەکەم ، بەرەو شاری سلێمانی بەڕێکەوتم و ڕێك لە کاتژمێر(9) گەیشتمە ماڵی خالید و پاش پشوویەکی کەم سۆزان و دایکی هاتن بۆ ماڵی خالید ، بەلام لە هەمووی سەیرتر سۆزان لەناو عابایەکی ڕەشدا خۆی داپۆشیبو، کە پاشتر بۆم دەرکەوت لەبەرئەوەی دانیشتوانی گەڕەك نەیناسنەوە لەسەر داوای دایکی و ڕێنماییەکانی باوکی ئەو کارەی کردبوو .

سۆزان کیژۆڵەیەکی بالا مام ناوەندی لە ڕووخسار هێندە سپی بوو دەتگوت لە نەوەی کاغەزی سپی و بەفرە ، خاوەن ڕوویەکی خۆش و پێستێکی ناسك ، ڕەنگی چاوی قاوەیی و پرچێکی کاڵی خاو پەرژینی سەریبوو، لە گفتوگۆدا هێمن و لە جوڵەشدا هەمان شێوە ، بەلام سۆزان لە دڵدا پڕ لە خەم و لە فرمێسك و گریاندا دەریایەکی دەیان میل قوڵ ، دەیویست پێم بڵێ دەریایەك قسە وا لە ناو ناخمدایە ، بەلام دایکم کەسێکی ترسناکە لەسەر زمان و قوڕگم ئالاوە و نایەڵێت بدوێم ، ئەمەی باسم کرد لە زاری سۆزانەوە نەم بیست ، بەلام ڕووخسارە جوانەکەی بەم شێوە ئەدوا ، هەر بۆیە داوام لە دایکی کرد و پێم گوت تکایە بۆ ماوەی (1) کاتژمێر سۆزان بەجێبهێڵە و با دوور لە چاوی تۆ قسەم بۆ بکات ، دایکی ماتیەك گرتی و نەیتوانی داخوازێکەم ڕەت

بکاتەوە ، هەستا و ماڵی خالیدی بەجێهێشت ، قەڵەم و کاغەزم لەبەردەم خۆمدا داناو گوتم فەرموو سۆزان گیان خۆشحاڵم ئێستا زۆر سەر بەستانە بۆم بدوێیت و ناخی خۆت خاڵی بکەیت لەنهێنی (6) ساڵ زیندانی ، سۆزان لە چاوەکانیدا فرمێسك قەتیس مابوون ، بەلاّم لەسەر لێوەکانی خەندەیەك دەبینرا کە بۆنی ئازادی لێدەهات ، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و باسی (6) ساڵ زیندانی بۆ کردم و گوتی من ئەوینداری کەسێك بووم ، بەلاّم ئێستا بێ ئاگام لە ژیانی

چونکە سەرجەم ویژدانەکان ماوەی (6) ساڵە بێ ئاگان لە ڕوحی منی مرۆڤ ، ئەو کەسەی من ئەوینداری بووم لە سەنگینترین لاوەکانی ئەم گەڕەکەی خۆمانە ، ماڵی ئێمە و ئەوان تەنها (4) چوار کۆڵان شورای نێوانمانە ، ئەو کەسەی ئەویندارى من بوو ناوی ئازاد بوو ، لە پێشدا ئازاد ئەویندارى من بوو تاوەکو ڕۆژێك لە ڕێگای نامەیەکەوە داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکردم ، بەلاّم هێندە مرۆڤێکی جوان و هەست ناسك بوو نەمتوانی خۆم لە داوی بپارێزم و داخوازیەکەی قبوڵ نەکەم ، منیش بەنامەیەك وەلاّمی داخوازی و نامەکەیم دایەوە و بەڵێنی خۆشە ویستیم بۆی دەربڕی ، خۆشەویستی لە نێوان من و ئەو مرۆڤەدا دەستی پێکرد ، بەشێوەیەك کە ئەوپەڕی پاکی و بێگەردی خۆشەویستی لەناویدا لەدایك بوو ، ئازاد لە ژیانی مندا بووە بەشێك لە جوانی خەونەکانم ، پێم وابوو منیش بۆ ئەو بەهەمان شێوە بووم ، تاوەکو ماوەی ساڵێك بەسەر ئەم خۆشەویستییە دا تێپەڕی و لەگەڵ ئازاددا لەناو باخی شار دیدارێکی یەکتریمان کرد ، لەپێشتر دوو یان سێ جاری دیکە دیدارمان سازدا بوو ، بەلاّم ئەم دیدارەمان جیاواز تر بوو لە دیدارەکانی پێشوو ، چونکە ئەمەیان بەمەبەستی گفتوگۆکردن بوو لەسەر هەنگاونان بۆ ناو دنیای هاوسەرگیری ودروست کردنی خۆشەویستیەکی دیکە لەناو ئەوژیانەدا ، لەگەڵ ئازاد دا پێکەوە و بۆ ماوەی

کاتژمێرێك گفتوگۆمان لەسەر هەموو شتەکان کرد ، ئازاد ئامادە ساز بوو بۆ ئەوەی لە ماوەی (1) هەفتەدا بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ بکات و بێتە خوازبێنیم لەڕاستیدا بۆ هەردووکمان ڕۆژی خۆشترین و جوانترین دیدار بوو ، هەستم بەهیچ ڕووداوێك یان چاودێرییەك نەدەکرد کە ئاگاداربێت لەو دیدارە ، وابزانم کارێکی سروشتییە ئەو جۆرە دیدارانە ، ئەی کە من دەبمە هاوسەری کوڕێك نابێت لەگەڵیدا دابنیشم و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم ؟ خۆ شووکردن وژیانی هاوسەری بۆ ڕۆژ و دوو ڕۆژ نییە ، بەلاّم بەداخەوە کاتێك ئێوارەی ئەو ڕۆژە هات و خۆر خەریکی ماڵئاوایی بوو لە ڕۆژ، نەمدەزانی دوا دیداری تیشکی ڕۆژ ژورێکی تاریك دەبێت

بۆ ڕوحی من ، لەگەڵ هاتنەوەیدا بۆ ماڵەوە باوکم خۆی کرد بەحەوشەدا و بەدەنگێکی بەرز و پڕ لە هاوار ، بە دەنگێك کە لە دەنگی مەرگ دەچوو ، دەنگێك زۆر سامناك بوو هاواری کرد و گوتی ئامە کوا سۆزە قاحپە ؟ لەڕاستیدا یەکسەر ترسێك باوشی پیا کردم و زانیم کار لە کار ترازاوە و باوکم بەو دیدارەی زانیوە ، خۆی کرد بەژووردا تا نیو کاتژمێرو تاوەکو هێزلە لاشەیدا ووزەی مابوو هەر وەکو تەعزیبی کەسێکی تاوانبار ئەوپەڕی ئازاری جەستەیی و ڕوحی بە من گەیاند ، هێندەی لێدام هەروەکو دەڵێن خۆشە بوبوم ، پاشان هەروەکو تاوانبارێکی لە جەنگدا دەستگیری کردبێت هەردوو دەستەکانمی کەلەپچەکرد و فڕێیدامە ئەو ژوورەوە کە (6) ساڵە هەموو جیهانی جوانی و پان و بەرینی منە ، دایکم ویستی بەرگریم لێبکات بەلاّم (سێ بەسێ تەلاّق)ی کردەمیوانی سەرلێوەکانی و گوتی یەك قسە بکەیت هەروەکو سەگ دەت تۆپێنم ، شەو لەو ژوورەدا مامەوە وتاوەکو بەیانی هێندە ئازار لە ناو سەرجەم جەستەمدا هەبوو نەمدەزانی خەو چییە وچارەنووسم بەرەوکوێ هەنگاودەنێت ، لەگەڵ خۆمدا ئەدوام و دەمگوت دەبێت لەو سزایە قورستر چیبێت کە

پێی سزا بدرێم ؟ سپێدە هاتو ڕۆژ تیشکی خۆی کردەمیوانی چاوەکانم وچاوەڕوانی ویژدان وبڕیارەکانی باوکمم دەکرد ، تاوەکو بۆخۆی هات و دەرگای لێکردمەوە و بەشەق و زللە تا ژوورەکانی خوارەوە هێنامی و پێی گوتم هەر ئێستا خۆت بگۆڕە، دایکم و فوئاد و ڕووناکی خوشکم خۆیان گۆڕیبوو ، نەمدەزانی هۆکاری ئەم خۆگۆڕین و خۆئامادە کردنە چییە ، لە ترسی دڵ ڕەقی و توندڕەوی باوکم خوشك و براکەم نەیاندەوێرا بمدوێنن و خۆیان لێم نزیك بکەنەوە ، بەلاّم هەستم کرد ماتەمییەکی یەکجار گەورە ڕوخساریانی داگیر کردبوو ، باوکم لە ژوورەکە چووە دەرەوە گوتم دایە بۆ کوێ دەچین؟ بۆ خۆمان دەگۆڕین؟ دایکم هەروەکو کەسێك دەستی لە قوڕگی ئالاّندبێت بەدەنگێکی نزم گوتی دەچین بۆ ماڵی خاڵۆت لە ڕانیە پێم بڵێ چیت کردووە؟ دوێنێ لە ماڵ دەرچوویت بۆ کوێ چوویت؟ وەلاّمی دایکم دایەوە و گوتم بۆ کوێ چووم ئەی نەم گوت دەچم بۆ بازاڕ ، دایکم گوتی بەڵکو دڵی باشبێت و پەشیمان بێتەوە ، ئەم قسەیە جێگای سەرسوڕمانم بوو

تێگەیشتم کە باوکم لە بەرانبەرمدا بڕیارێکی قورسی داوە و زانیم ژیانم لە مەترسیدایە ، هەر بۆیە بەدایکمم گوت بۆ دایە گیان باوکم بەنیازی چییە بەرامبەرم؟ باشە من چیم کردووە تاوانم چییە وام لێدەکات؟ دەستم کرد بەگریان و دایکم و ڕووناك فرمێسك کەوتە ناو چاوەکانیان ، فوئادی برام چووە ناو حەوشە و پاشان خۆم گۆڕی، باوکم هاواری کرد و گوتی کوا ئامە ئەو قاحپەیە خۆی گۆڕی؟ دایکم چووە دەرەوە بۆلای و پێی گوت ئێ پیاوەکە باشە پێمان بڵێ چی کردووە بائێمەش بزانین ؟ لە وەلاّمدا کەوتە قسەی ناشیرین و سوك و بێ واتا بەرانبەر بەدایکم و گوتی نەمگوت بەرگری لێ نەکەیت ، پاش ئەوەی خۆمان ئامادەکرد ماڵی کاك خالیدمان ئاگادار کردەوە کە ئێمە دەچین بۆ شاری ڕانیە تاوەکوئاگایان لە ماڵی ئێمە بێت ، سواری

ئۆتۆمبێـل بـووین و جـار بـە جـار بـاوکم تەماشـایەکی دەکـردم ، هـەروەکو پیـاوێکم کوشتبێت لێی دەڕوانیم منیش دەیان پرسیار و گریمان لە ناو خەیاڵمدا دروست ببـوون و دەهـاتن و دەچـوون ئـازاد بەشـێکی گـەورەی نـاو ئـەم خەیاڵانـە بـوو ، زۆرکـات بـەوە دڵخۆشی خۆم ئەدایەوە کە هەمووی چەند ڕۆژێکە و ئـازاد دێتـە خـوازبێنیم و هـەموو ئازار و ناخۆشییەکانم لە بیر دەچنەوە ، ڕوونـاکی خوشـکم هـەوڵی زۆریـدا کـە بزانێـت ئەو ڕۆژەی کە لە ماڵ دەرچووم بۆ کوێ چوومە و لەگەڵ کێ قسەم کردووە ، بەلأم مـن حاشام لەهەر تاوانێك کـرد کـە ئـەوان گومانیـان لێـی هـەبوو ، پـاش ئـەوەی گەیشـتینە ڕانیـە و لـە مـاڵی خـاڵم بـووین بـە میـوان ، بـۆم دەرکـەوت خـاڵمی لـەو باسـە ئاگـادار کردبـووەوە ، ئـەویش هـاوڕا و بگـرە هانـدەری بـاوکم بـوو کـە تونـدترین سـزا بـدرێم ئەوەشم ئەو کاتە بۆ دەرکەوت کـە خـاڵم زۆر لـە بـاوکم خـراپتری پـێ دەکـردم ، بـەڵکو ئەو هەڕەشەی کوشتنیشی لێ ئەکردم و دەیگوت ئێستا ئـەوە مـافی تۆیـە کـە هـەروەکو شەیتان ڕەجمت بکەین دووسـێ جارلوللـەی دەمانچـەکەی خسـتە نـاوچـەوانم و دەیگـوت دەتکوژم وپاشان لاشەکەشت پارچە پارچە دەکـەم ، بەهـەزار تکـا و پاڕانـەوەی دایکـم و خـاڵۆژنم ڕازیـان کـرد کـە وازم لـێ بهێنێـت ، بـەلأم خـاڵۆم کابرایـەکی تونـدڕەوی سـەر بـەحیزبی ........ ئیسلامیە لەگـەڵ باوکمـدا پێکـەوە قسـەیان کردبـوو هـەردوو لەسـەر ئەوە ڕێك کەوتبوون کە بۆ هەتا هەتا یە زیندانم بکـەن ، پـاش هەفتەیـەك لـە میـوانی مـاڵی خـاڵم گەڕاینـەوە بـۆ مـاڵی خۆمـان و پـاش خۆگـۆڕینم دیسـانەوە پـەلاماری بـۆ هێنامەوە و تا هێز لە جەستەیدا بوو لێیدام ، هەرچەند لێـی دەپاڕامـەوە و بـەقوربانی دەبـووم بـێ سـود بـوو دوو جـار ویسـتم قۆنـدەرەکانی مـاچ بکـەم ، بـەلأم بـە قۆنـدەرە کانییەوە دەهاتە سەر سکم و تا هێز لە جەستەیدا بـوو قورسـایی خـۆی دەخسـتە سـەر سکم ، ڕوونـاك دەستی بەگریان کرد و هاواری لێکرد توخوا باوە بەسـە ، یـەك شـەقی دا

بەناو دەمیا و دوو ددانی شکاند ، فوئادی برام ویستی قسە لەسەر ئەم بێ ویژدانییە بکات و وەکو برایەکی دڵسۆز بەرگریم لێبکات بەڵام باوکم دەستی کرد بەکەلەکەیدا و لەناو پشتێنەکەی دەمانچەیەکی دەرهێنا و گوتی یەك قسەی تر بکەیت دەتکەم بەقوربانی یەك فیشەك ، ئەویش ناچار بێدەنگی هەڵبژارد و هیچ کەسێك نەبوو ئێمەی بێ تاوان هانای بۆ بەرین ، پاشان بردمیەوە بۆ ژووری زیندانەکەم و گوتی بەخوا تا مردن ئەمە جێگاتە ، دەرگای ژوورەکەی لەسەر داخستم و پاشان بۆم دەرکەوت کە دایکم و فوئاد و ڕووناکی خوشکمی قورئان داوە کە هەر کەسێك باس لە چارەنووسی من بکات و نهێنی ئەم زیندانی کردنەی من ئاشکرابکات مەرگ پاداشتییەتی نەوەك زیندانی کردن .

ئەمە ئەو سەرەتایە بوو کە بوو بەسەرەتای یەکەم ڕۆژی زیندانیم تاوەکو بۆ ماوەی (6) ساڵ لەسەر دەستی باوکم لە هەموو ڕۆشناییەك شاردرامەوە.. کاتێك سۆزان ئەم چیرۆکەی بۆ دەگێڕامەوە چاوەکانی پڕبوبوون لە فرمێسك گریانێکی پڕ لە خەمیش هەناسەی جوانی گرتبوو ، جار بە جار هەروەکو وەکو منداڵێکی شیرە خۆرە دەگریا و منیشی دەکرد بەهاوبەشی ئەو گریانە ، پاشان سۆزان کەوتەوە گێڕانەوەی ڕۆژەکانی ناو زیندان و لە باسکردن و پێناسەی هەر ڕۆژێکیدا دەیان یادگاری تاڵی پڕ لە ئەندێشەی دەکردە فرمێسك و لەناو چاوەکانمدا قەتیسی دەکرد ، کاتێك بەهەر پرسیارێك دەچوومە ناو ژیانی ڕۆژانی زیندانی کردنی سۆزانەوە ، سۆزانیش بەدەیان وەڵام دەهاتە گۆ و خەمەکانی قوڵتر دەکرد ، خەمەکانی سۆزان لەگەڵ ڕۆژانی زیندانیدا هێندە گەورەن مرۆڤ ناتوانێت لە بەرانبەریاندا دان بەخۆیدا بگرێت و چاوەکانی نەکات بەمیوانی گریان ، هەر بۆیە بێدەنگیم هەڵبژارد و گوتم سۆزان گیان بۆم باس بکە ڕۆژانی زیندانیت ، سۆزانیش کەوتە گێڕانەوەی ئەو ڕۆژە تاڵانەی کە

بەبێ تاوان و بێ بڕیاری دادوەر و دادگا وەکو زیندانییەکی ڕاستەقینە زیندانی کراوە ، پاش ئەوەی کەمێك ئارامی گەڕاندەوە ناوڕوحە پڕە کەی هاتەوە بۆناوچوارچێوەی ژورە تاریکە کەی وگوتی تاوەکو مانگێك ڕۆژانە یەك ژەم بەبڕیاری باوکم خواردنم بۆ دەهات ، ئەویش کاتی نیوەڕوان بوو کاتێك دیداریشیان دەکردم لە پەنجەرەیەکی ژوورەکەوە قسەیان لەگەڵدا دەکردم ، هەموو کاتێك لەبەردەم دایکم و خوشك و براکەمدا دەستم دەکرد بەگریان و پاڕانەوە لێیان و دەپاڕامەوە کە لەم ژیانە دەرمبهێنن ، بەلاّم ئەوانیش لە من بێ دەسەلاّت تر لەبەردەم ویژدانی ڕەقی باوکمدا ، هەر کاتێك داوای ئازادیان بۆ من کردبێت بەتوندترین شێوە ئازاری ڕوح و جەستەی ئەوانیشی دابوو ، ئەوانەی لە ژوورەکەمدا هەبوون بریتی بوو لە پانکەیەکی ئاسمانی بۆ شەو و ڕۆژە گەرمەکانی هاوین و قەرەوێڵەیەك و دەستەیەك نوێن لەگەڵ تەلەفزیۆنێکی ڕەش وسپی ، بەلاّم سەرجەم جل و بەرگەکانمیان بۆ هێنابوو هەر بۆ خۆشم دەمشت ، چونکە ئەو ژوورەی منی تیا زیندانی بووم گەرماوی لە پشتەوە هەبوو کە بە ڕێڕەوێکی بچووکدا بۆی دەچوویت ، بەلاّم چی لە پۆشاك بکەم نەمدەزانی بۆ کوێ خۆم بگۆڕم و خۆم نیشانی کێ بدەم ، ئەوەی منی دەبینی هیچ کەسێك نەبوو، لەپاش مانگێك بەشێوەیەکی ئاسایی خواردنەکەم بوو بەسێ ژەم ، بەلاّم زۆر جار نەمدەخوارد هەروەکو خۆی دەمگێڕایەوە ، لە پاش دوو مانگ تێپەڕبوون بەسەر زیندانی کردنم خاڵۆم لە ڕانیەوە هات بۆ ماڵمان و پاش تکا و پاڕانەوەیەکی زۆری دایکم وخوشك وبراکەم هاتە سەرەوە بۆ لام ، هەر کە دەرگای پەنجەرەکەم لێ کردەوە پڕ بەدەمی و بەشێوەیەکی دڕندانە تفێکی هاویشتە ناو چاوەکانم و گوتی بخۆ دەردت بێت ، هەرچەند هاوارم کرد و گوتم توخوا خاڵۆگیان خۆ تۆ موسڵمانیت کەمێك سۆزت هەبێت ، لە وەلاّمدا گوتی موسڵمان بەرگری لە خەڵکی بەدڕەوشت و

هیچ و پوچی وەکو تۆ ناکات ، پاش ئەوەی داخی دنیای کرد بەدڵما ڕۆیشت بۆ یەکەم جار و پاش دوو مانگ باوکم خۆی هاتەلام و دەرگای ژوورەکەی لێکردمەوە ، هەر ئەوەندەم لا خۆشبوو خۆی کرد بەژوورەکەدا پەلاماری قژی دام و گوتی شایەتمان بێنە ئێستا سەرت دەبڕم ، دەستم کرد بەگریان پڕ بەگەرووم هاوارم دەکرد و دەمقیژاند، تاوەکو دایکم فریام کەوت خەریك بوو کۆتایی بەژیانم بێنێت پاشان ڕۆیشت و دەرگاکەی کلیل دایەوە ، تاوەکو (4) مانگ لە زیندانیم ژیانم هەر بەو شێوە دەڕۆی کە بۆتی باسدەکەم ، بەڵام پاشان بەبڕیارێکی باوکم لە پاش پاڕانەوەیەکی دایکم و خوشك و براکەم بڕیاریدا کە هەفتەی دووجار دەرگای ژوورەکەم لێ بکرێتەوە و بۆ ماوەی (1) کاتژمێر ئازادبم کە بەژوورەکانی سەرەوەیماڵەکەماندا هاتووچۆ بکەم ، ئەم بڕیارە ئارامییەکی تەواوی پێ بەخشیم و هیوایەکی گەورەی لە دڵمدا چاند کە ڕۆژێکی نزیك ئازادیش دەکرێم ، بەڵام نەمدەزانی ئەمە تەنها هیوایەکە ، بەڵکو هەرگیز ئەو ڕۆژە نابینم ، هەموو کات لە ڕووناکی خوشکم دەپرسی خەڵکی گەڕەك پرسیاری من ناکەن ؟ ئەویش گوتی بێگومان ، بەڵام زۆر لەمێژە ئێمە لەلای خەڵکی گەڕەك تۆمان بەشووداوە و تۆمان ناردووە بۆ وڵاتی (ئەڵمان) لە هەموو شتەکان تێگەیشتبووم ڕوناك هەمو سیناریۆ کانی باوکمی بۆکردە بابەتێك ، بەڵام تەنها ئەندێشە کە ڕۆژانە دەیخواردم و قوتی دەدام ، نەبوونی هەواڵی ئازاد بوو لەڕاستیدا نەمدەزانی چی بکەم بۆ ئەوەی هەواڵی خۆمی پێبگەیەنم ، بەکێ بڵێم زۆر جار بیرم لەوە دەکردەوە کە لە ڕێگای ڕووناکەوە نامەیەکی پێبگەیەنم ئەم ڕێگایەشیان زۆر ترسناك هاتە ناو خەیاڵمەوە و بڕیارمدا بەهەموو شێوەکان ئەو ئەویندارییەم وەکو خۆم زیندان بکەم و لای هیچ کەسێك باسی نەکەم ، ساڵێك بەسەر تەمەنی زیندانیم دا تێپەڕی و لەپاش تێپەڕبوونی تەنها (2) ڕۆژ بەسەر ئەو ساڵەدا بۆ جارێکی تر باوکم

هاتەوە سەردانی کردنم و دەرگای ژوورەکەی کردەوە و منیش باوشم پێیدا کرد و زۆری لێ پاڕامەوە و لەبەردەمیا وەکو منداڵ گریام ، پێم گوت باوەگیان بەم بڕیاری زیندانیەی تۆ ڕازیم ، بەلاّم توخوا پێم بڵێ لەسەر چی و بۆ ئەم بڕیارەت بەسەرمدا سەپاندووە ، ئەی حوکمەکەم تاوەکو کەیە؟ بەنیازی چیت بەرانبەرم ؟باوەگیان خۆ من جگەرگۆشەی تۆم و تۆش باوکمی ، بەلاّم بەداخەوە سەرجەم ئەم سۆز و گریانانە بێ سوود بوو ، بەڵکو تا دەهات دڵ ڕەقانە تر لەگەڵما هەڵس و کەوتی دەکرد ، پاش ئەو هەموو پاڕانەوەیە بڕیاریدا ئیتر بەهیچ شێوەیەك لە ژوورەکەم دەرنەچم و ئەو کاتژمێرەشی کە پێشتر پێم درابووکە لە هەفتەیەکدا (1) کاتژمێر بەژوورەکانی نهۆمی دووەمدا بگەڕێم ، ئەویشی لێم قەدەغەکرد و جارێکی دیکە هیوا بڕاوی کردم ، هەر بۆیە بڕیارمدا خۆم بکوژم لە ڕێگای کارەباوە کۆتایی بەژیانم بێنم ، بەلاّم پەشیمان بوومەوە و گوتم دەبێت ئارام بگرم بەڵکو بەهێزتر بم و دۆزەخی ئەو دنیاش نەکەم بەماڵی خۆم ، لە ڕووی دەروونییەوە بەتەواوی بار و دۆخم شڵەژابوو هەستم بە بێ هێزی تەواو دەکرد لە لاشەمدا ، توانای هەستانیشم نەمابوو بڕیارمدا مان لە خواردن بگرم ، کەمتر لە دوو ڕۆژ نانم نەخوارد باوکم بەم بڕیارەمی زانی و هاتە دیدارم و پێی گوتم نان دەخۆی یان ئێستا بت بەمە ناو ئەو حەمامەوە بت سوتێنم ، ناچار وازم لەو مانگرتنە هێنا و دەستم کردەوە بەنان خواردن ، بەلاّم بێ هێزی تەواو لە گیانمدا سەوز ببوو ، بەڵکو بەسێ ژەمیش بەقەد ژەمێك خواردنم نەدەخوارد ، بەدایکم گوت باری تەندروستیم تێك چووە و فریام کەون بمبەن بۆسەردانی پزیشك ، ئەویش بەباوکمی گوتبوو کە سەردانی پزیشکم پێ بکات باوکم زۆر دڵ ڕەقانە ئەو داوایەی دایکمی ڕەت کردبووەوە ، تا دەهات باری تەندروستیم خراپتر دەبوو هەستم بەئازار نەدەکرد ، بەلاّم بێهێزی ناسنامەی مرۆڤایەتی لێ سەندبوومەوە و خۆم وەکو

مرۆڤ نەدەبینی ، لە دواکاتدا دایکم توانی باوکم ڕازی بکات و نیشانی پزیشکم بدەن ،کاتێك دایکم ئەم مژدەیەی پێدام زۆر دڵخۆش بووم گوتم دایەگیان من دەبەن بۆلای پزیشك کەواتە من لەم ژووره دێمە دەرەوە و ڕووناکی دەبینم ؟ کوچە و کۆڵان و گەڕەك و شەقامەکانی شار دەبینم ، دایکم لە پەنجەرەکەوە ئەم دیدارەی کردم هەروەکو زیندانیەکی ڕاستەقینە سەردانی دەکرام ، بەڵام کە دایکم گوێ بیستی ئەم وەڵامەی من بوو شەپۆلێکی گریان هێرشی بۆ برد و لەبەردەم مندا دەستی کرد بەگریان فرمێسك بەچاوەکانیا هاتە خوارەوە ، منیش دڵم پڕبوو خۆم پێ نەگیرا و دەستم بەگریان کرد ، پاشان لە دایکم پرسی دایەگیان توخوا بۆچی دەگریت ڕاستە من زیندانیم  لە هەموو شادیەکانی ژیان بێبەش بووم ، بەڵام ئێستا زۆر دڵخۆشم ، چونکە باوکم بەوە ڕازی بووە سەردانی پزیشکم پێ بکات .

سۆزان کاتێك لە گێڕانەوەی ئەم قسانەدا بوو دەستی کرد بەگریان و هەڵکێشانی هەناسەی خەمباری ڕۆژانی زیندانی کردنی ، جوانەی خێزانی خالیدیش پڕ قاپێك کولیچەی گەرم و بتڵێك بیبسی ئەفرای لەبەردەم ماندا دانا و گوتم ئەوە تۆ لەکوێیت ؟ ئەویش گوتی خەریکی دروست کردنی ئەو کولیچانە بووم بۆ ئێوە و پێم خۆش بوو گفتوگۆکانتان پێ نەبڕم و بەسەربەستی خۆتان گفتوگۆبکەن ، لە گریانەکە ی سۆزانی پرسی پێم گوت تۆش ببە بەهاو بەشمان و دانیشە ، سۆزان بۆ ڕۆژانی زیندانی کردنی خۆی دەگریت ماڤی خۆیەتی منیش دەگرێم ، جوانە دانیشت و سۆزان پاش ئاسایی بوونەوەی لە دۆخی گریان وسڕینەوەی فرمێسك لە چاوەکانی ، سوپاسی جوانە خانی کرد و گەڕایەوە سەر گێڕانەوەی قسەکانی لە ڕۆژانی زیندانی و گوتی لەڕاستیدا نەمدەزانی هۆی ئەو گریانە زۆرەی دایکم چییە ، چونکە زۆر هەوڵم ئەدا ئاسایی بکەمەوە و وای نیشان بدەم من باری تەندروستیم باشە و دڵخۆشیشم بەوەی ئەگەر بۆ

كاتژمێرێكیش بێت چوار دیواری ئەو ژووره جێبهێڵم ، بەلاَم پاشان دایكم هاتە گۆو گوتی كچی شیرینم وابزانم باوكت ڕازی نییە تۆ بۆجارێكی دیكە ڕووناكی ببینی و بۆ ئەو كاتژمێرەش كە تۆ هەناسەی خۆشەویستی بۆ دەردەبڕیت ، ئەوا من پێت دەڵێم باوكی تۆ مرۆڤ نییە و تەنها ناوی مرۆڤە ، گوتم بۆ دایكەگیان؟ ئەی تۆ نەت گوت ڕازی بووە نیشانی پزیشكم بدات ؟ منیش هەر ئەوەندەم بەسە كە بۆ یەك جاریش بێت دەرەوەی ئەم ژووره ببینم ، بەلاَم بەداخەوە دایكم پێی گوتم تۆ لە دەرەوە و لە نەخۆشخانە یان لە عیادە نیشانی پزیشك نادرێیت ، بەڵكو بەنیازە پزیشك كارێكی ناو گەڕەك بێنێت و لە ماڵەوە پشكنین و چارەسەریت بۆ بكات ، بۆ ئەو وەلاَمەی دایكم خۆم پێ نەگیرا و هەروەكو منداڵ دەستم كرد بەگریان و وامدەزانی جارێكی دیكە لە ناو ژووری زیندانەكەمدا ژوورێكی دیكەم بۆ دروست دەكەن و لە زیندانێكی دیكەدا زیندانی دەكرێم ،بەم قسەیە زۆر غەمبار بووم شەپۆلێكی كەی ناخۆشی ڕووی تێكردم و باڵی بەسەر هەستمدا كێشا .

دایكم زانی باری دەروونیم تەواو تێكچووە و بەوهەواڵە نیشانەی مەرگ و تاریكی لە ڕوخسارمدا دەبینی ، گەڕایەوە خوارەوە و گوتی دەچم لەگەڵ باوكت قسەدەكەم ، گوتم باشە دایەگیان توخوا هەوڵی لەگەڵ بدە ، بەڵكو ڕازی بێت لە دەرەوەی ماڵ نیشانی پزیشكم بدات .

سۆزان لە قسەكانی وەستا و هەڵوەستەیەكی كرد بەنیاز بوو شتێكم پێ بڵێت تەماشایەكی جوانەی كرد و شەرمێك دایگرت ، منیش لەم شەرمە تێگەیشتم كە لەبەر جوانە ناتوانێت سەربەستانە باسی ڕۆژەكانی زیندانی بكات ، داوای یارمەتیم لە جوانە كرد و بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە ئێمەی بەجێهێشت و پاشان سۆزان گوتی لە ڕاستیدا من لە ناو ئەو ژوورەدا ڕاهاتبووم وامدەزانی هەموو جیهانی پان و بەرینی منە هەر بۆیە

حەزم بەدەرەوە وبەبینینی ڕووناکی وکوچە وکۆڵانەکان دەکرد دەمگوت بەڵکو چاوێکم بە ئازاد بکەوێت ، چونکە ئازاد ئەو مرۆڤە بوو کە لە هەموو ڕۆژ و ساڵەکانی زیندانی کردنمدا لە ناو ڕوحی مندا وەکو درەختێکی سەوز تا دەهات سەوزتر و گەشاوەتر دەبوو، ئازاد بەدرێژایی تەمەنی زیندانی کردنم بۆ تەنها چرکەیەك لە خەیاڵی مندا ون نەبوبوو ، بەڵکو ئەویش لەگەڵمدا زیندانی بوو ئێمە هەردووکمان پێکەوە بووین ، پێکەوە بووین ، دیسان بۆ جارێکی دیکە سۆزان و گریان بوونەوە بەدوو ئەویندار و خۆشەویستی یەکتر و منیان کردە دڵۆپە فرمێسك لە ناو ئەو چیرۆکەدا ، سۆزان گەڕایەوە سەر قسەکانی و گوتی پاش ئەوەی دایکم گەڕایەوە بۆ خوارەوە بۆلای باوکم ، باوکم خۆی هاتە سەرەوە بۆ سەردانم و دەرگای ژوورەکەی لێ کردمەوە و گوتی سۆزە کوا لە نەخۆش دەچیت وابزانم بەدرۆ وا دەڵێیت ؟ لەبەردەمیا دەستم کرد بەگریان و باوشم پیا کرد و گوتم بابەگیان بەخوا درۆناکەم بارودۆخی تەندروستیم زۆر خراپە خێرت دەگات بم بەیتە لای پزیشك ، باشە باوەگیان بۆ وام لێ دەکەیت؟ من چیم کردووە ؟بۆ پێم ناڵێیت ؟خۆ ئەگەر کارێکی خراپم کردووە سوپاست دەکەم بمکوژە نەوەك زیندانی ، باوکم لە وەلاّمدا گوتی خۆ لە ڕاستیدا خۆ تۆ مافت کوشتنە نەوەك ئەم ژوورە خۆشە ، گوتی بەیانی دەچم خۆم دکتۆرت بۆ دێنم ، بەلاّم سوێند بەخوا بەتەلاّقم یەك قسەی هەڵە بکەیت یەکسەر دەتکوژم ، هیچ قسە ناکەیت هەرچی گوت دەڵێیت نازانم ، نەڕاندی بەسەرمدا و گوتی تێگەیشتیت ، منیش سەرێکم بۆجولاّند و گوتم بەڵێ بابە گیان تێگەیشتم ، زۆر بیرم لەوە دەکردەوە ئەو پزیشکەی کە دێت بۆ چارەسەرم کێیە ؟ پیاوە یان ژن ؟ دەمگوت هەرکەسێك بێت ولەهەر ڕگەزێك ، باشە تۆ بڵێی نەپرسێت ئەم کچە بۆ بەتەنها لەم ژوورەدایە ڕەنگی ئەم کیژە بۆ هێندە سپییە؟ دەمگوت ئەگەر ئەویش نەی پرسی خۆم پێی دەڵێم چی دەبێت بابێت خۆ لە زیندانی

بەولاوە چیتر هەیە ، زۆر پرسیار و گریمان لەلام دروست دەبوون هەر هەموو ئەو پرسیار و گریمانەشم لەگەڵ خۆمدا ئەو شەوە لە ژوورەکەمدا زیندانی کرد و گوتم باچاوەڕوانی جەنابی دکتۆر بکەین ، سۆزان لە گێڕانەوەی ئەم قسەیەدا بوو د.ناسکە تەلەفۆنی بۆ کردم و پاش ئەوەی ناوی لێنام پاشای ئازادی وگوتی پێم بڵێ لە کوێیت؟ گوتم لە جێگایەکم جیاوازە لە هەموو جێگاکانی کەی گۆی زەوی و دڵنیام تۆ ئامانجتە ڕۆژێك زوو بگەیتە ئەو جێگایە ، گوتی توخوا لە کوێیت ؟ گوتم لە شاری سلێمانیم و لە میوانداری کەسێك دام پێش ئەوەی تۆ تەلەفون بکەیت باسی تۆی دەکرد ، گوتی توخوا شێتم مەکە و پێم بڵێ ، گوتم من هیچت پێ ناڵێم تەلەفونەکە ئەدەم بەخۆی و با بزانم دەنگی دەناسیتەوە گوتی باشە کوا ؟ دەستم لەسەر سەماعەی مۆبایلەکەم دانا و گوتم سۆزان ئەمە دکتۆرە ناسکەیە بزانە دەتناسێتەوە ؟ بکەوە گفتوگۆ لەگەڵیدا ، هەردووکیان کەوتنە گفتوگۆ و ، بەلاّم پاش چەند پرسیار و قسەیەك د.ناسکە پێی گوت تۆ سۆزانی هەردوو کەوتنە قسە و سۆزان دەستی بەگریان کرد و نەیتوانی درێژە بەقسەکانی بدات و مۆبایلەکەی دایەوە بەدەستی خۆم و د.ناسکەش دەگریا ، هەردووکیانم ئاسایی کردەوە و د.ناسکە داوای لێکردم میوانداری بکەم بەخۆشحاڵیەوە قبوڵم کرد و دەست نیشانی کاتێکیشمان کرد بۆ ئەوەی سۆزان و د.ناسکە لە ماڵی خالید دیدارێکی یەکتری بکەن ، کات هێدی هێدی دەڕۆیشت و چاوەڕوانی ئەوە بووم دایکی سۆزان بێت بەشوێن سۆزاندا جوانە خانیش لە نزیکی من و سۆزان لەسەر کورسییەك دانیشتبوو ، دیار بوو خەیاڵێکی قووڵ لە میوانداریدا بوو ڕووم تێکرد و گوتم جوانە خان کەمێك لەو خەیاڵە جوانەش بدە بەئێمە ، با بۆ ساتێك گریان جێبهێڵین ، کەوتە قسە و گوتی وەلاّ خەیاڵم لای خالیدە خالید بۆ سەردانییەك چوو بوو بۆ شاری هەڵەبجە ، پاشان سۆزان هاتەوە ناو باسەکە و گوتی ئەم دکتۆرە

ناسکەیەی کە قسەم لەگەڵی کرد ئەو پزیشکە بوو کە پزیشکی چارەسەری نەخۆشییەکانی من بوو ، کاتێك باوکم لەگەڵ خۆی هێنای هەرچی لێم پرسی دەمگوت نازانم ، چونکە باوکم بۆ تەنها چرکەیەك ژوورەکەی بەجێ نەدەهێشت لەکاتی سەردانیەکانی ئەودا و هەموو ئەو پرسیار و گریمانەش لام دروست ببوو لەگەڵ خۆمدا ئەوانیش زیندانی کران و تاوەکو لەگەڵ خۆمدا ئەوانیش ئازاد کران .

سۆزان لە گێڕانەوەی ڕۆژانی تاریکی زیندانی کردنەکەی بەردەوام بوو لەپڕ دایکی سۆزان خۆی کرد بەژووردا و پاش سلاّو گوتی سۆزان کچم گفتوگۆتان تەواو نەبوو ؟ کات درەنگە ڕێگام نەدا سۆزان وەلاّمی دایکی بداتەوە ، ڕووم لە بەرانبەریدا وەستان و پێم گوت ئێوە (6) ساڵە ژیانی ئەم کیژەتان کردووە بەچیرۆك و دەتەوێت بەماوەی کاتژمێرێك هەموو ڕۆژانی ئەو (6) ساڵە باس بکرێت؟ ئێوە حەزی نەخۆش و دڕندانەی خۆتان (6) ساڵە بەڕووحی ئەم پەپولە یەتان بەخشیوە ئێستا هاتوویت و دەتەوێت باس لەو خەم و ئازارە نەکات ، کە بێ ویژدانانە (6)ساڵە ئێوە کردووتانەتە میوانێکی ئێسك قورسی سۆزان ، دایك بەبەزەییترین بەزەییەکانی ئەو سۆزەیە کاتێ لە بەرانبەر جەرگیدا ، لە بەرانبەر منداڵێکدا وەك بەهێزترین چەك بەکاری دێنێ ، بەلاّم نازانم تۆی دایك ، تۆی مرۆڤ ، چۆن ڕێگا بەخۆت ئەدەیت بانگی ئەو مرۆڤە دەکەیت و پێی دەڵێیت سۆزان کچم ، ئەگەر بەکیژی خۆت بزانایە ڕێگات لەو دڕندایەتییە دەگرت کە (6) ساڵە ئەم مرۆڤە دەخوات ، پێم بڵێ کامەیە مافی دایکایەتیت ، دایکی سۆزان ماتەمییەکی دیار سەرتاپا لاشەی داپۆشی و فرمێسك بەری چاوەکانی گرت و گوتی ڕاستە ئەو (6) ساڵە زیندانییەکی ڕاستەقینەیە ، بەلاّم ئەوەشت لە یاد نەچێت منیش (6) ساڵە لەبەردەم گەورەیی سوێندێکدا زیندانی کراوم کە شکاندنی بەمەرگ و کارەساتێکی لەوە گەورەتر کۆتایی دەهات ، زۆر سوپاسی

گەورەیی تۆ دەکەم بەئارەزووی خۆت لەگەڵ سۆزاندا گفتوگۆبکە ، بەلاَم پێم خۆشە لە وەختێکدا کەمێك گویٚ لە منیش بگریت ، دایکی سۆزان ماڵ ئاوایی لێکردین و گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان ، پاشان سۆزان هاتەوە ناو گێڕانەوەی چیرۆکەکە و گوتی : ڕۆژێکیان یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو لە دوای نان خواردن باوکم هاتە سەرەوە بۆلام ودەرگای ژوورەکەی لێکردمەوە منیش لەبەردەمیا هەستام و هەر تەماشای دەکردم و بەرەو ڕووم دەهات ، وامدەزانی دەست لەملانێم لەگەڵ دەکات و جەژنە پیرۆزە و گەردن ئازادیم لێدەکات ، وامدەزانی هاتوە چوکلێتی ئازادیم پێ ببە خشێت ، بەتەواوی لە ڕوخسارم نزیك بووەوە و لە ناکاو کەوتە قسە و گوتی دەزانی ئەمڕۆ چییە وبە ڕۆژو بوون بۆ چییە ؟ منیش کەمێك چوومە دواوە و لەبەردەم پەنجەرەی ژوورەکەدا وەستام و گوتم بەڵێ بابەگیان ئەمڕۆ ڕۆژی جەژن و گەردن ئازادییە ، تۆش هاتوویت من گەردنت ئازاد بکەم ، پاشان تۆش لێم خۆشبیت و لەم ژوورە ئازادم بکەیت ، ڕۆژویش هەر باوەڕ بوون و تۆبەیە ، بەلاَم تۆبە و پاك بوونەوە بۆ مرۆڤی گوناهکار و تاوانبارە ، نەوەکو بۆ من کەشێوە و ڕوخساری مانگ و خۆرم لەیاد چووەتەوە ، نەوەکو بۆ منی بێ تاوان و پاك، درێژەم بەقسەکانم داو پێم گوت باوکەگیان تۆ باوکی ئازیز و خۆشەویستی منی ، منیش بەدرێژایی ئەم مانگی ڕەمەزانە دوعای چاك و باشم بۆ کردویت تۆ مافی باوکایەتیت بەسەر ئێمەوە هەیە ، بمان کوژیت زیندانمان بکەیت ، یاخود ژیانی پڕ لە خۆشی و جوانیمان بۆ دەستەبەر بکەیت ، هەزاران جار من گەردنی تۆ ئازاد دەکەم ، پەلاماری دەستەکانیم داو ویستم ماچیان بکەم ، بەلاَم بەداخەوە لە جیاتی شیرینی جەژنانە هەتا هێزی تێدا بوو زللەیەکی دا بەنێوچاوانمدا و هەموو ژیانی لەبەرچاوم ڕەش کرد و کەوتمە سەر قەرەوێڵەکەم و تفێکیشی ئا راستەی ڕوخسارم کرد ، گوتی تۆ دەبێت ڕەجم بکرێیت هەی بێ شەرەف

ڕۆیشت و دەرگاکەی بەسەرمدا داخست ، پاشان من و گریان و خەم خواردن بووین بەمیوانی یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان ، زۆر بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە ، لەسەر قەرەوێڵەکەم هەستام و پەردەی ژوورەکەم پێوەدا و بڕیارمدا خۆم بکەم بەقۆچی قوربانی یەکەم ڕۆژی جەژن و خۆم بکوژم لە ڕێگای دەست لێدانی کارەباوە ، یەکە یەکە بورغییەکانی پلاکی کارەبای ناو ژوورەکەم کردەوە و دەستم بۆ هەردوو سارد و گەرمەکە برد و کارەبا کوژایەوە ، زۆر خەفەت بار بووم حەزم بەو کوژاندنەوەیە نەدەکرد ، گەڕامەوە سەر قەرەوێڵەکەم و دایکم و خوشك و براکەم هاتن بۆلام و هەرچەند بانگیان دەکردم وەڵامم نەئەدانەوە ، تاوەکو گوێم لە دایکم بوو گوتی دیارە سۆزان مردووە ، منیش دەچم خۆم دەکوژم ، کەوتە هاوار و گوتی سۆزان گیان توخوا وەڵامم بدەرەوە جگەرسوتاوم مەکە ، خوشك و براکەم دەستیان بەگریان کرد و منیش پڕ بەگەرووم هاوارم کرد نا دایەگیان من نەمردووم ، بەڵام نزیکترین دۆستی مەرگ ومردنم پەردە و پەنجەرەکەم کردەوە تاوەکو نیوەڕۆی یەکەم ڕۆژی جەژن هەرسێکیان لەو دیوی پەنجەرەکەوە لە میوانداری منداڵبوون ، دیار بوو باوکم بەمەبەستی جەژنە پیرۆزە بۆ سەردانی ماڵان چووبوو ، بەڵام لە ڕۆژانی دووەم و سێهەمدا دایکم کلیلەکەی لە پاش پاڕانەوەیەکی زۆر لە باوکم وەرگرتبوو، بەشێوەیەکی ئاسایی بەنێو سەرجەم ژوورەکانی سەرەوەی کۆشکەکەماندا هاتووچۆم دەکرد ، هەردوو ڕۆژەکە خۆی لەماڵ بوو سوێندی خوارد بوو بچمە دیار شورای سەر حەوشەکە، یان بچمە باڵەخانەی یەکەم لە خوارەوە هەموویان وەکو من لێبکات ، زیندانی بۆخۆی واتای تاڵی و دوورکەوتنەوە لە ژیان و دابڕان لە هەموو شتە جوانەکان ، بەڵام بیرەوەرییەکانی ناو زیندانیش زۆرن و پڕن لە گریان و خەمی قووڵ گەورەترین خەم خەمی ئازادی ئەویندارم بوو ، سەدان پرسیاری جوان و خەیاڵی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ ڕۆژانە

دەبوون بەمیوانم و لەگەڵیان دەست لەملان دەبووم ، وام پێناسە دەکرد ئێستا ئازاد ئاگای لە ڕووحی منە ، یاخود بەشوێن مندا دەگەڕێت ، وامدەزانی ئازاد ڕوحێکی سحراویە و لەناکاو دێت و دەرگای ژوورەکەم لێدەکاتەوە و پێم دەڵێت ئازیزەکەم ئەوە تۆ لێرەیت من لەکەیەوە بەشوێن تۆدا دەگەڕێم؟ بابڕۆین هەموو شت کۆتایی هات بەڕاستی ئەم خەیاڵانە زۆرترین بەشەکانی ڕۆژانی زیندانی کردنم بوون ، بەڵام لەو لاشەوە هەواڵی من بەوە بلاّوکرابووەوە کە شوم کردووە و بەرەو وولاّتی (ئەڵمان) ڕۆیشتووم ، دەمگوت ئێستا ئازاد بەم هەواڵە ئاشنا بووە ، بەڵکو زۆر ڕقیشی لێم بووەتەوە و بەبێ وەفا و خیانەتکار ئێستا وێنام دەکات ، ئەمەیان گەورەترین خەم بوو نەمدەزانی چی بکەم و چۆن ئەم هەستەم بۆ خوشکم یان بۆ دایکم دەربڕم ، چونکە پێم وابوو ئەگەر ئەوانیش بەم نهێنییە بزانن ئەوا دوورنیە هەروەکو باوکم ڕقیان لێم نەبێتەوە ، هەر بۆیە تاوەکو ئێستا ئەو نهێنییەم لەناو دڵمدا زیندانی کردووە ، بەلاّم بەداخەوە لە پاش (6) ساڵ زیندانی لە پێناو ئەو ڕوحەدا دایکم پێی گوتم کە ماڵی ئازاد هاتوونەتە خوازبێنیت (6) ساڵ پێش ئێستا ، بەلاّم بەماڵی ئازادیان گوتبوو گوایە من شوم کردووە هێندە دەزانم ئازاد ماڵیان لەم گەڕەکە باریکردووە ، بۆ کوێ وکام گەڕەك؟ ئازاد ئێستا لە ژیاندا ماوە یان مردووە ؟منی لەیادە یاخود لەخەیاڵیدا کاڵ بومەتەوە ؟ ئێستا ئەو هاوسەری هەیە یاخود هەرچاوەڕوانی سۆزانە ؟هەموو ئەم پرسیارانە ئەو کۆمەڵە پرسیارە ونبووەن نازانم چۆن بەشوێن وەلاّمەکانیاندا بگەڕێم ، من تەنها تۆ شك دەبەم بۆ ئەوەی وەلاّمی ئەم پرسیارانەم بدەیتەوە ، ئازادم زۆر خۆشدەوێت هەرگیز لەیادم ناچێت ، چونکە (6) ساڵە زیندان و قوربانی ئەوینی ئەوم ، تۆ بڵێی ئازاد مابێت ؟ یان منی لەیاد نەچووبێت ؟ سۆزان لە گێڕانەوەی ئەم قسانەدا دەستی بەگریان کرد و ژیر بونەوەی پێم وابوو کارێکی قورسە هەر بۆیە هەوڵی زۆرم

داو بەڵێنم پێیدا چۆن ڕوحی ئەوم لەزیندان دەرهێناوە هەموو نهێنی ونبونی ئازادیش بەماوەیەکی کورت دەکەمە تەواوکەری چیرۆکەکە ، ئازاد کێیە ؟ کوڕی کێیە ؟ ناوی سەرجەم خانەوادەکەیانم لە سۆزان وەرگرت و سۆزان بەو بەڵێنەی من زۆر دڵخۆش بوو، کەمێك ئاسایی بوونەوە ڕووی لە ڕوخساری کرد و هاتەوە ناو ژوورەکەی و کەوتە گێڕانەوەی ڕۆژە تاڵەکانی ناو ئەو ژوورە و باسی لە خاڵۆی کرد و گوتی ڕۆژێکیان خاڵم لە ناکاو دەرگای ژوورەکەی کردەوە و خۆی کرد بەژوورەکەمدا و نەقسە و نەسلاو گوتی شایەتمان بێنە ئێستا دەتکوژم ، دەستی لە نێو پشتوێنەکەی ناو دەمانچەکەی دەرهێنا ، منیش دەستم کرد بەگریان و قیژاندم و هانام بۆبرد و گوتم خاڵەگیان بۆ دەمکوژیت ؟تۆ خاڵمی دەبوایە تۆ نەت هێشتایە باوکم وام بەسەر بێنێ داماییە بەر مشتۆ دەمانچە و لاشەمی خەڵتانی خوێن کرد ، ئەگەر ڕووناکی خوشکم و دایکم نەهاتنایە بێگومان ئێستامن و مەرگ زۆرلەمێژبوو بوو بووین بەدوو ئەویندداری یەکتری چونکە خاڵم بەنیازی کوشتنم لە ڕانیەوە هاتبوو.

کاتێك کەبەهە واڵی ئازاد بوونت ئاشناکرایت ؟ (6) ساڵ زیندانی بەبێ بڕیاری دادوەر و مانەوەی تەنها ڕوحێك لە ژوورێکی چەند مەتریدا ، (6) ساڵ باج بەخشین لە پێناوی ئەویندار بوون ، چەشتنی هەزارەها ئازار و دروست بوونی سەدان پرسیار(6) ساڵ بێ ئاگابوون لە ژیان و ونبوون لە ڕووناکی چاوی مرۆڤایەتی (6) ساڵ ونبوونی سروشت و گۆڕانی مانگ و شەوو ڕۆژ لە پاش (6) ساڵ زیندانی ئەو کاتەی هەواڵی ئازادی بە سۆزان گەیشت دەبێت سۆزان چۆن پێشوازی لەم هەواڵە کردبێت ، تۆ بڵێی باوەڕی بەو هەواڵە هێنابێت کە ئازاد دەکرێت ؟ ئەبێت ئەم هەواڵەی هەروەکو خەوێك هاتبێتە پێش چاوەکانی ، یاخود پێی وابوبێت دەرگا داخراوەکان چی دی دەکرێنەوە و ڕوناکی بۆجارێکی دیکە دەبنەوە بە میوانی ؟ دەبێت ئەم هەواڵە چۆن خۆی کردبێت

بەنێو ژووره داخراوه بێ کلیلەکەی سۆزاندا ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیار گەلانە سۆزان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی :

من داوای لێبوردن لە تۆ دەکەم دەبوایە لەپێش هەر گوتەیەکمدا سوپاسی تۆم بکردایە ، بەڵکو جوانترین دیاریم پێشکەش بەتۆ بکردایە ، چونکە تۆ لە ویژدانمدا دادوەرێکی ئازا و گەورەیت ، هەر تۆ بوویت ، بوویت بە بڕیاری لێبوردن و ڕوحی بێ تاوانی منت لە زیندان ئازاد کرد ، هەرگیز بڕوام نەبوو ڕۆژێك دادێت من و ڕووناکی و ژیان دەست لەملانی یەکتری دەکەینەوه هەموو ڕۆشناییەکان لە من ون ببوون ، چونکە من خۆم لە ڕۆشنایی لە جوانی لە سۆز لە هەموو شتێك وون ببووم ، لە پێش ئازاد کردنم دایکم باسی میوانداری ماڵی کاك خالیدی بۆ کردم و باسی ئەو شەوەی بۆ کردم کە من بە دەنگێکی بەرز هاوارم کردبوو دایە ئاو ، دایکم پێی گوتم کاك خالید گومانێك لای دروست بووه لەسەر ئەو دەنگە و زۆر مەبەستێتی لەو نهێنییە بگات ، تەنها ئەم گومانە دوا هیوای من بوو، ڕۆژانە لە دوای گێڕانەوەی ئەم قسەیەی دایکمەوه بەدایکمم دەگوت ئێ دایەگیان بچۆ بەکاك خالید بڵێ و هەموو ڕاستییەکانی بۆ باس بکە ، یاخود هانی دایکم ئەدا کە زوو زوو سەردانی ماڵی کاك خالید بکات ، بەلاَم دایکم هێندە ترسا بوو پێی وابوو چیرۆکەکە نەك بەئازادی بۆ گیانی من ، بەڵکو بە مەرگ بۆ ڕوحی هەمووومان کۆتایی دێت ، بەلاَم سوپاس بۆ خوا سوپاس بۆ تۆ و خالید و دکتۆره ناسکە کە هەرسێکتان پێکەوه بەتایبەت تۆ ، بوون بەپردی ئازادی بۆ ژیانی من ، دەزانم تۆ چەند ماندوو بووی و خەیاڵ و شەونخوونی و ڕێگای دوورت بڕیوه لە پێناوی ئازادی مندا ، چونکە کاك خالید هەموو شتەکانی بۆ باسکردووم ، تۆ بڵێی گەورەیی تۆ پاداشتەکەی چی بێت ، بێگومان من ناتوانم ئەو پاداشتە بەتۆ ببەخشم، ئەو ڕۆژەی کە ئازاد کرام دایکم هات بۆلام و هەروەکو ڕۆژانی دیکە لە پەنجەرەکەوه

سـەردانی کـردم ، بـەڵام ئـەمجارەیان جیـاوازتر ، چـونکە گریـان و پێکـەنین هـەردوو پێکەوە لە میوانداری قورگ وچاوەکانی دایکمدا دەبینـرا ، بەشـێوەیەك سەرسوڕمان لـە ڕووخساریدا دەبینـرا لە ناکاو هاواری کرد و دووجار لـەدوای یـەك گـوتی سـۆزان گیـان ، سۆزان گیان ، ئێسـتا ئـازاد دەبیـت و ئـیتر تـەواو زینـدانی ، دەسـتی بـەگریان کـرد و لـە پەنجەرەکەوە هەردوو دەسـتەکانمی لـە نـاو دەسـتەکانی نـاو بـەدەنگی پـڕ لـە گریانـەوە گـوتی سـۆزان گیـان ئـازاد دەبیـت ئـازاد ، هـەر بۆیـە دەسـتەکانم لـە نـاو دەسـتی دایکـم دەرهێنا و ڕووم لە دایکم کرد و بەدەستەکانم کەوتمە سڕینەوەی فرمێسکەکانی و پـێم گوت دایکەگیان ئازادی چی؟ هەرگیز بڕوا ناکەم پێم وایە بشمرم هەرلێرەدا دەمنێژن ، ئێرە ماڵی منە گۆڕی منـە بـازاڕ و بـاخ و کەسـی منـە ، ئێـرە نیشـتمانی یەکـەم ودووەم وکۆتایی منە ، ئێرە ئەوجێگایەیـە کـە هـەرگیز کلیلەکـەی نادۆزرێتـەوە ، پاشـان دایکـم گـوتی نـا کچـم بـڕوا بکـە ئەمـە دوایـەمین کاتـژمێری زیندانیتـە ، هاکـا باوکـت هـات و بەدەستی خۆی دەرگای لێکردیتەوە بڕوام پێبکە ، لەم قسانەدا بووین باوکم کۆکەیـەکی بۆ کرد و بـەرەو ڕوومـان هـات ، پـاش ئـەوەی تەماشـایەکی کـردین مـن و دایکـم توشـی (شـۆك) بـووین و تەماشـامان دەکـرد تـاوەکو بـاوکم دەرگـای ژوورەکـەی لـێم کـردەوە و کاتێك هاتە ژوورەوە سەرم سوڕم ا، توشی شڵەژانێك هاتم ڕووی تێکردم و پێی گوتم تـۆ لـەم  کاتــەوە ئازادیــت ، منــیش بــەرەو ڕووی چــووم و باوشــم پێیــدا کــرد و هــەردوو دەستەکانیم مـاچ کـرد گـوتم باوەگیـان بەڕاسـتیتە؟ یـاخود هاتویـت بەتـەواوەتی گیـانم لەناو ئەم ژوورەدابنێژیت ، باوەگیان بڕواناکەم تـۆ هـەرگیز مـن ئـازاد بکـەیت ئێسـتاش دەتەوێت بمکوژیت وژیـانم لێ وەربگریتـەوە ، دایکـم هـەڵ هەڵەیـەکی لێـدا و ڕوونـاك و فوئـادی براشـم خۆیـان گەیانـدە ژوورەکـە بـۆلام و ئەوکاتـە بـوو بـە خۆشـترین کـات و خۆشترین ڕۆژ لـە مـاڵی ئێمـەدا ، خۆشـییەك کـە هـەرگیز نـاتوانم پێناسـەی بـۆ بکـەم ،

خۆشـیەك کـەپێم وایـە تـەنها مەگـەر فرمێسـك بتوانێـت پێناسـەی بکـات چـونکە هەمووکات کە مرۆڤ بەهەواڵێکی خـۆش ئاگاداردەکرێـت پـێش ئـەوەی خەنـدەی پێشـان بدات فرمێسك دەکـات بـە پاسـەوانی پێشوازیکردنی ئـەو هەواڵـە خۆشـە ، بـەڵام پـاش کاتژمێرێك لە ئازاد بوونم باوکم هەموومانی سوێند دایەوە و پێی گوتین هەر کەسـێك لە ونبوونی ئەو (6) ساڵەی پرسی دەڵێن سۆزان نەخۆش بووە و توشی نەخۆشی گـەڕی ببوو بۆیە حەزمان نەدەکرد کەس بزانێ و واشمان بەباش زانی بڵێین شووی کـردووە و چووە بۆ وولاتی ئەڵمانیا ، بـەڵام ئێسـتا بـاوکم زۆر پەشـیمانە و زۆر بیردەکاتـەوە پێـی وایە تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە ، چونکە لەو ڕۆژەوەی مـنی ئـازاد کـردووە بـەردەوام لەگـــەڵ خـــەم و بیرکردنەوەدایـــە و خانووەکەشـــی لای نووســـینەگەی زەوی و زار وخانووبەرە داناوە بۆ فرۆشتن ، دەڵێت لێرە باردەکەم و دەچمە گەڕەکێکی زۆر دوورتـر لەم گەڕەکە ، لە پاش (6) ساڵ زیندانی بەختەوەرم لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤەی بڕیـاری زیندانی کردنی دام زۆر پەشیمانە و هەست ئەکەم بـەرەو گۆڕانێکی بەرچـاو دەچـێت ، پێم وایە شـاردنەوەی هەنـدێ نهێنی لەلایـەن دایکمـەوە زیـاتر بـووە هـۆی ئـەو بڕیـارە توندە ، چونکە دوێنێ شەو باسمان لە هەموو شتەکان کرد وەکو خێزانـی خۆمـان ، زۆر ڕاشکاوانە قسەمان کرد باوکم دوێنێ شەو بۆ یەکەم جار باسی ئەو دیدارەی کرد کە لـە نێوان من و ئازاددا لە باخی شار شەش سـاڵ پـێش ئێسـتا سـازماندا و بڕیارمـان لەسـەر چارەنووسـی دوا ڕۆژی ئەویـنداریمان و گەیشـتن بـەژیانی هاوسـەری دا ، ئـەو دیـدارەی مـنی کـرد بەزینـدان و بەشـێکی تەمـەنمی تیـا سـووتان ، بـەڵام لـەپاش درکانـدنی ئـەو نهێنییە دایکم دانی بەوەدا نا کە ئەوان واتا مـاڵی ئـازاد هاوکـات لەگـەڵ ئـەو دیـدارە و زیندانی کردنی مندا بۆ خوازبێنیم هاتوون ، باوکم دایکمی تاوانبار دەکرد و پێی گـوت ئەگـەر تـۆ ئـەو نهێنییـەت نـە شـاردایەتەوە ، بێگومـان منـیش بەچـاوێکی پاکـەوە لـەو

دیدارەم دەڕواند ، دایکم وەڵامی بۆی هەبوو ، بەڵام تازە پرسیار و وەڵام لەپاش چی تازە هەناسەی جوانی و ژیانی خۆشەویستی من بووە بەچیرۆکێك تەنها بۆ گێڕانەوەی بەرئاگردان خۆشە ، چونکە هیواکان وون بوونە و تەمەنەکانی ناوزیندانیش جوانی ڕوخسارمی هەڵ وەراند (6) ساڵ زیندانی تەنها بۆ نووسینەوە جوانە ، بەڵام بۆ وەرگرتنی وانە و سوود هیچی لێ فێرنەبووم ، چونکە هەڵەیەکم نەکردبوو تابەو(6) ساڵە وانەی لێ وەربگرم ، پەنجەی پەشیمانی تیا بگازم ، من چی تاوانێکم کردبوو؟ نازانم بۆ دەبێت تاوان بێت من لەگەڵ کەسێك بکەومە گفتوگۆ و باسی چارەنووسی خۆم بکەم ، خۆ کۆبوونەوە و دیداری من لەگەڵ ئازاد بۆ چارەنووس بوو ، نەوەکو شتێکی دیکە لە هەمووی سەیرتر و گوماناوی تر هەڵوێستە توندودەمارگیریە بێ واتاکانی علی خاڵۆم ، کە پێم وایە ئەو بووە هۆی زیاتر شڵە ژاندن و ئاڵۆزبوونی باوکم ، خاڵۆم ئەگەر بەڕیش و بەنوێژ بێت سەحابەیەکی بەرچاوە ، بەڵام بەداخەوە لە ناخەوە ئەو کەسە نەخۆشە بوو کە مرۆڤ و ئاژەڵی بەیەك چاو تەماشا دەکرد ، بۆ لەناوبردنم فتوای ئایینی ئەدا و خوێنمی بە حەلاڵ دەزانی ، هەرگیز مرۆڤی وەکو خاڵۆم بڕوا ناکەم هەبێت ، مرۆڤێك کوشتنی مرۆڤی هەروەکو کوشتنی باڵندەیەك لەلاوابوو ، پێی وابوو ڕەگەزی مێ تاوانە ناوی مرۆڤی لێ بنرێت و باسی ماف بکات ، زۆر ڕاشکاوانە لەپاش ئازاد بوونم بەباوکم گوت (6) ساڵ زیندانی بەدەستی تۆ ئامادەم لەیاد بکەم و گەردنیشت ئازاد بکەم ، بەڵام هەرگیز لێدان و هەڵوێستە توندەکانی خاڵم لەیاد ناکەم و ئامادەش نیم چیتر بەهەموو ژیانم تەنها قسەیەکی لەگەڵ بکەم ، چونکە ئەو ژیلەمۆی تێکدانی باوکم بوو بەو ئاراستە توندە ، هەروەکو پێشتر باسم کرد باوکم زۆر پەشیمانە و ئەویش ئێستا بەگومانەوە لە هەڵوێستەکانی خاڵم دەڕوانێت ، بەڵام تازە لەپاش چی ؟ لەگەرمەی ئەم گفتوگۆیانەدا بووین خالید

لە سەفەرەکەی هەڵەبجە گەڕایەوە و پاش سلاو و خواردنەوەی پەرداخێك ئاو هاتە ناو گفتوگۆکەمانەوە و لەسەر دۆزینەوە و چارەنووسی ئازاد نەخشەیەکمان دانا ، سۆزان خۆشحاڵ و سوپاس گوزارمان بوو باجی ئامینی دایکی سۆزان گەڕایەوە بۆلامان ، بەلام ئەمجارەیان بەشوێن سۆزاندا نەهاتبوو ، بەڵکو دەیویست ئەویش ببێتە بەشێك لە گفتوگۆکە و قسەم بۆ بکات ، دایکی سۆزان باسی(6)ساڵ ڕۆژانی زیندانی سۆزان دەکات ئامین دایکی سۆزانە و ئافرەتێکی ئەسمەرە و بالای مام ناوەندییە ، لە قسەکردندا لەسەرخۆیە و زیاتر حەز لە گوێ گرتن دەکات نەوەکو قسەکردن ، بەلام زۆر پرسیار لەناخی مندا دروست ببوون بەشوێن وەلامەکانیدا دەگەڕام ، ئەو کەسەی وەلامی لابوو پێم وابوو ئامینی دایکی سۆزانە هەموو پرسیارەکانی خۆم ئاراستە کرد و ئەویش بەکورتی و بەهێمنی هاتە سەر وەلامی پرسیارەکان و گوتی :

پێم وایە ئێوە خوێندنەوەیەکی ڕەشتان لادروست بووە بەرانبەر بەمن و من بەکەسێکی بێ ڕەحم و بێ هەڵوێست وێنا دەکەن لە ڕاستیدا ئەمە پێچەوانەیە ، چونکە لە کۆمەڵگای کوردیدا خاوەنی بەرزترین سۆز و ڕەحمیش بیت ، چونکە ئافرەتیت ولەڕەگەزێکی جیاوازتری لە پیاو هەروەکو سێبەری بەردێك بیت وایە ، من دایکی سۆزانم و سۆزان و منداڵەکانی دیکەم بۆ من گەورەترین سەرمایەن ، سوێندتان بۆ دەخۆم سۆزان (6) ساڵ زیندانی بووە بەلام بۆ (6) چرکەش لە ویژدان و لەهەستی من دوور نەبووە ، بۆ ئازاد بوونی زۆرترین هەوڵم داوە بڕوام پێدەکەن هەفتە نەبووە نەکەومە بەردەم ڕقی ڕەشی حەمە ئەمین و لەبەردەم زللە و دارەکانی ئەودا بەچۆك نەیەم ، زۆرکات بەشێوەیەك لەبەرانبەریدا جەنگم کردووە ناچار پەنای بردووە بۆ براکەم و ئەمجارە کەوتومەتە بەردەم ڕقی دڕندانەی ئەو ، لەکاتێکدا براکەم تاقانەیە و ئێستا نیشتەجێی شاری ڕانیەیە ، بەشێوەیەك براکەم ئازاری پێ دەبەخشیم بڕواتان

هەبێت لە ئازاری ڕۆژانی زیندانی بوونی سۆزان ناخۆشتر و تاڵتر ، من لە پێناوی ئازادی سۆزاندا ئەو ڕێگایانەی گرتوومنەتە بەر زۆرن ، بەڵام دەسەڵاتم چییە کە نەمتوانیوە سەرکەوتوو بم و بگەم بەئامانج ، لەسەرەتادا باوکی و خاڵۆی بەنیازی ئەوە نەبوون کە زیندانی بکەن ، بەڵکو هەردووکیان هاوڕا بوون و ڕێك کەوتبوون لەسەر ئەوەی کە لە شەوێکدا سۆزان بکوژن و پاشان لە ئاوی زێدا بیکەن بەخۆراکی ماسییەکان ، ئەو پیلانەی کە دایان ڕشتبوو تەنها جێبەجێ کردنی مابوو ، بەڵکو بەرواری شەوەکە و ئەو جێگایەشیان دەست نیشان کردبوو کە بەنیاز بوون ڕووحی ئەو مرۆڤەی تێدا بمرێنن ، بەڵام توانیم بەوە ڕازیان بکەم کە ئەمە کارێکی هەڵەیە ، بەڵکو داوام کرد لەگەڵ ئەویشدا منیش بکوژن ، پێیانم گوت ئەگەر ئێوەش نەمکوژن من خۆم کۆتایی بەژیانی خۆم دێنم ، لەئاکامدا لەو بڕیارە پاشگەز بوونەوە و گەیشتنە ئەو بڕیارەی تاوەکو مردن زیندانی بکرێت ، هەر چۆنێك بێت من ئەم بڕیارەم بەباشتر و سوکتر زانی بۆ ئەو کاتە بۆیە منیش گوتم بەزیندانی کردنی ڕازیم ، بەڵام هەرگیز کوشتنی قبووڵ ناکەم ، دەمەوێت پێتان بڵێم بڕوام پێبکەن تاوەکو سۆزان ئازاد نەکرا و پەردە لەسەر هەندێ نهێنی لانەدرا من نەمدەزانی سۆزان لەسەر چی زیندانی کراوە ، پێم وابوو سۆزان کارێکی شەرەف فرۆشی لەدەست قەوماوە و وامدەزانی سۆزان (پەردەی کچێنی لەدەستداوە و ئێستا ژنە) ، چونکە باوکی و خاڵۆی بەشێوەیەك هەڵوێستیان بەرانبەری وەرگرتبوو ئەو جۆرە هەڵوێستانە هەر بۆ کاری وا دەنوێنرێت لەکۆمەڵگای ئێمەدا ، هەر کاتێك لە حەمە ئەمینم دەپرسی سۆزان چی کردووە؟ تەنها دەیگوت (ئەو ڤاحیپەیە ماڤی کوشتنە ، چونکە شەرەڤی منی شکاندووە ئێ خۆی لە خۆیدا ئەگەر خوێندنەوە بۆ ئەم ڕستەیە بکەیت هەر دەکاتە ئەو خاڵەی کە سۆزان کاری شەرەف فرۆشی لە دەست قەوما بێت ، کەواتە من وامدەزانی سۆزان هێڵی

سووری بەزاندووە لەوە زیاتر بەرگری کردنم بەکارێکی قورس دەبینی ، سەدان جار هەمان پرسیارم ئاراستەی سۆزان خۆشی دەکرد ، بەلاّم سۆزان هەموو جار دەگریا و سوێندی بۆ دەخواردم کە لە گولّ پاکترە و هیچ کارێکی نەکردووە تاوەکو شایستەی ئەو سزایە بێت نەشمدەزانی چی بکەم ، هانا بۆ کێ بەرم ، ئەوەی نزیکترین کەسی ئێمە بوو خالّۆی سۆزان بوو خالّۆی زۆر لە باوکی درندەتر بوو ، حەمە ئەمین خزم و ناسیاوی زۆرە ، بەلاّم هیچ خزمێکی نزیکی نییە تاوەکو نیشتەجێی سلێمانی بێت بەلّکو سەرجەم خزم و ناسیاوەکانی لە دوکان و دەوروبەری دوکان و شاری ڕانیە نیشتەجێن ، لە ڕووی کۆمەلاّیەتی و گەرم و گوڕی خزمایەتیشەوە لەناو خۆیاندا زۆر ساردن ، بەلّکو سالاّنە ئەگەرخزمێك یان ناسیاوێکیشی بهاتایە کاتژمێرێك یان شەوێك بوبوونایەتە میوانمان ئەگەر پرسیاری سۆزانیشیان بکردایە دەبوایە بمان گوتایە سۆزان لە مالّی خالّۆیەتی لە ڕانیە ، یان مالّی هەر خزمێکی دیکەمان کە دوور بوایە لە هەوالّ پرسەکەوە ، ئەوان هێندە مەبەستیان نەبوو سۆزان ببینن یاخود نا ، بەلّکو بەلایانەوە کارێکی ئاسایی بوو لەو لاشەوە هەموو وابەستەی سوێند خواردنێك بوبووین بەقورئانی پیرۆز جگە لەو سوێند خواردنە هەر کەسێك لەو مالّەدا ئەو نهێنییەی بدرکاندایە سوێندی خواردبوو بە تەلاّق و بە قورئان کە هەمووومان پێکەوە بکوژێت و کۆتایی بەژیانمان بێنێت ، تاوەکو ئەو شەوەی کە مالّی کاك خالید بوون بەمیوانمان و سۆزان بەدەنگی بەرز هاواری لە ئاو کرد و ئەم چیرۆکەی بەرەو ئاشکرابوون و کۆتایی برد ، خۆ سزا قورسەکەی ئەو شەوە هێندە سەختە بڕواناکەم هەرگیز بتوانم لە یادی بکەم ئەوەی بەمن کرا لەسەر ئەو هاوارکردنەی سۆزان بڕواناکەم بە( 6) سالّ زیندانی سۆزان چەشتبێتی ، تکایە لێم مەپرسە چییە ، چونکە جێگای شەرمە و گێڕانەوەی بەناشەرعی دائەنێم ، بۆ ئازادی سۆزان و لەبەرانبەر سۆزاندا هەر چیم پێ کرابێت

کردوومە ، بەلاّم تەنها تاوانێك كە لە خۆمدا شکی بۆبەرم شاردنەوەی ئەو نهێنییە بوو کە پرسیاری تۆیە و منیش پێی تاوانبارم لە بەرانبەر سۆزان و حەمە ئەمین دا ، داخوازی ماڵی ئەو کوڕە بوو کە بەنیازی ژیانی هاوسەرگیری بوو لەگەڵ سۆزاندا ئەویش ترسام لەوەی کەباسی ئەو داخوازییە بکەم ، چونکە لام وابوو بە باسکردنی هێندەی دیکە باری سۆزان قورستر دەکەم ، بەڵکو نەهامەتی و خەمەکانی گەورەتر دەکەم و نامەوێت زیاتر بچمە ناو باسەکەوە چونکە دڵنیام سۆزان سەرجەمی بۆت گێڕاوەتەوە ، من داوای لێبوردن لە سۆزان دەکەم بۆ هەر هەڵەیەك هەر کەم تەرخەمیەك هەروەکو دایکێك بەرانبەر بەو نواندبێتم ، چونکە دەسەلاّتەکانی من هەر هێندە بووە و لەوە زیاتر سنووری دڕکاوی لە ڕێگامدا هەبوون هەربۆیە هەرگیز نەمدە توانی ئەوسنورانە ببەزێنم ، زۆر سوپاسی تۆ و کاك خالید و جوانە خانی خێزانی دەکەم بەڕاستی نابێت هەرگیز ئێوەمان لەیاد بچێت ئێوە بەهێزترین مرۆڤن بەڵێ د.ناسکەش ، کاك خالید سەرجەم باسەکەی بۆ باسکردین کە چەند ماندو و زەرەرمەند بوون تاوەکو توانیوتانە ویژدانی خۆتان ئاسوودە بکەن ، ئێوە گەورەن ئێمەش لە ئاستی ئەو گەورەییەدا خانەوادەیەکی قەرزارین و بڕواناکەم هەرگیز بتوانین پاداشتی ئەو قەرزە گەورەیە بدەینەوە ، قەرزەکە گەورەیە و بژاردنیشی زۆر زەحمەتە ، بەلاّم ئێستا حەمە ئەمین زۆر پەشیمانە و زۆریش گۆڕاوە لەگەڵ ژیانماندا لەگەڵ هەڵسوکەوتمان هەست بەشەرمەزاری و پەشیمان بوونەوەیەکی زۆر دەکا و هەر بۆیە بڕیاری داوە بەم نزیکانە ئەم گەڕەکە بەجێبهێڵین و بچینە گەڕەکێك کەس نەمان ناسێت ، ئەمەش نیشانەی شەرمەزار بوونێتی نەك لە بەرانبەر ئێمەدا ، بەڵکو لە بەرانبەر کوچە و کۆلاّن و خەڵکی گەڕەکەکەشدا .

## گەڕان بەدوای ئازاد دا

لەگەڵ خالید دا لەسەر ئەوە ڕێك كەوتین كە سۆراخی ژیانی ئازادی ئەویندار بكەین و هەوڵی خۆمان بدەین بۆ دۆزینەوەی ، چونكە دۆزینەوەی ئازاد خۆی لە خۆیدا جێگای مەبەست بوو بە دۆزینەوەی ئازاد پەردە لەسەر هەموو ڕاستییەكان لائەدرا و گرێ كۆنەكان دەكرانەوە و نهێنێكانی ناو تاریكایی چیرۆكەكەش تیشكی ڕوناكی هەڵدەمژی ، بەلاّم پێمان وابوو دۆزینەوەی ئازاد هەروا كارێكی ئاسان نییە و پێویستی بەماندو بوون و كات هەیە ، داوام لە خالید كرد هاوكارم بێت بۆ ئەوەی بكەوینە هەواڵ پرسین و دۆزینەوەی ئازاد ، لە یەكەم هەنگاودا كەوتینە سۆراخی ماڵی خزم و ناسیاوەكانیان ، بەلاّم تەنها كەسێك نەبوو وەلاّمی بۆ ئێمە پێ بێت ، بەڵكو دراوسێكانیشیان تەنها ناوی ئەو گەڕەكەیان دەزانی كە ماڵی ئازادی بۆ چووە ، ئەو گەڕەكە هەلگری سەدان كوچە و كۆلاّن و هەزاران خانووە ، كامەیان ماڵی ئازادە ؟ دەبێت ماڵی ئازاد لەكام لەو كۆلاّنانەدا بێت؟ ئەوە كارێكی قورسە ، خۆش بەختانە لە هەنگاوی یەكەم سەركەوتین و لاوێكی خوێن شیرینی ناو گەڕەكەكە ، كە هاوڕێی ئەو كاتی ئازاد بوو پێی گوتین من ماڵەكەم لەگەڵیان باركرد و ، بەڵكو بۆ داگرتنی ماڵەكەشیان من هاوكاریان بووم ، بە سوپاسەوە لەگەڵمان هات و چووینە ئەو كۆلاّنەی ماڵی ئازادی بۆ چوو بوو ، بەلاّم كاتێك پرسیمان لەو ماڵەی كە جێگای نیشتەجێبوونی ماڵی ئازاد بوو خاوەن ماڵەكە پێی گوتین من دوو ساڵە لەم خانووە نیشتەجێم و دەتوانن لەو ماڵەی دراوسێم بپرسن ، چونكە ئەوان ماڵێكی دێرینی كۆلاّنەكەن ، هەواڵمان لە هەموو ئەو مالاّنە پرسی كە لەو كۆلاّنە نیشتەجێن هەموویان ئازادیان دەناسی ، بەڵكو ناوی ئازادیان زۆر بە بەڕێزەوە دەهێنا و لایان كەسێكی سەنگین بوو ، بەلاّم هیچ كەس لە خەڵكی ئەو كۆلاّنە نەیان دەزانی ئەو جێگایەی بۆی چووە كوێیە و كام گەڕەكە ، بەڵكو نە ژمارەی مۆبایل ، نە ناونیشانێك لای هیچ كەسێكیان دەست

نەدەکەوت ، سەرجەم گوتیان دوو ساڵە لەم گەڕەکە باریکردووە و ڕۆیشتووە ، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر ناخۆشبوو ، چونکە بەدوای گرنگترین پرسیاردا دەگەڕام ، بەلاّم بێ وەلاّم بووم ، لەگەڵ خالید و کاکەهێمنی کۆنە هاوڕێی ئازاد دا گەڕاینەوە ، من بۆ چەمچەماڵ و خالید و هێمن بۆ ماڵی خۆیان بەردەوام بیرم لە دۆزینەوەی ئازاد دەکردەوە و بۆ دۆزینەوەی ڕێگا ونبووەکان دەگەڕام، سێ ڕۆژ بەسەر بیرکردنەوەکاندا تێپەڕین و لەسەر داوای دکتۆرە ناسکە بووم بەمیوانی دکتۆرە و پاش نان خواردنی نیوەڕۆمان لە چێشتخانەی (پشوو) سەردانی ماڵی خالیدمان کرد ، بۆ جارێکی دیکە بەدیداری سۆزان لە ماڵی خالید ئاشنا بوومەوە و دکتۆرە ناسکە و سۆزان دیداری ئازادی یەکتریان کرد ، ڕۆژێکی خۆش و پڕ لەیادگاری بوو سۆزان هەواڵی چارەنووسی ئازادی لێ پرسیم ، بەلاّم کەسێکی بێ وەلاّم بووم تەنها ئەوەندەم پێی گوت پێویستیم بەکاتی زیاترە ئەگینا هەر دەیدۆزمەوە ،خالید باسی سەرجەم ئەو گەڕانانەی بۆ کردبوو کە پێکەوە بەدوایدا چووبووین پاش کاتژمێرێك لە دانیشتن بەئۆتۆمبیلەکەی خۆم د.ناسکەم گەیاندەوە ماڵی خۆیان ، دیسانەوە بەرەو ئەو گەڕەکە چوومەوە کە ماڵی ئازادی لێ بوو چوومە ماڵی یەك لە دراوسێکانیان کە ناوی مامۆستا فەرهادە ئەو منی ناسیەوە و گوتی ماڵی ئازادتان دۆزیەوە ؟ بەلاّم ئەمجارەیان پرسیارێکی دیکەم لا دروست ببوو دەمزانی بگەمە وەلاّمی ئەو پرسیارە ماڵی ئازاد دۆزینەوەی ئاسان دەبێت ، پاش ئەوەی وەلاّمی مامۆستا فەرهادم دایەوە پێم گوت مامۆستا ئەو ڕۆژەی ماڵی ئازاد لەم گەڕەکە باریان کرد تۆ لەماڵ بوویت ؟ مامۆستا فەرهاد گوتی بێگومان زۆربەی شتەکانیان من لەگەڵیان بارم کرد ، وەلاّمەکەی توشی گەشبینی کردم و زانیم دەگەمە ئامانجێك ، هەر بۆیە پرسیاری ئەو ئۆتۆمبیلەم لێکرد کە ماڵی ئازادی گواستووەتەوە لە شێوە و جۆر ، بەڵکو ڕووخسار و تەمەنی شۆفێرەکەم پرسی ، پاش بیرکردنەوەیەکی

کورت سەرجەم پرسیارەکانمی وەڵام دایەوە و جۆر و ڕەنگ و ڕووخساری ئۆتۆمبیلەکە و شۆفێرەکەشی پێدام ومنیش بەسوپاسەوەماڵئاواییم لە مامۆستا کرد و بەرەو گۆڕەپانی ئەو ئۆتۆمبێلانە چووم کە جۆری ئۆتۆمبێلەکانیان بار هەڵگرە و (2) تەنیە ، بەڵام ئەو ئۆتۆمبیلەی مامۆستا پێناسەی بۆ کردم لەو گۆڕەپانەدا نەبوو ، لەپاش گەڕانێکی زۆر ناچار لە شۆفێرێکی ئەو گەراجەم پرسی و پێناسەی ئۆتۆمبیل و شۆفێرەکەم بۆی کرد ، یەکسەر گوتی ئەوە مام سمایلە ئێستا چووە بۆ عەربەت بەیانی وەرەوە لێرەیە ، داوای ژمارەی مۆبایلەکەی مام سمایلم لێکرد و بەسوپاسەوە پێیدام ، پەیوەندیم بە مام سمایلەوە کرد ، بەڵام بەداخەوە لەپاش دووجار پەیوەندی کردن پەیوەندییەکەم پچڕا و ئەوەندە لە مام سمایل گەیشتم گوتی مۆبایلەکەم شەحنی تیانییە و نازانم بەڕێزت کێی؟ پەیوەندیم بەردەوام دەکردەوە ، بەڵام بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تەنها گوێبیستی ئۆزرەن یان لەدەرەوەی بازنەیە دەبووم ، بەڵام دڵخۆشبووم زانیم دەگەم بەمەبەستێك ، پەیوەندیم بەخالیدەوە کرد و بەو بابەتەم ئاشنا کرد پاش دەربڕینی خۆشحاڵی زۆر هەوڵیدا شەو میوانی ماڵی خالید بم ، داوای لێبوردنم لێکرد و بەرەو گەڕەکی(زەرگەتە) و ماڵی پورزایەکم لەوگەڕەکە بەڕێکەوتم ، جار بەجار پەیوەندیم بە مام سمایلەوە دەکرد ، بەڵام بێ سوود بوو ئەو شەوە لە گەڕەکی زەرگەتە مامەوە هەرچەندە ئەوشەوە زۆر هەوڵمدا ، بەڵام بەداخەوە دیار بوو مام سمایل هەر مۆبایلەکەی کوژابووەوە ، ئەو شەوە تاوەکو کاتی نووستن بەنێو سەدان پرسیار و وەڵامی جۆرا و جۆردا باوەشم لەخەودا و کاتێك ڕۆژ ڕووناکی خۆی بەژیان بەخشی ، منیش بەرەو گەراجەکەی مام سمایل بەڕێکەوتم و پاش وەستانم بە (20) دەقیقە ئۆتۆمبیلێکی جۆری گازی (2) تەنی ڕەنگی شین ڕووی لە گەراجەکە کرد و ئەو شۆفێرەی ڕۆژی پێشوو پرسیاری مام سمایلم لێ کردبوو پێی

گوتم ئەوە مام سمایلە ، پاش دابەزینی لە ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو ڕووی چووم و پێم گوت من بووم دوێنی (2) جار تەلەفۆنم بۆ کردی من (5) ساڵ بەر لەئێستا کوڕێکی هاوڕێم هەبوو ناوی ئازاد بوو ماڵیان لەگەڕەکی ......... بوو بەلاّم بەر لە ماوەیەك سەردانی گەڕەکە کۆنەکەیانم کرد باریان کردبوو پاش هەواڵ پرسینێکی زۆر پێیان گوتم باریان کردووە بۆ گەڕەکی مامۆستایان ئەو خانووەی کە لەگەڕەکی مامۆستایان بۆی چووبوون و تیانیشتەجێ بوون ئەویشم دۆزیەوە ، بەلاّم بەداخەوە لەو جێگایەش پێش دوو ساڵ باریان کردووە بۆ کوێ نە من و نە دراوسێکانی نازانین ، بەلاّم لەدوای پرسیارێکی زۆر گەیشتمە ئەو ئاکامەی ئەو ئۆتۆمبێلەی ماڵی ئازادی گواستووەتەوە ئۆتۆمبێلەکەی بەڕێزتە زۆر سوپاسی بەڕێزت دەکەم هاوکاریم بکەیت و ببیت بەپردێك بۆ دۆزینەوەی بەمەبەستی دۆزینەوە و ئاشناکردنی ئەو جێگایەی کە تۆ ماڵی ئازادت بۆ بردووە، پاش کەمێك بێدەنگی هەڵبژارد و دەستی لە گیرفانی ناو پاکەتەکەی دەرهێنا پاشان جگەرەیەکی کێشاو گوتی تۆ بۆ هێندە عەودالّی دۆزینەوەی ئەو کوڕەی ؟پرسیارەکەی ڕای چەڵەکاندم و پێویستی بەوەلاّمێکی گونجاو هەبوو منیش بۆ وەلاّمی پرسیارەکەی پێم گوت ماوەی پێنج ساڵە من لە هەندەرانم و لە وولاّتی هۆڵەندام ئەو کوڕەش کەمن بە دوایدا وێڵم هاوڕێمە وناوی ئازادە ،ئازاد هاوڕێ یەکی زۆرنزیکم بوو کاتێك کە سەفەرم کرد بڕی (10) وەرەقە دۆلاری پێ بەخشیم ئێستا سوپاس بۆ خوا من باری دارایم گونجاوە و دەبینی وا گەڕاومەتەوە هەرچەندە تاوەکو (2) ساڵ بەر لە ئێستا بەردەوام بەتەلەفون پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو ، بەلاّم وا ماوەی (2) ساڵ پترە ئەو ژمارەی ئەو داخراوە و هیچ هەواڵێکی نازانم منیش زۆر بەپەرۆشم بۆئەوەی بیدۆزمەوەو هەموو

پارەکەی بۆ بگەڕێنمەوە پاشان پێی ئاشناببمەوە ، چونکە ئازاد هاوڕێیەکی زۆر ئازیزم بوو بەڕاستی پەرۆشم بۆبینینی ئێستا تەنها مەگەر تۆ بتوانیت بەو هاوڕێ ئازیزەم ئاشنا بکەیتەوە ، مام سمایل زۆر بە جوانی گوێی بۆ قسەکانم شل کردبوو ، پاشان ڕووی تێکردم و گوتی دەزانی (2) ساڵێش تەمەنێکە ؟ دەزانم ماڵی کوڕێکی لاوم لەو گەڕەکە بەم ئۆتۆمبیلەی خۆم گواستەوە بۆ گەڕەکی کارێزەوشك ، بەلاّم ڕۆژ بە ڕۆژ شار لە گۆڕاندایە و هەر کوچە و کولاّنێك ماوەیەك لێی دابڕێیت پاشان سەردانی بکەیتەوە هەموو شتەکانی گۆڕاون من ئامادەم هەموو هاوکارییەکت بکەم فەرموو باپێکەوە سەردانییەکی کارێزەوشك بکەین ، بەڵکو بتوانم ماڵەکەیان بدۆزمەوە ، مام سمایل فەرمووی لێکردم بەئۆتۆمبێلەکەی خۆی بچین ، بەلاّم ئەو داوایەم قبووڵ نەکرد و پێم گوت ئۆتۆمبێلەکەی من سوکەڵەیە دەبێت بەو ئۆتۆمبێلەی من بچین ، پاش ئەوەی لەگەڵ یەك لە هاوڕێکانی چپەیەکی کرد و لەئۆتۆمبێلەکەی مندا سەرکەوتین و بەڕێکەوتین بەرەو گەڕەکی کارێزەوشك ، گەڕانێکی زۆرمان کرد پێم وایە زیاتر لە (10) کۆلاّن گەڕاین ، بەلاّم بۆ دواجار توانی ئەو کۆلاّنە بدۆزێتەوە کە ماڵی ئازادی بۆ بردبوو چووینە کۆلاّنەکە و پاش پرسیارێکی ورد ئەو خانووەی ماڵی ئازادی بۆ چووبوو دۆزیمانەوە ، کاتێك لە دەرگاکەماندا ئافرەتێك دەرگاکەی لێکردینەوە پاش سلاّو کردنمان گوتمان ماڵی کاك ئازادە ؟ ئافرەتەکە داوای لێبوردنی کرد و گوتی ماڵی ئەوان نییە ، بەلاّم ئێمە ئەم خانووەمان لەو کڕی پێش یەك ساڵ بەڕاستی هەواڵێکی ناخۆشبوو ماتەمییەك شەپۆلی بۆ هێنام و تەماشایەکی مام سمایلم کرد ئەویش لە منی دەڕوانی مام سمایل لە ئافرەتەکەی پرسی ئەو جێگایەی بۆی چوون نازانی کوێیە؟ ئافرەتەکە گوتی بەداخەوە نازانم ، بەلاّم لەوانەیە پیاوەکەم بزانێت ، چونکە ئێمە ئەم خانووەمان بەکڕین لە کاك ئازاد کڕیوە دەتوانن لە کاتی

عەسردا سەر بدەنەوە و لەگەڵ پیاوەکەم قسە بکەن ، گوتم زۆر باشە سوپاس ، بەلاّم تکایە من دێمەوە با پیاوەکەت چاوەڕوانم بکات پاش ماڵئاوایی مام سمایلم گەیاندەوە گەراجەکە و لای ئۆتۆمبیلەکەی دام بەزاند ، بەلاّم ئەویش لە من زیاتر پەرۆشی دۆزینەوەی ئازاد بوو هەر بۆیە داوای لێکردم عەسر پێکەوە بچین ، پاشان سوپاسی ئەو هەڵوێستە جوانەیم کرد و پێم گوت بەڕێزت زۆر ماندوو بوویت خۆم دەچم و ژمارەی مۆبایلەکەت لامە بەتەلەفون لە ئاکام ئاگادارت دەکەمەوە ، ماڵئاواییمان لەیەکتری کرد و بۆ پشوو بەسەربردنی ئەو کاتە چوومە ماڵی خالید و خالیدم لە هەموو بەسەرهاتەکان ئاگادار کردەوە ، هێندە ماندوبووم تاوەکو کاتژمێری (3) نووستم ، هەرچەند بۆ خوانی نیوەڕۆ زۆر هەوڵیان لەگەڵ دام ، بەلاّم هێندە ئاگادار بووم داوای لێبوردنم کرد خوانی نیوەڕۆشم لە کاتی بانگی عەسردا خوارد ، پاشان لەگەڵ خالیددا لە دوای نیوکاتژمێر لە بانگی عەسر بەرەو کارێزەوشك بەڕێکەوتین و چووینە ئەو ماڵەی کە پێشتر جێگای نیشتەجێبوونی ماڵی ئازاد بوو ، پاش ئەوەی لە دەرگامان دا منداڵێکی تەمەن (10) ساڵان دەرگای لێکردینەوە و هاواری کرد و گوتی باوکە میوانەکان هاتنەوە ، باوکی منداڵەکە پیاوێکی ڕووخۆش ، بەماریفەت فەرمووی لێکردین ، پاش سلاّو و گفتوگۆکردنمان هەمان سیناریۆی مام سمایلم بۆ پیاوی خانەخوێ گێڕایەوە و ئەویش زۆر بەگەرم و گوڕتر پێشوازی لێکردین و گوتی هێندە دەزانم ماڵی بۆ شەهیدانی زەرگەتە باریکردووە ، بەلاّم بۆ کوێ و بۆ کام خانو و کۆلاّن ئەمەیان بەداخەوە ، منیش ڕووم لە خانەخوێ کرد و پێم گوت پێمان خۆشە بزانین بەڕێزت ناوت چییە؟ گوتی ناوم بەکرە و دوکانی جل و بەرگی ئافرەتانم هەیە لە ناو بازار ، بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە منیش ناوی خۆم و خالیدم بە کاك بەکر ئاشنا کرد ، پێم گوت دیارە بەڕێزت ئەم خانووەت لە کاك ئازاد کڕیوە ؟ گوتی بەڵێ ، گوتم

بێگومان عەقد یان بەڵێن نامەی نووسینگە لە نیوانتانا هەیە ؟ گوتی بێگومـان ، داوای وێنەیەکی بـەڵین نامەکـەم لـە کـاك بـەکر کـرد ، پـێم گـوت لـە بـەڵێن نامـەدا ژمـارەی تەلەفونی کڕیار و فرۆشیار و تۆمـار دەکرێـت لـەو بـاوەڕەدام ئێسـتا ژمـارەی تەلـەفونی ئـازادی تیـا تۆمـار کرابێـت ، کـاك بـەکر زۆر بەگەشـبینیوە گـوتی زۆر ڕاسـتە ژمـارەی مۆبایلەکەی هەردووکمان لەناو بەڵێن نامەکەدا تۆمار کراوە بـانگی خێزانەکـەی کـرد و داوای لێکـرد کـە ئـەو جانتایـەی بـۆ بـێنێ کـە ناسـنامە و شـتی نووسـراوی تیایـە ، خێزانەکەی بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە بەماوەیەکی کەم جانتاکەی دا بەکاك بـەکر و پـاش گەڕانێك بەڵێن نامەکەی لە جانتاکـە دەرهێنـا و ژمـارەی مۆبایلەکـەی ئـازادی پێـداین ، پـاش خواردنـەوەی چـایەك بەسوپاسـەوە مـاڵی کـاك بـەکرمان بەجێهێشـت و پـاش دەرچوونمان لەو کۆلآنـە پەیوەنـدیمان بـە ئـازادەوە کـرد ، خالیـد کەوتـە قسـەکردن لـە گەڵیدا و دوای وەرگرتنی ناونیشانی ماڵەکەی پێی گوت زۆر خۆشحاڵم بەدیدارت شـادبم و لە نزیکەوە بتبینم ، سەردانیت بکەم ، بەلآم بەیانی خۆم سەفەری هـەولێرم هەیـە و تاوەکو سێ ڕۆژی دیکە ناگەڕێمەوە ، کوڕێکی ناسیاوم کە زۆر خۆشەویسـتمە و نوسـەرە بەمەبەستی کارێکی ڕۆژنامەنووسی بەیانی دەیەوێت بێتە خزمەتی بەرێزت ، سوپاست دەکەم هاوکاری تەواوی بکە و متمانەی تەواوت لـە سـەری هـەبێت بـۆ ئـەو مەبەسـتەی کەدێتەلای بەرێزت ، دیار بوو لەو کاتەی کە خالید گفتوگۆی لەگەڵ ئازاد دەکـرد ئـازاد لە دەرەوەی شاری سلێمانی و لە شارەدێی تاسلوجە بوو ، ئازاد ویستی بزانێت مەبەستی سەردانیەکەی من بۆلای ئەو چییە ، بەلآم خالید هیچی پێ نەگوت و گوتی پێم خۆشـە خۆت لە نزیکەوە بیبینیت تاوەکو بزانیت چی مەبەستێکی هەیە ، جێگایەك بۆ دیدار و یـەکتر بینـینی نێـوان مـن و ئـازاد دەسـت نیشـان کـرا و خالیـدم گەڕانـدەوە بـۆ مـاڵی خۆیـان منـیش بـەرەو چەمچـەماڵ گەڕامـەوە ، کەوتمـە بیرکردنـەوە لـە بـەیانی و لـەو

دیــدارەی کــە دیــداری مرۆڤێکــی ئەوینــدار و عاشــقێکی وون بــووە ، ئــەو پرســیار و گریمانانــەی لام دروســت ببــوون زۆر بــوون ، بــەلاّم دەبێــت وەلاّمــەکان چۆن و ڕەنــگ و تامیــان چــی بێــت ؟ دەبێــت وەلاّمــی پرســیارەکان مژدەیــەکی دڵخۆشــکەر بێــت تــاوەکو جــوانترین دیــاری پێشکەشــی ســۆزانی بکــەم و ســۆزانی ئەوینــداری ئــازاد و زینــدانی لــە پێناوی ئازاددا پێی دلگەش بکەم ، (6) سالّ زیندانی بــۆ بکــەم بــە بێشکە و ئازارەکــانی ناو زیندانی تیا بخــەوێنم ، جیهانێــك لــە گومــان ببــوون بــەهاوڕێم و دڵتــەنگییان کــردە میوانیــم چرکە ساتەکانی ئەو شــەوەبوو بــوون بەشــەوی گومــان بــۆ ژیــانی مــن ، هێنــدە گومــان و بێــزاری ڕوویــان تێکردبــووم حــەزم دەکــرد کەســێك هــەبێت ببێــت بــەهاوڕێی گومانەکان و کەمێکیان لە باوشی خۆی بخەوێنێت ، پەیوەندیم بەدکتۆرە ناسکەوە کرد و بــۆ مــاوەی نیوکاتــژمێر باســم لــە چــۆنیەتی دۆزینــەوەی ئــازاد و گومــان و ترســەکانی بــەیانی بــۆ کــرد ، بــەلاّم ئــەویش بــێ وەلاّم کەوتــە نێــوان گومانــەوە و دەیگــوت خۆزگــە ئێستا بەیانی بوایە و ئێستا کاتی دیداری نێوان تۆ و ئازاد بوایە ، ماڵئاواییم لــە شــەوی گومان کرد و بەرەو شاری سلێمانی و جێگای دیاری کراوی نێوان من و ئازاد بەڕێکەوتم ، ئەو جێگایەی کە جێگای دیدار بــوو جێگــای وەســتانی پاســەکانی شــەهیدانی زەرگەتــە بوو لە شەهیدانی زەرگەتە ، لە کاتژمێری (9) ی ئەو بەیانییــەدا لــە ڕێگــای پەیوەنــدی تەلەفۆنیەوە بەئازاد ئاشنابووم پــاش خۆناســینم بــەئازاد کەوتمــە گێڕانــەوەی ســەرجەم ئەو بەسەرهات و ڕۆژانەی کە تیایــدا وەکــو گەڕیدەیــەك بــەدوای چارەنووســی ســۆزان و ئــازاد دا گرتبوومــە بــەر ، بــەلاّم لەگــەڵ گێڕانــەوەی هــەر ڕۆژێــك و باســکردنی هــەر چرکەیەك لەو کاتانە ئازاد هێدی هێــدی ڕەنــگ و ڕووخســاری بــەرەو شــڵەژان دەچــوو ، وەکو منداڵێکی شیرە خۆرەی برسی پڕ بە گەرووی دەگریا و هەنسکی ئەدا و هەناســە و خــەمی هەڵدەمــژی ، ئــازاد بەشــێوەیەك گۆڕان ڕووی لــە ڕوخســار و جەســتەی کردبــوو

نیشانەی زۆر ترسناکم لە ڕوخساریدا دەخویندەوە ئازاد ئەو ساتانە بوو بەساتی شیوەن گێڕی ، پرسە بۆ ئەو بەشەی تەمەنی ، لەپاش نیوکاتژمێر لە تەواو بوونی بەسەرهاتەکان پاشان ئازاد زمانی کەوتە گۆ و کەوتە گێڕانەوەی هەموو ژیانی خۆشەویستی نێوان خۆی و سۆزان گوتی :

بەڕاستی جوانییەکەی سحری لێ دەبارێت خۆ جوانییەکەی تەنها لە ڕوخساردا نییە، بەڵکو لەو دیوی جوانییەکەوە هەموو جوانییەکانی دیکەش سەوز بوون ، بەڵام چۆن بتوانم ئەو هەستەمی بۆ باس بکەم و پێی بڵێم من ئەوینی تۆ بووم ، ئەمەیان کارێکی سەختە لەوانەیە بیدرکێنم بە شێوازێکی نادروست بەڕوحمدا هەڵشاخێ و پاشان باجێکی قورس ببەخشم ، باج باجێکی قورس ، ئێ دەباشە چیبکەم دەکرێت هەموو ساتەکانی ژیان لەگەڵ خەیاڵی ئەو ڕوحەدا بەسەربەرم ، هەرگیز ناتوانم بۆیە ئەمڕۆ لە ئاوی سیروان دەدەم ئاوی سیروان هەردەمبات بەڵام بۆچی نەچم خۆم فڕێبدەمە ناو پاکیی ئەو جوانەوە و خۆم نەکەم بەخۆراکی ، چونکە من هەردەبم بەخۆراکی ، پەیمان بێت ئەم ئێوارەیە بچمە بەردەم هێزی جوانی و لەبەردەمیا کڕنوشی حەزەکانمی بۆ بکەم بەمورید و تا دوا هەناسە زیکری خۆشەویستی بۆ بگێڕم .

پاش ئەوەی ئەم خەیاڵانە ببوون بەمیوانێکی هەمیشەیم و بۆ تەنها ساتێك ماڵی دڵمیان بەجێ نەدەهێشت توانیم خۆم لە جیهانی ئەو خەیاڵانەدا ئازاد بکەم و بەشەرم و ترسێکی بەهێزەوە نامەیەکی پڕ لە خۆشەویستیم بۆ سۆزان نووسی ، چونکە سۆزان تاوەکو (1)ی ناوەندی خوێندبوو ، ئەوەی لەیادم ماوە لەناو دووتوێی نامەکەدا بۆم نووسیبوو :

مێژوویەکە من لە چاوەکانمدا فریشتەیەك بووە بە وێنە و چاوەکانمی کردووە بەئەلبووم و پێشی هەردوو چاوەکانمی گرتووە و هەموو شتەکانی لەبەرچاوم وون

کردووە ، من نابینانیم بەڵام سۆزان گیان تۆ نابیناییت پێ بەخشیوم و لەبەردەم دەرگای دڵمدا پرسگەیەکت داناوە ، ناهێڵیت هیچ حەزێك ، هیچ دیمەنێك ، بێتە ناو شاری دڵمەوە ، بۆیە ڕێگام پێبدە بامنیش بێم و پێش چاوەکانی تۆ بگرم و لەبەردەم دەرگای دڵی تۆدا پرسگەیەك لە خۆشەویستی دروست بکەم ، ئەمەی باسم کرد بەشێك بوو لەو نامە چوار لاپەڕەییەی کە بۆ سۆزانم نووسی بوو ، پاش تەواو کردنی نووسینی نامەکە چەند جارێك خوێندمەوە هەرجارەش کە دەم خوێندەوە هێدی هێدی ترسەکان بەرەو شکان دەچوون تاوەکو سەر ئەنجام بڕیارمدا نامەکەی بۆ بنێرم ، بەڵام چۆن و بەچی شێوەیەك بتوانم ئەمەش بووە کۆسپێکی سەخت و هەموو ڕێگاکانی لێم وون کردبوو ، چونکە زۆر ڕێگابببوون بە خەیاڵ لە ناخمدا ، ویستم پەنابەرم بۆ کیژێکی دراوسێمان کە تێکەڵاوی دیاریان هەبوو لەگەڵ ماڵی سۆزاندا ، چونکە ماڵی ئێمە و سۆزان تەنها (4) کۆڵان شورای نێوانمان بوو ، بەڵام ئەو بیرۆکەم هەرەس پێهێنا و ترسام بۆ ئەو کیژەش ببم بەگرفت هەر بۆیە بڕیارمدا لەوەختێکی گونجاودا خۆم بەدەستی خۆم ئەو نامەی حەزەی پێبگەیەنم نامەکەم لە گیرفانی بەرباخەڵمدا دانا و کەوتمە چاودێری کردنی تاوەکو بزانم کاتێکی گونجاو کۆنترۆڵ ناکەم بۆ ئەوەی نامەکەی پێ ببەخشم .

سۆزان دەرچوو بۆ میوانی کاتژمێر لەدەوری چواری ئێوارەدا بوو وا ڕێکەوت بەکۆڵانەکەی ماڵی سۆزاندا تێبپەڕم ، پێش ئەوەی بگەمە بەردەرگای ماڵی سۆزان سۆزانم بینی لە دەرگای حەوشە هاتە دەرێ و تەنها هەر خۆی بوو بەڕاستی هەلیکی گونجاو بوو منیش کەمێك لەسەرخۆتر ڕێگای ڕۆیشتنم بڕی وبەدوایدا هەنگاوم نا ، بەڵام ترسێکی بەهێز لەناخمدا دروست ببوو هەستم بەجۆرە شڵەژانێك کرد قاچەکانم لەرزینی تێکەوتبوو ڕەنگم باری ئاسایی لەدەست دابوو ئەو دەرۆیشت و منیش

مرۆڤێکـی ترسـنۆك بەدوایـدا تـاوەکو تـەواو لێـی نزیـك بوومـەوە ، بـەلاّم لەهـەموو ناخۆشتر کاتێك دەسـتم بەگیرفانمـداکرد نامەکـە نـەمابوو هـەموو گیرفـانم گـەڕام هـەر نەبوو دەیان گریمان و پرسیار لە ناوخەیاڵمـدا دروسـت بـوو بـەلاّم بـۆ هیچیان وەلاّمـم نەبوو نەمدەزانی چیم لێکردووە و چارەنووسی ئەو نامە بەندکراوە چی بەسەرهاتووە سـۆزان هـەر دەڕۆیشـت و منـیش بەدوایـدا ئـەو هەسـتی بـەهیچ نـەدەکرد ، چـونکە بەشێوەیەك بەدوایدا دەڕۆیشتم کـە نـە سـۆزان نـە ئەوانـەی بـەو ڕێگایـەدا تێدەپـەڕین هەستیان نەدەکرد ئەمە لە ڕاستیدا وابـوو ، بـەلاّم لـە نـاوەوەی نـاخی منـدا وامـدەزانی هەموو کەسەکان و بگرە سۆزانیش لەوە تێگەیشتوون کە من بـەدوای ئـەو کیـژەدا ڕێگـا دەبڕم ئاکام سۆزان خۆی کـرد بـەماڵی هەلاّڵـەدا ، هەلاّڵـە ماڵـە ناسـیاوێکی نزیکـی مـاڵی سۆزان بوو ، منیش بەڕێگای خۆمدا ڕۆیشـتم و هـەر لەبیرکردنـەوەی نامـە ونبووەکـەدا بووم ، هێندە بیرم کردبووەوە هەر بۆیە زۆر بێزار بووم هەستم بەماندوو بوون دەکرد پاشان زۆربەپەلە گەڕامەوە ماڵەوە دایکم لەبەردەم تەنکی ئاوەکەی ناو حەوشـەکەماندا جلی دەشۆرد لەناکاو بانگی کردم و گوتی کوڕم ئازاد ئازاد ، منیش گوتم بەڵێ دایە چی دەڵێیت ؟ دایکم گوتی کوڕم ئەم کاغەزانە لە گیرفانی قاتەکـەی تـۆدا بـوو خـەریك بـوو بیشۆم باشە تۆ بۆ شتەکانت لە گیرفانەکانت دەرناهێنی کاتێـك جلـەکانت دادەنێیـت بـۆ شۆردن ؟ لەڕاستیدا دیمەنێکی سەیر بوو پاش کەمێك لـە ماتـەمی بزەیـەکم بـۆ کـرد و گوتم ڕاست دەکەیت دایە ببورە نامەکەم لە دایکم سەند و چوومە ژووری میوان چـەند جارێك ماچی نامەکەم کرد و دەسـتم بەچـڕینی گـۆرانی کـرد بـەدەنگێکی بـەرز پاشـان نامەکەم لە باوش گرت و بۆ جارێکی دیکە دەستم کردەوە بەخوێندنەوەی زۆر جار کـە مرۆڤ خەمێك ڕێگای پێ دەگرێت پـەنا دەبـات بـۆ دوو ڕێگـا یـان گریـان و ماتـەمی یـان

چـڕینی گـۆرانی منــیش ڕێگـای دووەمیـانم هەڵبــژارد ، چـونکە دۆزینــەوەی نامەکـە خەمەکانی بۆ گۆرانی چڕین برد .

## کیسە عادییەکانی حاجی علی

نزیکەی مانگێك بەسەر وون بوونی نامەکە و دەرچوونی سۆزان بـۆ مـاڵی هەلاڵـە تێپـەڕی نامەکـەم هێنـدە خوێنـدبووەوە سـەرجەم ووشـەکانیم لەبـەرکردبوو ، بـەڵکو نامەکە چلکن و دڕین ڕووی تێکردبوو هەر بۆیە سەرلەنوێ نامەکەم نووسیەوە ، بـەلاَم ئەمجارەیان نامەکە پیرۆزی زۆرتری لەلام دروست کرد ، هـەروەکو نـاوی خـۆم تەماشـام دەکرد چۆن مرۆڤ ناوی خۆی لەیاد ناکات منیش ناوی خۆم و نامەکـەم ببـوون بـە (2) شــتی زینــدو لــە ناخمــدا ، کەوتمــەوە چـاودێری ســۆزان تــاوەکو بــزانم کــەی لــەماڵ دەردەچێت ، بەلاَم چاودێری یەکەم بێ ئاکام بوو تاوەکو ڕۆژێك دایکم پێی گـوتم کـوڕم ئازاد بچۆ لە دوکانەکەی حاجی علی (2) کیلۆ تەماتە بکڕە بۆ نیـوەڕۆ ، دووجـار داوای لێبوردنم لە دایکم کرد گوتم ناتوانم ئەی خۆت بۆ نـاچیت؟ دایکـم تـەعلیقێکی لێـدام و ناچار بە قسەیم کرد ، کاتێك کە چووم سۆزان لـەو دوکانـە تەماتـەی دەکـڕی ، چـونکە دوکانەکە لە کۆلاَنەکەی ماڵی سۆزاندا بوو کە چاوم پێکەوت یەکسەر دەستم خستە نـاو گیرفانمـەوە گـوتم بـزانم نامەکـەم پـێ مـاوە کـە دڵنیـا بـووم تەماشـایەکی سـۆزانم کـرد هەسـتم بـەهێزی بروسـکەیەك کـرد کـە لـە نـاو چاوەکانمدا چـەخماخەیدا ، لەڕاسـتیدا وامدەزانی وام لەبەردەم پـەتێکی سـێدارەدا و پـاش چـەند چـرکەیەکی دیکـە لەسـێدارە دەدرێم ، حاجی تەماتەکەی بۆ سۆزان کێشا و ڕۆیشت منیش زۆر بەپەلـە نزیکـەی (2) کیلـۆ تەماتــەم کــردە نــاو کیســەیەکی ڕەشــەوە ، بــەلاَم نــازانم چ جـۆرە تەماتەیــەکم تێکردبـوو پاشـان بـۆم دەرکـەوت سەلکەپیازەێکیشـم تێکردبـوو، حـاجی تەماتەکـەی بـۆ کێشـام و پارەکـەم پێـدا هەرچـەندە باقیشـم مـابوو ، بـەلاَم چـاوەڕوانی وەرگرتنـەوەیم

نەكرد بەحاجیم گوت دوایی دێمەوە بۆ باقیەكەم ئێستا پەلەمە و میوانمان هەیە ، كەمێك لە دوكانەكە دووركەوتمەوە بۆ بەدبەختیم كیسەی تەماتەكە دڕا و سەرجەم تەماتەكان وەكو تۆپ بەو ناوەدا فتبۆلێنیان دەكرد ، حاجی چاوی لێبوو گوتی كۆی بكەرەوە با عەلاگەیەكی دیكەت بۆ بێنم ، سۆزان هەستی كردكەوا شتێك بووە هەر بۆیە ئاوڕێكی دایەوە و بزەیەك گرتی و پاشان ڕۆیشت ، تاوەكو حاجی بەخاوەخاوی خۆی كیسە عەلاگەیەكی دیكەی بۆ هێنام و تەماتەكانم كۆكردەوە و كردمەوە ناوی سۆزان گەیشتە نزیكی دەرگای حەوشەی خۆیان و ئەمجارەشیان حەزەكانی من و نامە زیندانی كراوەكەم بووە قوربانی كیسە عادییەكانی حاجی علی .

## نامەكەم ئازاد بوو

نامەكەم ڕۆژانێكی زۆر بە بەندكراوی لەناو زیندانی گیرفانەكانمدا شەو و ڕۆژی بەسەر دەبرد ، لەڕاستیدا ئەو نامەیە لە زیندانییەكی ڕاستی دەچوو ، بەلاَم بەختی نامەكە لەوەدا بوو كە بەڕێوەبەری زیندانییەكە ، ووشە و دێڕەنوسراوەكانی نامەكەی زۆر بەلاوە پیرۆز بوو هەر لەبەر پیرۆزی ڕۆژانە چەند جارێك لە زیندانی گیرفانەكانم دەرم دەهێنا و بەچاوەكانم سەردانم دەكرد و ووشە بە ووشە و دێڕ بە دێڕیم دەخوێندەوە ، لە ڕاستیدا زیندانیەكی بێ تاوان بوو زیندانیەك بوو ئەو كاتانەی كە لەناو زیندانی گیرفانەكانمدا دەرم دەهێنا دەیان پرسیارم لا دروست دەبوو ، تەنها هاوڕێش كە دەمتوانی ڕازی دلّمی لا بدركێنێم تەنها ئەو نامە نووسراوە بوو ، هەر بۆیە زوو بە زوو ڕوو بە ڕوی پرسیارم دەكردەوە ، بەلاَم پرسیار لەچی؟ پرسیار لە كاغەزەێكی بێ گیان ، بێ تاوان وبێ ناز پرسیار لە كاغەزێك كە دواڕۆژی خۆی وون كردبوو نەیدەزانی كەی ئازاد دەكرێت و كەی دەخوێندرێتەوە ، هێندە بەزەییم بەخۆم و بەنامەكەمدا دەهاتەوە زۆرجار فرمێسك لە چاوەكانمدا قەتیس دەما و زۆرجاریش

خۆم وەکو منداڵێکی ساوا دەبینی ، بەڵام کام منداڵی ساوا ؟ ئەو منداڵەی کە لەگەڵ چاو هەڵهێنانی ئەودا دایکی کۆچی دوایی دەکات وکە کاتێك برسی دەبێت یان تینوو باوشی دایکێك نییە ژیری بکاتەوە و لە ناڵەی گریانەکانی تێبگات ، منیش دەگریام و دایکێك نەبوو ژیرم بکاتەوە ، بەڵام بۆ دواجار ماڵی سۆزان بەنیازبوون ئەو خانووەی کە تێیدا نیشتەجێن نۆمی دووهەمی لەسەر دروست بکەن ، هەروەکو بینیم هەموو کەرەستەکانی بیناسازیان لەبەردەم دەرگای حەوشەکەیان دانابوو بۆ ئەوەی کار لەسەر خانووەکە بکەن ، منیش بیرم لەوە کردەوە دەبێت کێ وەستای دروست کردنی ئەم باڵەخانەیە بێت ؟ تاوەکو منیش ببمە کرێکاری و ئامانجە زیندانی کراوەکانم لەو ڕێگایەوە ئازاد بکەم ، باوکی سۆزانم لە ماڵی وەستا ڕێبواری دراوسێمان بینی لەوەتێگەیشتم وەستا ڕێبوار دەبێت بەو وەستایەی کە من عەودالێیم و بەدوایدا دەگەڕێم ، هەر بۆیە چوومە لای وەستا ڕێبوار و پێم گوت بێ کارم پێم خۆشە لەگەڵ بەڕێزتا کار بکەم ئەگەر پێویستیت بەکرێکار هەبوو من ئامادەم و سوپاسیشت دەکەم . وەستا ڕێبوار دڵخۆش و خۆشحاڵ بوو پێی ڕاگەیاندم کە سبەینێ لە ماڵی مام حەمە ئەمین کار دەکەین واتا ماڵی باوکی سۆزان ، کاتەکانی ئەو شەوەی کە بەرەو سپێدەیەکی نادیار دەڕۆیشت لەگەڵ مندابوو بوون بەهاوڕێیەکی ئازیز و ئەو شەوە من و نامەکەم و کاتژمێری ماڵەکەمان تاوەکو بەرەبەیان لە یەکمان دەڕوانی و پرسیاری ڕەنگا و ڕەنگمان لا ببوو بەچیرۆك ، ئەو شەوە بۆ من هەروەکو شەوی یەڵدا وابوو شەوی دەیان پرسیار و گریمان و خۆزگە بوو .

ئەو شەوە بووم بە ئێشکگری کاتژمێری ماڵەکەمان تاوەکو ڕۆژ تیشکی ڕووناکی بەزەوی بەخشی منیش تیشکی چاوەکانم لەگەڵ میلی کاتژمێرەکەدا دەسوڕایەوە و کاتی دەژمارد ، تاوەکو وەستا ڕێبوار زەنگی دەرگاکەمانی لێدا و پێی گوتم ئامادەیت ؟

وەستا ڕێبوار نەیدەزانی من لەگەڵ ڕۆژ ئاوابوونی خۆردا وەکو باشترین کرێکار خۆم ئامادە کردووە و چاوەڕوانی ڕۆشنایی ڕۆژدەکەم .

لەگەڵ وەستا ڕێبواردا پێکەوە چووینە سەر کار لەگەڵ یەکەم هەنگاومدا کە چوومە ماڵی سۆزانەوە هەستم بەدڵە کوتێیەکی ناتەندروست کرد و سۆزان و باوکی بەخێرهاتنیان کردین ، دەستمان بەکار کرد وەستا ڕێبوار فەرمانی پێکردم کە بەسەتڵ چیمە نتۆی بۆ بەرم بەلامەوە فەرمانێکی ئاسایی بوو ، بەڵکو جێگای خۆشحاڵیم بوو ، چونکە کارێکی جولاو و نیمچە ئازاد بوو تاوەکو کات گەیشتە (12) ی نیوەڕۆ بۆ یەکەم جار سۆزانم بینی لە حەوشەکەیاندا ، بەئارەزووی خۆم لە بەرانبەریدا وەستام و تەماشام کرد ، سۆزان هەستی بەو تەماشا ناسروشتییەی من کرد ، چونکە شەرمێکم لە ڕوخساریدا بینی ، بەلام لە گرژی و توڕە بوون نەدەچوو ، دوای خوانی نیوەڕۆ و پشودانمان دەستمان بەکارکردەوە هەر کاتێك دەستم لە دەسکی سەتڵە چیمەنتۆکان ببوایەتەوە دەستم بۆ نامەکە دەبرد و خەیاڵی جۆراوجۆر دروست دەبوو لە ناو ناخمدا ، نزیکی کاتژمێری (2)ی پاش نیوەڕۆ دەبوو سۆزانم بۆ جارێکی دیکە بینی لە تەنکییەکی ناو حەوشەکەیاندا خەریکی شتنی هەندێ قاپ و پیاڵە و شتی وابوو، منیش بەهەلم زانی و لێی نزیك بوومەوە و پێم گوت تکات لێدەکەم لێم توڕە مەبە و ئەو نامەیەم لێ وەربگرە ، شڵەژانێك بووبە میوانی ڕوخساری و گوتی نامەی چی؟ لەوە زیاتر گوێبیستی نەبووم ، چونکە هیچ دەرفەتێك نەبوو بۆ وەلام دانەوەی ، هەربۆیە نامەکەم هەڵدایە باوشییەوە و گەڕامەوە لای سەتڵەکانم ، بەلام هێندە چاوم پێوەبوو دەستی بۆ نامەکە بردوو هەڵیگرت پاش (2) کاتژمێر بەسەر ئازادبوونی نامەکەدا دیسانەوە سۆزان لە حەوشە کەیاندا بە دەرکەوت منیش بە شەرمێکەوە تەماشایەکم کرد ، لەپاش ئازادبوونی نامەکەم جار بە جار هەستم بەخۆشییەك دەکرد

و زۆرجاریش وامدەزانی بەرەو ترسێك دەڕۆم خۆم بۆ سزایەك ئامادە کردبوو ، کاتژمێر گەیشتە (4) ی پاش نیوەڕۆ بۆ جارێکی دیکە سۆزانم لە ناو حەوشەکەیاندا بەرچاو کەوت ودیسانەوە بە شەرمێکەوە لێم ڕوانی ، ئەویش بەهەمان شەرمەوە تەماشایەکی منی کرد ، بەلاَم لەسەر لێوەکانی خەندەیەکم بینی هەروەکو ئەویش پێم بلێت منیش توَم خۆشدەوێت ، ئەو ڕۆژە بۆ من بووبە کورتترین ڕۆژەکانی ژیانم ، چونکە کات زۆربە زوویی تێپەڕ دەبوو تاوەکو ماڵئاوایم لە یەکەم ڕۆژی کارکردنم لە ماڵی سۆزاندا کرد .

## وەلاَمی نامەکەم پێگەیشتەوە

پاش ئەوەی شەوەکانی ڕۆژی ئازادی نامەکەم هەروەکو شەوەکانی ژیانی ڕابردووم بەنێو سەدان پرسیار و وەلاَمدا بەسەرچوو ، بەلاَم پرسیارەکانی ئەم شەوەم زۆر جیاوازتر بوو لە پرسیارەکانی شەوانی پێشو ، پرسیارەکانی ئەم شەوەم لەگەڵ نامەیەکی زیندانی کراودا نەبوو ، بەڵکو بەپێچەوانەوە پرسیارەکانم لەو نامەیە بوو کە لەپاش دەیان شەو و ڕۆژی گۆشەگیری ئازادی بوو بەمیوانی و گەیشتە وولاَتی خۆشەویستەکەی خۆی و زەردەخەنەکانی سەرلێوی سۆزان ، ئەو شەوە بۆ من بوو بەدرێژترین دراما و هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی لێی تێبگەم ، چونکە نەمدەزانی کۆتایی دراماکە بەچی ماڵئاوایی دەکات و ئاکامەکەی بەچی لووتکەیەك دەگات ، کات ڕۆیشت و گزنگی بەرەبەیان بۆ جارێکی دیکە بوو بە میوانی حەزەکانی من ، منیش لەگەڵ ئەو گزنگەدا خۆم لەنێو جل و بەرگی کرێکاری و خۆشەویستیدا ئالاَند و بەرەو ماڵی سۆزان بەڕێکەوتم ، بەلاَم ئەمڕۆ چاوەڕوانی زەنگی وەستا ڕێبوارم نەکرد و بە(20) خولەك لەپێش ئەودا من کارەکانی خۆم ئامادەکرد و لە چاوەڕوانی ترس و پێکەنیندا خۆم سەرقاڵ کرد ، وەستا ڕێبوار هات و لەپاش بەیانی باش سوپاسی منی

كرد كە لەپێش هاتنی خۆیدا من كارەكانی خۆم ئامادەكردووە تاوەكو كاتژمێری (9) سۆزانم نەبینی ، بەلآم كاتێك كە خۆی بەدەرخست لە ڕوخساریدا جوانترین ڕۆژ و خۆشترین كاتم دەبینی ، چونكە ڕوخسارە جوانەكەی بانگی دەكردم هاواری بۆ دەكردم پێی دەگوتم منیش تۆم خۆشدەوێت ، لە نزیكی كاتژمێری (11)دا هێمایەكی بۆ كردم ، ئەوەی نیشاندام كە وەلآم بۆ نامە زیندانی كراوەكەم نووسراوەتەوە و بچم وەریبگرمەوە هەر چۆنێك بوو هەلێكم بۆ ڕەخسا و خۆم گەیاندە نزیكی سۆزان ، كاغەزێكی لوول كراوی باگردێنیم لە سۆزانەوە بۆ هەڵدرا ، بەلآم نەمدەزانی لە دووتوێی دێڕەكانیدا چی نووسراوە تاوەكو پشوی نیوەڕۆ هات و گەیشتمەوە ماڵی خۆمان و كەوتمە خوێندنەوەی نامەكەی سۆزان .

## نامەكەی سۆزان

وەفا بەرزترین لووتكەی ناو و یژدانی مرۆڤە و جوانترین پیرۆزییە كە مرۆڤ بتوانێت پیرۆزییەكە لەكەدار نەكات و لەناو ڕوح و هەستی خۆیدا هەمیشە بە سەوزی وبە زیندوێتی بیهێڵێتەوە هەر وەكو خدری زندە ، وەفا واتا و ناوەڕۆكی پیرۆزی پیرۆزترین ووشەیە ئەگەر بتوانیت زیندوو ڕایبگرێت و ڕێگا نەدەیت سیس بوون و هەلوەڕین و مردن ڕوو لەم ووشە جوانە بكات ، پاراستنی ڕوحی ئەم ووشەیە پاراستنی هەموو پەیامەكانی ناو ناخی مرۆڤە ، چونكە مرۆڤی بەوەفا نەمرە و سەنگی ئەو مرۆڤ گەلانەش پێوانەی لەناو هیچ ڕستە و ووشەیەكدا نییە تاوەكو پێنووس بتوانێت مافی خۆی پێبدات .

جوانترین سیحری نێو ئەم ڕووداوەش ئەو سیحرە پڕ لە نهێنییە بوو كە ئازادی عاشق و پڕ لە ئەوینی خۆشەویستی سۆزان بە شێوەیەكی سەرسوڕمان جوانترین وەفای نێو ئەم خۆشەویستییەی بۆ من كردە بە نرخترین دێڕی نووسین كاتێك كە پێی گوتم

من مرۆڤێکی بێ وەفا نە بووم بەرانبەر بە ڕوحی ئەو پەپوولە جوانەی نێو ژیان ، بچووکترین وەفاش کە من تاوەکو ئێستا بەزیندوێتی هێشتبێتمەوە هەموو دیاری و نامەکانی سۆزانە ، کە ئێستا من خاوەنی خێزان وباوکی منداڵم هەر بۆیە پێم خۆشە کەرەم بفەرموویت بابچینەماڵەوە تاوەکو هەموو ئەو دیاری و نامە بەنرخانەت پیشان بدەم کە سۆزان لە ڕۆژانی خۆشەویستی کردوێتی بە دیاری بۆ من ، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم و ڕوخساری ئۆتۆمبێلەکەم بەرەو ماڵی ئازاد گەڕاندەوە و لەگەڵ ئازادا چووینە ژووری میوانخانە و پاش خواردنی پەرداخێك ئاو و پیاڵەیەك چا ئازاد لەیەك لە تاکەکانی کارتۆنە تایبەتییەکەی خۆیدا چەندین دیاری و نامەی دەست نووسی سۆزانی پێ بەخشیم کە جوانترینیان ئەو نامەیە بوو کە سۆزان لە وەڵامی یەکەم نامە و داخوازی ئازاد دابۆی نووسیوەتەوە ، هەر چەندە (7) ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی نووسینی ئەو نامانەدا تێپەڕببوون ، بەلاّم هێندە پیرۆز هێشبویەوە هەروەکو ئەو ڕۆژە نووسرابێت وابوو ، بە پێویستم زانی دوای ڕەزامەندی لە ئازاد و سۆزان هەروەکو خۆی سەرجەم دەقی نامەکە بلاّوبکەمە وە تەنها دەسکاری ناوەکانم کردووە ئەویش بۆ پاراستنی ڕوحی ئەو مرۆڤە جوانانەی ناو دیوانی خۆشەویستی ، هەربۆیە بۆ ناوی کوڕەکە ئازادم هەڵبژارد و بۆ ناوی کیژەکەش سۆزان کە ئەمەی خوارەوە پوختەی نامەکەیە .

## نامەکەی سۆزان

" ئازادگیان ئەم کاتەت باش ...

هەرچەندە کاتێك نامەکەت پێ بەخشیم هەروەکو ڕۆژی مەرگ وابوو بۆ من ، چونکە هەرگیز چاوەڕوانی ڕووداوی لەو جۆرەم نەدەکرد ، بەلاّم دیارە خۆشەویستییەکی گەورە هانی تۆی داوە کەوا ئەو فیداکارییە لە ناو حەوشەیەکی پڕ مەترسیدا بنوێنی

بەپێدانی نامەیەك بۆ کەسێك کە هێشتا نەیتوانیووە خوێندنەوەی بۆ بکەیت ، نامەکەتم زیاتر لە (10) جار لەناو دنیای ترس و پڕ لە پاسەوانیدا خوێندەوە لە ڕاستیدا هەست ناکەم من ئەو مرۆڤەبم کە تۆ بەو شێوە گەورەیە پێناسەت کردووم ، دیارە ئەمەشیان گەورەیی تۆیە بەرانبەر بەناخی من .

بۆیە پێت دەڵێم ببوورە ئازادگیان کە من ڕۆژانێکە بوومە بەتاریکایی لە نێو چاوەکانی تۆدا و چاوە جوانەکانی تۆم بەرەو نابینایی بردووە و من بوومە بەپرسگەیەك و هەموو هاتوچۆیەکم بەرەو ناو ڕوحی تۆ قەدەغە کردووە من نەمدەزانی ئەو مرۆڤەم کە بەوشێوەیە کەسێك وەکو مۆم بۆم بتوێتەوە و منیش بێ ئاگابم لە سووتان و توانەوەی ئەو مۆمە ، وابزانم نە من بۆ تۆ و نەتۆش بۆ من دووکەسی لەیەك نامۆنین ، بەڵکو منداڵ و پەروەردەی یەك گەڕەکین ، هەر بۆیە هەردووکمان زۆر باش لە جولانەوەی یەکتری گەیشتووین بڕوام پێبکە تاوەکو تۆ ئەو نامەیەت پێ نەدابووم ئەوەی بیرم لێ نەکردبووەوە دنیای خۆشە ویستی بووە ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کات فەخرم بەکەسایەتی تۆوە کردووە ، چونکە تۆ وەکو بەڕەوشترین لاوەکانی ناو ئەم گەڕەکە ناسراوی هەربۆیە پڕ بەدڵم منیش پێت دەڵێم خۆشم دەوێیت ، بەلام زۆر ئەترسم ئەم خۆشەویستییە سووتانی ڕوحەکانی لێبێتە بەرهەم ، چونکە داب و نەریت و کەلتوری کۆمەلگای ئێمە خۆشەویستی بەخالی بقە تەماشا دەکەن و پێیان نامۆیە ، کاتێك دوو حەز باوشی ئەویندای بۆ یەکتری ئاوەلا بکەن بێ شك منیش و مالی ئێمەش پەروەردەی ناو ئەو کۆمەلگایەین و ، بەڵکو زۆر دواکەوتوو تریش هێندەی من باوکی خۆم بناسم کەسێکە زۆر بەوشکی لەواتاکانی ژیان تێگەیشتووە ، بەڵکو ئەو هەمووکات سەرنجم بەوە ڕادەکێشێت تەنانەت لەگەڵ نزیکترین ناسیاوەکانی خۆشماندا گفتوگۆ نەکەم بەڵکو زۆر جار بۆ ئەم مەبەستە هەڕەشەی توندی لە خۆم و

لـە ......... خوشکیشـم کـردووە ئەگـەر مـن کچـی خانەوادەیـەکی لـەم چەشـنەبم زۆر ئەستەمە گەشبین بم بەوەی دوارۆژی خۆم لەناو بازنەی خۆشـە ویسـتیدا گـرێ بـدەم ، بەلاَم تۆش کەسێکی دڵ ناتوانێت میوانداریت نەکات و بەدڵشکاوی ماڵئاواییت لێ بکات ، بەقوربان منیش بەڵێنت پێ دەدەم کە خۆشەویستیت پـیرۆز ڕابگـرم و تـاوەکو مـردن بەزینـدوێتی بیهێڵمـەوە ، تکـام لـە تـۆی خۆشەویسـتیش ئەوەیـە بـەوەفابیت بەرانبـەر بەووشـەکانی نـاو نامەکـەت و لـەبیرت نەچـێت لـە ئیمـڕۆوە کەسـێك وا لـە چـاوەڕوانی تۆدایە خۆشم دەوێیت خۆشم دەوێیت " .

پاش ئەوەی سەرجەم دیاری و نامەکانی لەبەردەممدا دانا ئەو نامەی کە یەکـەم نامـەی سـۆزان بـوو زۆر بـەوردی و بـۆ چـەندین جـار خوێندمـەوە نامەکـەی سـۆزان زۆر شـتی لەلای مـن دروسـت کـرد ، هەسـتم بـەبینینی کەسایەتییەکی گـەورە و ڕۆشـنبیردە کـرد لەناو دووتوێی ئەو نامەدا ، چونکە سۆزان لە یەکەم نامەی خۆیدا بۆ ئازاد جگە لەوەی خۆشەویسـتی خـۆی نیشـانداوە بـاس لـە کـەلتورێك دەکـات کـە لـە کۆمـەڵگای کوردیـدا تاوەکو ئێستا لە زۆربەی خێزانەکانی ئەم گەلەدا بالاَ دەسـتە و دێوەزمەیـەکی ترسـناکە و هەرکاتێك ئەم کلتورە بیەوێت خۆی دەکات بەپاڵەوان و هیـچ مرۆڤێك ناتوانێت بلێت تـۆ پاڵـەوان نیـت ، سـەرجەم نامـە و دیاریـەکانی سـۆزانم خسـتەوە نـاو ئـەو جانتـا بچکۆلانەی کـە ئـازاد وەکـو جـوانترین پـیرۆزی یادگارێکـانی سـۆزانی تێـدا هـەڵگرتبوو ، پاشان سەرنجێکی ئازادم داو بەشێوەیەکی ورد لە ڕوخساریم ڕوانی لە ڕوخساریدا ماتەمیـەکم بـینی چـاوم بەچـەند دڵۆپـە ئاوێـك کـەوت کـە لـە نـاو چاوەکانی ئـازادەوە زنجیریان بەستبوو هەربۆیە نەمویست بـۆ ماوەیـەك هـیچ گفتوگۆیـەك لەگـەڵ ئـازاد دا بکەم ، چونکە ئازاد دڵی پڕو گریانێکی نهێنی قوڕگی گرتبوو ، پاشان جگەرەیەکم کێشا و پـاش تـەواوبوونی ڕووم لـە ئـازاد کـردەوە و پـێم گـوت تـۆ کەسـێکی لـە پاکیـدا

نەخشێنراویت ، بەلاّم دەبێت یارمەتیم بدەی من دەمەوێت بڕۆم ، ئازاد زۆر هەوڵیدا لەگەڵیدا بمێنمەوە و ئەوشەوە میوانی ئەو بم ، بەلاّم داوای لێبوردنم لێکرد و بەڵێنم لێ وەرگرت کە بۆ ڕۆژی پاشتر یەك ببینینەوە و باسی ڕۆژانی خۆشەویستی خۆی و سۆزانم بۆ تەواو بکات ، ماڵئاواییم لە ئازاد کرد و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەستم دەکرد ماندو بونێکی تەواو باڵی بەسەر سەرجەم جەستەمدا کێشاوە ئەو شەوە لەگەڵ قەڵەم و پەڕە کاغەزە سپییەکاندا بووین بەمیوانی یەکتر و ئەوەی کە ئازاد بۆی باسکردم نووسیمەوە ، سپێدەیەکی ڕوون تیشکی خۆی بەژیان بەخشیەوە و کاتژمێر (8) پەیوەندیم بە ئازادەوە کرد و ئەویش پێی گوتم ئازیزم من چاوەڕوانی تۆم ، لەگەڵ ئازاددا بەیەك گەیشتینەوە و ئازاد کەوتە گێڕانەوەی ڕۆژانی خۆشەویستی نێوان خۆی و سۆزان و گوتی :

پاش ئەوەی سۆزان وەلاّمی دامەوە و خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕیم بێشك ڕۆژێکی پڕ لە جوانی بوو بۆ من ، نەمدەزانی ئەو ڕۆژە ناوبنێم چی و بە چی شێوەیەك پێناسەی بۆ بکەم ، چونکە سۆزان چەند گەورە بوو لە ناخی مندا هێندەی دیکە گەورە تر بینیم کاتێك کە وەلاّمی نامەکەیم خوێندەوە لەڕاسیدا نەمدەزانی سۆزان ڕادەی بیرکردنەوەی لەو ئاستەدایە ، تاوەکو ئەو کاتە من جوانییەکانی دەرەوەی سۆزان سەرنجیان ڕاکێشا بووم ، بەلاّم لەپاش خوێندنەوەی نامەکە تێگەیشتم کە جوانییەکانی ناوەوە زۆر لە جوانییەکانی دەرەوە ی گەورەتر و جوانترن ، بۆ ماوەی یەك هەفتە وەکو کرێکارێکی دڵسۆز و پڕ لە خۆشەویستی لە ماڵی سۆزاندا کارم کرد ، بەلاّم بڕوات هەبێت کاتێك ڕۆژانەکەی پێدام وەستا ڕێبوار ئەوکاتە زانیم هەفتەیەکە کار دەکەم ، هەربۆ سەلماندی ئەم ڕاستیە بە وەستا ڕێبوارم گوت تۆ پارەی زیادت داوە بە من ، ئەویش گوتی بۆ ؟ گوتم باشە ئێمە کوا هەفتەیەکە کار دەکەین ؟ گوتی چییە

ئازادگیان ڕۆژت لێ گۆڕاوە ؟ ئالێرەوە سەرەتای دەسپێکی ڕۆژانی خۆشەویستی نێوان من و سۆزان دەستی پێکرد خۆشە ویستییەك پڕ لە جوانی و گەورەیی ، خۆشەویستییەك نازانم بەچی پێناسەی بکەم ، چونکە تەنها مرۆڤ کە لە ڕۆژانی ئەویندارییمدا دەمبینی تەنها سۆزان بوو ، جگە لەو وامدەزانی لە بیابانێکدا دەژیم ، سۆزان جوانی سروشت و ، خەو و ، کار و بیرکردنەوەی ئەو تەمەنەم بوو .

## دوا دیدار لە باخی شاردا

ئازاد باسی لە یەك ساڵ جوانترین خۆشەویستی پڕ لە یادگاری بۆ کردەمە گفتوگۆی ئەو ڕۆژە ، بەلاّم زۆرجار هەروەکو منداڵێکی ساوا دەگریا و هەنسکی ئەدا تاوەکو ژیرم دەکردەوە منیشی دەکرد بە هاوبەشی ئەو گریانە ، پاشان ئازاد گەیشتە گێڕانەوەی (2) ڕۆژ پێش لە وون بوونی سۆزان و گوتی دوو ڕۆژ پێش ئەوەی سۆزان لە چاوەکانم وون بێت و هەواڵی شوکردنی بلاّوبێتەوە من و سۆزان چوارەمین دیداری خۆمان لە ناو باخی شاردا سازدا ، دیداری ئەم جارەمان زۆر جیاواز بوو لە دیدارەکانی ڕابردوو ، چونکە یەکتر بینینی ئەم جارەمان بۆ کێشانی نەخشەی بەیەك گەیشتن و هاوسەرگیری بوو ، من و سۆزان کەمتر لە کاتژمێرێك لە ناو سوچێکی باخی شاردا پێکەوە دانیشتین و باسی ئەو ڕێگایانەمان کرد کە دەبێتە گرێدانی چارەنووسی دوو خۆشەویست گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە خۆشەویستیمان سازدا ، ئەنجام لەسەر هەموو شتەکان ڕێکەوتین و بڕیاری ئەوەمدا کە هەفتەیەك لە دوای ئەم دیدارە بچمە خوازبێنی سۆزان و سۆزانیش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو بڕیارە کرد و بەڵێنی دا هەموو کار ئاسانییەك لە پێناوی ئەو عەشقەدا بنوێنێ و دووا قسەی سۆزان بۆ من پڕبوو لە هیوا و خۆزگە ، چونکە بەیادم دێت سۆزان گوتی ئازادگیان بڕوام وایە دڵەکان لەناو پاکی خۆشەویستیدا ئەتوانن بڕیار بدەن و خۆشەویستی بکەنە ماڵ و

ئارامی تیاگەورەبکەن من و تۆش دوو دڵی پڕ لە ئەوینین بۆیە هیوام گەورەیە ئەو ماڵە بەم نزیکانە دروست بکەین ، منیش لەوەڵامدا پێم گوت هیوا خوازم دیداری (5)ەمینی نێوان من و تۆ لە بەردەم پیاوێکی ئاییندا بێت و ببێتە شای سەرجەم دیدارەکان ، لە یەکتری جیابووینەوە و دڵخۆشیەکی بێ سنوور لە ناخمدا جێگیر ببوو هەربۆیە هێندە دڵخۆشبووم ئێوارە کە گەڕامەوە (2) کیلۆ پاقلاوەشم لەگەڵ خۆمدا وەکو شیرینی ئەو ڕۆژە بردەوە .

## سۆزان شوی کرد

هەروەکو باسم کرد تاوەکو (24) کاتژمێر لە دوای ئەو دیدارەی باخی شار وامدەزانی پاشایەکم و تاجی پاشایەتیم لەسەرنراوە بە ئەندازەیەك دڵخۆشبووم هەمووو دەوروبەرم هەستیان بەگەشی دەکرد لە ڕوخسارمدا ، ئەم بابەتەم لەگەڵ ماڵەوەماندا باسکرد و ئەوانیش سەرجەم هاوڕابوون بەشێوەیەك لە خۆم زیاتر، بیرمان لەوەدەکردەوە کە کەسەکانی ئەم خوازبێنییە کێ بن ئەنجام کۆمەڵە پیاوێکی دیاری گەڕەك وریش سپی خۆمان بوون بەو مرۆڤ گەلانەی کە بچن بۆ خوازبێنی سۆزانی ئەویندارم ، بەڵام لەپێش هەر هەنگاوێکدا دایکم دەست نیشان کرا بۆ ئەوەی سەردانی ماڵی سۆزان بکات و لەگەڵ دایکیدا گفتوگۆ بکات و ئەو نیازەیان بۆ ئاشکرا بکات تاوەکو تێگەیشتنێکمان لا دروست ببێت لە لایەن ماڵی سۆزانەوە ، دایکم ڕۆیشت و زوو گەڕایەوە پێم گوت دایە دەڵێی نەچوویت ؟ ئەویش گوتی با کوڕم ، بەڵام لە ماڵ نین زۆر ئاسایی بوو بەلامەوە گوتم لەوانەیە لەسەردانی بن ، بۆ ڕۆژی دووەم دایکم بۆ جارێکی دیکە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی سۆزان ، بەڵام ئەمجارەیان کەمێك درەنگ تر گەڕایەوە هەمان پرسیاری ڕۆژی پێشوم لە دایکم کرد دەڵێی نەچوویت ؟ دایکم گوتی بۆ هێندە گوماناویت بەخوا چووم و (5) خولەك زیاتر لەزەنگی دەرگاکەیانمدا ، بەڵام

کەس نـەبوودەرگام لێبکاتـەوە هەربۆیـە سـەردانییەکی مـاڵی کـاك خالیـدی دراوسـێیانم کردولەوانم پـرسی گوتیان لەماڵ نین و چوونە بۆ ڕانیـە بـۆ میوانـداری لـە دڵـەوە زۆرم لام ناخۆشبوو ، بەلاّم نـەمهێشت دایکم هەست بەو ناخۆشییە بکات هەربۆیـە بـەدایکمم گـوت باشـە دایـەگیان تۆشـم مانـدوو کـرد ئـیتر تـۆ مەچـۆ تـاوەکو خـۆم دڵنیـا دەبم لـە گەڕانـەوەیان ، یـەك هەفتـە بەسـەر مـاڵێکی چـۆڵ و کـۆلانێکی چـۆڵدا تێپـەڕی تـاوەکو زانیـم گەڕاونەتـەوە ، بـەلاّم سـۆزانم نـەبینی هـەواڵی گەڕانـەوەیانم بـەدایکم دا ، دایکـم ڕۆیشت و پـاش کاتـژمێرێك گەڕایـەوە منـیش دڵـم لەسـەر سـەد لێـی ئـەدا نەمـدەزانی چۆن خۆم ئارام بکەمەوە هەرکە دایکم خۆی کـرد بەحەوشـەدا لـە ڕوخساریدا کۆمەڵـە خاڵێکی تاریکم بینی ، بەرەو پێشوازی ڕوخسارەتاریکەکەی دایکم چووم وگوتم ها دایـە شێری یان ڕێوی ؟ لە وەلاّمدا دایکم گوتی کوڕم هەموو شت نسیبە ، دیارە چارەنووسـی تۆ لەو کچەدا نەبووە قسەیەکی زۆر سەیر بـوو بەڕاسـتی بـەو قسـەیە چارەنووسـی مـن لەو کچەدا نییە توشی شڵەژان هاتم ، ئێ بـۆ دایـەگیان چیان پـێ گـوتی؟ دایکـم ویسـتی هێمنم بکاتەوە و پاشان قسەم بۆ بکات ، بەلاّم من نەمتوانی لـەوە زیـاتر دان بەخۆمـدا بگرم و گوتم تکایـە قسـەم بـۆ بکـە هەرچیان گوتـووە باسـی بکـە زۆر ئاسـاییە ، دایکـم بەهێمنی باسـی چـوونەکەی و گفتوگۆکـانی بـۆ کـردم کـە چۆن لەگـەڵ دایکـی سـۆزاندا گفتوگۆی کردووە ، بەلاّم دوا قسەشی ئـەو مـژدە ناخۆشـە بـوو بـۆ مـن کـە گـوتی کـوڕم ئازاد سۆزان شوی کردووە بەکوڕێکی ناسیاوی خۆیان لە ئەڵمانیا و ماڵیان لە ڕانیەیـە و هەموو شـت کۆتـایی هـاتووە و هـەروەکو دایکـی باسـی کـرد ئێسـتا سـۆزان گەیشـتووەتە ئـەڵمانیا ، هەسـتم لای خـۆم نـەما و گرژییـەکی ئـاڵۆز ڕووی تێکـردم و پـڕ بەگـەرووم دووجار هاوارم کرد نا دایە نا وانییە .

## گەڕان بەدوای ڕاستیدا

نەمدەزانی چۆن باوەڕ بەو هەواڵە بکەم ، چونکە جێگای گومان بوو سۆزان و خیانەت دوو شتی لەیەکتر جیاواز بوون ، سۆزان لە ناخەوە منی خۆشدەویست و بڕوای تەواوی بەو خۆشەویستییە هەبوو ، هەموو کات پێی دەگوتم خۆشەویستی نێوان من و تۆ هەروەکو مەزارێکی پیرۆز وایە هێندە پاك و بێگەردە هەقە بۆ تۆ بەو پاك بووەنەوە مرۆڤە گوناهکار و تاوانبارەکان بێنە سەری و بڕیاری تۆبەی لەسەر وەربگرن ، ئەم پێناسەیەم تەنها وەکو قسەیەك نەدەخوێندەوە ، بەڵکو پێم وابوو پێناسەیەکە و لە ناخی دڵیدا هەڵدەقوڵێت ، چونکە یەك لە نیشانە جوانەکانی ناو باوەڕی سۆزان ڕق بوونەوە بوو لە درۆ و هەموو کات ئەو بەمنی دەگوت زۆر ئەترسم تۆ ڕۆژێك دابێت ئەم عەشقە جوانە لەیاد بکەیت و بیکەیتە میوانی شەوی تەنیایی و بێ وەفایی ، خەم و تاڵی و ئەندێشە و زامەکانی شەو و ڕۆژانی ئەو هەواڵە هێندە قورس بوون تەواو گۆڕانی لە ژیانمدا دروست کرد ، گۆڕانێك کە سەرجەم دەوروبەرم هەستیان بەو گۆڕانە دەکرد ، بەلاّم جگە لە ماڵی خۆمان هیچ کەسێکی دیکە نەیدەزانی نهێنی ئەو خەمە وئەوگۆڕانکاریە چییە ، خەمەکە قوڵ بوو هەواڵەکە شایستەی ئەوە بو لە ناو بیرکردنەوەدا وونم بکات ، بەشێوەیەك ژیانم گۆڕا کە بۆ ماوەی (2) مانگ گۆشەگیری و تەنهایی لە ژوورێکدا بوو بە تەنها هاوڕێم بۆ دەسکەوتنی نهێنییەکانی ئەو شوکردنەی سۆزان هەوڵێکی زۆرمدا ، من و سەرجەم ئەوانەشی کە لە کۆلاّن و دراوسێ و بگرە ناسیاوەکانی ماڵی سۆزانیش تەنها هەروەکو من ئاشنای ئەو هەواڵە بوون کە دایکم لە زاری دایکی سۆزانەوە بیستبووی هەربۆیە زۆر گەڕام و هەر ئەوەندەم بیست لە ماوەی(24) کاتژمێردا سۆزان شوی کرد و گەیشتە وولاّتی ئەڵمانیا ، ماڵەوەمان زۆر بەووردی چاودێریان دەکردم و بەردەوام هەوڵیان ئەدا هاوڕێی خەمەکانم بن و هەموو جار سۆزانیان بەخیانەت کار و تاوانبار وێنا دەکرد ، پیان دەگوتم کچێك ئەمە وەفای

بێت کەی شایستەی ئەوەیە بیری لێ بکەیتەوە و خەمی بۆ بخۆی؟ هەر لەو کاتانەدا (2) کیژیان بۆ دەست نیشان کردم کە ڕازی بم و خوازبێنی یەکێکیان بکەم ، بەلاّم بەهەموو باوەڕێکەوە ئەو داوایەم دەگەڕاندەوە و دەموت هەرگیز لە دوای سۆزان بیر لە ژیانی هاوسەری ناکەمەوە ، ماڵەوەمان زۆر لەوە ئەترسان توشی نەخۆشی ترسناك بم هەربۆیە هەموو لەسەر ئەوە کۆك بووین خانووەکەمان لەو گەڕەکە بفرۆشین وبچینە گەڕەکێکی دیکە ، تاوەکو گۆڕانێك لە ژیانی مندا دروست بێت ، خانووەکەمان فرۆشت و چووینە گەڕەکی مامۆستایان لەوێ خانوویەکی دیکەمان کڕی و هەستم بەگۆڕانێك کرد ماڵەوەشمان بەو گۆڕانە دڵخۆش بوون ڕازییان کردم کە ژیانی هاوسەرگیری سازبدەم هەربۆیە لەگەڵ بەهاردا ماوەی (5) ساڵە ژیانی هاوسەریمان گرێداوە و خاوەنی دوو منداڵم ، بەلاّم بڕوام پێبکە لەبەر خۆشەویستی سۆزان زۆرکات هاوسەرەکەم بەناوی سۆزانەوە بانگ دەکەم ، بەلاّم تەنها (2) ساڵ لە گەڕەکی مامۆستایان دانیشتین و پاشان چووینە کارێزەوشك ئەم جێگایەی ئێستامان سێیەم گەڕەکە لەدوای بار کردنمان لەگەڕەکەکەی ماڵی سۆزان ، بەلاّم ئێستا دەرگاکان هەموو داخراون و کلیلی دەرگا داخراوەکان وان لە ناو چارەنوسیکی نوێدا ، کردنەوی ئەم دەرگایانەش کارێکی زەحمەتە و هەرگیز بڕواناکەم جارێکی دیکە بەخەونە دێرینەکانم ئاشنابم ، ئێستا لەوەرزەکانی ساڵی مندا ڕوحێك بەناوی بەهارخۆی سەوز کردووە و ماڵ ئاوای یاخود پەیداکردنی هاوبەش بۆ ئەو ڕوحە تەنهاخەونێکە و هەرگیز بەدی نایەت ، سۆزانیش ئەو سروودەیە کە تاوەکو دواساتەکانی ژیان دڵنیابە لە ناوخەیاڵمدا ئەیچڕم و هەرگیز بەبێ مۆسیقای ئەوسروودە سەرناخەمە سەرسەرین ، نازانم کام ووشە هەیە هێندەی گەورەیی سۆزان گەورەبێت ئێستانازانم لە بەرانبەر ئەو هەستە جوانەدا لە بەرانبەر ئەو پەپولە ناسك و بێ تاوانەدا لە بەرانبەر ئەو

بەڵێنەدا کام بانگەواز بکەمە سەرزارم و هاواری پێ بکەم ؟ ژیان هەروەکو مێژووایە تکایە هاوکاریم بکە چۆن دووبارە دەبێتەوە بڕواناکەم لەوانەیە خەمەکانی دووبارە ببنەوە بەڵام بۆ من هەرگیزخەندەکانی جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە ، تەنها ئەوتکایە لە تۆ دەکەم بۆ تەنها جارێك دەنگم تێکەڵاوی دەنگی سۆزان بکە بۆ ئەوەی لە بەردەمیدا هەست و بەڵێنەکانم نەوی بکەم ، ئازاد دەگریا و خۆشەویستیش نەفرەتی لە باوك سالاری دەکرد ، ئازاد و ڕوخساری هێدی هێدی دەبونە هاوڕێی مەرگ خەندە و پێکەنینەکانیش ئەوانیش هاتبونە ناو ئەو کۆڕی شیوەنەوە و لەگەڵ دوا ووشەکانی ئەم چیرۆکەدا نەفرەتیان لە بێ ویژدانی مرۆڤە بێ ویژدانەکان دەکرد منیش ئازادم لەگەڵ جیهانێك لە خەمدا جێ هێشت و هەموو دێڕەکانی چیرۆکی ژیانی ئازادم کردە درامایەك و لە ناو چاوەکانی سۆزاندا نمایشم کرد سۆزان و ئازادیش لە ڕێگای دەنگەوە گەورەترین شیوەن و پرسەیان ئاوێتەی ڕوحی یەکتری کرد .

# ئارەزوو و دابان

## لە پاش چوار ساڵ خۆشەویستی ئەویندارى دەركەوت كە خوشك و بران .

سەرەتا خاڵی دەسپێکردنی هەنگاوی یەکەمە بۆ هەر کارێك ، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت ئەنجامی بدات ، هەموو سەرەتاکان کۆتایان هەیە ئەگەر ئەو کۆتایە بەهەر ڕەنگێك بێت شکست یان سەرکەوتن ، بەلأم زۆر گرنگە مرۆڤ بتوانێت لە سەرەتای هەر کارێکەوە کۆتاییەکان تەماشا بکات ، هەر چەندە زۆر کات بینین و گەیشتن بە دیداری کۆتاییەکان کارێکی پڕ زەحمەت و دژوارە .

بۆ ئەوەی لە ناو خەمناکترین چیرۆکی خۆشەویستیدا واتامان دەست بکەوێت ، سەرەتا لە یەکەم ووشەی چیرۆکەکەوە دەست پێدەکەین تاوەکو لە واتای هەموو ووشەکان تێبگەین و پەردە لەسەرچیرۆکی دوو مرۆڤی ئەویندار لابەرین ، لە دایك بوونی ئەم چیرۆکە خەمناکە ئەو هەواڵەیە کە بەڕێکەوت لە یەکێك لە ئازیزانمەوە بە سەرەتای دەسپێکی ئاشنا کرام ، چیرۆکی ئەوینی دوو مرۆڤ کە ماوەی چوار ساڵ مەزنترین پاسەوانی دڵی یەکتری بوون پاشان بۆیان دەرکەوت کە خوشك و بران ، بە مەبەستی گەیشتن بەسەرەتا و کۆتایی ئەم چیرۆکە ، بێشك ئەم چیرۆکە سەرەتایەکی دیکەی

خـەمناکتری هەیـە ، هەربۆیـە لـە ژیـانی ئـەو مرۆڤـەوە دەسـتم پێکـرد کـە بـاوکی دوو مرۆڤی ئەویندداربوو .

پاڵەوانی یەکـەمی چیرۆکەکە نـاوی جەمالـە و گـوتی لـە کۆنـدا لـە ناوچـەی شـارەزوور ژیاوین ، بەڵام بە بیرەوەری من نا بەڵکو کاتێـك مـاڵی بـاوکم هاتونەتـە شـاری سـلێمانی من منداڵێکی کۆرپـە بـووم لەسکی دایکمـدا ، کەواتـە ئـەتوانم بڵـێم لـە دایکبـوونی مـن دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (1959)ی شـاری سـلێمانی ، کاتێـك تەمـەنم دەبێتـە (5)سـاڵان چـونکە بـاوکم پیـاوێکی ئـاینی بـوو هـەر بـۆ خـۆی و لـە مـاڵی خۆمانـدا مـن و چـەند کەسێکی تری لە ناسیاوان و منداڵانی گەڕەك فێری نوسین و خوێندن کرد بـە تایبـەتی فێری قورئان خوێندن ، خـۆ ئـەو خوێندنـە بـەو واتایـە نـاڵێم کـە قوتابخانـە نـەبووە ، بـەڵام لـەو سـەردەمەدا منـداڵان پـێش ئـەوەی بچـنە قوتابخانـە دەیـان ناردنـە حـوجرە ئاینیەکان و لای پیاوێکی ئاینی تاوەکو فێری قورئان خوێندن ببن ، لـە تەمـەنی شـەش ساڵیدا چوومە قوتابخانە ، تـاوەکو تەمـەنم گەیشتە دە سـاڵان ژیـانی مـن ئاسـایی بـوو ، بەڵام لە دوای تێپەڕبوونی ئەو تەمەنەوە باوکم کۆچی دوایی کرد و منیش بوومـە بـرا گەورەی ماڵ و دووخوشك و دووبراشم هەبوو ، لەگەڵ کۆچی دوایی باوکمـدا هەسـتمان بەهەتیوی دەکرد ، تێپەڕبوونی کات کارێکی دژوار بـوو ، هـەر بۆیـە پـەنام بـۆ زۆر کـار دەبرد بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی خێـزانیم دەسـتەبەر بکـەم ، تەنانـەت (2)سـاڵ بـووم بـە شوان لـە گوندەکـەی خۆمانـدا ، پاشـان هێـدی ، هێـدی هەسـتم بەگـەورەبوون دەکـرد و بەرپرسـیاریەتی زیـاترم لەخۆمـدا هەسـت پـێ دەکـرد لەچـۆنیەتی هـەڵس و کـەوت و کارەکانمــدا ، هــەروەها خوشــك و براکــانم هاوشــانی تەمــەنی مــن ئــەوانیش بــەرەو گەورەبوون هەڵدەچوون ، هەربۆیـە براکانیشـم هەسـتیان بـە بەرپرسـیاریەتی خێزانـی دەکرد و ئەوانیش کەوتنە کارکردن بۆ ئـەوەی مانـدوێتی ژیـانی مـن کـەمتر بکەنـەوە ،

بەم شێوەیە ژیان بەردەوام بوو ، بەڵام بە هەوڵ و ماندو بوونی خۆم و براکانم ژیانی ئابوریمان زاڵبوو بەسەر نەهامەتیەکان و توانیمان بگەینە ئاستێك لە ڕووی داراییەوە هەروەکو خانەوادەیەکی زەنگین وێنابکرێین ، هەر لە ناو شاری سلێمانیدا جگە لەوخانوەی تێیدا دەژیاین توانیمان خانویەکی دیکەش بکڕین ، تەمەنی ئێمە بەرەو کامڵبوونی لاوێتی هەنگاوی دەنا و دایکیشمان بەرەوپیری ، هەر بۆیە خوشکەکانم دابەشوو ، براکانیشم بە هەمان شێوە چوونە ناو دونیای هاوسەرگیریەوە ئەوەی لەو ماڵەدا مایەوە من و دایکێکی پیر بوو ، ژیانمان زۆر بە ئاسودەیی بەڕێ دەکرد ، خۆشەویستیمان لە ناو دەوروبەری خۆماندا جێگایەکی بەرز و پیرۆزی هەبوو ، تاوەکو لە ڕێگای کاری ڕۆژانەمەوە پیاوێك بە ناوی حاجی کەریم بوو بە دۆستم ، هەرچەندە ئەو پیاوە لە تەمەندا زۆر لە من بە تەمەنتربوو ، بەڵام پیاوێکی دەست پاك و پڕ لە جوانی بوو ، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کارکردندا بوو بە هاوبەشم و ئەوکارانەی ئێمە دەمانکرد جۆراوجۆر بوون سەردەمانێك لە وولاتی ئێرانەوە بەقاچاخ شتومەکی ئێرانیمان دەهێنا ، پاشان لە قەیسەری (نەقیب)دا دوکانێکی هاوبەشمان پێکەوە دانا ، بەلام ئەو پیاوە واتا حاجی کەریمی شەریکم لە کۆندا خەڵکی هەولێر بوون ، دۆستایەتی نیوان ئێمە وحاجی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لوتکە هەڵدەکشا ، تاوەکو حاجی هاوبەشی کاری ڕۆژانەی من شاری سلێمانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ شاری هەولێر، بەم کۆچ کردنە دۆستایەتیمان پچڕانی تێنەکەوت بەڵکو زیاتر تێکەڵاو بوون و هاتوچۆ لە نیوانماندا پلەی بەرزتری دەبڕی ، لە پاش چەند ساڵێك مانەوەی لە شاری هەولێر پاشان بەهۆی ڕوداوێکی تایبەت بەخۆیەوە ماڵی هێنایە شاری کۆیە و لە شاری کۆیە نیشتەجێ بوو ، هێدی ، هێدی تەمەنی دایکم بەرەو کۆتایەکانی ژیان هەنگاوی دەنا تاوەکو ڕۆژێك حاجی بوو بە میوانمان و پێشنیاری ژن هێنانی خستە ناو ئەو

میوانداریەوە ، هاوکات لەگەڵ ئەم میوانداریەدا کەسێك واتا کیـژێکی بـۆ دەست نیشان کردبووم کە دۆستێکیماڵی حاجی خۆی بـوو ، کیژەکە خـەڵکی شاری هـەولێر و نـاوی (دیمەن)بوو ، پێشنیارەکەی حاجیم قبوڵ کرد هەربۆ هەمان مەبەست حـاجی لەگـەڵ ماڵی دیمەنیشدا گفتوگۆی خۆی تەواو کردبـوو ، ئـەوانیش واتـا مـاڵی بـاوکی دیمـەن لـە سەر بڕوای حاجی بەڵێنیان دابوو ، تەنها هەفتەیـەك بەسـەر ئـەم پێشنیارەی حاجیـدا تێپـەڕی و لەسـەر داوای حـاجی لەگـەڵ هەنـدێك لـە خزمـان بـەرەو شـاری هـەولێر بەڕێکەوتین بە مەبەستی خوازبێنی کردنی دیمەن ، حاجی براگـەورە و قـازی هـەردوو لامان بوو ، هەر لەگەڵ یەکەم چونماندا هەموو شتەکان جێ بـە جـێ کـراو دیمـەن بـوو بە مارەبڕ و دەزگیرانم ، لە پاش تێپە ڕبونی (2)هەفتە بەسەر تەمەنی دەزگیرانیمانـدا دیمەنم گواستەوە بۆ شاری سلێمانی و ژیانی هاوسەرگیری من لێرەوەدەستی پێکرد .

سەرەتای دەسپێکی ژیانی نیوان دیمەن و جەمال ئاسایی بوو ئەوکاتـەی دیمـەن بـوو بـە هاوسـەرم سـەرەتای ژیـانێکی نـوێ بـوو لـە ژیـانی منـدا ، لـە چاوەڕوانی ڕۆژدا بـەرە و بەختەوەری هەنگاوم دەنا و خۆشەویستی نێوان مـن و دیمـەن لـە خۆشەویسـتی نێـوان دوو هاوسەری ئاسایی نەدەچوو ، بەڵکو زۆرێك لە کەسانی دەورو بەرمان بەخیلیان پـێ دەبردین و پیان دەگوتین لەیلا و مەجنون ، ژیان ئاسایی هەنگاوی دەنـا و هـاتوو چۆی خێزانی نێوان ئێمە و مـاڵی بـاوکی دیمـەن لـە پلەیـەکی زۆر بـەرزدا خـۆی دەبینیـەوە ، ماڵی باوکی دیمەنیش بە هـەمان شـێوە جیهـانێکی جوانیـان لادروسـت بـوو بـوو ، بگـرە زۆرجار سوپاس و هەستی خۆیان دەردەبڕی بۆ ئەو پەیوەندیە بەهێزەی کە لە نیـوانی هەردوو لامانـدا لـە دایـك بـوو بـوو ، چـونکە زۆر لـە پێویسـت خۆشەویسـتیم کردبـووە جوانترین دیاری و پێشکەشـی ڕوحـی دیمـەنم کردبـوو ، ڕۆژێـك لـە ڕۆژان نەمدەهێشت دیمەن ئەو هەسـتەی لادروسـت ببێـت کـە لـە شـارێکی دوورتـرەوە هاتووەتـە نـاو ژیـانی

خێزانی ئێمەوە ، هەرچی داخوازیەکی هەبووایە بۆم جێ بە جێ دەکرد ، دیمەنیش بەهەمان شێوەی من خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕیم ، ئەویش واخۆی نمایش دەکرد کە هەموو شتێك لە ژیانیدا تەنها (جەمال)ە بەڵکو زۆرجار گوێبیستی ووشەیەکی زۆرجوان دەبووم ، کەپێی دەگوتم جەمال تۆ لەجێگای هەموو کەسەکانمی ، لەڕاستیدا هەرکاتێك کە گوێ بیستی ئەم پێناسەیەی بوومایە ، زیاتر گۆشەگیری دەبووم و تێکەلاوی هەستی دەبووم ، خۆشەویستی نیوان من و دیمەن بەشێوەی خۆشەویستی دوو ئەویندارجیهانێکی بێ وێنە و سەرسوڕهێنەری لە ئامێز گرتبوو ، بەلاَم لەناکاو مەرگێك بووە فرمێسك و بارییە ناو باوشی خۆشەویستیمەوە ، کۆچی دوایی دایکم فرمێسکەکانی ئەو مەرگە بوو ، لەڕاستیدا مەرگی دایکم بۆ من کۆستێکی گەورە بوو ، هەستم کرد هێدی هێدی گۆشەگیری ئەو مەرگە دەبم ، بەلاَم هاوکات دیمەن ئەم بۆشاییەی بە خۆشەویستیە سیحراویەکەی خۆی بۆ پڕدەکردمەوە و ئەو فرمێسکانەی بۆ دەسڕیم کە ناوی فرمێسکی مەرگی دایك بوو ، فرمێسکەکانی مەرگی دایکم هێدی هێدی بەرەو کاڵبوونەوە دەچوون .

لە نێوان من و دیمەندا بەختەوەریەك چرۆی کرد ، چونکە دیمەن بەو هەواڵە ئاشنای کردم کە ژیان بەرەو دنیای باوك بوون هەنگاو دەنێت ، ئەمەش ئەو بەختەورییە بوو کە لە دوای کۆچی دایکم بووە خۆشترین خەندەی ناو ژیانی من و هیوایەکی ڕەنگاوڕەنگی خستەسەر تەمەنم .

## جەمال و دیمەن بوون بە دایك و باوك

لە پاش ئەوەی خەمەکانی کۆچی مەرگی دایکم هەڵفڕین و زەردەخەنەیەك خۆی کردە جوانترین نیشانەی سەر لێوی دوو مرۆڤ ، من و دیمەن بووین بە دایك و باوك وخودای گەورە کیژۆڵەیەکی کرد بە جوانترین دیاری بۆ نێو ژیانی هاوسەریمان و ناومان لێنا

ئـارەزوو ، لـە چـاوەڕوانی ئـەوەدابووم ئـارەزوو زنجیرێکـی پـۆلاَینی تربێـت لـە نیـوان ئەوخۆشەویستییە گەورەیەی کە لە نێوان من و دیمەن دا ڕەگی داکوتابوو ، چونکە مـن بووم بە باوك و دیمەنیش بوو بە دایك ، هەروەکو باوە هەمووکات منداڵ جیهانێکی بەستراوەیە لە نیوان دوو هاوسەردا ، بەلاَم جوانی ئەم خەیالاَنـە پێچـەوانە بـوو ئـەو و خەونــە ڕەنگاوڕەنگــەکان ڕوویــان لــە زڕانــدن کــردوو ئەندێشــە و گرفتــە خێزانیــە نەخوازراوەکان هەروەکو سەرەتایەك لە نیوان من و دیمەن دا سەریان لـە نـاو دووتـوێی خـەم و دڕکـەوە دەرهێنـا ، لەگـەڵ ئـەو سـەرەتایەدا ئـارەزوو تەمـەنی دوو مانگـانی تـێ دەپەڕانـد ، هاوکـات خۆشەویسـتی نێـوان لـەیلا و مەجنونـەکانی دوێنـێش بـەرەو کـاڵ بوونەوە ڕەنگیان دەگرت ، هەرچەندە ئارەزوو جـوانترین جـوانی نـاو ئـەو دوو مانگـەی تەمەن بوو لە ناو دڵی منی باوکدا ، واهەستم دەکرد ئارەزوو زۆرترین سامانی نێو ئـەو ژیانەیە ، چـونکە ئـارەزوو گـەورەترین جیهـانی ڕۆژەکـانی ئـەو دوو مانگـە بـوو کـە بـە ئارەزووی خۆم گەشتم تێدا دەکرد ، هەموو ئەو کاتانەی کە لەماڵەوەدا ئـاوازی پشـووم دەژەنی ئارەزوو ئەو پەپوولە ڕەنگاوڕەنگە بوو کە لە باوشمـدا دەمخەوانـد و لایـە لایـەم بۆ دەکرد بە دەنگی کە مانچەیەك کە ئاوازەکەی لـە هەسـتی منـدا لـە دایـك بـوو بـوو ، هاوکات دیمەنیش پەپوولەیەکی جوانتر بوو لـە نـاو چاوەکانمدا ، بـەلاَم دوو پەپوولـەی لە یەکتری جیاواز ، ئارەزوو کیژۆڵە و جگەرگۆشە ، دیمەنیش هاوڕێ و هاوسەر ، بـەلاَم خەونـەکان لـە ئێوارەیـەکی ماڵەکەمـدا بـوو بـەزەنگێکی ترسـناك و لـە نـاو جـوانترین خەودا ڕای چەڵەکاندم ، زەنگێك هەرگیز بڕوام نەدەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان جیهـانی دڵـی من بهەژێنێت و ماڵ ئاواییم لێبکات لە خەندە و خۆشەویستی دیمەن ، لـەو ئێوارەیـەدا دیمەن کەوتە ناو جیهانی داخوازیەکەوە کە تاوەکو ئێستاش بە گومانـەوە لـە داخوازیـە

سەرەتاییەکانی ئەو ئێوارەیە دەڕوانم ، نازانم چۆن و لەکوێوە هاتن و کێ کردی بە میوانێکی ئێسك قورسی هەمیشەیی بۆ ناو ژیانی بەختەوەری من ؟!
داخوازییەك تاوەکو ئێستا نەمتوانیوە پێناسەی بۆ بکەم و هەروەکو خۆی خوێندنەوەی لە سەربکەم ، دیمەن لەو ئێوەرەیەدا زۆر بە ڕاشکاوی و بەبێ پێچ و پەنا لەبەرانبەرمدا دانیشت و ڕووی تێکردم و گوتی جەمال ئەگەر تۆ منت خۆشدەوێت دەبێت هەموو ژیانمت خۆش بوێت ، هەرشتێك لای من هەڵگری ڕوخساری جوانی بوو دەبێت لای تۆش هەمان ڕوخسار و هەمان واتا بنوێنێت ، ئەگەر هەر کاتێك تۆ توانیت هەموو شتەکان هەروەکو چاوی من پێناسە بکەیت ، ئەوکاتە ئەوە نیشانی من دەدەیت کە تۆ بە هێزترین مرۆڤی لە ماڵی دڵی مندا ، منیش کەوتمە وەڵام دانەوەی گوتەکانی دیمەن و پێم گوت دیارە تاوەکو ئێستا تۆ بەگومانەوە لە جوانیەکانی نیوان جەمال و دیمەن دەڕوانیت ، ئەگەر ژیان واتایەکی هەبێت لە جوانی مندا ئەو واتایە لە ناو ڕوخسار و هەستی تۆدا دەبینم ، خۆشەویستی من و تۆش لە ناخی مندا واتای چیایەکی بەهێز دەبەخشێت ، پێم وایە هیچ هێزێك نییە نەوەکو درز بەڵکو بچوکترین جووڵە لە ناوەندی ئەو خۆشەویستیەدا دروست بکات ، پاش تەواو بوونی پێناسەکەم بۆ دیمەن سەرێکی سوڕاند و گوتی باشەم شەو هێندە بەسبێت چونکە ڕۆژانی دانەهاتوو ئەدەینە دەست تاقیکردنەوەکان ، تاوەکو بزانم لە ئەنجامدا ئەو نمرانەی بەدەستی دەهێنیت کۆی چەند نمرەیە ؟ زانیم لە خەیاڵیدا کۆمەڵە داخوازییەکی سەوز کردووە ، بەڵام وادیاربوو پێویستی بە کات هەبوو بۆ ئەوەی بیانهێنێتە بەرهەم ، زۆر هەوڵمدا لەو شەوەدا تاقیکردنەوەکەی ئەنجام بدات و هەرچی لە ناو دڵیدابووەتە داخوازی بۆم هەڵبڕێژێت ، بەڵام لەوەندە زیاتری نە گوت تاوەکو هەفتەیەك بە نێو ئەو گفتوگۆیەدا تێپەڕی و بۆ جارێکی دیکە و لە کاتێکی نیوەڕواندا

هاتەوە ناو بابەتەکەی پێشوو کەوتەوە گفتوگۆو پرسیاری جۆراوجۆر و سەرسوڕهێنەر ، هەرچەندە بۆ سەرجەم پرسیار و گوتەکانی وەڵامم هەبوو بەڵام نەمدەزانی لە پشتی پرسیار و گوتە گوماناویەکانیەوە چیترهەیە ! کەوتمە بیرکردنەوە و خۆئامادەکردن بۆ نهێنیەکانی پشت پرسیار و قسەکانی ، بۆ ئەو مەبەستە هەموو ئامادەییەکی خۆم نیشاندا بۆ ئەوەی هەرچی لە ناو دڵیدایە بیخاتە سەر زمانی و خۆی خاڵی بکات لە هەرشتێك کە دیمەن بەلایەوە قورسە ، هێدی هێدی کەوتە درکاندنی داخوازیەکانی سەرەتا بەهەندێك داخوازی لاوەکی هاتە ناو بابەتە نهێنیەکانەوە ، منیش زۆر بەڕاشکاوانە وەڵامی هەموو داخوازیەکانیم دایەوە و بەڵێنم پێیدا لە کورتترین کاتدا هەموو داخوازیەکانی جێ بە جێ بکەم ، هەرچەندە خاوەنی زۆرترین زێڕ و جل و بەرگ بوو ، بەڵام بەڵێنم پێیدا دیمەن خۆی سەربەست بێت لە چەندی دیکە کە مەبەستێتی ، هەموو داخوازیەکانیم لە ئێوارەی ئەوڕۆژەدا بۆ جێ بە جێ کرد و وامدەزانی ئەوە کۆتایی داخوازیەکانیەتی ، بەڵام نەمدەزانی ڕۆژگار ڕووبەڕووی زۆر داخوازی تاڵم دەکاتەوە ، لە پاش تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ بەسەر کڕینی ئەو شتانەی کە مەبەست و داخوازی دیمەن بوو ، داوای لێ کردم بە مەبەستی سەردانی کردن بچێتەوە بۆ ماڵی باوکی بۆ شاری هەولێر ، منیش پێم خۆش بوو چونکە یادی ماڵی باوکیم دەکرد ، ئارەزوو و دیمەنم گەیاندە شاری هەولێر بەڵام خۆم کەمێك کاری تایبەتیم بۆ دروست بوو ، هەر بۆیە ناچار گەڕامەوە بۆ شاری سلێمانی و دیمەنیشم سەربەست کرد لە مانەوەی تاوەکو بێتاقەت دەبێت لە شاری هەولێر ، هەفتەیەك بەسەر چوونەوەیدا تێپەڕی لە مانەوەی لە ماڵی باوکی ، بەڵام پاش هەفتەکە لە ڕێگای تێلەفۆنەوە ئاگاداری کردمەوە کە بچم بەشوێنیاندا ، لەڕاستیدا زۆرخۆشحاڵ بووم چونکە زۆر یادی هەردووکیانم دەکرد ئەو هەفتەیە وامدەزانی لە چۆڵەوانیدا دەژیم ، پاش ئەوەی

هێنایانمەوە هەستم بەجۆرە داخوازیەکی سەیرتر کرد بەلاٚم پێم وابوو تەنها نوکتە و قسەی خۆشە ، لەڕاستیدا نوکتە و قسەی خۆش نەبوو بەڵکو داوایەکی بنەڕەتی دیمەن بوو ، هەر بۆیە پێی گوتم دەبێت ئۆتۆمبێلم بۆ بکڕیت زۆر ڕاشکاوانە پێی لەسەر دادەگرت و بەرگری لەم داخوازییەی دەکرد و دەیگوت منیش هاوشێوەی تۆ مرۆڤم و مافی خۆمە خاوەنی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆم بم ، بەلامەوە داوەیەکی گوماناوی بوو چونکە هەروەکو ویستێك ئەو داخوازیەم نەدەبینی وخوێندنەوەم بۆی نە دەکرد ، بەڵکو تەنها لە بەهانەیەك دەچوو هەرچەندە خۆم هەروەکو منداڵی شاری سلێمانی دەناسی بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا لە خێزانێکی نیمچە میللیدا خۆمانم دەبینی ، وامدەزانی جێ بە جێ کردنی ئەو داخوازیە شکاندنی کەلتورێکی پیرۆزە ، بەلاٚم لە بەرامبەردا تەنها ئەوەندەم پێ گوت پێویستیم بە کاتە بۆ ئەوەی ماوەیەك لەگەڵ ئەم داخوازیەدا بیربکەمەوە و خۆمی لەگەڵدا ڕابێنم ، هەرچەندە لەناو هەموو بیرکردنەوەکانمدا هەروەکو داخوازیەکی سروشتی خوێندنەوەم بۆی نەدەکرد و جەنجاڵی و ماندوبوونێکی زۆرهێرشیان بۆ سەر بیرکردنەوەکانم هێنا ، خۆ خواردنەوە و دەیان گریمان ڕۆژانە بەنێو خەیاڵمدا هاتوو چۆیان دەکرد ، دیمەن هەستی بەشەکەت بوونی بیروهۆشم دەکرد ، بەلاٚم بەهیچ شێوەیەك لێی نەدەپرسیم بۆ چی وامانـدوو دیارم و کەوتوومەتە ناو گۆشەی خەیاڵەوە ، ناچار کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵیدا و پێداگریم لەوە دەکرد کە ئەمە داوایەکی تەندروست نییە و هەر بۆیە پێم گوت ئەم داخوازیە زیندە بەچاڵ بکات ، بەلاٚم بێ سوود بوو چونکە دوا بڕیاری خۆی دابوو هەرچیم دەگوت بەلایەوە پەسەند نەبوو ، بۆ ئەوەی ژیانمان توشی ترازان نەبێت و دابڕان نەبێتە ملوانکەی خۆشەویستی و لەملی بکەین ناچار ملکەچی داخوازییەکەی بووم ، بڕیارمدا ئۆتۆمبێلێکی بۆ بکڕم ، لەبەرامبەردا تەنها سوپاسێکیشی نەکردم بەلامەوە ئەم گۆڕانە

کتوپڕانــە جێگــای ســەدان پرســیار بــوو ، بــەلاّم نەمــدەزانی دوا وەلاّمــی دروســتی پرسیارەکانم لای کێ یەو کەی دەستم دەکەوێت !؟ لە پاش ڕازی بوونم بۆجێ بە جێ کردنی فەرمانــە ناتەندروســتەکانی ، پــێم گــوت بــەلاّم لــە پــێش ئــەوەی ئۆتۆمبێلت بــۆ بکڕم دەبێت ڕۆژانە بچینە دەرەوەی شار تــاوەکو فێــری لێخــوڕینی ئۆتۆمبێلــت دەکــەم ، دیمەن لەوەلاّمدا زۆربێ باکانــە دەیگــوت پێویســتم بــەهیچ کەســێك نیــە خــۆ لێخــوڕینی ئۆتۆمبێــل لێخــوڕینی فرۆکەنیــە ، بــەم وەلاّمــەی جــارێکی دیکــە توشــی شــۆك و بیرکردنــەوەی زۆر جیــاوازی دەکردمــەوە ، لــە نــاو ئــەو وەلاّمــەدا زۆر واتــای گومانــاوی هــەبوون و میوانــداری هەســت و بیرکردنــەوەمیان دەکــرد ، لــەوە تێگەیشــتم کــە دیمــەن دەیەوێت ژیان بترازێنێت بەلاّم چۆن و بە چی شێوەیەك ؟ وەلاّمــی ئــەو پرســیارانە لــە ناو قسەکانی دیمەندا هاتبوونە گۆو هەڕەشەی مەترسیداریان دەکرد ، لەئاکامی ئەو هەڵوێستانەی دیمەنــدا ترســێکی قــوڵ و ڕوخێنــەر بوبوونــە هەڕەشــە لــە نــاو ناخمــدا ، چونکە هەموشتەکان بەرەو گۆڕان دەچوون گۆڕانێــك هــەرگیز بــڕوام نــەدەکرد ڕۆژێــك دابێت و ببێتە میوانێکی ئێسك قورسی ناوژیانم ، هەر بۆ ئەوەی لــە نــاخ و پیلانــەکانی دیمەن زیاترئاشنابم بڕیارمدا هێمنی لە بــاوش بگــرم تــاوەکو دەگەمــە کۆتــایی پرســیارە وون بووەکان ، هەرچەندە گفتوگۆ و جولاّنــەوەکانی بەرانبــەر بــەمنی هاوســەری ژیــانی هەروەکو نۆشکردنی پیاڵە ژەهرێك وابوو ، بەلاّم زۆر مەبەستم بــوو هۆکــاری دەســپێکی ئەو جەنگە مەترسیدارە من نەبم ، هەر بۆیە پێم گــوت فــەرموو بابچــینە پێشــنگاکانی ئۆتۆمبێل تاوەکو بە دڵی خۆت داخوازیەکەت جێ بە جێ بکەم ، هــەردوو بەڕێکــەوتین بە مەبەستی کڕینی ئۆتۆمبێل ، بەلاّم پێش ئەوەی بگەینە پێشــنگاکانی ئۆتۆمبێــل زۆر لە ناکاودا خوازیەکەی بــەڕەنگێکی مەترســیدارتر گــۆڕی و ترســناکترین زەنگــی دابڕانــی ژیــانی هاوســەری کــردە میــوانم ، گــوتی ئۆتــۆمبێلم ناوێــت ، بــەلاّم دەبێــت ماڵمــان

بگوێزینـەوە بـۆ شـاری هـەولێر بەچـڕینی ئـەم گوتەیـە هـەژینێکی بـێ سـنوور ڕووی تێکردم خەریك بوو توشی هەڵچونێکی شێتانە بم ، بەڵام تـوانیم ئـارام بگـرم و هێمنـی زاڵکەم بەسەر ئەو هەڵچونەدا ، گەڕاینـەوە بـۆ ماڵـەوە و کەوتینـە گفتوگـۆی چـڕ و بـێ پـەردە و لەسـەر هەمووشـتەکان بۆچـونمان گۆڕییـەوە ، زۆر هەوڵمـدا لـە نـاو گفتوگۆکانمانـدا تێـی بگـەینم کـە ژیـان و بەرژەوەندیـەکانی مـن لـە شـاری سلێمانیدا دەژییێـت و شـاری سـلێمانی بـۆ ئێمـە باشـترین لانکـە و سـامانە ، بـەڵام سـەرجەم پێشنیارەکانم لەلایەن دیمەنەوە پوچ دەکرانەوە ، چونکە دیمەن دوا بڕیاری خۆی دابوو هەرچـەندە لەپشـت ئـەم بڕیارانەشـەوە نەخشـەی ترسـناکترم دەبینـی ، ئەوڕاسـتیەم لا گەلاڵـە بـوو کـە لـە کـاتێکی نـزیکتردا هەڕەشـەی دیکـە لـە دایـك دەبـن ، هـەروەکو زنجیرێکی پێکەوە گرێدراو داخوازییەکانی دیمەن هێدی هێـدی خۆیـان نمـایش دەکـرد ، ئارەزووی ساوا و بێ ئاگاش لە ڕووداوەکان تەنها هێندەی دەزانی چاوەکانی ببڕێتە شـتە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو ماڵەکـە ، تـاوەکو دەهـات گرفتـەکان پـەردەی هێمنیـان دا دەدڕی و دیمەن زیاتر سوور دەبـوو لەسـەرجێ بـە جـێ کردنـی فەرمانـەکانی ، تـەنها ڕێگایـەکی نەهێشـتەوە بـۆ ئـەوەی لێـك تێگەیشـتن بکەینـە پـردی بـە سـتنەوەی ژیـان ، سـەرجەم دەرگاکان داخران و کلیلی کردنەوەشیان دیـار نـەبوو ، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی کلیلـە وون بووەکان ڕێگای هەولێرم گرتەبەر ، وامدەزانی ئەتوانم لە ماڵی باوکیەوە دەرگاکـان بکەمەوە و بۆ جارێکی دیکە هیوا بگەڕێنمەوە بۆ ناو ژیانی هاوسەریمان ، لەگـەڵ دایـك و براکانی دیمەن کەوتمە گفتوگۆ زۆر بەڕاشکاوانە هەموو بابەتەکانم خستە سـەرمێزی خانەوادەکـەیان ، ئەوانیشـم سەربەسـت کـرد لـە هـەربڕیارێك کـە لـە ویـژدانی دادگەراییەوە لە دایـك ببێـت ، سـەرئەنجام ئـەوەم بـۆ دەرکـەوت کـە دایکـی و دووان لـە براکـانی نـەوەکو لایـەنگری مـن نـاکـەن بـەڵکو لەپشـت هـەموو نەخشـەکانی ئـەم شـەڕە

قورسەوەن ، تاڕادەیەکی بەرچاو باوکی و برایەکی لەگەڵ مندا هاوسۆز و کۆك بوون ، بەو ئاراستەیەش نا ئاشتی بگەڕیننەوە بۆ ناو ژیانم بەڵکو ئەوانیش لەگەڵ ئەوەدا بوون کە هەردەبێت ماڵ بگوازمەوە بۆ شاری هەولێر ، بەلاّم ئەوان دەیانگوت باساڵێکی دیکەبێت ، بۆ ئەم مەبەستەش داوای متمانەیان دەکرد ، زۆر هەوڵمدا لە گەڵیاندا کە پشگیریم بکەن و نەهێڵن ژیانم توشی ترازاندن بێت ، بەشێوەیەك لە بەردەمیاندا خۆم دەبینی تاڕادەی پاڕانەوە و تکاکردن بەلاّم بێ سودبوو ، تاوەکو گەیشتمەوە شاری سلێمانی هەموو ڕووداوەکان لەڕێگای تێلەفۆنەوە گوازرابووەوە بۆ دیمەنی هاوسەرم ، هەروەکو بەگەیشتنم بۆ ماڵی خۆمان دیمەن پێی گوتم تەنها ڕێگایەکی دوورت بڕی و ماندوبوونێکی زۆرت توشی خۆت کرد ، پاشان گوتی وانەزانی ئەمە تەنها بڕیاری خۆمە و بێ ڕاوێژی خانەوادەکەم ئەم هەڵوێستەم گرتوەتەبەر ، بەو سەردانیە و بەم قسانەی دیمەن تێگەیشتنێکی جوانترم لاسەوزبوو کە ئەمە نەخشەیەکی ژەهراویە و هەموو خێزانەکەیان لەسەری کۆکن ، بۆ جارێکی دیکە ڕێگای گفتوگۆم لەگەڵ دیمەندا کردەوە و باسی ژیانی خێزانی و خۆشەویستی خۆی و چارەنوسی ئارەزووم بەشێوەیەکی سۆزداری بۆ کردە بابەتی ئەو گفتوگۆیە و گوتم بەڵکو لەسەر داخوازیە نادروستەکەی پەشیمانی بکەمەوە ، ئەو شەوە تابەیانی خەو لە چاوەکانمان تۆران و ئەو شەوەمان بەنێو سەدان هەڵچوون و قسەی جۆراوجۆردا بەڕێکرد ، ئەو شەوە دواشەوی پێکەوەبوونی من و ئارەزوو و دیمەن بوو ، ئەو شەوە بوو بە شەوی بڕیار لەسەر تۆرانی یەکجارەکی ڕوحە پیرۆزەکان .

## تۆران پاشان جیابوونەوە و تەلاّق

هەروەکو لە پێشدا بۆم باسکردی هەوڵێکی زۆرمدا بۆ ئەوەی بتوانم ئاوێك بەو ئاگرەدا بکەم و کۆتایی بەو گرفتە دروست کراوەبێنم ، بەلاّم ئاکامەکەی گەیشتە ئەو

بڕیارەی دیمەن ڕێگای ماڵی باوکی هەڵبژارد و خۆشەویستی و ژیانی هاوسەری کرد بە قوربانی داوا و داخوازیە بێ بنەما و بێ واتاکانی خۆی و ماڵی باوکی ، خەم و ئەندێشەیەکی زۆریش هێرشیان بۆ من هێنا و هەموو چرکەکانی ژیانم کەوتە ناو دونیای بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو دابڕانە ، هەموو کەسێك لە ڕوخسارمدا ماتەمینی دەبینی برا وخوشکەکانم زۆر هەوڵیان لەگەڵمدا کە ئارامی بنوێنم و ژیانی خۆم نەکەم بە قوربانی بۆ ئەو ڕوداوە ، بەڵام خۆشەویستی ئارەزوو و دیمەن زۆر لە داوا و داخوازی هەموو کەسەکان پیرۆزتر بوو ، ڕۆژگارەکان سەخت و زۆر ئاڵۆز خۆیان لە ناخمدا نمایش دەکرد ، زۆر کات خەریك بوو بڕوام بە خۆم دەهێنا کە لە پێناوی خەپەدا ئەو داخۆزیە تاڵە جێ بە جێ بکەم ، بەڵام لەگەڵ ئەم بیرکردنەوەیەدا بیرکردنەوەیەکی دیکە خۆی زاڵ دەکرد بەسەر ئەم هەڵوێستەمدا ، دەمگوت لەوانەیە بە بارکردن بۆ شاری هەولێر کێشەکان کۆتاییان پێ نەیەت ، چونکە هەڵوێستەکان لە پشتەوە زۆرخۆیان گوماناوی نیشان ئەدام ، بەمەبەستی گەڕان و دۆزینەوەی ڕێگا وون بووەکان سەردانییەکی شاری کۆیەم کرد ، حاجی کەریمم لەو گرفتە خێزانیە ئاگەدار کردەوە ، شەوێك لە میوانداری کۆیەدا هەموو بابەتەکانم بۆ حاجی باسکرد و تاوتوێی هەمووخاڵە وون بووەکانمان کرد ، حاجیش هاوشێوەی من توشی نائارامیەکی قوڵ هات چونکە حاجی هۆکاری دروست بوونی ژیانی نێوان من و دیمەن بوو ، بەڵام بەو شێوەیە کێشەکانم نەدرکاند کە حاجی توشی شەرمەزاری بکەم ، لە بەرانبەردا هەموو ئامادەییەکی نیشاندا بۆ ئەوەی کۆتایی بەم کێشەیە بێنێت .

ئەو شەوەمان بە ناو دەیان بابەت و گریماندا بەڕێکرد ، بۆ سپێدە گەڕامەوە بۆ شاری سلێمانی و حاجیش بەرەو شاری هەولێر و ماڵی دیمەن بەڕێکەوت ، بەڵام دەبێت بەم سەردانەی حاجی کێشەکان کۆتایی بێت و ئارەزووی کیژۆڵە بگەڕێتەوە بۆ ناو

باوشی باوکی ؟ تـۆ بڵێـی دەرگـا داخراوەکـان بکرێنـەوە و خەنـدە بگەڕێتـەوە بـۆ ژوورە چـۆڵەکانی مـاڵی مـن ؟ تـۆ بڵێـی ئـارەزوو بـێ بـاوك یـان بـێ دایـك نـەبێت ؟ تـۆ بڵێـی چارەنوس لە پشت نهێنیە وون بووەکانیەوە چـی سـەوز کردبێـت ؟ ئـەم خەیاڵانـە ئـەو میوانانە بوون کە بەردەوام کاتیان دەژمارد و چاوەڕوانی گەڕانـەوەی حاجیـان دەکـرد ، بـەلام بەداخـەوە ئـەم خەیاڵانـە هـەروەکو خـەوێك وابـوون و بەگەڕاندنـەوەی حـاجی ڕاچـەڵەکین ، چـونکە نائومێـدی بەرهـەمی سـەفەرەکەی بـوو بـەلام بـێ هیوانـە بـوو ، زۆریش دڵ نەوایی دڵەشکاوەکەمی کرد و دەیگوت من بەرپرسم بەرامبەر بەو کارە و هەرچـی لەتوانامـدا بێـت هـەوڵ دەدەم بـۆ چارەسـەر کردنـی ، لـە پـاش تێپـەڕبوونی مانگێـك بەسـەر سـەردانی یەکەمیـدا بـۆ جـاری دووهـەمین حـاجی ڕێگـای هـەولێری گرتەوەبەر و ئەمجارەشیان بۆ جارێکی دیکە گەڕاندمیەوە بۆ ناو جیهانی خەیاڵی جۆرا و جۆر ، بـەلام ئـەم جارەشـیان هیواکـان تـەنها خـەیاڵ بـوون و بەگەڕاندنـەوەی حـاجی زیاتر دەکولانەوە ، نەمدەزانی چی بکەم و چ ڕێگایەك بگرمەبەرچونکە ڕێگاکان بـەرەو تەسـك بوونـەوە و پردەکـانی پەڕینـەوەش بـۆ لوتکـەی هیـوا بـەرەو ڕووخـان خۆیـان دەردەخست و دەبوونە میوانی منـی خـاڵی لـە هیـوا ، خۆشەویسـتی و بیرکردنـەوەم لـە ئارەزوو ڕۆژانە دەبوونە سـەدان دڵۆپـە فرمێسـك و لـە نـاو چاوەکانمدا خۆیـان قـەتیس دەکرد ، بەلام باراندنی فرمێسکەکان چی سودێکیان هـەبوو بـۆ ئـاودانی کێڵگـەی حـەزە وون بووەکـان ، چـونکە کێڵگـەی هیواکـانم وەرزێکـی بـێ کۆتـایی لـە وشـکە سـاڵی ڕووی تێکرد بوو ، هەرچەندە لەو وەرزە وورد دەبوومـەوە و خوێندنـەوەم بـۆی دەکـرد تـەنها بەوشـکی دەمبینـی ، هـەموو ئـەم بیرکردنەوانـە تـەنها گۆشـەگیری زیاتریـان دەکـرد بـە میوانم و بە ناو بازنەیەکی خەیالاویدا دەیان خولاندمەوە ، هـەر بۆیـە دواجـار هـەموو ئەو بیرکردنەوانە هانیان دام بۆ جارێکی دیکە ببمەوە بە میوانی حاجی و شـاری کۆیـە

، ئـەمجارەیان پێکـەوە لەگـەڵ حاجیـدا بـەرە و هـەولێر و دیـداری ئـارەزوو و دیمـەن کەوتینەڕێ ، لـەم سەفەرەشـدا هـەموو هەوڵـەکانم خسـتە سـەرمێزەکەی ماڵەخـەزوورم ئاکـام دارێکـی بـێ بەرهـەم بـووە بەرهـەمی سـەفەرەکەم ، چـونکە ئـەوان لەسـەر بۆچـوونەکانی خۆیـان تونـدتر و دیمـەنیش هـەموو عەشـق وخۆشەویسـتیەکی لـە یادکردبوو .

تـەنها سـوودیش کـە هـەرگیز لـە ناخمـدا نامرێـت ئاشـنا بـوونم بـوو بەچـاوە قاوەییەکانی ئارەزووی جگەرگۆشەم .

ڕۆژگار بە ئارەزووی خۆی کاتەکانی تەمەنی دەبڕی و نائومێدیش تەنها کۆترێـك بوو کە بەردەوام دەمبینـی بـە ئاسمـانی منـدا دەسوڕایەوە ، (6)مـانگ تێپـەڕی بەسـەر تۆرانی دیمەن و چۆڵ بوونی ماڵێکی بێ نازدا ، تاوەکو لە ناکاو حاجی بوو بە میـوانم و لەگـەڵ یەکـەم چـرکەی چـاوپێکەوتنمدا ئـەو تێگەیشـتنەم لادروسـت بـوو هـەڵگری پـەیامێکی قـورس و پـڕ لـە خەمـە ، چـونکە تـەنها نـەوەکو لـە چاوەکانیدا بـەڵکو لـە ڕوخسـار و سـەرجەم ئەندامـەکانی لەشـیدا دەیـان قسـە و پرسـیار ئـەدووان و دەنگـی گریانیان لێوە دەهات .

بـە شـەرمێکی قـوڵ و بـەدڵێکی پـڕەوە پێـی ڕاگەیانـدم کـە دیمـەن وخانـەوادەی دیمەن دووڕێگایان بۆ تۆ کردووە بە دیاری ، یاخود گواستنەوەت بەرەو شاری هـەولێر ، یان دابڕان و تـەڵاق ، ئـەم پەیامـە و گیـان کێشـانم لـە یـەك هاوکێشـەدا دەبینـی بـەڵکو تەنها جیاوەزییەکم نەدەخوێندەوە لە نێوانیاندا ، چـونکە دابـڕان بـەواتای وون بـوونی چاوەکانی ئارەزوو و دیمەن ، بـەواتای نەبینینـەوەی ڕوحـە جوانـەکانی ڕابـوردووی نـاو یادگاریەکان ، واتای هەڵبژارندنی سەختترین ڕێگا ، واتای مـەرگی جوانترین ساوای بـێ تـاوان ، بـەم بۆچـوونەیان توشـی شـێت گـیری هـاتم وڕقێکـی تونـدی کـرد بـە میـوانی

بیرکردنـەوەکانم ، لـەم هەڵوێسـتەیاندا گەیشـتمە کۆتـایی وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی کـە کێشـەکان بـە بـارکردن توشـی مـەرگ نـابن و بـە بـارکرن دەرگاکـانی خۆشەویسـتی ناکرێنەوە بۆ گەڕاندنەوەی دیمەن و ئارەزوو ، ئەو زەنگە جارێکی دیکە دای لە خـەیاڵم کە لە پشت بارکردنەوەش بۆ شاری هەولێردەیان ڕێگای نادیـار و مەترسیدارتر لـە نـاو خەیاڵی دیمەن و ماڵی باوکیدا خۆی مەڵاس داوە ، هەر بۆیە بە حاجیم گوت بـارکردن بۆ شاری هەولێر واتای هەڵبـژاردنی کارەساتێکی نادیـار و ڕووخانـدنی ژیـانی مـن ، بـۆ ڕێگای دووهەمیش هیچ کاتێك بڕیاری تەڵاق نابێتە ئەو وانەیەی من بە زۆر بیخـوێنم و بڕیاری لەو شێوەیەشم پێ قبوڵ ناکرێـت ، خۆشەویستی و خزمایـەتی ئـەوان هـەروا بەئاسانی ناکەم بە کۆترێکی بە زۆر هەڵفرێنراو ، تکام وایـە ئـەم پەیامـەی منیـان پـێ بگەیەنـە و باکـار لـە کـار نـەترازێت ، چونکە ژیـانی هاوسـەری و خزمایـەتی تـەنها بـۆ تەمەنێکی دیاری کراونیە ، تەنها ئەوانن ماڵە خەزووری من ، منداڵی منیش لە نـەوەی ئەوانە ، ئەم پەیامەم بە حاجیدا گەڕاندەوە بۆ هەولێر و بۆ ماڵێك کە پڕبـوو لـە ڕق و لە بیرکردنەوەی هەڵە ، بەڵام دەبێت ئەم پەیامانە چ جـۆرە سـوودێکیان هـەبێت یـان چ سۆزێك دروست بکات لە ناو خێزانێکدا کـە بـیر لـە دواڕۆژی پـاکترین خۆشەویسـتی نـاو ناخی مرۆڤێك نەکەنەوە ، یاخود بیر لە چارەنوسی ساوایەکی بێ دەسەڵات و بـێ تـاوان نەکەنەوە ، بێشك سۆز و بیر کردنەوە ئـەو پەیامـە بـوو کـە لەگـەڵ بیرکردنـەوەی ئـەو خێزانەدا ببوونە دوو شتی دژ بە یەك ، هەر بۆیـە دیمـەن و ماڵـە بـاوانی هـەموو شـتە جوانـەکانیان لـە گـۆڕ نـاو خۆشەویسـتی و چارەنوسـی سـێ مرۆڤیـان گەیانـدە دادگـاو ڕاکێشـان بـۆ نـاو جیهـانی ووشـەیەك کـە نـاوی تەڵاقـە ، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە دادگـا سکاڵایان لەسەر بێگەردترین مرۆڤ تۆمارکرد ، دیمەن ئەو ڕێگایـەی کـردە دوا ئامـانج و حەز و ئارەزووی دایك و براکانی پێ ئاودا و ئـارەزوو ئارەزووەکـانی منیشـی تیـا ووشـك

کرد ، تاوەکو ڕۆژێك لە ڕێگای پۆلیسەوە ئاگادار کرامەوە کە سەردانی دادگا بکەم لە شاری هەولێر .

لە ڕۆژی ئاماژە پێکراودا لەو دادگایە ئامادەبم ، بەم ئاگادارکردنەوەیە گوڵەکانی بەختەوەری توشی هەڵوەرین هاتن ، هیوا و حەزەجوانەکان بوون بە میوانی دادگا ، لە یەکەم ڕۆژی دادگادا هەموو جۆرە دابڕانێکم شەرمەزار کرد و گوتم هەرگیز بڕیارێك قبوڵ ناکەم کە ژاکاندن و هەڵوەرینی چارەنوسی تێدابێت ، بەڵام حەزە نەخۆشەکان سوور بوون لەسەر مردنی دوا ڕۆژی مرۆڤە بێ تاوانەکان ، لە پاش (6)مانگ هاتووچۆی دادگا ، دوا ئەنجام ئارەزوو بێ بەشکرا لە نازی باوك و دیمەنیش خۆشەویستی خۆی کرد بە قوربانی ئامانجە ڕزیوەکانی خۆی ، دوانامەی جیابوونەوەی کرد بە بڕوانامەی ژیانی ، هەرچەندە دادگا بەپێی یاساکانی خۆی ئارەزووی بەخشیەوە بە دیمەن ، بەڵام لە بەرامبەر ئەم بڕیارەشدا بێدەنگیم هەڵبژارد ، چونکە پێم وابوو ئارەزوو بە بێ دایك دەبێت بە منداڵێکی هەتیو ، قبوڵ کردنێکی زۆر سەخت بوو بەڵام دەبوایە هەر ئەو چارەنوسەم پەسەند بکردایە ، ئالەو ڕۆژە تاڵەوە من و سۆزی ئارەزوو ، من و خۆشەیستی و جیهانی ئارەزوو لە یەکتری وون بووین ، ئەو وون بوونەش بوو بەهۆی ئەوەی کە ئارەزوو تەنها هەروەکو خەیاڵێك لە جیهانی خۆمدا بیهێڵمەوە .

## جەمال هاوسەری دووەمی هێنا

جیابوونەوەم لە ئارەزوو و دیمەن واتای جیابوونەوە بوو لە ژیان ، لە خۆشەویستی ، لە سۆز ، لە هەموو بەها پیرۆزەکانی ژیان و مرۆڤایەتی ، ئێستاش کە بیر لە چرکە تاڵەکانی ئەو ڕۆژە دەکەمەوە هەست دەکەم ئازارێکی بەهێز هێرش دەکاتە سەر بیرکردنەوەم ، چونکە خۆشەویستی نێوان من و دیمەن ئەو گرێ بەستە

بوو هەرگیز بڕوام نەدەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان دووچاری هەڵوەشاندنەوە ببێت ، لە پاش کۆتایی هاتنی خۆشەویستی نێوان من و دیمەن و هەڵوەشاندنەوەی پیرۆزترین گرێ بەست لە نێوان دوو مرۆڤدا ، ئالەو ڕۆژەدا و لە یەکەم چرکەساتەکانی جیابوونەوەماندا ، لە ناو دادگای هەولێردا لەگەڵ هەندێك لە ئەندامانی خانەوادەی مالی دیمەندا توشی ڕوو بە ڕووبوونەوەیەکی توند و تاڵ هاتین ، بگرە ئازارێکی زۆرمان بە یەکتری گەیاند و لە ڕێگای پۆلیس وخەڵکی ناو دادگاوە لە یەکتری جیاکراینەوە ، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی وون بوونی ئارەزوو بوو لە منی باوك ، چونکە ئەم گرفتە ڕقەکانی زیاتر کرد و دەرگای بەسەر هەموو هیواکانی دیتنەوەی ئارەزوودا داخست ، بەلاّم شەڕی من لەسەر ماف و لە پێناوی خۆشەویستی دیمەن و پیرۆزی ئارەزوودا بوو ، ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەوانیش بەرانبەر بە ڕاستی و هێرشی ناڕەوا بوو بۆ سەر مافی مرۆڤێکی خاوەن ماف ، لە پاش دەسکەوتنی نامەیەکی پڕ لە ژەهر کە تۆمارەکانی ناوی بریتی بوو لە ووشە و لە نوسینی دابڕان ، گەڕامەوە بۆ شاری سلێمانی و دونیایەکی دیکە کە لەگەڵ جیهانی مرۆڤە بێ ڕوحەکاندا هاوتای یەکتری بوون ، پرسەی دابڕان و ماڵ ئاواییم لە ڕوحە پیرۆزەکانی تەمەنی ڕابوردووم بەشێوەیەك بوو ، هەموو کەس هەستی پێدەکرد ، چونکە دانانی پرسە بۆ دابڕان لە دوو ڕوحی ئەفسوناوی تەنها لە خەیاڵدا یاخود لە ناو بیرکردنەوەمدا سەوز نە بوو بوو ، بەڵکو ڕوخساریشم نیشانەی پرسەی دابڕانی لە ئامێز گرتبوو ، هێشتنەوەی ڕیش و پۆشینی پۆشاکی ڕەش یەکێك بوو لەو نیشانانەی کە هاواریان دەکرد و لەگەڵ چاوەکانمدا ئەوانیش فرمێسکیان دەڕشت ، هەڵفڕینی خەندە و بارانی فرمێسك هەموو ئەو ئازیزانەبوون کە میوانێکی هەمیشەییم بوون ، لە ناو ژیانی مندا کات ئەو دەریاچە وەستاوە بوو هەر لە جێگای خۆیدا شەپۆلی ئەدا ، چونکە خەمەکان لە ناو

نامەی تەنهاییدا وەستا بوون و منیان کردبوو بە چیرۆك و خەڵکی لە شەوانی بەر ئاگرداندا دەیان گێڕایەوە و گوتە و باسیان لەسەر دەکرد ، وێنەی ئارەزوو و دیمەنیش ئەو دوو وێنەیە بوون کە لە ناو بازنەی مانگدا کێشرابوون و هەموو کات لە بەرانبەر چاوەکانمدا خۆیان نمایش دەکرد و لەسەر بەرگی سەرینەکەشم بە ڕەنگی جوانترین مرۆڤ کێشرابوون ، شەوانە ئەگەر بۆ چەند چرکەیەك خەیاڵیش بەجێی بهێشتمایە و خەوبببوایەتە میوانی چاوەکانم ئەوا لە ناو ڕوحی ئەو خەوەشدا دوو میوان دەهاتنە میوانیم ، کە بێشك ئەوانیش ئارەزوو و دیمەن بوون ، بەلأم هەموو ئەو بیرکردنەوانە هیچ بەرهەمێکیان پێ نەدەگەیاندم هەستم دەکرد هەروەکو مۆم هێدی هێدی تواندنەوە ، گۆشەگیری ، دابڕان ، لە بیرچونەوە ، دەبن بە ناسنامەی ژیانی کەسێتیم ، ئەم خالأنەی سەرەوەش بووە هۆی لە دایك بوونی گوشارێکی تونـد لە لایەن هەموو ئەو کەسانەی ئاشنا بوون بەو چیرۆکە تاڵەی کە لە ناو ژیانی مندا ڕەنگی دابووەوە ، هەموو ئەو کەسانە هەوڵیان دەدا ناسنامەی کەسێتیم بدۆزنەوە و لە ناو ژیانێکی دیکەدا بمخەوێنن ، بۆ ماوەیەکی زۆر داواکاری هەموویانم گەڕاندەوە ، بەلأم ئاکام گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە چیتر نە دیمەن و نە ئارەزوو ناگەڕێنەوە ناو ئەو ژوورانەی کە سەردەمانێك شانۆگەری پاکترین خۆشەویستیان تێدانمایش دەکرد ، هەربۆیە بڕیارمدا هەموو خەمەکان لەگەڵ باراندا ببارێنمە ناو زەوی و لە جێگایان ژیانێکی نوێتر و کە پەڕەێکی تازەتر هەڵبدەم ، بەلأم ئەم جارەیان بەشێوەیەکی جیاوازتر و بە بیرکردنەوەیەکی هێمن و ژیرانەتر ، لە هەنگاوی یەکەمدا سەرجەم کەلوپەل و یادگاریەکانی ئەو ماڵەم هەڕاج فرۆش کرد ، کەسەر دەمانێك پڕبوون لە یادگاری و پێکەنینی نێوان ڕوحە وون بوو و دابڕاوەکان ، پاشان خانووەکەشم فرۆشت و لە گەڕەکی کارێزەوشك خانوویەکی دیکەم کڕی ، بەلأم ئەم جارەیان بڕیارمدا خۆم

هێڵەکانی چارەنوسم دیاری بکەم و ئامانجی دووەم لەسەر بیرکردنەوەی خۆم بێت نەوەکو حاجی یەکی دیکە ، زۆرێك لە خزمان کەوتنە هاوکاریم و هەریەکە و بە فلاٌنێکەوە دەهاتە ناو بابەتەکەوە ، بەلاٌم بە هەموویانم دەگوت فلاٌنەکانی ئێوەبڤە و ژیانی خۆم بە بیرکردنەوی خۆم هێڵەکانی دەکێشم ، چونکە لەنامەی پێشودا ، دادگا بووەهۆی داخستنی دێرەکانی لە ناو زەرفێکدا کە تاوەکو ئێستا ڕەنگی مەرەکبی ئەو قەڵەمەی ئەو نامەیەی پێ نوسراوە لە ناو هەستمدا ڕەنگ ئەداتەوە ، ئەزموونم لەگەڵ ژیانی دیمەندا بووە ئەو وانەیەی فێری ئەوەبم خۆم بنوسم نەوەکوحاجیەکی دیکە لە جیاتیم قەڵەمی چارەنوس هەڵبگرێت و بۆم بنوسێت ، ئاکام بەکیژێك ئاشنابووم بە ناوی (ژیان) و ژیانم کرد بە ئەو مرۆڤەی لە ناخ و بیرکردنەوەی خۆمدا نەخشەی بۆ بکێشم و بیخمەمە ژێر ئەزمونی ڕابوردوومەوە ، بەلاٌم پاش (6)مانگ لە ئەزموونم لەگەڵ جیهانی ژیاندا لە ئاکامدا گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە بەڵێ ژیان نیشانەکانی ژیانی تیاسەوزبووە ، پاشان خوازبێنی ژیانم کرد و نەخشەکانی داخوازیشم هەموو بەسەرکەوتویی هاواری خۆیان ڕاگەیاند ، ماڵی باوکی ژیان بەوە گەشبین بوون کە من لە ناو ژیانی ژیاندا سەوز بکەن ، لێرەوە ژیانێکی نوێتر بووە چارەنوسی منی تێك شکاو .

لەگەڵ مرۆڤێکدا کە شایستەی بە نرخترین دیاری گوێ زەویە ، لە پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ژیانی هاوسەری من و ژیاندا ، پاشان هەردووکمان بووین بە دایك و باوك و خودا کوڕێکی پێ بەخشین ناومان لێنا دابان و ئێستا دابان هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیە و جگە لە دابان باوکی دوو کوڕ و کیژێکی دیکەم لە ژیان کە ئەوانیش هەموو قوتابین لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا ، ژیانی من بەواتای ژیانێکی نوێتر و ڕەنگین تر لەگەڵ ژیاندا هەنگاو دەنێت چونکە ژیان بەواتا هەڵگری

ناوی ژیانە ، هەرچەندە بە درێـژایی هـەموو ئـەو تەمەنـەم کە لـە ئـارەزوو دابـڕاوم و لەگەڵ ژیاندا ژیاوم بۆ تەنها ساتێکیش ڕوخساری ئارەزووم لەچاوەکانمدا نەتۆرانـدووە ، بـەلاّم بۆئـەوەی نەکەومـە نـاو گێـژاوێکی کۆمەلاّیەتیـەوە و ژیـانم بـەرەو فرمێسك و کارەسـات هـەنگاو نـەنێت ، ئـارەزووم کـرد بـەو نهێنیـە کـە لـە چـاوی خـۆم و لـە هەمووچاوەکانی دیکەش وونم کـرد ، بـەلاّم ئاکـام ئـەو گێـژاوە بـەڕەنگێکی دیکە هـەڵی کرد و چیرۆکێکی هێنایە بوون کە بڕواناکەم تاوەکو ئێستاچیرۆکی لەو چەشـنە لـە نـاو مرۆڤایەتیدا دایکی هەبێت .

## دابـان و چوار ساڵ خۆشەویستی لەگەڵ ئارەزووی خوشکیدا

چوونە ناو ژیانی جەمال و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی ئەو مرۆڤەی کـە لـە لاپـەرەکانی پێشـودا باسمـان کـرد کۆتـایی ئەوچـیرۆکە نیـە کـە تـۆی خوێنەرچـەند خولەکێکـە چـاوت کردووەتـە خوێنـەری دێڕەکـانی ، بـەڵکو ئـەوە سـەرەتای دەسـپێکی چیرۆکە کەبوو ، کۆتـایی ئـەو چیرۆکە ئـەو ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەیە کـە کاتیـك بـەم هەواڵـە ئاشـنا کـرام هـەژینێکی بـێ سـنوور ڕووی تێکـردم لـە پـاش مانـدوبونێکی زۆر توانیم گوێبیستی دوا ووشـەکانی چیرۆکەکەببم و پاشـان تـۆی خوێنەریشـی پـێ ئاشـنا بکـەم ، بێگومـان گەیشـتن بـە کۆتـایی ڕووداوێکـی لـەم ڕەنگـە و هەڵدانـەوەی لاپـەڕە نهێنیەکانی بەرهەمی دەیان ڕۆژ و شەوی بێ ووچان و بڕینی سـەدان کیلۆمـەتری ڕێگا و زۆر ڕێگری دیکەی کۆمەلاّیەتیە ، بەلاّم ئاشـنا بـوون بـەڕووداوێکی وا سەرسـوڕهێنەر بێشك دەبێت لە پێناویدا مانـدوبوون بکـەیت بـە میـوانی و گەیشـتن بـە کۆتاییەکـەی ، خۆشەویستی ئەو بەها ڕەوشتیەیە کە مرۆڤ تاوەکو ئێستا نەیتوانیەوە هەروەکوخۆی

پێناسەی بکات ، چونکە جیهانێکە جیاوزترە لە هەموو کایەکانی دیکەی ژیان ئەو مرۆڤانەی دەبن بە میوانی ئەم جیهانە سەرسوڕهێنەرەی ژیان لە سەرەتای تێکەڵ بوونیان بەم پەیامە ڕوحیە هەموو هەستەکانی دوێنێیان وون دەکەن و بەرەو ئامێزی ئاسمانێك هەڵدەفڕن تەنها هێندە خۆیان دەبینن کەوا لە جیهانێکی دیکەوە ڕایان دەکێشن ، ئالەم کاتەدا مرۆڤ هەر چەندە بەهێزبێت ناتوانێت لە بەرامبەرئەو پەرستگایەدا مل کەچ نەکات کە بانگی دەکات و ڕای دەکێشێت ، دەبا ئێستا پێکەوە سەفەرێك بکەین بەنێو ئەلبوومی ئەو ئەویندارییەدا کە ماوەی (4)ساڵ دابان وێنەی خۆشەویستی خۆی و ئارەزووی خوشکی تیاکێشا .

لە تەمەنی ( 14)ساڵاندا قۆناغی پۆلی سێیەمی ناوەندیم تەواو کرد ، چونکە لە تەمەنی (5)ساڵیدا باوکم منی خستبووە قوتابخانە ، بەپێی یاساکانی خوێندن و چوونە قوتابخانە ئەمە کارێکی گونجاو و یاسایی نیە و دژە بە یاساکانی پەروەردەیە ، بەلاَم ئەم کارە چۆن سازدرا و ئەو هۆکارانە چی بوون کە بوون بە هۆی وەرگرتنم لە قۆناغی یەکەمی سەرەتایی ؟ وەلاَمی ئەم پرسیارە لە ناو جیهانی باوکمدایە و منیش هیچ ئاشنایەتیەکم نیە لەگەڵ نهێنیەکانیدا ، بەلاَم لەم تەمەنەدا بووم دێتەوە یادم لە کاتێکی ئێوارانداا دایکم پەردەی لەسەر وێنەیەك لادا کە هەرگیز من ئاشنا نە بووم کە لە ناو ئەلبوومی ماڵی ئێمەدا ڕووداوێکی وا نهێنی هەیە ، سەرەتا دایکم بە شێوەی چیرۆکێك چووە ناو ژیانی باوکمەوە و لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە سەرەتای دەسپێکی ناسینی نێوان خۆی و باوکم بوو ، بەلاَم پاشان هاتە سەر ئەوەی کە باوکم جگە لە خۆی هاوسەرێکی دیکەی هەبووە و پاشان بەهۆی نەگونجانیانەوە لەگەڵ باوکمدا توشی دابڕان و جیابوونەوە هاتوون ، هەرچەندە دایکم ئەو گەواهیەی دا کە هۆکاری جیابونەوەکەیان لە لایەن باوکەمەوە نە بووە بەڵکو باوکم بەشێوەیەکی

سەرسوڕهێنەر خۆشەویستی خۆی پێ بەخشیوە ، لە ناوەڕاستی باسەکەدا بەو نهێنیە ئاشنای کردم کە لەو هاوسەرەی دیکەی کیژێکی هەبووە ، بەلامەوە گێڕانەوەی ڕووداوێکی سەیر بوو تەنها هەروەکو خەیاڵ وێنام دەکرد پاشان دایکم کۆتایی بەو چیرۆکە نهێنیە هێنا و منیش بۆ دەسکەوتنی زانیاری زیاتر لەسەر دێڕەکانی ناوەوەی چیرۆکەکە کەوتمە کۆمەڵە پرسیارێکی لە یەکچوو ، بەلاّم دایکم وەلاّمی پرسیارەکانی لادەست نەدەکەوت ، ئەم چیرۆکە لە ناخی مندا خۆی ناشت و لەگەڵیدا کەوتمە بیرکردنەوە لە دەیان پرسیار و گریمان ڕۆژانە هەموو ئەو پرسیار و گریمانانەم دەبردەوە بەردەمی دایکم بۆ ئەوەی وەلاّمم دەست بکەوێت ، بەلاّم هەمووی بێ وەلاّم دەهاتنەوە ناو بازنەی بیرکردنەوەم ، زۆرکات دەمویست ئەم باسە لەگەڵ باوکمدا بکەمە گفتوگۆ و بەدوای نهێنیە وون بووەکانی ئەو ژیانەدا بگەڕێم ، بەلاّم ئاکام شەرمێك دەبووە هۆی پاشگەزبوونەوەم لەم بیرۆکەیەدا ، هەر بۆیە داوام لە دایکم کرد پرسیارەکان بگوازێتەوە بۆ باوکم و وەلاّمی گونجاو و دروستم بۆ بهێنێتەوە ، بەلاّم دایکم ئەم داخوازییەی منی بەلاوە قورس بوو ، چونکە باسی ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە لە ڕابوردوودا لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆی لەگەڵ باوکم کردووە و باوکم لە بەرامبەریدا بێدەنگی هەڵبژاردووە ، دایکم پێی گوتم ئەگەرخۆشەویستیت بۆ باوکت هەیە ئەم بابەتە لە یادی خۆت دەربهێنە ، چونکە باوکت بەچوونە ناو ئەم ڕابوردووە برینەکانی پێشووی دەکولێتەوە و هەرکاتێك ئەو ڕۆژگارانە بێتەوە یادی ، خەمۆکی و ماتی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك دەبێتە میوانی ، تاڕادەیەك ئەم داخوازییەی دایکم قبوڵ کرد و هەوڵمدا ئەو بابەتە لە یادی خۆمدا هەڵفڕێنم ، بۆ ماوەیەکی درێژ زاڵبووم بەسەر هەموو ئەو پرسیارە وون بووانەدا ، تاوەکو تێگەیشتنی زیاترم لە ژیان لادروست بوو ، هەستم بە خۆناسینەوەی زیاتری خۆم دەکرد ، بەلاّم هەروەکو باسێکی

زیندوش جار بە جار لە ناو خەیاڵمدا زەنگی خۆی لێ دەدا ، تاوەکو ڕۆژێك لەگەڵ خوشك و براکانمدا سەفەرێکی ناو ژیانی باوکمم بۆیان کردەباسی ئەو ڕۆژە و ئەوانیشم بەم ڕووداوە ئاشنا کرد ، ئەوانیش هەروەکو من بەلایانەوە باسێکی نوێی خێزانی بوو، هەربۆیە بڕیارماندا ئەم باسە لەگەڵ مامە سۆرانمدا باس بکەین کە دەکاتە برای باوکم بەلاَم لە باوکم بچوکترە ، مامە سۆرانم بووە میوانمان و لەسەر ئەم ڕووداوە ڕووبەڕوی سەرجەم ئەو پرسیارانەمان کردەوە کە تەمەنێکە لە ناو هەستمدا میوانبوون ، پێم گوت زۆر لە مێژە بەدوای وەلاَمی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێم و بەتەواوەتی هەستیان داگیر کردووم ، ئەویش بۆ وەلاَمی پرسیارەکان مەرجێکی دانا کە بە هیچ شێوەیەك ئەم بابەتە لای باوکمان باس نەکەین ، چونکە ئەویش هەمان ڕاوبۆچونی دایکمی لا دروست بوو بوو ، پاشان بەڵێنمان پێدا کە مەرجەکەی بە پیرۆزی لەلای خۆمان بهێڵینەوە ، مامم گوتی باوکت ئەو هاوسەرەی دیکەی هاوشێوەی دایکتان خۆشدەویست و بەلایەوە پیرۆزترین مرۆڤ بوو هەر بۆیە ئەگەر باوکتان بگەڕێننەوە بۆ ناو ئەو مێژووە ئەوا دوورنیە توشی نەخۆشی دەروونی نەیەت ، مامم باسی سەرجەم ڕووداوەکانی نیوان باوکم و هاوسەرەکەی پێشووی بۆ کردین ، بەلاَم نەیدەزانی ئەو کیژەی کە هەیبوو ناوی چی بوو ، چونکە گوتی تەمەنی دوو مانگ بوو کە ئەو ڕووداوە ڕویدا منداڵەکەی هێندە قەڵەو و خرپن بوو هەمووومان پێمان دەگوت خەپە ، بەلاَم لە ناسنامەدا ناوی چیە ئەوە تەنها باوکت بە ناوی ڕاستی ئەو کیژە ئاشنایە و لەوکاتەوەی توشی دابڕان بوون تاوەکو ئێستا هیچ زانیاریەکمان لەسەر ژیانی ئەو کچە و ئەو خێزانە نیە ، چونکە لە دوا ڕۆژی دادگا و جیابوونەوەی لەگەڵ دایکی خەپەدا لە ناو حەوشەی دادگادا نەوەکو تەنها باوکت بەڵکو هەمووان لەگەڵ خانەوادەی ئەوژنەدا توشی شەڕهاتین و ئەمەش بووەهۆی ئەوەی کە پردی

پەیوەندێکانی نێوان ئێمە و ئەوان بەتەواوەتی کۆتایی پێ بێت ، مامم بەزۆر ڕوداوی ناو خێزانەکەمانی ئاشنا کردین منیش هەوڵمدا خۆم لە ناو نهێنیەکانی ئەو بابەتەدا دەربازبکەم و لە ناخی خۆمدا کاڵی بکەمەوە ، چونکە نەمدەویست باوکم بگێڕمەوە بۆ ناو ڕابووردوویەکی تاڵ ، لەگەڵ ئەوەشدا ترسێکی دیکە زەنگی خۆی لێ ئەدا ، ئەترسام بەورووژاندنی ئەم چیرۆکە باوکم و دایکم توشی ڕووداوێکی هاوشێوەی پێشوببن ، لە کۆتاییدا تێگەیشتم کە ئەو ترسە ڕاستییە و دایکم بە هەموو ڕوداوەکان ئاشنایە بەڵام ڕقی لە ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکە بوو ، کات تەمەنی دەبڕی و منیش قۆناغی شەشەمی ئامادەییم بڕی ، لە کاتی پڕکردنەوەی فۆرمی وەرگرتندا داوای کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی سلێمانی و کۆلێژی ئادابم کرد لە زانکۆی سەلاحەدین ، بەڵام ئاکام چارەنوس وابوو کە ناوم لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین دەرچوو ، لەبەشی مێژوو سەرەتای چوونم بۆ شارێکی دیکە و بۆ قۆناغێکی دیکەی خوێندن ، بێشك لاپەڕەیەکی نوێ بوو بۆ ژیانی من و ئاشنا بوونم بوو بۆ کۆمەڵە کەلتورێکی جیاوازتر لە ڕووی جوگرافیا و لە ڕووی تێکەڵ بوونم بە مرۆڤگەلێکی کەی شارەکانی دیکەی کوردستان ، لە بەشی ناوخۆیی سێتاقان جێگای پشودانم وەرگرت لەگەڵ کۆمەڵە قوتابیەکی دیکەدا ، ژیان بەرەو ناو کۆلێژ ئەدای ژیانێکی جیاوازترە لە ڕابوردوو لێرەوە ژیانێکی نوێتر دەستی پێکرد بەڵام هەرەکو باوە لە ناو قوتابیانی قۆناغەکانی خوێندن دا ، قوتابیانی قۆناغی یەکەم بەقازەکان بانگ دەکرێن ، یاخود تانە دەکرێن لەلایەن قۆناغەکانی سەروو ترەوە ، منیش ساڵی یەکەم و سەرەتای دەسپێکم بوو بۆ ناو کۆلێژ هەر بۆیە بە قاز بانگ هێشت دەکرام و بەڵکو زۆرجار لە قۆناغەکانی یەکەم بۆ سەرەوە دەکەوتنە دوامان هاوشێوەی ئاوازی قاز بەقی ، قی توشی ئەو پەڕی بێزاریان دەکردین ، بەڵام پێمان وابوو ئەمە تۆڵەیە و خۆشیان هاوشێوەی ئێمە بە

قوناغی قازیدا تێپەڕیون ، هەر لە ناو کۆلێژی ئاداب دا کیژێکی هاوڕێم بـە نـاوی چـنار هەبوو خەڵکی شاری سلێمانی و پێشتر لە سەنتەری ڕۆشنبیری........لـە شـاری سـلێمانی پێکەوە کارمان دەکرد ، بەڵام ئەویش قوتابی بوو قۆناغێك لە پێش منـەوە بـوو ، هـەر لەسەرەتای چوونمدا بۆ ناو کۆلێژ لەگەڵ چناردا بە دیـداری یـەکتری ئاشـنا بووینـەوە ، واڕێکەوت ڕۆژێك لە سلێمانیەوە پێکەوە چووینەوە بۆ هەولێر .

هاوڕێیـەتیمان لەگـەڵ چـناردا زۆرگـەرم بـوو ، تـاوەکو ڕۆژێـك لـە نـاو حەوشـەی کۆلێژدا چنار و کیژێکی هاوڕێی بەرەوڕووم هـاتن ، لەگـەڵ دەرکـەوتنیان هەسـتم بـەوە دەکرد چاوەکانم و بەڵکو دڵیشم بـەرەو نـاو دونیـای جـوانی ئـەو کیـژەی هـاوڕێی چـنار کەوتە ترپە و جوڵە کردن ، کاتێك گەیشتینە یەکتری چنار بەشێوەی قاز منـی ئاشـنای ئەوکیـژە کـردوو گـوتی ئەمـە دابـانی قـازە و خـەڵکی شـاری سـلێمانیە و هـاوڕێ یـەکی خۆشەویستمە و پێکەوە مـاوەی(3)سـاڵ لەسـەنتەرێکی ڕۆشـنبیری بـووین ، کیژەکـەش چاوەکانی هەڵبڕی و بەشەرمێکەوە گوتی خۆشحاڵم ، زۆر کـات لـە نـاو کۆمەڵـە قازێکـدا قازێکی جوان هەڵدەکەوێت ، پاشان چناری هاوڕێم ئەو کیژەی بـە مـن ناسـاند و گـوتی ئەمەش ئارەزووی هاوڕێم قوتابی قۆناغی دووەم لە بەشـی عـەرەبی ، منـیش بەهـەمان شێوەی ئارەزوو خۆشحاڵی خۆم دەربڕی بۆ ناسینی ، بەڵام لەگەڵ یەکـەم گوتـەی ئـەودا کـە گـوتی زۆرجـار لـە نـاو کۆمەڵـە قازێکـدا قـازێکی جـوانتر هەڵدەکـەوێت کەوتمـە بیرکردنەوە و تێگەیشتم کە ئەو کیژە لە هەنگاوی یەکەمـدا نەخشـەی ڕوخساری منـی بـەلاوە قـازێکی جوانـە ، پـاش کـەمێك لـە گفتوگـۆ کـردن لەگـەڵ یەکتریـدا دابـڕاین و لەسەرجوڵە و پیاسە کردنی خۆمان بەردەوام بووین لە ناوحەوشەکەی کۆلێـژدا ، چـنار لەگــەڵ ئــارەزوودا و منــیش لەگــەڵ جیهــانی جــوانی ئــارەزوو ئەوگوتەیــەی کــە لــە بەرامبەرمدا درکاندی ، تـاوەکو دوو هەفتـە بەسـەر ئـەم دیـدارەدا تێپـەڕی بـەڵام سڵاو

کردن و هەواڵ پرسینی یەکتری وەکو کارێکی ئاسایی لێهاتبوو ، بەڵکو هەستم بەوە دەکرد ئەویش بە هەمان شێوەی من و بە هەمان هێڵدا هاتووچۆی دەکرد بەو هێڵەدا کە من پێیدا هاتووچۆم دەکرد ، لە هەموو دەرکەوتنەکانیشماندا بەرامبەر بە یەکتری نیگای چاوەکانمان گفتوگۆی دەکرد ، بەلاّم گویّ بیستی دەنگی یەکتری نەدەبووین ، بەیەکتریمان دەگوت خۆشەویستی ، لێك تێگەیشتن بەلاّم دەنگی یەکتریمان نەدەبیست ، وارێکەوت بۆجارێکی دیکە و بە پێچەوانەوە لەگەڵ چناری هاوڕێمدا چارەنوسمان چووە ناو یەك پاسەوە ، ئەم جارەیان بەرەو شاری سلێمانی ، بە هەلم زانی لەو سەفەرەدا بچمە ناو دونیای ئارەزووەوە و بیکەمە جوانترین لێدوانی ئەو ڕێگادووره ، هەر بۆیە کەوتمە پرسیار کردن لە چنار ، چناریش دانی بە نهێنیەکی ئارەزوودا نا کە لەسەر کەسایەتی من دەری بڕیبوو ، پێی گوتبوو ، کاتێك منت بەو کوڕە ناساند هەستم بە هەژینێك کرد کە هەروەکوو چەخماخەیەك بە ناو هەموو لاشەمدا بریسکەی ئەدا بەلامەوە کارێکی سەیربوو ، چونکە ئەمە یەکەم جارەخۆم بەو شێوەیە ببینم ، ئەوەی چنار بۆی گێڕامەوە زیاتر دڵخۆشی کردم ، چونکە منیش لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی ئەو کیژەدا هەستم بەوە دەکرد کە لێدانی دڵم زۆرتر بووە ، داخوازیم لە چنار کرد کە کار ئاسانی بنوێنێت لە نیوان هەردووکماندا تاوەکو جیهانێك لە پاکی خۆشەویستی بکەین بە کۆمارێك و ناوی بنێین کۆماری عەشق ، چنار بەوداوایەم توشی سەرسوڕمانێك هاتبوو بەلاّم نەی شاردەوەو زۆر ڕاشکاوانە گوتی زۆر لە مێژە من و تۆ هاورێی یەکترین و ماوەی(3)ساڵ لەیەك سەنتەری ڕۆشنبیریدا پێکەوە بووین ، بەلاّم ڕۆژێك لە ڕۆژان نەم بیست کە تۆبیر لە خۆشەویستی کەسێك بکەیتەوە ، ئارەزووش وا دوو ساڵە نزیکترین هاوڕێمە و زۆرجار ڕووبەڕووی داوای کوڕان بووەتەوە کەچی هەر هەمووی ڕەت دەکردەوە ، بەلاّم ئێستا هەردووکتان بە یەك دیدار

دەتانەوێت کۆماری خۆشەویستی لە نێوانتاندا دروست بکەن ، لە پێناوی خۆشەویستی ئێوەدا من ئامادەم بۆ هەموو کار ئاسانیەك ، چونکە هەردووکتان شایستەی ژیانی یەکترین ، هاتە سەرباسی کەسایەتی ئارەزوو زۆر بەژیرانە و بەگەورەیی لە ناو چەند پێناسەیەکدا کۆی کردەوە بە شێوەیەك کە زیاتر منی گۆشەگیری ڕوحی ئارەزوو کرد ، تاوەکو گەیشتینە شاری سلێمانی ئارەزوو تاکە چیرۆك بوو کە گفتوگۆمان لەسەری دەکرد ، پاشان بۆ ڕۆژی گەڕاندنەوەمان لەگەڵ چناردا کاتێکمان دەست نیشان کرد کە دەیکردە ڕۆژی شەممە ، بەلآم نەمدەزانی چۆن کاتەکانی ڕۆژی هەینی بەڕێ بکەم و هاوار لە ڕۆژی شەممە بکەم کە بەزووترین کات لە ڕوحی من خۆی نزیك بکاتەوە و ماڵ ئاوایی لە ڕۆژی هەینی ئەو هەفتەیە بکات ، ڕۆژی شەممە هات و گەڕاینەوە بۆ شاری هەولێر بۆ جارێکی دیکە داوام لە چنار کردەوە کە کۆماری ئەوینەکەی منی لە یاد نەچێت ،

چنارپەیامی خۆشەویستی منی گەیاندە ئارەزوو ، بەلآم ئارەزوو لەوەلآمدا داوای کاتی کردبوو کە زیاتر بیر لەو پەیامە بکاتەوە ، بەلآم کات چۆن و تاوەکو کەی ؟ تۆ بڵێی لە کاتی بیرکردنەوەیدا چۆن لە وداخوازیەی من بڕوانێت ؟ تۆ بڵێی منیش هاوشێوەی داخوازی کوڕانی پێش خۆم ڕەت نەکرێمەوە ؟ ئەم پرسیارانە ڕۆژانە لەگەڵمدا لە جوڵەدا بوون کەسیش نەبوو وەلآمم بداتەوە تەنها چاوەڕوانی کات نەبێت ، لە پاش دوو هەفتە لە بیرکردنەوە چنار پێی ڕاگەیاندم ، کە ئارەزوو داوای دیدارت دەکات بەلآم دیدارێك منیش لە ناویدا بوونم هەبێت وەلآمێکی خۆشبوو هەستم بە خۆشییەکی بەرچاو دەکرد ، هەر بەو بۆنەیەوە بڕیاری دیاریەکم بە چناردا ، کات و شوێنی دیدارەکە دەست نیشان کرا و لە ئێوارانێکی فێنکدا باخچەی گڵکەند ئامێزی گوڵەکانی بۆ ئەو دیدارە کردەوە و دەیان پرسیار و ڕاگۆڕینەوە بووە بەشێك لەو دیدارە

ئاکـام بڕیارمانــدا یــەکتری قبــوڵ بکــەین لەســەر بنــەمای خۆشەویســتیەکی ســپی خۆشەویستی نیوانمان لەم ئیوارەیەوە یەکەم ڕۆژی تەمەنی بڕی ، ژیـانی خۆشەویستی ڕێگای گرتەبەر دەیان یادگاری خۆش و ناخۆش بووە گوڵ و لە نـاو ئـەو عەشـقەداخۆی سەوز کرد ، متمانەیەکی بەهێز ببوو بە پردێك کە زۆر کات بـە یـەکتری دەگەیانـدین ، ئارەزوو لە یەکێك لە دیدارەکانماندا هاتەسەر ژیانی خۆی و پێی گوتم دابان گیان مرۆڤ کاتێك دێتە بوون و چاو بـۆ جـوانی ژیـان هەڵدێنێت ، بـێ ئاگایـە لـە هـەموو شـتەکان تەنها بە چاوەکانی شتە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەوروبەری دێنەپێش چاوی ، یـاخود کاتێـك کە برسی دەبێت گریانێك دەکـات بەقسـە و داوای شـیردەکات ، بـەلاّم کاتێـك کـە گـەورە دەبێت ئەو کاتە دەبیستێت کە لـە تەمـەنی منداڵیـدا چـی ڕوویـداوە لـە نزیکـی ، بـەلاّم ئەو بێ ئاگا بووە لەو ڕووداوانە ، ئارەزوو لەسەر گوتەکانی بەردەوام بـوو گـوتی کاتێـك منــیش هەســتم کــرد ڕەنگــەکان لــە یــەکتری جیابکەمــەوە و تێگەیشــنم بــۆ شــتەکان کراوەتربوو هەستم بەوە دەکرد تەنها دایکم هەیە و کەسێك نابینم نـاوی بـاوك بێـت ، هەر بۆیە هەمووکات لە دایکم دەپرسی دایە کێ باوکی منـە ؟ ئـەی بـاوکم لـە کوێیـە ؟ بۆ نایەتەوە ؟ دایکم بۆ وەلاّمی ئـەم پرسـیارانە پێـی دەگـوتم کچـە جوانەکـەم ، کاتێـك تەمەنت گەیشتە دوو مانگ باوکت لە ڕێگای کارەساتی ئۆتۆمبێلـەوە گیـانی لەدەسـتدا ، ئەمە وەلاّمی بێ باوکیم بوو کە هەموو جارێك لە دایکمـم دەبیسـت ، تەمـەننام دەکـرد بۆ تەنها ڕۆژێکیش بوایە بە ڕوخساری باوکم ئاشنا بوومایە و منیش هـەروەکو هـەموو ئەو منداڵای کە باوکیان هەبوو بۆیەکجار بم گوتایە باوەگیان ، دەبێت تامی باوك چۆن بێت ؟ دەبێت باوك ئەو کائینە بێت کە من زۆرم خۆشدەوێت ؟ خۆزگە باوکم بمایە و ئێستاخاوەنی خوشك و برای دیکە بومایـە ، لـە دوای کۆچـی بـاوکم لـە مـاڵی باپیرەمـدا لەگەڵ دایکمدا ژیاوین ، ئارەزوو بەشێوەیەك باسی گـەورەیی بـاوکی دەکـرد هـانی دەدام

کە زیاتر باوکمم خۆش بوێت و زیاترخۆشەویستیم بۆ باوکم پیرۆزتر بکەم ، لەگەڵ ئەم دەربڕینە جوانانەی دا فرمێسك بەری چاوەکانی دەگرت و منیشی بێ بەش نە دەکرد ، ئالێرەوە تێگەیشتم کە ئارەزوو بەهەتیوی بەخێوکراوە و کیژێکی بێ باوکە، ساڵی یەکەم و دووەمم لەگەڵ دونیای خۆشەویستی ئارەزوودا تێ پەڕاند، خۆشەویستیەك کە هەرگیز هەستم بەوە نەدەکرد من قوتابیم و والە شارێکی دیکەدا دەخوێنم ، ئارەزوو بە شێوەیەك هاتبووە ناو جیهانی منەوە کە پێم خۆش بوو هەموو کاتەکانی ساڵ دەرگای کۆلێژ کراوەبووایە ، ئەوەی کە من ڕقم لێی دەبووەوە پشووی ساڵ بوو ، بەلاَم نەمدەتوانی پشووی ساڵ هەروەکو پشوویەك تەماشا بکەم لە کاروانی خۆشەویستیدا ، هەر بۆیە لە ماوەی مانگێکدا دوو جار سەردانی شاری هەولێرم دەکرد و بە دیداری ئارەزوو شاد دەبووم ، چونکە ئارەزوو بەشێوەیەك تێکەلاَوی حەزی من ببوو ئەتوانم بلێم تەنها چرکەیەك نەبووە ژیانم بەبێ ئارەزوو کاتی بڕیبێت ،داستانی خۆشەویستی نێوانمان تەمەنی بەرەو ساڵی سێیەم بڕی ، ئارەزوو گەیشتە ساڵی چوارەمی کۆلێژ و کۆتایی ، منیش لە قۆناغی سێیەمدا ، بەلاَم ئەمەش یەکێك بوو لەو گرفتانەی کە من و ئارەزووی لە یەکتری دادەبڕی بەجیاوازی ساڵێك ، هەر بۆیە ئارەزوو بڕیاریدا لە ساڵی چوارەمدا خۆی بهێڵێتەوە ، هەرچەندە زۆر هەوڵمدا ئەو بڕیارە جێ بە جێ نەکات و ساڵێکی خوێندن نەکاتە قوربانی بەلاَم بێ سوود بوو ئارەزوو گوتی نەوەکو ساڵێك هەموو ساڵەکانی تەمەنم مولّکی تۆیە و لە پێناوی تۆدا ئامادەم بە یەك دەنکە شقارتە بیسووتێنم زۆر بە پیرۆزی لەو خۆشەویستییە بیری دەکردەوە هەرگیز قبوڵی نەدەکرد ساتەکانی تەمەنی بەبێ ڕوحی من بەڕێ بکات ، ساڵی سێهەمینم لە ناو کۆلێژدا کۆتایی هات ئارەزووش ئەو بڕیارەی دابووی جێ بەجێی کردوو خۆی لە ساڵی چوارەمدا هێشتەوە

بەو بڕیارەی هێندەی دیکە توانی لە ناو ناخی مندا خۆی پیرۆزتر ڕابگرێت و ئەو هەستەشی لای من دروست کرد کە هەروەکو پەرستگایەك لە ئارەزوو بڕوانم ، لە ڕاستیشدا هەروام دەبینی ئارەزوو مرۆڤێك بوو لە پاکیدا نەخشێنرا بوو ، ئارەزوو ڕوحێك بوو لە سپێتیدا لە دایك بوو بوو ، زۆر کات ترسێك دەبووە دێوەزمە و خۆی دەئالاندە ناو هەستی منەوە ئەم ترسە دەبووە پرسیار و هەموو ئەو کاتانەی دەهاتنە ناو هەست و بیرکردنەوەمەوە ، منیش لەگەڵ ئەم ترسەدا دەم پرسی ئەگەر ئەم ڕوحە بۆ هەمیشە نەبووە گوڵ لە باخچەی ژیانمدا ئەوکاتە ئەو ڕۆژانە چۆن دەبن کە بەبێ ڕوحی ئارەزوو تێپەڕدەبن ؟ بەلآم بۆ وەلآمی ئەم ترسە ئەو عەشقەم دەکرد بەو وەلآمە کە لە هەموو ترسەکان بەهێزتر بوون و لەسەر بنەمای ڕاستی پێیان گرتبوو ، لە ناو پشووی ئەو ساڵەشدا هەروەکو ساڵانی ڕابردوو لە مانگێکدا دووجار دەهاتمە سەردانی کردنی ئەو پەرستگایە و مۆبایلش ئەو ئامێرە بوو کە هێدی هێدی بەرە و زۆر بوون دەچوو ، هەروەکو دیاریەك باوکم مۆبایلێکی بۆ کڕیم منیش ئەو دیاریەم کردە دیاری بۆ ئارەزوو ، پاشان ئەویش هەمان جۆری دیاری بۆ من کڕیەوە ، پشووی ساڵ کۆتایی هاتووجارێکی دیکە من و ئارەزوو لە ناو کۆلێژدا بووینەوە بە میوانی ساڵی چوارەمین و کۆتایی هاتن بە قۆناغی خوێندن ، زۆرێك لە قوتابیانی بەشەکانمان ئاشنا بوو بوون بە ڕوخساری ئەو خۆشەویستیە و لەو خاڵەش تێگەیشتبوون کە مانەوەی ئارەزوو لە ساڵی چوارەمدا لە پێناوی عەشقی دابان دا بووە ، هەر بۆیە هەموو ئەو کەسانە خۆزگەیان بەو جیهانە پاکەی نێوانمان دەبردوو هەروەکو چیرۆکێك عاشقانی دیکە دەیانویست خۆیانی تیابنوسنەوە ، چونکە تەنها پاکی و ڕاستگۆیی شیرینیەکانی ناو ئەو ئەوینە بوون ، ساڵی چوارەم لەگەڵ دەیان یادگاری پڕ لە خۆشەویستیدا هێدی هێدی بەرە و کۆتایی هەنگاوی دەنا و

خۆشەویستی نێوانمان بەرەو لوتکە ڕێگای دەبڕی ، هەردووکمان بڕیارماندا لە دوای تەواو بوونی کۆلێژ جیهانی پەیوەندی ئەویندارى بگوازینەوە بۆ ناو جیهانی ئەوینی هاوسەرگیری ، بۆ ئەم مەبەستەش لە ناو دیدارێکی تایبەتیدا کەوتینە گفتوگۆ و ئارەزوو گوتی لە یادم دێت لە ناو یەکێك لە دیدارەکانماندا باسی جیهانی بێ باوکیم بۆ تۆ کردە بابەتێك ، بەلاّم لە دوای ئەوەی کە تۆم ناسی و لە ناو فەرهەنگی خۆمدا تۆم کردە جوانترین ووشە ، لەو ڕۆژەوە واهەست دەکەم تۆ تەنها ئەویندارم نەبوویتە ، بەڵکو بۆشایی باوکایەتیشت بۆ من بەڕاستگویی و بە پاکی پڕکردووەتەوە ، هەر بۆیە تۆ بەرزترین سامانی ناو ژیانی منی ، بەلاّم بۆ ئەوەی ئەو سامانە لە ماڵێکی بەهاداردا کۆبکەینەوە وابزانم ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بیر لە کەرەستەکانی ئەو ماڵە بکەینەوە ، تەنها شت کە من دەمە وێت بیکەمە کۆڵەگە و لە تۆی داوا بکەم کۆڵەگەی خۆشەویستیە لە خۆشەویستی زیاتر من هیچ داوایەکی دیکەم نیە ، داخوازییەکەی زۆرجوان بوو لە بەرامبەردا سوپاسم کرد و بەلێنم پێدا کە لە نزیکترین کاتدا بیکەمە سەرۆك کۆماری خۆشەویستی هاوسەرگیری ، بڕوانامەی زانکۆ ئەو خەلاّتە بوو کە بووە دیاری دەستی هەردووکمان و هەریەك لای خۆمانەوە بڕیارماندا جگە لەو بڕوانامەیە بڕوانامەی عەشق و خۆشەویستیش هاوپێچ بکەین لەگەڵ نمرەکانماندا و بیکەینە دیاری دەستمان و پێشکەشی ئەندامانی خانەوادەکانمانی بکەین ، بۆ ئەم مەبەستەش توانیم لەگەڵ دایکمدا هەروەکو سەرەتایەك بکەومە گفتوگۆ و باسی چوار ساڵ خۆشەویستی نیوان خۆم و ئارەزووی بۆ بکەم بە جوانترین خەیاڵ و ئەویش زۆر بەرێزەوە تێروانینی خۆی خستە ناو بازنەی خۆشحاڵیەوە و گوتی هەرچی لەتوانا و دەسەلاّتی مندابێت دەیکەمە دلۆپە ئاوێك و خۆشەویستی نێوان تۆ و ئارەزووی پێ گەورە و پیرۆزدەکەم ، بۆ ئەم مەبەستە داوام لە دایکم کرد

ئـەم چـیرۆکە بـۆ کـاك جـەمالی بـاوکم بـاس بکـات و پێـی بڵێـت داوای پشـگیری تـۆ دەکـات ، دایکـم پەیامەکـەمی بـە بـاوکم گەیانـد و بـاوکم هـاوڕا بـوو لەگـەڵ داخوازیەکەی مندا بـەلاَم گوتبـوی بـا خـۆم لەگـەڵ دابـان باسـی بکـەم ، پەیوەنـدیم بـە ئارەزووە وە کرد و خۆشحاڵی باوکم و دایکمـم پـێ ڕاگەیانـد و ئـارەزووش جگـە لـە دڵ خۆشی داوای کـرد هـەر ئـەو ڕۆژە بگەمـە هـەولێر بەمەبەستی کارێکی تایبـەتی ، زۆر هەوڵمدا لە ڕێگای تێلەفۆنەوە پێم بڵێت بەلاَم ئەو تەنها ووشەیەکی لەسەر ئەو دیـدارە کتـوپڕە نەدرکانـد ، هـەر بۆیـە لەسـەر فـەرمانی ئـارەزوو بـەرەو هـەولێر بەڕێکـەوتم و لەگەڵ ئارەزوودا بەیەکتری شادبووین ، کاتێك چاوم بـە ڕوخساری کـەوت هەسـتم کـرد لـە ڕوخساریدا هێمایـەکی تاریـك خـۆی نمـایش دەکـات چـونکە هـەرگیز ئـارەزووم بـەو شـێوەیە نـەبینیبوو ، زۆر هەوڵمـدا زۆر زوو لـەو پشـێویەی ئاشـنام بکـات کـە هـەروەکو هاوڕێ یەکی ئەوی لێهات بوو ، بەلاَم نەیـدەتوانی بچێتـە نـاو باسـەکەوە و خـۆی خـاڵی بکـات لەوخەمـەی کـە دەیخـواردەوە ، دواجـار کەوتـە گـۆ و گـوتی باسـی چـوار سـاڵ خۆشەویستی نێوان خۆم و تۆم بۆ دایکم کرد بە چیرۆك هـەروەکو جـوانترین دیـاری و بـەرزترین ڕوح تـۆم لـە نـاو نـاخی دایکمـدا هۆنیـەوە ، هەرچـەندە ئـەوەی لەسـەر کەسایەتی تۆ بۆ دایکم گێڕایەوە هێشتا پێناسـەی تـەواوی پـیرۆزی تـۆ نـەبوو تەنانـەت ئەوەشم پێ گوت کە من ئەو ساڵەی لـە کۆلێـژدا مامـەوە و دەرنەچـوم لـە بـەر لاوازیـم نەبوو بەڵکو لە پێناوی خۆشەویستی ئەو ڕوحەدا بووە ، بەلاَم پاشان دایکم بە باسێکی زۆر شازو و نەبیستراوەوە هاتە وەلاَم بەرامبەر بە ژیانی خێزانیمان و پێی گوتم کە من باوکم کۆچی دوایی نـەکردووە بـەڵکو تـۆ تەمـەنت دوو مانگـان بـووە ئێمـە لـە یـەکتری جیابوینەتەوە ئارەزوو باسـی زۆرێـك لـە قسـەکانی دایکـی بـۆ کـردم ، لـە ئاکامـدا گـوتم بـەلاَم ئەمـە چـی کاریگەریـەکی دەبێـت لەسـەر پەیوەنـدی نیـوان مـن و تـۆ ؟ ئـەویش

لەوەلاٌمـدا گـوتی بـڕوام پـێ بکـە ئـە مرۆزانیومـە مـن کچـی پیـاوێکم بـە کارەسـاتی ئۆتۆمبێل نـەمردووە ، بـەڵکو لەگـەڵ دایکمـدا پێکـەوە نەسـازاون و تووشـی جیابونـەوە هاتوون هەر بۆیە ویستم لەسەر ئەم ڕووداوە ئاشنات بکەم تاوەکو پاشان خوێندنـەوەی هەڵەی بۆ نەکەیت و بە پێناسـەیەکی جیـاوازەوە لـە مـن نـەڕوانیت ، دەسـتی بـەگریان کرد و گوتی دابان گیان ئەوەی گوتم ڕاستیە و تەمەننا دەکەم بڕوام پـێ بکـەیت دایکـم بۆیە ئێستا منی بەو ڕوداوە ئاشنا کردووە کە حەزی نە دەکـرد ئـەم چیرۆکە هـەروەکو بۆ شاییەك بکاتە ناو ژیانی منەوە لە ڕابوردوودا ، هەرچەنـدە ئـەو باسـە بـەلای منـەوە هێندە جێگای بایەخ نە بوو بەلاٌم ئـارەزوو هـەروەکو بـۆ شـاییەك لێـی دەڕوانـی و پێـی وابوو متمانەی لای من بـەرەو لاوازی هـەنگاوی نـاوە ، کەوتمـە دڵدانـەوەی و پـێم گـوت ئارەزوو ڕاستگۆترین کەسە لە ناو ئەلبومی مندا و هەرگیز بەم جۆرە نهێنیە کتوپڕانە خاڵی نابێت لە گەورەیی ، پاش ئەوەی توانیم ئارەزوو بگەڕێنمەوە بۆ دۆخێکی گونجـاو و تەندروست ، فرمێسکی چاوەکانیم بەکۆمەڵە پرسـیارێك سـڕییەوە و پـێم گـوت ئـەی ئێستا چارەنوسی باوکت چیە ؟ ئەی ئەو هۆکارانەی کـە بـوو بوونـە هـۆی دابڕانـی ئـەو ڕوحانە ؟ پاشان پرسیم ئەی بۆچوونی دایکت دەربـارەی چارەنوسـی نێـوان مـن و تـۆ ؟ ئارەزوو هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی ئێستا دایکم لە چارەنوسـی بـاوکم ئاگەدارنیـە و ئەو هۆکارانەی بوونە بە هۆی دابڕانیان هەروەکو دایکم باسی کـرد تـەنها تێنەگەیشـتن بووە لەسەر ئەوەی لە کوێ بژین ، دەربارەی نێوان مـن و تـۆش دایکـم منـی سەربەسـت کرد و پێی گوتم تەنها بۆ خۆت ئەتوانی بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆت بدەیت ، چونکە من چارەنووسم باوکم دیاری کرد نەوەکو بەویستی خۆم ، هەر بۆیە ئێستاش باوکم بە بەرپرسیار دەزانم بەرامبەر بەو چارەنوسە تالاٌنەی کە چەندین ساڵە لە میوانی حەزی مندان ، ئەمە بۆچوونی دایکمە کە لەڕاستیدا زۆر بە میهرەبانی لە بەرامبەرمـدا خـۆی

نواند ، تەنها گوتی پرسێکی باپیرت و خالۆکانت دەکەم دڵنیام ئەوانیش هەمان ڕای دایکمیان هەیە ، بەم گوتانەی ئارەزوو خەندە و گەشبینی باڵی بە ڕوخسارمدا کێشا و هەستم دەکرد لە ناو کاتێکی جوانـدا دەژیم ئەو هەستە خۆی کرد بە دەزگیرانم کە دیدارەکانی دوای ئەم دیدارە لە ناو جیهانێکی دیکە و لەسەر زەویەکی ئازاد خۆی سەوز دەکات ، لەسەر هەموو شتەکان ڕێکەوتین جوانترین نەخشەمان کێشا بۆ ئەوەی ئالأی کۆماری عەشق لەسەرچارەنوسمان بشەکێنینەوە ، لەسەر شەرەفی ئارەزوو لە چێشتخانەی سەفین خوانی نیوەڕۆمان خوارد ، پاشان ماڵ ئاواییمان لە یەکتری کرد و بەرەو شاری سلێمانی گەڕامەوە لەگەڵ باوکمدا کەوتینە گفتوگۆ ، باوکم ڕووبەڕووی پرسیار گەلێکی زۆری کردمەوە لەسەر ژیان و خانەوادەی ئارەزوو وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی باوکمم دایەوە تەنها ئەو زانیاریەم لای باوکم نەدرکاند کە تەمەنی ئارەزوو دوومانگان بووە دایکی لەلایەن باوکیەوە تەڵاق دراوە ، بەڵکو گوتم باوکی کۆچی دوای کردووە بۆیە ئەو ڕاستیەم نەهێنایە ناو گفتوگۆکەوە گوتم نەوەکو بەدیویێکی ناشایستەدا خوێندنەوە بۆ ئەو تەڵاقە بکات ، بەڵام کاتێك باسی ژیانی ئەو کیژەم بۆ باوکم دەگێڕایەوە هەستم بەوە دەکرد باوکم لەگەڵ جیهانی خەیاڵێکدا هێدی هێدی نوقم دەبێت ، بەڵکو دڵۆپە ئاوم لە ناو چاوەکانیدا دەبینی تەنها هێندەی پێ گوتم لە پێناوی ئارەزووەکانت دا هەموو شتێك بەخت دەکەم ، بەڵام تەنهاخۆت بەرپرسیاری لە دوا ڕۆژی چارەنوسی خۆت ، پاشان سوپاسی باوکمم کرد بۆ ئەو هەستە جوانەی کە لە بەرامبەرمدا نواندی بەنیاز بووم بە چەند پرسیارێك خۆم بکەم بە میوانی مێژووی ڕابووردووی بەڵام ترسام هەڵدانەوەی هەر لاپەڕیەك لە مێژووی باوکم ببێتە کارەسات و هەستی باوکمی پێ بریندار بکەم یاخود لەمپەڕێك لە بەردەم خەونەکانی مندا دروست بکات ، دەمزانی نهێنیەك لە ناو ڕابوردووی

ئەوخەیاڵە قوڵەدا هەیە بەڵام هێشتا گوتەکانی مامم لە یادنەچوو بوو کە دەربارەی ڕاگرتنی هەستی باوکم پێی گوتبووم منیش لە بەرامبەردا بەڵێنم بەخشی بوو ، بەلاّم لای خۆمەوە بە شێوەیەکی دیکە نەخشەم بۆ ئەو نهێنیە کێشا بوو کە پێم وابوو بەسەر کەوتنی نەخشەی هاوسەرگیریم ئەتوانم پەردە لەسەر ئەو نهێنیە لابدەم بەڵکو وام دانا بوو لە دوای تێکەڵ بوونم لەگەڵ ئارەزوودا ئەتوانم بەدوای ئەو جیهانە وون بووەشدا بگەڕێم کە خەپەی خوشکم تیا قوتدراوە ، ئەو شەوە بۆ من شەوی زۆرترین بیرکردنەوە و گەڕان بوو بە دوای ڕووناکیدا خەو لە چاوەکانمدا تۆران سەدان پرسیار و گریمان ببوون بە دەزگیرانم و لەگەڵمدا لە سپێدەیان دەپرسی ، سپێدەش هاتوو تیشکی ڕووناکی خۆی بە ژیان و بە ئارەزووەکانی من بەخشی ، منیش بەرەو هەڵفڕین بۆ ناو حەزە جوانەکان باوەشی پڕئەوینم بە تیشکی ڕۆژدا کرد و لەگەڵ زەنگی موبیلەکەمدا تێکەلاّوی هەناسە و بەیانی باشی ئارەزووی ئەویندارم بووم ، پاشان جوانترین گوتەی کردە دیاری چرکەکانی ئەو ڕۆژە و پێی گوتم دابان گیان کاتێك ئاشنای یەکتری بووین تۆم هەروەکو دابان ی قاز ناسی بەلاّم وا قازەکە گەورەدەبێت و حەزەکان لە باوش دەگرێت و بەرەو جیهانێکی دیکە هەڵیان دەفڕێنێت ، بۆ ئەوەی باوەشی عەشقێکی نوێتر بکاتە دەسکە گوڵی چوار ساڵ خۆشەویستی ، گوتی ئێستا باپیرم پێی گوتین ئێمە هەموان هاوڕاین لەسەر هەر ڕوحێك کە پەسەندکراوی بیرکردنەوەی خۆت بێت تۆ سەربەستی لە ژیانی خۆتدا چونکە تۆ مرۆڤێکی پڕ ئەزموونی لە ژیاندا و ئەمساڵ تۆ و مامۆستایی دەبنە دەستە خوشك ، لەگەڵ ئەم هەواڵە جوانەدا هەردووکمان گریان و پێکەنین بوو بە هاوڕێمان و نەمانتوانی زیاترگوێ لە یەکتری بگرین ، هەر ئەوەندە توانیم بێمەگۆ کە پێم گوت پاش کەمێکی دیکە خۆم پەیوەندیت پێوەدەکەم ، خۆشیەکی بەرچاو ڕووی تێکرد بووم هەستەکانمی

هەموو شڵەژاندبوو تەنانەت نەمدەزانی چۆن پێشوازی لەم هەواڵە بکەم پاشان ویستم پەیوەنـدی پێوەبکەمـەوە بـەلاٚم ژمارەکـەیم بـە هەڵـە لێـدا و پەیوەنـدیم بـە سارای خوشکمەوە کرد وامدەزانی ئارەزووە ، تاوەکو سارا پێـی گـوتم کاکە خۆشەویستی والـە مرۆڤ دەکات ژمارە و ناوەکان تێکەڵی یەکتری بکات ؟ لە بەرامبەردا شەرمێك دای گـرتم و داوای لێبـوردنم لـە سـارا کـرد پاشـان پەیوەنـدیم بـە ئـارەزووەوە کـرد پـێش هـەر گفتوگۆیەك باسی پەیوەندیە هەڵەکەی نێوان خۆم و سارای خوشکم بـۆی کـردە یەکـەم گفتوگۆ ، دیار بوو خەندە و پێکەنین خۆیان کرد بە میـوانی و داوای ژمارەکـەی سارای لێکردم بۆ ئەوەی خۆی پێ بناسێنێت ، منیش ژمارەکەی سارام پێ بەخشی و هاتینەوە بۆ ناو گفتوگۆکەی ڕابوردوو ، گوتی ئێمە ئامادە سازین بۆ ئەوەی پێشوازی لە تۆی قـاز و قازەکـانی کەسوکارت بکـەین ، بـەم پێناسـەیە پێکـەنینی کـردە جـوانترین دیـاری بـۆ لێوەکـانم و منـیش گـوتم قازەکـانی سـلێمانی زۆر بێـدەنگن لـە قازەکـانی هـەولێر ناچـن ، بـەڵکو هـەرگیز گوێـت لـە قیڕەیـان نابێـت ، بـەلاٚم ئـارەزوو بـە جـۆرێکی دیکـە لەقسەکانی مـن تێگەیشـت و گـوتی قـاز بـە قـیڕەوە جوانـە ئەگـەر ئێـوە نـاقیڕێنن ئـەوا خۆتـان بکـەن بـە کەڵـەباب و سـپێدە ئێمـەی هـەولێری لـە خـەو ڕاچـەڵەکێنن ، مـاڵ ئاواییمان لە یەکتری کردوو ئەو چیرۆکەم بۆ دایکم گێڕایـەوە ، هێشـتا بـاوکم لـە مـاڵ دەرنەچوو بوو دایکم چیرۆکەکەی کرد بە میوانی و دێڕ بە دێڕی بـۆ بـاوکم بـاس کـرد بوو ، هەر بۆیە باوکم بانگی کردم و پێی گوتم ئادەی دابان گیان کەمێك هـەروەکو قـاز بۆمان بقیڕێنە و پاشان پێمـان بڵـێ کەڵەبابـەکانی بـەیانی کـێ و کـێ بێـت ؟ بـۆ ئـەوەی شاری هـەولێر لـە خـەو ڕاچـەڵەکێنێت کۆدەنگیمـان لەسـەر ئـەوەدا کـە دایکـم و سـارای خوشکم لەگەڵ پورە بەفراومدا کەدەکاتە خوشکی دایکم بچینە نـاو ئـەم داخوازیـەوە و سەردانی ماڵی ئارەزوو بکەین ، پاشان ئارەزووم لـە شـێوە و کـات و جـۆری کەڵەبابـەکان

ئاگادار کردەوە ، لە پاش نیو کاتژمێر ئارەزوو خۆشحاڵی خۆی و دایکی بە نامەیەکدا بۆ کردم بە جوانترین هەواڵ ، شەو و کاتەکانی ئەو تەمەنەم بە نێو تۆراندا لەگەڵ خەودا بەڕێکرد و بەرەو شاری هەولێر و ماڵی ئارەزوو بەڕێکەوتین ، بە نیوکاتژمێر لە پێش گەیشتنمان ئاگاداری ئارەزووم کردەوە لە کاتژمێر(10)دا گەیشتینە ماڵی ئارەزوو بە شێوەیەکی زۆر گەرم پێشوازیان لێکردین ، پاشان کەوتینە گفتوگۆ لەسەر هەموو داوا و ڕەنگەکانی ناو ئەو داخوازییە ، هەرچەندە شەرمێکی قوڵ لە ناخمدا خۆی سەوز کردبوو بەڵام بۆ من و ئارەزوو کاتێکی زۆرخۆش بوو ئەم خۆشیەش لە ڕوخساری هەردووکماندا هەروەکو مانگ بە دەرکەوتبوو هەمووشتەکان بەو شێوەیە کۆتاییان پێهات کە پاش چەند ڕۆژێکی دیکە پیاوان بچنە ناو داخوازیەکەوە و شیرینی جوانترین ئەوینداری پێشکەشی چوار ساڵ خۆشەویستی بکەن ، دایکی ئارەزوو ڕووی تێکردم و گوتی ئێمە هەرگیز ناتوانین ببین بەڕێگر لە بەردەم حەزی کیژەکەماندا و ئارەزوو خۆی بەرپرسیارە لە دەست نیشان کردنی چارەنوسی ، هەرچەندە من برینداری دەستی پیاوی سلێمانیم بەڵام دەبێت تۆ باشترین دڵسۆزی ئارەزووبیت و خۆشەویستیتان لە ڕۆژی هاوسەرگیریەوە ببێتە گوڵی سوور و لە یەخەی یەکتری بدەن ، ئێمە پرسیاری ژیان و خانەوادەتان ناکەین کە ئێوە کێن و لە چی خانەوادەیەکن ؟ ئەمەش هەرچەندە مافی پرسیارکردنی هەیە بەڵام بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئارەزوو زۆر لەو پرسیارانە گەورەترن ، ئەگەر ئێمە بمانەوێت بەشوێنیدا بگەڕێین ، چونکە ئارەزوو دەبێت بە هاوبەشت نەوەکو سامانی دونیا و ڕوخسارێکی دیکە ، ئەم گوتانەی دایکی ئارەزووم زۆر بەلامەوە جوان بوو بە شێوەیەکی گەورە لە ناخمدا پێناسەیان بۆ کرا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەو قسەیەی توشی سەرسوڕمان هاتم کە گوتی برینداری دەستی پیاوی سلێمانیم !! ویستم لەم قسەیە تێبگەم و پرسیاری لێبکەم بەڵام ترسام

لەوەی کە پیاوی سلێمانی توشی گرفتێکی کردبێت و ئەگەر لێی بپرسم بە شێوەیەکی ڕەق خوێندنەوە بۆ پیاوی سلێمانی بکات و پاشان شەڕی سلێمانی و هەولێری دەست پێ بکات ، هەرچەندە ئەو کاتێك کە ئەم قسانەی دەکرد تەنها لەگەڵ خۆمدا بوو دایکم و پورم و سارا لەگەڵ ئارەزوودا گفتوگۆیان دەکرد بەلاّم ئەو قسەیە هەر دەیخواردمەوە چونکە نەمدەزانی ئەو ڕقە چیە ، کاتێك هاتم بپرسم دایکی ئارەزوو هەستا و ڕۆیشت بە مەبەستی ئامادەکردنی خوانی نیوەڕۆ ، ئەو نیوەڕۆیە لە ماڵی ئارەزوو بووین بە میوان و لە ناو سەدان خەیاڵ و گفتوگۆی جواندا کاتمان بەڕێکرد و پاشان ڕۆژی هەینیمان دەست نیشان کرد بۆ دیداری پیاوان ، ئەو ڕۆژەی کە ئێمە چووین بۆ ماڵی ئارەزوو ڕۆژی شەممە بوو پاشان ماڵ ئاواییمان کردوو بەرەو شاری سلێمانی گەڕاینەوە ، تاوەکو گەیشتینە ماڵەوە گفتوگۆ تەنها لەسەرجوانی و ڕوح شیرینی ئارەزوو و دایکی ئارەزوو بوو .

## ماڵی ئارەزوو بەسەردانێکی کتوپڕ هاتن بۆ شاری سلێمانی

لە چاوەڕوانی سەفەری کاتدا هەموو ڕۆژێك باوەشم لە هیواکانم ئەدا و هەروەکو مرۆڤێکی ڕۆژووان کاتم ئەژمارد و چاوەڕوانی بانگی ڕۆژی هەینی بووم ، بەلاّم کات زۆر بێ ڕەحمانە و لەسەر خۆ هێدی هێدی چرکەی دەبڕی ، هەموو شتەکان بوو بوون بە خەیاڵ و خەیاڵیش جوانترین هاوڕێ و کەسی ناو ئەو کاتانە بوون کە من چاوەڕوان بووم ماڵ ئاوایی بکات ، بیرم لە هەموو شتێك دەکردەوە سەردانی هەموو شوێنکم دەکرد بازاڕ ، ماڵە خزم ، هاوڕێ ، چونکە پاڵم بە کاتەوە دەنا بۆ ئەوەی ماڵ ئاوایی لەو چەند ڕۆژە بکات ، زۆر کات دەبوومە میوانی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ، بەلاّم هەرزوو لەوانیش بێزار دەبووم چونکە کاتێك تەماشای کاتژمێرەکەم دەکرد کات هەروەکو شێوەی سروشتی خۆی چرك چرك هەنگاوی دەنا و هیچ بەزەییەکی بەمندا

نەدەهاتەوە کە تۆزێك خێراتر هەنگاو بنێت ، لەگەڵ جیهانی تێپەڕبوونی کاتدا بوو بووم بە باشترین هاوڕێ ، لە ناکاو ئارەزوو پەیوەندی پێوەکردم کە دەیانەوێت سەردانیەکی شاری سلێمانی بکەن بەمەبەستی چاوپێکەوتنی چناری هاوڕێی و گوتی من و دایکم دێین و بڕیارشمان وایە بێینە سەردانی کردنی ماڵی ئێوە ، بەلامەوە هەواڵێکی زۆرخۆش بوو چونکە بەو سەردانیە زووتر لە کاتەکانی ڕۆژی هەینی نزیك دەبوومەوە ، بەلاَم ئەو خوێندنەوەیەشم لادروست بوو کە ئەم سەردانیە بۆ بە سەرکردنەوەی چناری هاوڕێی نیە بەڵکو بۆ پرسیار کردن و ئاشنا بوونی ئەوانە بە چۆنێتی ژیانی ئێمە و کەسایەتی خانەوادەکەمان ، ئەندامانی خانەوادەکەم لەسەر ئەم سەردانیەی ماڵی ئارەزوو ئاگادار کردەوە و ئەوانیش زۆر گەشبین بوون ، ئارەزوو و دایکی گەیشتنە شاری سلێمانی و ئاگاداریان کردم کە دەچنە سەردانی کردنی ماڵی چنار و نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە ماڵی ئێمەدا دەبنە میوان ، ئێمەش هەموو ئامادەسازیەکمان سازدابوو بۆ پێشوازی کردنی ئەو میوانە خۆشەویستانە بە شێوەیەك نەمدەزانی بۆ ئەو میوانداریە چی هەیە هێندەی ئەوان بە نرخ و گەورەتربێت ، هەروەکو پێشوازی لە ڕۆژی جەژنێك بکەین دایکم و سارای خوشکم هەموو ماڵەکەیان بە شێوەی ماڵێکی نوێ خاوێن کردەوە و بەڵکو چوینە بازاڕ بۆ کڕینی دوو دیاری قەشەنگ و جوان بۆ ئەو میوانانە ، کە بریتی بوو لە دوو ئەنگوستیلەی زێڕ ، ئەوان لە سلێمانی و کات بەرەو نیوەڕۆ هەنگاوی دەنا و لەلایەن ئارەزووە وە ئاگەدار کرام کە بچم بە شێوێنیاندا لە ماڵی چنار ، ئۆتۆمبێلەکەم لە باوکم وەرگرتوو بەرەو ماڵی چناری هاوڕێی خۆم و ئارەزوو بەڕێکەوتم ، پاشان چنارم لەگەڵ ئەواندا هێنا و هاتینەوە بۆ ماڵی ئێمە ، پاش تاوێك لە پشوو خواردنەوەی پەرداخێك شەربەت گوتم دایە کوا باوکم ؟ دایکم داوای لێبوردنی

لە میوانەکان کرد و گوتی بە ناوی باوکی دابانەوە داوای لێبوردنتان لێدەکەم ، مامی زۆر بەپەلە هات بەشوێنیدا و گوتی خزمێکمان لە ئۆتۆمبێل وەرگەڕاوە لە شارەدێی عەربەت و بارو و دۆخی تەندروستی زۆر خراپە هەر بۆیە چوون بۆ دیدەنی ئەو نەخۆشە ، هەرچەندە زۆر هەوڵیدا کە نەچێت بەڵام زۆر پاڵە پەستۆیان کردەسەری و ئەنجام ڕازیان کرد ، ئەوانیش زۆر بەئاسایی قبوڵیان کرد و گوتیان خۆ ماڵەکەی نەبردووە ، خوانی نیوەڕۆمان خوارد و ئارەزوو و دایکی بەنێو ژوورەکانی ماڵەکەماندا گەشتێکیان کرد و هەر بۆ یادگاری چەند و ێنەیەکمان پێکەوە گرت ، لە دەرفەتێکدا لەگەڵ ئارەزوو کەوتینە کفتوگۆ و باسکردن لەسەر ئەو سەردانیە کتوپڕە و هیواشی ڕۆیشتنی کات ، ئارەزوو گوتی منیش هاوشێوەی تۆ چاوەڕوانی تیژ ڕۆیشتنی میل و چرکە ژمێری کاتژمێرەکەمم ، داوام لە ئارەزوو کرد کە داخوازی ئەوە لە دایکی بکات کە ئەو شەوە لە ماڵی ئێمە و لە شاری سلێمانی بمێننەوە ، بەڵام ئارەزوو پاش ئەوەی پێی گوتم هەموو چەند ڕۆژێکی دیکەیە ئارام بگرە و هەموو شتەکان بە یەکجاری دێن بۆ ماڵی ئێوە ، بەڵام بڕواناکەم دایکم ئەو داوایە قبوڵ بکات و ئەگەر بەوداخوازیە ڕازی بێت ئەوا ئێوارە و ئەو شەوە لە ماڵی چنار دەبین بە میوان ، کات بەپێچەوانەی ڕۆژانی ڕابوردووەوە ئەمجارەیان زۆر بە پەلە هەنگاوی دەنا و لە کاتژمێری (4) و بانگی عەسر نزیك دەبوینەوە ، دایکی ئارەزوو دەیگوت هەردەبێت بگەڕێینەوە ، من و دایکم و چناریش پێ داگری زۆر بەهێزمان کرد لەسەر مانەوەیان ، ئاکام چنار گوتی ئەگەر بگەڕێنەوە هەرگیز قسەتان لەگەڵ ناکەم و بگرە تێلەفونیش بکەن وەڵامتان نادەمەوە ، هەرچۆنێك بوو توانیمان ڕازیان بکەین لەسەر مانەوەیان ، ئەمجارەیان من و چنار کەوتینە ململانێی ئەوەی کە هەریەکە و دەمان گوت میوانی ئێمەدەبن ، بەڵام دواجار بەختی چنار بەهێزتر بوو ، بڕیاریاندا لە ماڵی چناربن بە میوان ، لە ڕاستیدا

بۆ من لە یەك دەچوو چونكە منیش بانگهێشتی ئەو میوانداریە كرابووم ، چنار ئاگاداری ماڵی خۆیانی كردەوە و پاشان دیاریەكانمان پێشكەشیان كرد و ئەوانیش بەڕوویەكی زۆرخۆشەوە قبوڵیان كرد ، بەمەبەستی گەڕان و ئاشنا بوونی ماڵی ئارەزوو ، بڕیارماندا من و ئارەزوو و دایكی و چنار پێكەوە بچینە سەردانی كردنی بازاڕ و بگرە پارك و شوێنە دڵ ڕفێنەكانی ناو شار ، پاش ئەوەی بە ئۆتۆمبێلەكەم بەڕێكەوتین بۆ ناو شار هەستم بەوە دەكرد ، دایكی ئارەزوو ئاشنایەتی تەواوی هەیە لەگەڵ زۆرجێگای ناو شاری سلێمانیدا ، هەر بۆیە لێم پرسی دەزانی تۆ لە من ئاشناتری بە كوچە و كۆڵانەكانی شاری سلێمانی ؟ دەڵێی جارێكی دیكە هاتویت بۆ ئەم شارە ! هەناسەیەكی هەڵكێشاو گوتی دابان گیان چیرۆكی ئاشنا بوونی من بەم شارە دوروودرێژە و ئەگەر یەزدان ئەویندارەكان بكات بە میوانی یەكتری ، ئەوكاتە منیش هەموو دێڕەكانی ئەم ئاشنابوونەم بە شاری سلێمانی باسدەكەم و ئاشنای دەكەم بە تۆ و بە ئارەزوو ، ئارەزوو گوتەكانی دایكی پێ سەیربوو گوتی دایە گیان كات لەمە گونجاوتر نیە تۆ زۆر لە مێژە میوانی نهێنیەكی ژیانتی ، ئەی بۆ ئێستا بەسەرەتایەكی ئەو چیرۆكە ئاشنامان ناكەیت ؟ ئەگەرخۆش بوو ئەوا پێكەوەبۆی پێدەكەنین و ئەگەر بەپێچەوانەشەوە ئەوا هەموان پێكەوە بۆی دەگرین ؟ فرمێسك لە چاوەكانی دایكی ئارەزوودا خۆیان قەتیس كردوو هەناسەیەكی قوڵیش بوو بە میوانی گەروی ، هات بكەوێتە وەڵام دانەوە بەڵام نەیتوانی و داوای لێبوردنی كرد ، من و ئارەزوو گوتمان ببورە ئەگەر ئازارمان دابێتی تكایە بالەو بابەتە دەربچین ، پاشان دایكی ئارەزوو داوای كرد بچینە سەردانی كردنی گەڕەكی هەوارە بەرزە ، پاش ئەوەی تاوێك بەنێو كوچە و كۆڵانەكانی ئەو گەڕەكەدا ئێمەی سوڕاندەوە بە ئۆتۆمبێلەكەم پاشان لە یەكێك لە كۆڵانەكانیدا داوای لێكردم بووەستم ، پاش وەستانم لە ئۆتۆمبێلەكەدا دابەزی ئێمەش

لەگەڵیدا دایکی ئارەزووکەمێك ڕامالە سروشتی کۆلانەکە و گوتی کامێراکەت هێناوە ؟ گوتم بەڵێ گوتی کەواتە باپێکەوە وێنەیەك بگرین بۆ یادگاری پاشان ئەو وێنەیە دەکەوێتە گفتوگۆ لەو چیرۆکەی کە ئێوە پرسیاری لێدەکەن بەلام دڵنیابن ئێستا تەنها ووشەیەکتان پێ ناڵێم ، من و ئارەزوو گوتمان هەرچی تۆدەیڵێیت باوابێت ئێمە لەگەڵ تۆدا هاوڕاین ، پاش ئەوەی وێنەیەکمان گرت سەرکەوتینەوە ناو ئۆتۆمبێلەکە و بەرەو پارك بەڕێکەوتین ، لەگەڵ جوانی و دڵڕفێی دیمەنەکانی ناو پارکدا لێژبوینەوە بۆ ناو قولایی ژیان و کەوتینە گفتوگۆ لەسەر زۆر بابەت و هەریەکە و لای خۆمانەوە کەوتینە گێڕانەوەی چەندین نوکتەی خۆش و خەندە و پێکەنین هەمووکاتەکانی ئەو ئێوارەیەیان کرد بە میوانی دڵەکانمان ، لە ناکاو موبیلەکەم زەنگی لێدا و کاتێك تەماشام کرد باوکم بوو ، پاش هەواڵ پرسینم لەو نەخۆشەی کە باوکم بۆ سەردانی کردنی چوو بوو ، گوتی بەداخەوە گیانی سپارد و منیش ناتوانم شەو بگەڕێمەوە ، بەلام پێم خۆشە لەگەڵ ئارەزوو و دایکیدا گفتوگۆ بکەم بۆ ئەوەی داوای لێبوردنیان لێبکەم .

موبیلەکەم دا بە ئارەزوو کەوتنە گفتوگۆو باوکم داوای لێبوردنی کردوو ئارەزووش گوتی باوکی دابان زۆر ئاساییە و خوا سەبوریتان بدات ، پێمان خۆش بوو پێکەوەبووینایە بەلام دیارە چارەنوس وابڕیاری داوە ، مالێ ئاواییان لەیەکتری کرد پاشان کەوتمەوە گفتوگۆ لەگەڵ باوکمدا و باوکم ئەمجارەیان داوای کرد لەگەڵ دایکی ئارەزوودا بکەونە گفتوگۆ بۆ ئەوەی داوای لێبورن لە دایکی ئارەزوو بکات ، کاتێك موبیلەکەم دابە دایکی ئارەزوو بەداخەوە موبیلەکەم شەحنی تیانەما و باوکم نەیتوانی پەیامی لێبوردنەکەی بگەیەنێت ، چنار داوای کرد بە موبیلەکەی ئەو پەیوەندی بە باوکمەوە بکەم پاش ئەوەی بە موبیلەکەی چنار ویستم ئەو پەیوەندی

دروســـت بکەمـــەوە ، موبیلەکـــەی بـــاوکم کوژابـــوەوە دیـــاربوو لـــە بـــەر پرســـەکە کوژاندبوویـەوە ، ئێـوارەی پـارك پڕبـوو لـە یادگـاری و نوکتـەی خـۆش ، ئـارەزوو زۆر دڵخـــۆش بـــوو بەکاتـــەکانی ئـــەو ئێوارەیـــە و بـــەبینینی ئـــەو دیمەنـــە جوانانـــەی ناو پارك ، سواری زۆرێك لە یاریەکانی ناو پارك بوین ، کات زۆر بـە تیـژی مـاڵ ئـاوایی دەکرد و خۆر زەردەی خۆی پێ نیشاندایـن و گەڕاینەوە بۆ ماڵی چنارخوانی ئیوارەمـان لە ماڵی چناردا کرد بە یادگاریەکی دیکەی ناو جیهانی دوو ئەوینـدار ، لـە پـاش خـوان چومە شوێنی دایکم و سارا و گۆرانی براشم هـاتوو چوینەوە بـۆ مـاڵی چـنار و تـاوەکو کاتـــژمێر(12)ی شـــەو بـــە نێودەیـــان بابـــەتی هەمەڕەنگـــدا کاتمـــان بـــەڕێکرد ، ئێمـــە گەڕاینەوە بۆ ماڵی خۆمان و ئـارەزوو و دایکـی لـە مـاڵی چـنار مانـەوە ، بـەلاّم هـەرگیز ئەوە لەخەیاڵمدا دەربازنـە بـوو بـوو کـە دایکـی ئـارەزوو هـەروەکو نهێنیـەك کـردی بـە میوانی من و ئارەزوو ، هەوڵمـدا ئـەم بابەتـە بـۆ دایکـم بـاس بکـەم بـەلاّم پاشـان گـوتم ئەگـەر باسـی بکـەم چـی لـە بابەتەکـە دەگۆڕێـت و بـەڵکو ئـەوانیش جـەنجاڵی نـاو ئـەو نهێنیە دەکەم ، لەسەر ئەم پرسە نهێنیە چ لە ناو پارك و چ لە شەوی ئەو شەوەدا بەقسە و لە ڕێگای نامەی موبایلـەوە زۆر بیروڕامـان گۆڕیـەوە لەگـەڵ ئـارەزوودا ، بـەلاّم تەنها پرسێك بوو ، کەسێك نەبوو وەلاّممان بداتـەوە ، ئـەو شـەوەش مـاڵ ئـاوایی خـۆی کرد بۆ جارێکی دیکە بووینەوە بە میوانی تیشکی ڕۆژ و بەمەبەستی ئاگـادار بـوون لـە بەرنامەی نوێی میوانەکانم لەگەڵ دایکم و سارا پێکـەوە چـوین بـۆ مـاڵی چـنار و پـاش ئەوەی هەوڵێکی زۆرماندا نیـوەڕۆش لـە میوانداریمانـدابن بـەلاّم بـێ سـود بـوو ، ئـەوان بڕیـاری گەڕانـەوەیان دابـوو پاشـان بەئۆتۆمبێلەکـەی خـۆم میوانـە جوانـەکانم بـرد بـۆ گەراج و ئۆتۆمبێلێکی تایبەتم بۆ بەکرێ گرتن تاوەکو بەرەو هەولێر بیان گەڕێنێتـەوە

، هەرچەندە زۆر هەوڵمدا خۆم بەم کارە هەستم ئارەزوو خۆشحاڵ بوو بەلاّم دایکی ڕێگای نەدا .

## ئەو ڕۆژەی دوو ئەویندار بوون بە خوشك و برا

ئارەزوو گەڕایەوە و دەیان خەیاڵ و گریمان لە ناو ڕوحی مندا لە دایك بوو ، هەروەکو منداڵێکی ساوا باوەشی بەدڵمدا دەکرد و خۆی دەخەواند ، بەلاّم بۆ ئەوەی لە زمانی ئەو منداڵە ساوایە تێبگەم هەوڵمدا لە کەمترین کاتدا خەیاڵ و گریمانەکان لە بەردەم کۆمەڵە پرسیارێکدا وێنە بکێشم ، تاوەکو لە بەردەم منداڵە ساواکەدا بیوەستێنم ، بۆ ئەوەی تەماشایان بکات و لە ڕەنگ و ڕوخسار و هێڵە شاراوەکانی تێبگات ، تەمەنی چوار ساڵ خۆشەویستی لە بەردەم چەند ڕۆژ و کاتژمێرێکدا چاوەڕوانی هەڵکردنی ئالاّی کۆماری عەشقی دەکرد ، ئەو کۆمارەی کە پاکترین خۆشەویستی سەربازی پاراستنی بوو ، بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پرسیارگەلێکی دیکە خۆیان لە ناو ڕوحمدا سەوز کرد بوو ، جار بە جار لە زەنگیان ئەدا و ئەهاتنە گۆ و دەیانگوت بۆ چی ناپرسی ، لە هۆکاری سەفەرە کوتوپڕەکەی ئارەزوو دایکی ؟ بۆ چی لە بێدەنگیدا خۆت خەواندوە و هاوار ناکەیت بۆ ئەوەی دەنگی پرسیارەکان بکەیتە میوانی ئارەزوو ، تاوەکو لە بۆچونەکانی دوای ئەو سەفەرە گفتوگۆت بۆ بکات؟ ئەم پرسیارانە چاوەڕوانی هاواری خۆم و موبایلەکەم بوون ، بۆ ئەوەی بەوەلاّمی پرسیارە وون بووەکان ئاشنابم ، ئاکام لە ناو ئەو خەیاڵەدا ڕاچەڵەکیم و پڕبەگەروی خۆشەویستیم کەوتمە هاوار کردن ، لە کات و لە ئارەزوو ، بەلاّم بۆ هەریەك لەو پرسیارانە ئارەزوو وەلاّمێکی شایستەی سەوز کرد لەسەر زاری و کردیە دیاری بۆ خەونەکانم و گوتی دایکم بە عەشقەوە وێنەی هەریەك لە ئێوەی لە ناو خەیاڵی خۆیدا بە جوانترین شێوە کێشاوە و خوێندنەوەی بۆ دەکات ، دایکم لە دوای

گەڕاندنـەوەمان سوپاسـی ئاسـتی هۆشـیاری منیشـی کـرد کـە توانیومـە زۆر زیرەکانـە کەسێك بـۆ ژیـانی خـۆم بکـەم بـە پێناسـە ، بـە شـێوەیەك لـە بەرانبـەر پێشوازیتاندا خوێندنەوە دەکات کە هەروەکو شاکارێك لە ئامێزیدا سەوزی کردوە و بڕیاری داوە ئەو شـاکارە جوانـە بـە جـوانترین ڕەنـگ لـە ڕۆژی هەینیـدا بکاتـە دیـاری بـۆ خانەوادەکەتان ، چونکە دایکم تاکو ئەو سەفەرەی نەکرد بۆ شاری سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵە گومانێکدا ئەدوا و بیری دەکردەوە ، بەردەوام لە منی دەپرسی ئەترسم ڕەنگەکانی پشت دابان شێوەیەکی تەماویان هەبێت ، هەر بۆیە بڕیارماندا هەموو خەیاڵە نەخۆشەکان بە چاوی خۆمان ببینین و پاشان بڕیاری کۆتایی لەسەر هەموو ڕەنگە نادیارەکان بدەین ، هەرچەندە چاوەڕوانی ئەوەم لە خانەوادەکەتان دەکرد ، کە من و دایکم بە چاوی خۆمان وێنەمان بۆ کێشا ، ئەگەر ئەم سەفەرەش نەهاتایەتە ناو بەرنامـەی پرسـیار کردنـەوە ، ئـەوا بێشـك کارەکـان هـەروەکو خـۆی ڕێگـای دەگرتەبەر ، بەڵام هێشتا من و ئارەزوو بەدوای وەڵامی پرسیارێکدا دەگەڕاین کە نەمان دەزانی کێ بەوەڵامەکەی ئاشنامان دەکات ؟ ئارەزوو گوتی لە ڕێگا و لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا کەپێی هاتینەوە جارێکی دیکە لە دایکم پرسیەوە بۆ وەڵامی ئەو نهێنیە لە ناخی خۆتدا دەرناهێنیت و منی کیژۆڵەتی پێ شنا بکەیت ؟ چونکە تەنها خەیاڵ کە بەردەوام میوانی ژیانی منە شاردنەوەی ووشەکانی ناو ئەو کاغەزە پێچراوەیە کە تۆ لە ناویدا کۆمەڵە هێڵکت تیا بەند کردووە ، بەڵام دایکم لەوەڵامدا پێی گوتم ، هەموو شتەکان خۆیان بانگی ئاشکرابوون ئەدەن و پەردە لەسەرخۆیان هەڵدەماڵن ، دەبێت ئارام بگریت بۆ ئەوەی لە دوای دەسکەوتنی خەونەکانت خۆت ماندو بکەیت ، تاوەکو هەموو نهێنیەکان بەدەستی خۆت دەرگایان لێ بکەیتەوە و ئازادیان بکەیت و پاشان بڕیار لەسەر هۆکاری وون بوونی وەربگریت ، پێم گوت من

تەنها لەیەك وەلاّم سەرم توشی خولانەوەیەك هاتووە ، كە هەرگیز ناتوانم لەوە زیاتر لە بەرامبەریدا ئارام بگرم ، چونكە نەوەكو تەنها تۆ ، بەڵكو باپیرم و داپیریشم لەگەڵ هەموو خانەوادەکانی دیکەی ماڵە خاڵوانمدا یەك وەلاّمتان لە ناو یەك ڕستەدا كۆ كردوەتەوە ، هەركات لە هەركامتان دەپرسم باوكم كێ یە ؟ هەموو وەلاّمەكان لە یەك دەچن و دەڵێن لە پاش هاوسەر گیریت هەموو شتەكان خۆیان ئەدوێن و خۆیان ئاشكرا دەكەن ، نازانم ئەم وەلاّمە هەمووتان پێكەوە كردوتانە بەڕستە ، یاخود دەبێت هەموو قسەكان لە یەك بچن ؟ دایكم بۆ ئەم پرسیارەشیان هاتە وەلاّم و گوتی ئێمە هەمووان لە ناو یەك خێزاندا گەورەبووین ، دەبێت هەموو وەلاّمەكان لەگەڵ ئێمەدا خۆی ڕێك بخات ، ئەگەر وانەبێت دوورنیە شتەكان پێچەوانە نەبنەوە ، بەلاّم تكات لێدەكەم چیترخۆت هەڵ مەدەرە ناو ئەو دەریایەوە چونكە هەمووی چەند ڕۆژێكت ماوە ببیت بە باشترین مەلەوان ، پاشان دەتوانیت وورده زیخەكانی ژێر دەریاكەش بهێنیتە سەر زەوی ، لەگەڵ ئارەزوودا لەسەر ئەو بابەتە نزیكەی نیوكاتژمێر گفتوگۆمان كرد ، بەلاّم بۆ هەموو وەلاّمەكان دەبێت چاوەڕوانی ڕۆژەكانی پاش ڕۆژی هەینی بین ، تاوەكو نهێنیەكان خۆیان ئاشكرا بكەن ، هەموو ئەو نهێنیانەمان دایە دەستی ڕۆژگار و بڕیارماندا چیتر ئەم لاپەڕە تەماویانە هەڵ نەدەینەوە و خۆمانی پێوە ماندو نەكەین ، كات هێدی هێدی تەمەن دەبڕێت و ڕۆژی هەینی خۆی لە خەونەكانمان نزیك دەكردەوە ، بەمەبەستی خۆئامادەكردنی ئەو ڕۆژەی كە ماوەی چوار ساڵە لەگەڵ مندا لەسەر یەك سەرین دەخەوتین و لە ژێر یەك بالیفدا باوەشمان لە یەكتری ئەدا ، كەوتینە بانگهێشت كردنی زۆرێك لە خزم و هاوڕێیانی خۆم ، بۆ ئەوەی سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی بكەین بە ڕۆژێك بۆ پیرۆزی كۆماری عەشق ، ڕۆژی هەینی

هاتوو لەگەڵ خزماندا بەرەو شاری هەولێر بەڕێکەوتین ، هیواخوازبووم ئەو ڕۆژە خاوەنی چەند فڕۆکەیەك بوومایە ، بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا بگەم بە دیداری ئارەزووی ئەویندارم ، بەلاّم ڕێگا درێژ و کات لەڕۆیشتندابوو جار بە جار دەچوومە ناو دونیای خەیاڵێکی قوڵەوە و پاشان دەکەوتمە بەر تانەی خزمان و پیان دەگوتم دابان نە خەویت ئەوە هەولێرە ، بەلاّم وادەرنەدەچوو تەنها بۆ ئەوە بوو نوکتەم لەسەر دروست بکەن ، چونکە لە خەیاڵی مندا شوێن هەریەك شوێن بوو لە جێگای خۆی نەدەجولاّ ، هەر بۆیە منیش دەمگوت کوا ئەم ئۆتۆمبێلانەی ئێمە هەر لەیەك جێگادا وەستاون ، چونکە جاران هەولێر هێندە دوور نەبوو ، لەگەڵ ئەم خەیالاّنەدا جار بە جار پەیوەندیم لەگەڵ ئارەزوودا دروست دەکرد و پێی دەگوتم ئازیزەکەم من وا ئێستا لە ئارایشتگادا خۆم بە جوانترین شێوە بۆ تۆی خۆشەویست دەڕازێنمەوە ، پاشان ئەو پەیوەندی دەکردەوە و دەیگوت دابان گیان کوان ؟ بۆ نەگەیشتن ؟ خۆ من چاوەکانم واخەریکن لێم توەڕدەبن چونکە بەردەوام لە دەرگای حەوشەکەمانم بڕیوە ، ئازیزەکەم دابان گیان کەمێك پەلە بکەن بۆ ئەوەی ئاوازی دڵمان لە ناو یەك کاسێتدا بکەین بە سروودێك بۆ خۆشەویستی ، پاشان من پەیوەندیم دەکردەوە و دەمگوت ئارەزوو گیان وا لە نزیکی شارەکەتانم و گوێم ناوە بە دڵتەوە کە پڕبە گەرووی هاوار دەکات و دەڵێت دابان گیان خۆشم دەوێیت ، وا من بەرەو لوتکەی حەزەکانی چوار ساڵەمان ڕێگام گرتۆتەبەر ، بەلاّم تکایە کاتێك کە گەیشتمە ناو دەروازەی حەوشەکەتان بۆ جارێکی دیکە وەرە پێشوازیم و پێم بڵێ دابان گیان بە خێربێیت ، چونکە ئەترسم لەگەڵ مەراسیمی مارە بڕینی تۆدا گیان بسپێرم و جارێکی دیکە بە ڕوخسارە جوانەکەت ئاشنا نەبمەوە ، لەگەڵ چڕینی ئەم گوتەیەدا

ئارەزوو دەستی بەگریان کردوو گوتی نا ئازیزەکەم تکات لێدەکەم جارێکی دیکە باسی مەرگی تەمەنی جوانیی خۆت بە گوێی مندا هەڵمەدە ، شاری هەولێر هاتە پێشوازی دڵی پڕ لە خۆشەویستیم و باوەشی پڕ لە وەفای خۆی پیاکردم و گوتی من ئارەزوو ناردومێتی بۆ ئەوەی لە پێشوازی ڕوحی تۆدا سەرم نەوی بکەم ، هێدی هێدی لە گەڕك و كۆڵانەكەی ماڵی ئارەزوو نزیك دەبوینەوە ، ئارەزووش بەردەوام لەسەرهێڵ بوو ، بۆ ئەوەی هەواڵی نزیك بوونەوەی خۆشەویستەكەی بزانێت ، كاتێك گەیشتینە كۆڵانەكەی ماڵی ئارەزوو چەندین ئۆتۆمبێلی ڕەنگا و ڕەنگ خۆیان لە باوەشی ئەو كۆڵانەدا ئاڵاند بوو ، منداڵانی ناو كۆڵانەكە لەگەڵ یەكەم دەركەوتنی ئێمەدا كردیان بە هاتوهاوار و دەیان گوت ئەوا زاواكە هات ، بەڵام خۆشیەكان تاوەكو بەردەم ئەو دەرگایە بوون كە چوار ساڵە من باوەشی ئەوینی پیادەكەم ، لەگەڵ دابەزینمان و چوونە ژوورەوەمان بۆ ناو حەوشەی ماڵی ئارەزوو گوێم لە دەنگی باپیری ئارەزوو بوو گوتی جەمال تۆ بۆ چی هاتویت ؟ دیارە تاوەكو ئێستا خۆت بە خاوەنی ئارەزوو دەزانیت و هاتوویت بۆ ئەوەی كیژ بەشووبدەیت ؟ باوكم پڕ بە گەرووی هاواری لێ هەستا و گوتی ئەی هاوار دابان چیت پێكردم ؟ تەنها لەوەندە تێگەیشتم كە ئەو كیژەی چوار ساڵە جوانترین ئەویندار وخەونمە خوشكی خۆمە و پاشان لە هۆش خۆم چوم و كاتێك بە ئاگا هاتمەوە زۆرێك لە خزمانی هەردوو لا لەدەور وپشتم ڕاوەستا بوون و ئاوێكی زۆریان بەلاشەشمدا كرد بوو ، دایكم یەكێك بوو لەو كەسانەی كە بە دیارمەوە ڕاوەستا بوو پڕ بە گەرووی هاواری دەكرد و دەی گوت كوڕە جوانەكەم دابان گیان ، بۆ وەڵام نادەیتەوە ؟ بۆ بێدەنگیت كردووە بە میوانمان ؟ پیاوێك لە ناو باوەشی خۆی نام و گوتی بەقوربان دابان گیان تكایە بێرە قسە من خاڵۆی تۆ و ئارەزووم ، زمانم لە گۆ وەستا بوو چاوەكانم ئەبڵەق بوو بوون و گریانێكی بەهێز

ناڵەی دەهات لە ناو گەروومدا ، هەموو شتەکان لە بەر چاوم دەسوڕان و هەستم دەکرد تاوانێکم ئەنجام داوە ، پاشان ئەو پیاوەی گوتی من خاڵۆی ئارەزووم داوای لە هەموو ئەو کەسانە کرد وا لە ناو ئەو ژوورەدا لە چاوەڕوانی چارەنوسی مندا وەستا بوون کە ژوورەکە چۆڵ بکەن ، دایکم و ئەو پیاوە لە گەڵمدامانەوە ، بەلاّم ئەو پیاوەش زیاتر گوشیمی بەسەر سینگیەوە و گوتی دابان گیان تکات لێدەکەم ئارام بەرەوە ، لەگەڵ چرپینی ئەم ووشەیەدا ئەو پیاوە دەستی کردەوە بە گریان و ماچێکی سەر ڕومەتەکانمی کرد ، پێی گوتم حەزدەکەی ئارەزوو بمرێت و جارێکی دیکە نەیبینیتەوە ؟ تکایە وەلاّمم بدەرەوە چونکە ئارەزوو خوشکی گەورەی تۆیە و باری تەندورستی ئەو زۆر لە تۆ خراپترە ، تکایە دڵ خۆشمان بکە و ئەم کارەساتە بە دیوێکی دیکەدا بخوێنەوە ، کاتێك کە گوێ بیستی ئەوە بووم ئارەزووی ئەوینداری چوار ساڵەم وخوشکی وون بووم لە بارودۆخێکی نائارامدایە ، خۆم پێ نەگیرا و زۆربێ ئاگایانە هاوارم کرد ئارە گیان توخوا تۆ لە کوێیت ؟ هەروەکو منداڵ دەگریام و دایکم وخاڵی ئارەزووش بەم هاوارەی من هێندەی تر بوونە میوانی دونیای فرمێسك و گریان ، خاڵی گوتی ئێستا ئارەزوو بانگ دەکەم بۆلات ، پاش خولەکێك کیژێکیان هێنا کە پورم و سارای خوشکم هەریەکە و دەستێکیان گرتبوو ، کاتێك چاوی بە من کەوت باوەشی پیاکردم و هاواری کرد و گوتی توخوا برا جوانەکەم مەمرە ، هەردووکمان باوەشی خوشك و براییمان لە یەکتری داو دەیان جار لەگەڵ دڵۆپە فرمێسکدا ماچی یەکتریمان دەکردوو هەموو ئەوانەشی لە دەور و بەرمان بوون و بۆ ئەو مارەبڕینە بانگهێشت کرابوون ، تێکڕا دەگریان هەروەکو بەسەر لاشەی دوو مرۆڤی مردووەوە وەستابن ، پاشان داوام کرد بە تەنهاجێمان بێڵن بۆ ئەوەی زیاترخەمەکانمان بکەینە حەزێك بۆ یەکتری ئەوان ژوورەکەیان بۆ بەجێهێشتین ، ئارەزوو کەوتە دڵ دانەوەی

منی برای و گوتی دابان گیان توخوا بەسە چیتر مەگری ، ڕاستە ئەمە کارەساتە بەلاّم لەوە خۆشتر هەیە کە من ئێستا دەزانم خاوەنی برایەکی وەکو تۆ مەردم ، من تەمەننام دەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان بلّێم باوە بەلاّم واکاتژمێرێکە لە باوەشی باوکمدام ، من تەمەننام دەکرد باوکم بمایە و خاوەنی خوشك و برای دیکە بوومایە ، بەلاّم وا ئێستا خاوەنی تۆ و دەستەیەك برای بە نرخم ، برا جوانەکەم من سەر بەرزم هەست بە هیچ شەرمەزاریەك ناکەم ، توخوا بەزییت بەمندابێتەوە ، لەم قسانەدابووین دایکی ئارەزوو خۆی کرد بەژووردا و باوەشی پیاکردم گوتی کوڕەکەم دابان گیان تکات لێدەکەم ئارام بگرە و دڵخۆشمان بکە چونکە ئیتر من خاوەنی کوڕێکم بە ناوی دابان ، کاتێك لە ژوورەکە هاتمەدەرەوە هەستم دەکرد مرۆڤێکی شەرمەزارم ، بەلاّم دەوربەرم بەم شێوەیە خوێندنەوەیان بۆ ڕوداوەکە نەدەکرد ، بەڵکو ئەوان پێیان وابوو ئەمە موعجیزەیەکی خودایە و بەسەر ئێمەیدا هێناوە ، سەرجەم بەرەوڕووم هاتن و ئارەزوو و دایکیشی دەستیان لە ناو دەستم نابوو هەریەکەو بە جۆرێکی دیکە پیرۆزباییان لێدەکردین کە لە ناو دیداری خوشك برایەتیماندا بە یەکتری گەیشتینەوە ، ئارەزوو دەستەکانی منی بەردا و باوەشی بە باوکمدا کرد و گوتی باوەگیان بۆ تاوەکو ئێستا لێت نە پرسیوم ؟ باوکم نەیتوانی خۆی ڕابگرێت لە بەرامبەر ئەم دەربڕینەی ئارەزووی خوشکمدا ، دەستی بە شیوەنی گریانێك کرد ، ئەو پیاوە ئاینیەی کە لەگەڵ خۆماندا هێنابومان بۆ مارە بڕینی ئارەزووی خوشکم هەمووانی کۆ کردەوە و گوتارێکی ئاینی باسکرد کە باسی لە موعجیزەکانی خودا و پەیوەندیەکانی نێوان خزمایەتی و سۆز دەکرد ، پاشان داوای کرد ئەو شیرینیەی کە بۆ مارەبڕینی من و ئارەزوو هاتبوو بەشێوەی شیرینی پێك هاتنەوەی دوو خانەوادە دابەشی بکەن ، هەستم بەوە کرد کە جۆرە تێگەیشتنێك لە نیوان

خانەوادەی هەردوولاماندا خۆی نمایش دەکرد ، بۆ مـن ئـەو ڕۆژە لـە ڕۆژی مـەرگێکی ڕاستی دەچوو ، بەلاّم کاتێك ئارەزووم دەبینی کە زۆر دڵخۆشە بـە ناسـینەوەی خێزانـە وون بووەکـەی منـیش هێـدی هێـدی ئـارامی بـاڵی بەسـەر فرمێسـکەکانمدا دەکێشـا و وشکیانی دەکردەوە ، لە دوای خوانی نیوەڕۆ هەموو خزمان گەڕانەوە بۆ شاری سلێمانی و تـەنها مـن و خوشـك و براکـانم ماینـەوە ، لەگـەڵ ئـارەزوو دایکـی دا چـوینە بـازاڕ و سـەردانی کردنـی شوێنەگشـتیەکان ، ئـەو شـەوە لـە مـاڵی ئـارەزووی خوشـکمدا بـووین بە میوان و تاوەکو بەرەبەیان لەگەڵ خەودا بوین بە دووشتی دژ بەیـەك و تـاوەکو ڕۆژ تیشکی بەزەوی بەخشی ئێمە لە گێڕانـەوەی چیرۆکەکانی ژیانـدابووین ، بـەلاّم بـەیانی داوای مۆڵەتمان کرد ، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بـۆ شـاری سـلێمانی و ئارەزووشمـان لەگـەڵ خۆماندا هینایەوە ، هەر بەو بۆنەیەوە سەفەرێکی یەك هەفتەییمان بـۆ سـەیرانگاکانی ناوچەی دوکان و گەلی و بێخاڵ سازدا ، ئێستاش ئارەزوو لە ماوەی مانگێکدا دوو هەفتـە دێتـە سـلێمانی و ئێمـەش بـەردەوام دەوری چـۆڵ ناکـەین و دەچـینە سـەردانی کردنـی بۆ شاری هەولێر .

## جەمال چۆن نەیدەزانی ئەو ماڵەی بۆی دەچن ماڵی کۆنە خەزووریەتی ؟

دابـان و ئـارەزوو لـە خۆشەویسـتی ئەویندارییـەوە بـە خۆشەویسـتی خوشـك و برایەتی ئاشنا بوونەوە ، بەلاّم ئەو پرسیارانەی هێشتا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە زۆرن و من و ئێوەی خوێنەری ئەم کتێبە بەدوایدا وێڵین ، بێشـك هەریەکـەو لای خۆمانـەوە بەدوای وەلاّمی پرسیارە هەڵواسراوەکاندا دەگەڕێین ، بۆ ئەوەی پەردە لەسـەر پرسـیارە وون بووەکان لابدەین ئاشـنا بـین بـە وەلاّمـەکان ، بـۆ جـارێکی دیکـە سـەردانی جـەمالی بـاوکی دابـانم کـردەوە و لـێم پرسـی ، چـۆن توانیـت ماوەیـەکی درێـژ ئـارام بگریـت و بەدوای وەلاّمی کیژەکەت دا نەکەویتە سۆراخ کردن ، تاوەکو ئاشنا بیـت بـە چارەنوسـی

؟ یاخود ئەو کاتەی کە چویتە شاری هەولێر و بەرەو گەڕەك و کۆلأن و مالّی کۆنە خەزوورت چویت چۆن نەتدەزانی کە ئەوە مالّی ئەوانە ؟ دیارە جەمال بۆ هەریەك لەم پرسیارانە وەلأمی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ ئەوەی هەمووان بەوەلأمەکان ئاشنابین ، دەبا پێکەوە بزانین جەمال بە چی شێوەیەك دێتە وەلأم .

بێشك وون بوونی ئارەزوو بۆ من ئەو کارەساتەبوو کە لە دیداری ڕابوردوودا بۆم باس کردی ، بەلأم کاتێك من ئەو ڕوحەم  وون کرد و لە هەوالّیم نە پرسی ، بۆ ئەم پرسیارەت هیچ وەلأمێکم نیە ، تەنها داوای لێبوردن لە ئارەزووی کچە گەورەم دەکەم ، کە من نە متوانی هەروەکو باوکێکی ڕاستی میهرەبانی خۆمی بۆ بسەلمێنم ، لە بەرمبەریدا خۆم بە کەسێکی تاوانکار دەخولّقێنم و تەنها ئەویش ئەتوانێت لێم ببورێت ، بەلأم کاتێك کە دیمەن خێزانی من بوو مالّی باوکی دیمەن لەو گەڕەکەی ئێستادا نە بوون ، ئەوان لەو کاتەدا مالّیان لە گەڕەکی کورانی عەینکاوە بوو ، ئەگەر نا من ئاشنام بە شوێنە کۆنەکەیان و ئەگەر لەوێ بمانایە بڕوا مەکە من بە ئارەزوو ئاشنا بوو بوومایەتەوە ، ئێستا هەست بە بەختەوەری تەواو دەکەم ، چونکە بە ئارەزووم ئاشنا بوومەتەوە و لە تەمەنێکی جیاوازتردا گوێ بیستی دەنگی بووم کە بانگم لێبکات باوە ، ئەوە بۆ من گەورەترین سامانە و هەرگیز بڕوام نەبوو کە ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆم ببینم ، ڕاستە تاوەکو ئێستاش دیمەن لە ناوخەیالّمدا وون نەبووە ، بەلأم تازە کار لە کار ترازاوە و هەروەکو دەلّێن دەستێك کە شکا هەروەکو خۆی ناگیرسێتەوە ، هەربۆیە نەوەکو تەنها دەستێك بەلّکو هەردوو دەست و قاچی من و دیمەن لە بەرامبەر یەکتریدا شکاوە و هەرگیزجارێکی دیکە ناگیرسێتەوە ، بەلأم دەمەوێت گەورەییەکی ژیانی خێزانم لێرەوە باس بکەم ، کە لە پاش دۆزینەوەی ئارەزوو زۆر بەمیهرەبانیەوە گوتی ئەگەر یاساکانی ئاینی ڕێگائە دا و تۆش بۆ جارێکی

دیکە دەتەوێت لەگەڵ دیمەندا بە یەکتری ئاشنا ببنەوە ، ئەوا من بۆ خۆم ئەم بابەتە لەگەڵ دیمەندا باس دەکەم و بەڵکو تکاشی لێدەکەم بەو خواستە ڕەزامەندبێت ، ئەمە تەنها خەیاڵێکە و ژیان له هەستی خۆیدا دروستی کردوە و تاوەکو ئێستا لە ناخی مندا پیرۆزی نیە ، لەگەڵ ئاشنا بوونەوەمان بە ئارەزوو من و ژیان ئەوەمان بە ئارەزوو ڕاگەیاند ، کە هەروەکو دابان ئەویش خاوەنی ئەو ماڵەیە و هیچ جیاوازیەکیان نیە ، بگرە لەو ڕۆژەوەی پێی ئاشنا بوینەتەوە هەرەکو دیاریەك بە نرخی یەك دەفتەر دۆلار زێرم بۆی کڕی ، کە لە کاتێکدا تاوەکو ئێستا ئەو مافەم بە سارا نەداوە ، دڵنیابە ئێستا ئارەزوو لە هەموو بڕیارەکانی خێزانیمان بەشداره و ئەگەر ئەو ڕەزامەندی لەسەرکڕینی بچوکترین شتومەك نەنوێنێت ، ئەوا ئەو کارەسەر ناگرێت ، ئەم پیرۆزیەیش زیاتر لە لایەن ژیانەوە بە ئارەزوو بەخشێنراوه ، ئەگەر لە مانگێکدا ئارەزوو نەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی ، ئەوا ژیانی خێزانم دەچێت بەشێوێنیدا و لەگەڵ خۆیدا دەی هێنێتەوە ، ئارەزوو کلیلی بەختەوەری ژیانی منە و بەدرێژایی هەموو تەمەنی وون بوونی بۆ چرکەیەك لە ناو خەیاڵمدا ، دەرنەچوە و ئێستاش نازانم چۆن خوێندنەوە بۆ ئەو چیرۆکە بکەم ، چونکە ئەوەی بڕوام نەدەکرد لە ژیاندا بیبینم ئەوا بە چاوەکانی خۆم بینیم و تاوەکو ئێستاش شەوانە لە ماڵی مندا ئاهەنگە بۆ دۆزینەوەی ئارەزوو پێکشاد بوونەوەمان لە ناو یەك خێزاندا .

## دەبێت ئارەزوو چۆن خوێندنەوە بۆ ئەم چیرۆکە بکات ؟

بۆ ئەوەی زیاتر قوڵ ببینەوە بۆ ناو دەروازە وون بووەکان و هەموو پاڵەوانەکانی ناو ئەو چیرۆکە بهێنینە گۆو ، هەمووان ئاشنا بین بەو مرۆڤەی کە بووە سەدان دێڕی ناو ئەم کتێبە و فرمێسکی خستە ناو چاوەکانی هەموانەوە ، داوام لە دابان کرد چاوڕاستیم بکات تاوەکو لە نزیکەوە بە دیداری ئارەزووی ئەو یندارى

دوێنێی وخوشکە گەورەی ئەمڕۆی شادبین و لە زاری خۆیەوە گوێ بیستی بەشێك لەڕاستیێ کانی ناو چیرۆکەکە بین ، لەگەڵ دابانـدا بەرەو شاری هەولێر بەڕێکەوتین ، بەلاّم لە پێش دەرچوونمان دابان لە ڕێگای مۆبایلەوە پەیوەندی لەگەڵ ئارەزووی خوشکیدا بەست و ئاگاداری کردەوە لەسەر بەرنامەی چوونەکەمان ، ئەوەم بۆ ئاشکرابوو کە ئەو پەڕی خۆشەویستی لە نێوان ئەم خوشك و برایەدا بووەتە جوانترین دەستەگوڵ و لە ئامێزی خۆیاندا سەوزیان کردووە ، تاوەکو گەیشتینە شاری هەولێر پتر لە پێنج جار ئارەزوو پەیوەندی بە دابانی برایەوە کردوو ، دەیگوت کاکە من لە چاوەڕوانی ئێوەدام دڵم لاتەو ئاگاداری خۆت بە ، دابانیش بۆ هەموو پەیوەندیە تەلەفۆنیەکانی ئارەزووی خوشکی زۆر بە میهرەبانیەوە دەهاتە وەلاّم بۆ خوشکە ئەویندارەکەی و دەیگوت ، ئارەزوو گیان تکایە دڵی خۆت توشی پەشێوی مەکە و هاکا ئێمە گەیشتین ، کاتێك گەیشتینە کۆلاّنەکەی ماڵی ئارەزوو ، ئارەزوو لە چاوەڕوانی ئێمەدا خۆی کردبوو بە ئێشکگر ، لەگەڵ پێك شاد بوونمان ئارەزوو و دابان باوەشیان بە یەکتریدا کرد و بەو پەڕی سۆزوخۆشەویستیەوەچەندین جار ئارەزوو گوتی ، یاخوا بەخێربێیت کاکە گیان ، پاشان دابان منی بە ئارەزووی خوشکی ناساندو زۆر بەگەرمەوە پێشوازی لێکردم و ڕێزی گرتم ، پاش پشوویەکی کەم کابانێك خۆی کرد بەژووردا و لەگەڵ داباندا باوەشیان بەیەکتریدا کرد و زۆر بەگەرمەوە گوتی ، کوڕە جوانەکەم یاخوا بەخێربێیت ، کەوتە گلەیی کردن لە وون بوونی دابان و گوتی ، بەڕاستی زۆر یادم دەکردی ئەگەر ئەمڕۆ نەهاتیتایە ، ئەوا بڕیارم دابوو هەرگیز گفتوگۆت لەگەڵ نەکەم ، دابانیش کەوتە وەلاّمدانەوەی و گوتی دایەگیان هەموو گلەییەکانت ڕەوایە و مافی خۆتە ، من داوای لێبوردنت لێ دەکەم بەڵێن بێت هەرگیز بۆ جارێکی دیکە نەیەڵم گلەییم لێ بکەیت ، دابان منی بەوخانمە ناساند و پاشان

گوتی ئەمە دایکی من و ئارەزووە ، منیش لەوە تێگەیشتم کە ئەوە دیمەن خانی کۆنە هاوسەری جەماله ، بەنیاز بووم پرسیارەکانم ئاراستەی ئارەزوو بکەم بەلاّم دابان گوتی تکایە پەله مەکە چونکە دایکم دانیشتووە ، پاش گفتوگۆیەکی چڕ له نیوان دابان و دایکیدا ، دایکی هەستا و گوتی من بەیارمەتیتان چونکه وادیاره ئێوە کارێکی تایبەتیتان هەیە و منیش بومەته پەردەی شەرم ، ماڵ ئاواییی لێمان کرد و دابانیش به هەمان شێوەی دایکی داوای یارمەتی کرد و گوتی ئەتوانیت زۆر سەربەستانه هەموو پرسیارەکانت له ئارەزوو بکەیت ، ئەوەم لا گەلاّلەّ بوو کە دابان نایەوێت گوێ بیستی چیرۆکێك بێت کە بووەتە هۆی برینـدار کردنی دڵی ئەویـنداری ، لەگەڵ ئارەزوودا چوینه ناو بابەتەکەوە و ئارەزوو ڕاشکاوانه گوتی ، من هەرگیز له خۆشەویستیم بۆ دابان پەشیمان نیم ، بەڵکو شانازی دەکەم کە ئەوینداری مرۆڤێك بووم له پاکی و له سپێتیدا نەخشێنراوە ، ئەوەی له نێوان من و دابانی برامدا بوو بوو بە عەشق بریتی بوو له پاکترین و بێگەردترین بەڵێنی خۆشەویستی له نێوان دوو مرۆڤدا ، به درێژایی چوار ساڵ ئەوینداریم لەگەڵ دابان دا تەنها شتێکی ناسرووشتی ڕووی نەداوە کە ئێستا له بەرانبەریدا سەردابنوێنم و هەست به شەرمەزاری بکەم ، ئەوەی هەبوو بریتی بوو له هەڵگرتنی واتاکانی خۆشەویستی ڕاستی ، نەوەکو کاری دەست بازی و شەرمەزاری کردنی لاشەی یەکتری ، ئەو کاتەی بۆم دەرکەوت دابان برامە هێندە شانازیم به کەسایەتیە بەنرخەکەیەوە دەکرد ، به ئەندازەی ئەوەی بڵێم ، دابان پەرستگایەکەو دەبێت مرۆڤی تاوانکار بۆ تۆبە و پاك بوونەوە بچنه سەردانی کردنی ، ئەم هەستە بەرزەی دابان وای لێکردم کە ئێستا شانازی بە چوار ساڵ ئەوینداریمەوە بکەم ، ڕاستە ئەم چیرۆکە ئەگەر وەکوخۆی لێی تێ نەگەیت ، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکریت ، بەلاّم کاتێك بەنهێنیەکانی ناوەوەی ئاشنا بوویت ، ئەو کاته دەزانرێت کە له

نیوان ڕوحی ئەویندارى مـن و دابـان دا چ جیهانێـك هـەبووە ، ئـەم ئەوینـەش ئێمـەى گەیاندە ئەو خاڵەى كە زۆر لە مێژە من و دابان بەشێوەى نهێنى بەدوایدا وێڵـین ، وون بـوونى نهێنیـەكانیش دەگەڕێنمـەوە بـۆ دایكـم ، پاشـان بـاوكم ، چـونكە ئەگـەر ئـەوان هـەموو شـتەكانیان لـە نـاو نـاخى خۆیانـدا بەنـد نەكردایـە ، مـن و دابـانیش توشـى خۆشەویسـتى لـەو ڕەنگـە نـەدەبوین ، بـەلاَم ئێسـتا تـاوانى مـن و دابـان چـیە ؟ كـە دووخوشـك و بـرا بـووین چـوار سـاڵ ئەوینـداریمان لـە نـاو دڵـى یەكتریـدا سـەوز كرد ، لەگەڵ گێڕانەوەى ئەم گوتە جوانانەدا ئـارەزوو دەسـتى بـە گریـان كـرد و لەقسـە كـردن بـۆ ماوەیـەك وەسـتا ، پاشـان پرسـیم ئـەم گریانـە بـۆ ؟ ئـەویش پـاش ئـەوەى بەدەستەسڕێك فرمێسكى ناو چاوە قاوەییەكانى ووشك كردەوە ، هاتەوەگۆ و گوتى مـن بـۆ ئـەو تەمەنـە دەگـریم كـە نەمـدەزانى كیـژێكم خـاوەنى بـاوك و بگـرە خوشـك و برام ، بەڵكو وامدەزانى من منداڵیكى هەتیوم زۆركات بەخیلیم بە ئـەو كەسانە دەبـرد كـە بـە پیاوێكیـان دەگـوت بـاوە ، بـە كوڕێكیـان دەگـوت كاكـە ، بـە كیـژێكیان دەگـوت دادە ، بەلاَم من نەمـدەزانى خـاوەنى هـەموو ئـەو ناوانـەم و پێیـان نـازانم ، نەمـدەزانى كاكەم نزیكترین مرۆڤە كە ڕۆژانە لە ناو ڕوحمدا هاتوو چۆ دەكات و ، بەلاَم مـن نـازانم كـە ئـەو مرۆڤـە كاكـەى منـە ، ئێسـتا خـۆش بـەخترینى مرۆڤـى سـەر ئـەم خاكـە منم ، چونكە ئێستاخاوەنى كۆمەڵە مرۆڤ گەلێكم كە بەدرێژایى ژیان تەمـەننام دەكـرد خاوەنى ئـەو مرۆڤانـە بم ، ئێسـتا بـرام هەیـە ، بـاوك و خوشـكم هەیـە ، ئێسـتا دەزانم كە من كێم و كچى كێم ، ئەگـەر پـاكى ئـەوینیش نەبوایـە دەبـوا تـا كۆتـایى ژیـان مـن مرۆڤێكى بێ ناسنامە بوومایە ، بەلاَم بۆ و... ؟ لە پێناوى چیدا چارەنوسـى لـەو شـێوە بووە میوانى زۆربـەى تەمـەنم ؟ لـە پێنـاوى ووشـەیەكدا كـە نـاوى تەلاَقـە ، ووشـەیەك كـە دابـڕان جـوانترین پـەیامى واتاكـانێتى ، ئـەوەتا ، تـەلاَق مرۆڤـەكان لـە یـەكترى

دادەبڕێت و خۆشەویستیش بە یەکیان شاد دەکاتەوە و ماڵیکیان لە ئەوین بۆ درووست دەکات ، ئارەزوو کۆتایی بە گوتەکانی هێنا و بانگی دابانی برای کرد کە بێتەوە بۆ ناو بازنەی دانیشتنەکە ، بەڵام کاتێك دابان خۆی کرد بەژوردا ئارەزوو هەستایە سەرپێ و باوەشی بە براکەیدا کردوو گوتی دابان گیان ، تکایە ئەمشەو لێرەبە و پەیمان بێت بەیانی منیش لەگەڵ تۆدا دەگەڕێمەوە بۆ شاری سلێمانی منیش تکاکەی ئارەزووم لە دابان کردوو دابانیش تکای هەردووکمانی قبوڵ کرد ، پاشان هەوڵێکی زۆرمدا کە دیمەنی پاڵەوانی ناو چیرۆکەکە خۆی خاڵی بکات لە دەریایەك نهێنی بەڵام ئامادەنەبوو تەنها ووشەیە لەسەر ژیانی ڕابوردوو و ئێستای خێزانی بکاتە میوانی ئەو چیرۆکەی کە دیمەن یەکێکە لە پاڵەوانەکانی سەرەتای دەسپێکردنی کاتێك دیمەن بێ هیوای کردم بۆ وەڵامی پرسیارەکانم کۆتاییم بەگەشتەکەم هێنا و بڕیارمدا ئەم چیرۆکە لە ناو دووتوێی کتێبێکدا تەنها بە گۆڕانی ناوەکان بە ئێوەی خۆشەویست ئاشنا بکەم و داوا لە مرۆڤەکان بکەم ، کە پەیامی خۆشەویستی لە ناو ناخیاندا بکەنە جوانترین گوڵ و لە ناو دەروازەکانی ڕوحدا سەوزی بکەن ، بۆ ئەوەی ژیانێك لە خۆشەویستی پێشکەشی لانکەی مرۆڤایەتی بکەین و نەفرەت بکەین لە بێ وەفایی ، لە دابڕان ، لە تەڵاق ، لە باوك سالاری .

**تێبینی** : کورتکراوەی ئەم دوو چیرۆکە لە گۆڤاری گولآن لـە ژمارەکـانی 560 + 589 + 590 بلآوکراوەتـەوە هـەر ئـازیزێکی دەرهێنـەر ئەگـەر ویسـتی کـار لەسـەر ئـەم دوو چیرۆکە بکات بە مەبەستی کردنی بە دراما تکایە باپەیوەندی بـەم ژمـارە مۆبایلانـەوە بکـات ئاسـیا سـێل (07701496638) سـانا تێـل (07301523573)ناونیشـانی ئیمێـل(sangawesangawe@yahoo.com )یـاخود هـەر مرۆڤێکـی نـاو ئـەم گۆمەڵگایە خاوەن گرفتێکی کۆمەلآیەتیە دەتوانێت بەهەمان ژمـارەوە پەیوەنـدی بکـات بـۆ ئـەوەی پـەردە لەسـەر گرفتـەکانی هـەڵماڵین و ئاشـنای بکـەین بـە چـاوە مـرۆڤ دۆستەکان تاوەکو هـەمووان پێکـەوە بتـوانین برینـەکان سارێژ بکـەین و کۆمەڵگایـەکی هێمن و تەندروست بکەینە میوانی حەزەکانمان .

**سوپاس بۆ هاوکاریتان**

بێشك بەرهەم هێنانی ئەم کتێبە تەنها سەرکەوتنی ناگەڕێتەوە بۆ منی نوسەری کتێبەکە ، بێگومان لەپشت ئەم سەرکەوتنەوە چەندین مرۆڤی گەورەهەیە کە مافی خۆیانە لێردا لە دوای سوپاسم بۆ هەریەکەیان ناوەکانیان ڕیزبەند بکەم کە هەریەکە و بەشێوازێك بونەتە پردی بەرهەم هێنانی (**خەندە و فرمێسکەکانی دوو چیرۆکی خۆشەویستی** )ئەومرۆڤانەش

1-مامۆستاچنارسەعد وەزیری شەهیدان 2-مامۆستا شنۆ علی مەحمود

3-مام هێرش کارگێڕی لقی19 4-د.ڕەشید کارگێڕی لقی19

5-ویداد خان ئەندامی لقی3 6-ئارام غەفور

نرخی کتێب (3000) دینار